# داستانی ئێمە
# چیرۆکی تۆ

ئەیاد فەهمی

کتێبخانەی (PDF)

# داستانی ئێمە
# چیرۆکی تۆ


ئامادەکردن و بەکوردیکردنی

ئەیاد فەهمی

## بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

### ناسنامەی کتێب


- ناوی کتێب: داستانی ئێمە، چیرۆکی تۆ
- ئامادەکردنی: ئەیاد فەهمی
- بابەت: کورتەچیرۆک
- دیزاینی بەرگ: ئەرکان مەجید
- دیزاینی ناوەڕۆک: هونەر عوسمان
- قەبارە: ١٤*٢١ سم
- ژمارەی لاپەڕە:٢٨١ لاپەڕە
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- نرخ: ٥٠٠٠ دینار
- نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم/٢٠١٩
- شوێنی چاپ: ناوەندی سارا_ سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن(      )ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە

SARA CENTER

ناوەندی سارا

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

سلێمانی بازاڕی ناوبازاڕیك_ نهۆمی دووەم_ بەرامبەر کاسۆنۆڵ

# پێشەکی

خوێنەری بەڕێز: ئەم کتێبەی بەردەستت، بریتییە لە کۆکردنەوە و وەرگێڕانی کۆمەڵێک بابەتی جۆراوجۆر لە شێواز و ناوەڕۆکدا، کە زیاتر لە ٢٠٠بابەتی لەخۆگرتووە، لەشێوازی (کورتە چیرۆک، ژیاننامە، وتار))دان، ناوەڕۆکی بابەتەکانیش بە هەمان شێوە هەمەچەشنن، بابەتی ئاینی و کۆمەڵایەتی و زانیاری گشتی، بە زمانێکی سادە و ڕەوان نوسراون، زۆربەی بابەتەکان دەچنە کایەی گەشەپێدانی مرۆییەوە، تیشکیان لەسەر گەشبینی و بەردەوامییە، چۆن ئاستەنگەکان تێپەڕێنین؟ بەختەوەریی لە چی دایە؟ چۆن ئاسودەیی بە دەست دێت؟

ئەم کتێبە بەری ڕەنجی چوار ساڵمە، پاش ئەوەی هەندێکیم لە کاتی جیاجیادا بڵاوکردەوە، پێشوازییەکی زۆر باشی لێکرا و هەزارەها خوێنەری هەبوو. پێم باشبوو لەگەڵ چەند بابەتێکی تردا لە دوو توێی کتێبکدا کۆیبکەمەوە، ئەمەش لەبەر گرنگی بابەتەکانی و پێویستی بۆ کۆمەڵگاکەمان. لەگەڵ هەر لاپەڕەیەک خوێنەری بابەتێکی نوێ دەبیت و جارس نابیت لەخوێندنەوەی.

هیوادارم بەم کارەم خزمەتێکی بچووکم بە کتێبخانەی کردبێت، کتێبەکە ئامانجی خۆی بپکێت.

دەمەوێت زۆر سوپاسی مامۆستا حەیدەر ئیبراهیم بکەم کە پێداچوونەوەیەکی جوانی بۆ کتێبەکەم کرد.

# وام گومانم دەبرد کە لە خودا میهرەبانتر بم

دکتۆرەکە پێی وتم کچەکەت لە دایک دەبێت، دوو گورچیلەی زۆر زۆر سستی دەبێت پێویستە لە باری ببەیت.

خۆم قەناعەتم کرد، بەڵام خێزانم ڕەتیکردەوە، دەیووت کە پێچەوانەی ئایینەکەمانە شتی واناکەم. بیرم دەکردەوە ئەم منالّە بۆ بێتە دنیاوە، دەمزانی ئەوانەی غەسلی گورچیلەیان هەیە لە چ ژیانێکدان. وام گومان دەبرد من لە درووستکارەکەی میهرەبانتر بم. دواتر بە مێشکمدا هات ئەمە تاقیکردنەوەی خودایە. ئایا ئارام دەگرم یان نەفسێک دەکوژم. بڕیارم دا بێتە ژیانەوە.

لە چارەخانەوە پەیوەندییان پێوەکردم و وتم: پارچەیە گۆشتیش بێت هەر دەمەوێت، پێش مانگێک لە لەدایکبوونی بۆمان دەرکەوت یەک گورچیلەی نەخۆشە، دکتۆرەکان زۆر پێیان سەیربوو. کە لە دایک بوو هەردووگورچیلەی بە باشترین شێوە کاریان دەکرد.

ئەمە چیرۆکی ئەڤینی نێوان من و کچەکەم "آرام" ە

کە لێی دەڕوانم بیرم دەکەوێتە ویستوومە بیکوژم ، داوای لێخۆشبوون لەخودا دەکەم ، توند توند لە ئامێزی دەگرم. بەیانی ڕۆژی لەدایکبوونیەتی دەبێتە یەک ساڵ.

"ومن یتوکل علی الله فهو حسبه "

## واز لە دروستکراوەکانی خودا بهێنە بۆ خودا خۆی

دەگێڕنەوە کە ڕێبوارێک بەلادێیەکدا تێپەڕی، ئافرەتێکی بینی کە تائێستا ئافرەتی وەها جوانی بەدی نەکردبوو. پرسیاری لەکەسەکانی ئەو ناوە کرد، وتیان: ئەمە جوانترینی ئەم ناوچەیەیە بۆیە بڕیاری دا هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، بەڵام کە پرسیاری کرد وتیان هاوسەرگیری کردووە.

بۆیە بڕیاری دا بزانێت کێ پیاوێتی، وا خودا ئەو نیعمەتەی پێبەخشیووە. شوێنی ئافرەتەکە کەوت بینی چووە خێمەیەکی بچووکەوە، پیاوێکی بینی جوان نەبوو و لە ئاستی ژنەکەدا نەبوو.

بۆیە چاوەڕێی کرد هەتا ئافرەتەکە هاتە دەرەوە و کەمێک ڕۆیشت ئینجا پرسیاری لێکرد: چۆن ئافرەتێکی وەک تۆ شووی بەپیاوێکی زۆر هەژار کردووە؟؟

ئافرەتەکە وتی: من و پیاوەکەم ژیانێکی زۆر خۆش و پڕ بەختەوەری بەڕێ دەکەین، زۆر یەکترمان خۆشدەوێت.

من وەک تۆ بیر ناکەمەوە لەوانەیە پیاوەکەم کارێکی باشی کردبێت، خودا بە من پاداشتی دابێتەوە.

منیش کارێکی خراپم ئەنجام دابێت ئەوە سزاکەم بێت.

هەرگیز مەپرسە خودا بۆ بەخشی بەو.

هەرگیز مەپرسە خودا بۆ سزای ئەوی دا.

واز لە دروستکراوەکانی خودا بهێنە بۆ خودا خۆی....!

# بۆچی بەتەنها من خودایە؟

دوای ئەوەی لەکاتی نەشتەرگەریی دڵدا و بەهۆی خوێنتێکردنیەوە تووشی نەخۆشییەکی کوشندە دەبێت. پێش مردنی بەچەند هەفتەیەک، لە چەندین شوێنی جیهانەوە، چەندین نامە لە هاندەرانیەوە گەشت بە ئەفسانە و یاریزانی بەناوبانگ و پاڵەوانی یاریی تێنس ئارسەر ئەش.

لە نامەیەکدا بۆی نووسرابوو: بۆچی خودا تۆی تووشی ئەم نەخۆشییە نەفرەتیە کردووە؟

ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:

لەم جیهانەدا ٥٠٠ ملیۆن منداڵ ویستیان فێری تێنس ببن، دواتر تەنها ٥٠ ملیۆنیان فێری یاساکانی بوون، لەوانە ٥٠ هەزارمان گەشتینە پاڵەوانیتی (الجراند سلام) لە فەڕەنسا، دواتر ٥٠کەسمان گەشتینە پاڵەوانیتی (ویمبڵدۆن)لە بەریتانیا، دواتر چوار کەس گەشتنە قۆناغی پێش کۆتایی، دواتر دووکەس گەشتنە کۆتایی، دواتر یەک کەس بووە پاڵەوان، ئەو کەسەش من بووم لە کاتێکدا جامەکەم بەرزکردەوە بۆ نەمووت بۆچی من خودایە؟

بۆچی لەکاتی نەخۆشی و ئازاردا بپرسم بۆچی من خودایە؟
بەڵام لەکاتی سەرکەوتندا ئەو پرسیارە ناکەین؟؟؟!!!

# جوانیی مرۆڤەکان پەیوەندی بە ڕووکەشیانەوە نییە

شازادە یوجینی، کەدەکاتە نەوەی شاژنی بەریتانیا، لە تەمەنی ٢٨ ساڵیدا هاوسەرگیری کرد.

جلێکی بوکێنی سادەی پۆشیبوو، کە لەپشتیەوە فەتحەیەکی تیابوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی شوێنەواری ئەوە نەشتەرگەرییەی دەربکەوێت کە لە تەمەنی ١٢ساڵیدا بۆی ئەنجامدرابوو، بەهۆی چەمانەوەی عەموودی فەقەراتییەوە بەرەو پێشەوە.

یەکێک لەڕۆژنامەنوسەکان لێی دەپرسێت:

بۆچی بەنەشتەرگەریی جوانکاری ئەو شوێنەوارەت لانەداوە، لە کاتێکدا ئێوە لەبنەماڵەی شازادەکانن لەجیهاندا؟

لەوەڵامدا وتی: پێویستە مرۆڤ شەرم لە شتێک نەکات کە تووشی بووە بێئەوەی دەسەڵاتی خۆی تێدابوبێت.

بۆنمونە نابێت شەرم بکات لەوەی بەنێری یان مێیی یان کەمئەندامی لەدایک بووە. بەدەرخستنی ئەو شوێنەم هیوا دەبەخشمە ئەوانەی کە کەمئەندامییەکیان هەیە بەم کارەم دڵنیایان دەکەمەوە کە جوانی مرۆڤەکان پەیوەندی بەڕووکەشەوە نییە. خۆم دکتۆرم دەرچووی زانکۆی کامبریجم و، پێنج زمان دەزانم.

چۆن شوێنەواری نەشتەرگەرییەک وادەکات هەموو ئەوانە لەبیربکەم، وام لێبکات تەنها بیر لەوە بکەمەوە خەڵکی چیم پێدەڵێن لەبارەیەوە.

# تیدی ستودارد

مامۆستا ئافرەتەکە لە پۆلی پێنجەکان بە خوێندکارەکانی وت: هەمووتانم خۆشدەوێت، بەڵام لەدڵی خۆیدا تیدی جیاکردەوە لە ئەوان! چونکە هەمیشە پۆشاکەکەی پیسە، ئاستی زیرەکی خراپە، لەگەڵ خوێندکارەکانیشدا یاری ناکات و هەمیشە خەمۆکیشە.

ڕۆژێک لە مامۆستاکە داوا کرا بڕواننە فایل و نمرەی چەند ساڵی پێشووی خوێندکارەکانیان، لەکاتی بینینی فایل و نمرەی تیدی مامۆستاکە تووشی شۆک دەبێت.

مامۆستای پۆلی یەکەم نوسیبووی:

تیدی منداڵێکی زیرەکە، ئەرکەکانی بەجوانی و ڕێکخراوی جێبەجێ دەکات.

مامۆستای پۆلی دووەم نوسیبووی:

تیدی خوێندکارێکی خۆشەویستە لای هەمووان،

بەڵام بێتاقەتە چونکە دایکی تووشی شێرپەنجە بووە.

مامۆستای پۆلی سێیەم نووسیبووی:

مردنی دایکی زۆر قوورسبووە بۆی، باوکیشی گرنگی پێنادات ، ئەم ژیانەی ماڵەوەی کاریگەری زۆری لەسەردەبێت ئەگەر چارە نەکرێت.

مامۆستای پۆلی چوارەم نووسیبووی:

تیدی حەزی بەخوێندن نەماوە ، هاوڕێی نیە ، لە پۆلدا دەخەوێت.

بەم نوسینانە مامۆستا تومسون زانی کێشەکەدا لەکوێدایە و هەستی بە شەرمەزاری کرد.

لە ڕۆژی لەدایکبوونی مامۆستاکەدا خوێندکارەکان دیاریان بۆ هێنابوو، هەموویان بە شتێکی جوان ڕووپۆش کرابوون، تەنها دیاریەکەی تیدی نەبێت، لە کیسێکی میوەدا بوو.

خوێنـدکارەکان زۆر پێـی پێکەنـین کە دیـارییەکەی کـردەوە ملوانکەیەکبوو کە چەند دانەیەکی لێهەڵوەریبوو، لەگەڵ شوشـەیەک بۆن کەمێکی تێدا مابویەوە.

خوێنـدکارەکان لەپێکەنـین وەسـتان لەوکـاتەی مامۆسـتاکە ملوانکەکەی لە مل کرد و هەندێک لە بـۆنەکەشی لەخۆی دا. بە تیدی وت زۆر پێیان سەرسامم زۆر جوانن.

ئەو ڕۆژە تیدی یەکسەر نەچوو بۆ ماڵەوە، بـەڵکوو چاوەڕێی مامۆستاکەی کرد و پێی وت: ئەمڕۆ بۆنی دایکمت لێدێت.

لەو کاتەدا مامۆستاکە زۆر گریا.

لەو ڕۆژەوە گرنگیەکی تـایبەتی دەدا بە تیدی، ئەویش وردە وردە باش دەبوو.

لەکۆتاییی ساڵدا یەکێک بوو لەخوێندکارە پاکوخاوێنەکان

ڕۆژێک نوسـراوێکی تیدی بینی بـۆی نووسـیبوو: تـۆ باشـترین مامۆستای منی.

ئەمیش بـۆی نووسـی: تـۆ فێـرت کـردم چـۆن ببمە مامۆستایەکی بـاش.

دوای چەندین ساڵ لەکۆلیژی پزیشکییەوە، پەیامێکی پێگەیشت کە ئامادەبن لە ئاهەنگی دەرچوونی کوڕەکەتان تیدی

ئەویش بەهەمان ملوانکە و بۆنی ئەوساڵەوە ئامادەبوو.

دەزانی تیدی ئێستا کێیە؟

تیدي ستودارد یەکێکە لە بەناوبـانگترین دکتۆرەکـانی جیهـان و خاوەنی ناوەندی ستودارده بۆ چارەسەری شێرپەنجە.

# هەژاری وەک ڕێگرێک لەبەردەم گەشتن بەخەونەکان

ئەحمەد خالید تۆفیق دەڵێت: ڕۆژانی زانکۆم کچێکم خۆشدەویست ناوی هیام بوو. زۆر سەرسام بوو بەجوانی و چالاکی و گەنجێتیەکەم.

بەڵام سەرسام نەبوو بە هەژاری و بێ پارەییەکەم. منیش شەوانە نەدەخەوتم، شیعرم دەنوسی، چای زۆر ڕەشم دەخوارد کەنازاری گەدەشی دەدام. تەمەنێک خەریکی پارە پەیدا کردن بووم، هەتا ئەونەم هەبوو کە بچمە داوای هیام گەڕام هیامم دۆزیەوە، بوو بە ئافرەتێکی گۆشتنی ترسناک خاوەنی ٥ منداڵ بوو. دواتر ئافرەتێکم دۆزیـیەوە، لەهەموو شتێکدا لە هیام دەچوو منیش داوای هاوسەرگیریم لێیکرد،

هەندێ سەیری کردم پاشان وتی: تۆ خاوەن پارەیت ئەوە کێشەنییە،

بەڵام داوای لێبوردن دەکەم، چونکە یەک مووی ڕەش لەسەرتدا نەماوە، هەست ناکەیت ئەگەر تۆ لە ٢٠ساڵیدا هاوسەرگیریت بکردایە، ئێستا کچێکت لە تەمەنی مندا هەبوو.....؟

# یادگاریی دایکێک

ماڵەکەم پڕبوو لە دەنگە دەنگی منداڵ، پڕبوو لەپێکەنین و هاوار و ئاژاوەیان، دەفتەر و کتێب لەوناوەدا کەوتبوو، قەڵەم و جل لەسەر جێگا کەوتبوو، بەدەنگی بەرز دەم وت: ئەم ناوە کۆ بکەنەوە بەسە ئەم شێواوییە.

بەیانیان:

+ ئەم دەیووت دایکە عەترەکەم لەکوێدایە؟

+ دایکە وانەکەم شیکار نەکردووە.

+ دایکە کتێبەکەم لەکوێدایە؟

+ دایکە پارەی ڕۆژانەم بدەرێ.

هەموویان پرسیاری شتە ونبووەکەیان دەکرد.

ئەوان گەورە بوون منیش خەمەکەم گەورەبوو.

ئێستا لەبەردەم ژوورەکەدا وەستاوم، ماڵ چۆڵە، سەرینەکان کەسیان لانییە، تەنها یادگارییەکانیان ماوە، بۆنەکانیان ماوە جار جار دەیدەم لەخۆم بۆنی ئەوانی لێدێت.بیری ئەوکاتە دەکەم کە جارجار تووڕە دەبووم، بەگریانەوە دەهاتن، باوەشیان پیادەکردم دەیانووت دایەگیان ببوورە.

فرمێسکەکانم خەریکە وشک دەکات هێندە گریاوم. ئەوان هەریەکە و لەشارێکن ژیانی خۆیان بەڕێدەکەن، هەموو جار کە دەڕۆن دەڵێن دایەگیان بەوەفا دەبین بۆتۆ، وەفاسان بۆت دەبێت کە ئێمەت وا گەورە کردووە.

پەیامی من بۆ دایکان ئەوەیە:

چێژ لەو هات و هاوارەی نەوەکانتان ببینن، چێژ لەوە ببینن کە کتێب و جلەکان لەوناوا کەوتوون.

هەموویان کۆمەڵە یادگارییەکی جوانن. ئێستاماڵەکەم ڕێک و جوانە، بەڵام ژیانی تیا نییە، لەبەر ئەو شتانە دڵیان مەئێشێنن. ڕۆژێک دێت دانە دانەیان دەڕۆن وەک ئەوانەی من هەرکات کەسێکیان دەڕۆشت و جانتاکەی دەبرد لەگەڵ خۆی دڵی منیشی دەبرد لەگەڵ خۆیدا، باوەشم دەکرد بەدەرگاکەدا و تێر دەگریام بیرمە چەند جار دەمووت: ڕۆڵە دەرگاکە جوان دابخەن.

ئێستا هەر خۆم دەیکەمەوە و ئەوانیش کلیلی خۆیان پێیە.

+ ئەم دێت دەڵێت دایکە تۆ باشیت؟ ڕەنگت بۆ وایە؟

+ئەم دێت دایکە دەرمانەکەت خواردووە؟

+ ئەم دێت دەست دێنێت بەدەست و قاچمدا تادەخەوم.

+ ئەمیان باسی کارەکەی دەکات.

+ ئەمیان دایکە لەڕێم چیت پێویستە؟

# بەوەفابوونی ملیاردێرێک

لەکاتی دروستکردنی کۆمپانیای (نایک) و بەدیاریکراوی لەساڵی ١٩٧١دا، خاوەنی کۆمپانیاکە (فیلپ نایت) تەواو مایەپووچ بوو، بە کاتێکی زۆر نارەحەتدا تێدەپەڕی، بەجۆرێک توانای نەبوو کە پارە بداتە دیزاینەرێکی لێهاتوو، هەتا لۆگۆیەک بۆ کۆمپانیاکەی بکێشێت.
تاکە خوێندکارێک کە ئامادەبوو لۆگۆکەی بۆ بکات بەکرێی دوو دۆلار بۆ هەر کاتژمێرێک کارکردن. (کارولین) توانی بە ١٧ کاتژمێر لۆگۆکە تەوابکات، کرێکەی تەنها٣٥ دۆلار بوو، خاوەن کۆمپانیاکەش وەیدەزانی کارولین خاوەخاوی کردوە، هەتا بڕێکی زیاتر پارەی دەسبکەوێت، ئەمەشی لە ڕەزیلیا نەبوو ، بەڵکوو لە بەر ئەوەبوو پارەی پێنەمابوو، بەجۆرێک چەکێکی پارەی پێدا بەڵام داوای لێکرد پارەکەی ڕانەکێشێت چونکە حسابەکەی پارەی تێدا نەمابوو.
لەساڵی ١٩٨٣ نایک بوو بە یەکێک لەگەورەترین کۆمپانیا وەرزشیەکان، بەملیارەها دۆلار قازانجی دەکرد، بەڵام خاوەنەکەی چاکەی کچەکەی لەبیرنەکردبوو، ڕۆژێک بانگی دەکات بۆ ئاهەنگێکی کۆمپانیاکەی داوای لێدەکات چیرۆکەکەیان بۆ بگێرێتەوە، دواتر مستیلەکەی ئاڵتونی پێشکەش دەکات کە لۆگۆی کۆمپانیاکەی لەسەرە کە خۆی نەخشاندبووی، کیسێکی بچوکی دەداتێ و ئەویش دەیکاتەوە، تووشی سەرسوڕمان دێت، کە دەبینێت ٥٠٠پشکی کۆمپانیاکە کراوە بەناویەوە هەتا لەژیاندا مابێت وەک ڕێزلێنانێک لەپای ئەو کارەی کردوویەتی...

# جوانیی ڕووکەش سوودی نابێت،
# لە کاتێکدا ناخت بۆگەن بێت

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر کیکەکەم لە فڕنەکە دەرهێنا، بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام برژابوو، ژێرەکەشی سووتابوو، ویستم فڕێی بدەم، بەڵام زۆر ناخۆشبوو، وازم لە جوانیی شێوەکەی خۆم لێکردەوە، زۆر بێتاقەت بووم، بەڵام دوایی هات بەمێشکمدا بۆی ڕازێنمەوە، بە کرێم و چەندین شتی تر کردمە یەکێک لە کیکە جوانەکان، دواتر وێنەیەم گرت و بۆ هاوڕێ و دۆستانم نارد، گشتیان دەستخۆشییان لێدەکردم، ئاواتە خوازبوون پارچەیەک لەو کیکە بخۆن.

دڵخۆشبووم بەوتەکانیان و ڕاستی کیکەکەم بیرچوویەوە.

شتێکی گاڵتەجاڕییانەبوو کردم، بڕوا و متمانە بە خۆبوونێک بوو کە لە کات و شوێنی خۆیدا نەبوو!! بەڵام بیربکەرەوە تۆ خۆت لەزۆر کاری ڕۆژانەتدا بەم شێوەیت. وەک ئەو کیکە وایت لەکاتێکدا لەگەڵ خەڵکیدا و لەدەرەوە دەنگی قاقای پێکەنینت ئەوناوەی پڕکردووە، بەڵام لەماڵەوە گرژومۆنیت. وەک ئەو کیکە وایت لە کاتێکدا لەبارەی خودا و ئیسلام و چاکەوە بۆ خەڵکی دەدوێت، بەڵام خۆت ستەم و تاوانی زۆر گەورە دەکەیت.

هەموومان وەک ئەو کیکە واین، ئەوەی پێویستە بیگۆڕین ناوەڕۆکمانە نەک ڕووکەشمان، جوانی ڕووکەش سوودی نابێت لەکاتێکدا ناخت بۆگەن بێت.

پێویستە دووبارە کیکەکە دروست بکەیتەوە، نەک جوانکاری بۆ بکەیت.

# گەلێک لەپێناو پارەدا براکەی خۆشی لەناودەبات

عەلی وەردی لەکتێبی" لمحات اجتماعیة من تاریخ العراق" ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە:

لە ساڵی ١٩١٧ جەنەڕاڵی ئینگلیزی ستانلی مۆد، دەچێتە یەکێک لە ناوچەکانی عێراق، دەگات بە شوانێک دەچێت بەرەوو ڕووی شوانەکە و داوا لەوەرگێڕەکەی دەکات پێی بڵێت:" جونییەکی ئیسترەلینیت دەدەمێ ئەگەر سەگەکەت سەرببڕیت"

سەگ کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پاسەوانی و پاراستنی مەڕەکان، بەڵام جونییەک لەوکاتەدا دەتوانی نیوەی ڕانەکەی ئەم پیاوەی پێ بکڕیت. شوانەکە زۆر بەمە دڵخۆشبوو سەگەکەی هێنا، لەبەردەم پێی جەنەڕاڵەکەدا سەری بڕی.

لەم کاتەدا جەنەڕاڵەکە دەڵێت: جونیەیەکی ترت دەدەمێ ئەگەر پێستەکەی لیکەیتەوە. شوانەکە پێستەکەی لێدەکاتەوە.

جەنەڕاڵەکە دەڵێت: ئەگەر پارچە پارچەی بکەیت جونیەیەکی تریشت دەدەمێ. شوانەکە بەخێرایی ئەمەس دەکات.

کەجەنەڕاڵەکە دەڕوات شوانەکە دوایدەکەوێت و دەڵێت: جونیەکی ترم دەدەیتێ ئەگەر لێشی بخۆم؟؟

جەنەڕاڵەکە پێی دەڵێت: من تەنها ویستم تەبیعەت و نەفسییەتتان بزانم، تۆ تەنها لەبەر ٣ جونیە باشترین هاوڕێکەت سەربڕی و پارچە پارچەت کرد ئامادەبووی بەجونیەکی تریش لە گۆشتەکەی بخۆیت

ئەمە ئەوەبوو من پێویستم بوو

جەنەڕاڵەکە ئاوڕدەداتەوە و بە سەربازەکانی دەڵێت:

مادەم لەم عەقڵیەتە زۆر زۆر هەیە لێرە "عێراق" لەهیچ مەترسن...
هەموو خێر و بێری ئەم وڵاتە بۆ خۆمان دەبێت
جەنەراڵەکە زۆر ڕاستی کرد ئەمە حاڵی هەموو وڵاتە عەرەبی و موسڵمانەکانە، کە ئەم چیرۆکەم خوێندەوە ئەو وێنەیەم بیرکەوتەوە کەلەلای خۆم پاراستوومە ئەویش هی عێراقیەکانە جەستەی عبدالاله هاشمیان بە چەقۆی شاورمە داڕنیووە.
شوانەکەم بیرکەوتەوە کە تەنها لەبەر چەند جونییەک سەگەکەی سەربڕی و پێستەکەی لێ کردەوە و پارچە پارچەی کرد......

**** *** ***

# نەزانی، دەردی ئوممەت

دادوەرەکە لە بکوژی سەرۆکی میصر ((ئەنوەر سادات)) دەپرسێت

بۆچی ساداتت کوشت؟

دەڵێت: چونکە عەلمانی بوو.

دادەوەر دەڵێت: عەلمانیەت چیە؟

دەڵێت: نازانم.

لە ڕووداوی هەوڵی تیرۆرکردنی ئەدیبی میصری ((نەجیب محفوظ)) دا، دادوەرەکە لەهێرشبەرەکە دەپرسێت:

بۆچی لێت دا؟

دەڵێت: ئیرهابیە بەهۆی ڕۆمانی "أولاد حارتنا"

دادوەرەکە لێی دەپرسێت: ئەو ڕۆمانەت خوێندووتەوە؟؟؟

دەڵێت: نەخێر

دادوەرەکە لەسێیەم تیرۆرست کە فەرەج فۆدەی کوشت دەپرسێت:

بۆچی تیرۆرت کرد؟

دەڵێت: چونکە کافربوو

دادەوەرەکە دەڵێت بۆچی؟ چۆن زانیت کافرە؟؟

بکوژەکە دەڵێت: لەڕێی کتێبەکانیەوە.

دادوەرەکە دەڵێت:کامە کتێب؟؟

بکوژەکە: نازانم

دادوەر: چۆن؟

بکوژەکە: من خوێنەواریم نیە....

**لەبارەی نەزانینەوە بۆتان دووام.**

**ئا بەم شێوەیە باجی نەزانینمان داوە.**

# ڕەوشت و ئاکار یەکسانە بە ١٠٠٪

بڕوانە پیتەکانی زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیەن:

A B C D E F G H I J K L M N O P Q R S T U V W X Y Z

بەپێی ژمارە ڕیزیان بکەین ئاوا دەبێت:

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠ ١١ ١٢ ١٣ ١٤ ١٥ ١٦ ١٧ ١٨ ١٩ ٢٠ ٢١ ٢٢ ٢٣ ٢٤ ٢٥ ٢٦

ئەگەر هەر پیتە و بەپێی ڕیزبەندییکە ژمارەیەکی بدەیتێ

بۆ نمونە پیتی A یەکسان بێت بە ١

کۆتا پیتیش Z یەکسان بێت بە ٢٦

ئەوا :

کاری جددی

( H+A+R+D+W+O+R+K ) =

٨+١+١٨+٤+٢٣+١٥+١٨+١١ = ٩٨%

زانیاری

( K+N+O+W+L+E+D+G+E ) =

١١+١٤+١٥+٢٣+١٢+٥+٤+٧+٥ = ٩٦%

خۆشەویستی

( L+O+V+E ) =

١٢+١٥+٢٢+٥ = ٥٤%

بەخت

( U+C+K+L ) =

١٢+٢١+٣+١١ = ٤٧%

واتە هیچ شتێک لەوانە ئەنجامەکە نەیکردە ١٠٠%

ئێمەش شتێکی وامان دەوێە

کەواتە پارەیە ؟؟؟

( M+O+N+E+Y ) =

١٣+١٥+١٤+٥+٢٥ = ٧٢%

بێگومان نەخێر

-لەوەیە سەرکردایەتیکردن بێت؟

( L+E+A+D+E+R+S+H+I+P ) =

١٢+٥+١+٤+٥+١٨+١٩+٨+٩+١٦ = ٩٧%

ئەمیش نەخێر!!

هەموو کێشەیەک چارەی هەیە

ئەگەر ڕەوشت و هەڵسوکەوتمان بگۆڕین

ڕەوشت " ATTITUDE "

( A+T+T+I+T+U+D+E ) =

١+٢٠+٢٠+٩+٢٠+٢١+٤+٥ = ١٠٠%

کەواتە ئەگەر ڕەوشت و ڕەفتارمان بگۆڕین

ئەوا گۆڕانکاریی ڕیشەی لە ژیانماندا ڕوودەدات.

# دووبەرەکی هێزت ناهێڵێت

ئەوکاتەی مەغۆلەکان چواردەوری بوخارایان دا ، کەیەکێکە لە شارەکانی خوراسان. نەیانتوانی داگیری بکەن، جەنگیز خان پەیامێکی بۆ خەڵکی شارەکە نارد، پێی وتن: هەرکەسێک چەکەکەی دەسی ڕادەست دەکاتەوە، ئەوا دێتە ڕیزی ئێمەوە و گیانی پارێزراوە.

ئەوەشی خۆی ڕادەست ناکات، ئەوا با تەنها لۆمەی خۆی بکات.

موسڵمانەکان بوونە دوو دەستەوە:

دەستەیەکیان وتیان: ئەگەر توانای جەنگیان هەبوایە داوای دانوستانیان نەدەکرد، یان لێیان دەبەینەوە یان شەهید دەبین.

بەڵام دەستەی دووەم وتیان: دەمانەوێت خوێن نەڕژێت، توانای ئەمانەمان نییە، بڕواننە ژمارە و کەرەستەکانیان!

جەنگیز خان پەیامێکی بۆ ئەو دەستەیە نارد کە تەسلیم بووبون ، پێی وتن ئەگەر دژی دەستەکەی تر بجەنگن، ئەوا ئێمە والی شار لەناو ئێوەدا هەڵدەبژێرین. بەقسەیان کرد بوو بە جەنگ و دەستەی خۆفرۆشەکان سەرکەوتن.

بەڵام دواتر کە مەغۆلەکان هاتنە ناو شارەکە، ئەوانیان چەک کرد، هەموویانیان وەک مەڕ سەربڕی.

ناپلیۆن دەڵێت: نموونەی ئەوکەسەی خیانەت لە نیشتیمانەکەی دەکات، وەک ئەو کەسە وایە کە دزی لە ماڵی باوکی دەکات بۆ ئەوەی نان بداتە دزەکان. نە باوکی لێی خۆشدەبێت، نە دزەکانیش دەسخۆشی لێدەکەن.

# ئەمریکا بەم شێوەیە بونیادنراوە

بۆ ئەوەی ئەمەریکا دروست بکرێت ٢٧ ملیۆن کەسی هیندییە سوورەکان لەناو بران و خاکەکەیان داگیر کرا.
بۆئەوەی ئەمەریکا بونیاد بنرێت١٤ملیۆن کەسی ئەفەریقی کرانە کۆیلە ، ٢ ملیۆنیان لەئاودا خنکان، بەڵکوو دواتر هێرشیان کردە سەر مەکسیک و خاکەکەیان داگیرکرد ، ملیۆنێک کەس زیاتریان کوشت.
دواتر بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت لەجەنگی جیهانیدا ٦ ملیۆن کەسی کوشت لەنێوانیدا ٣٠٠هەزار کەسی هیرۆشیما.
بۆئەوەی خۆی بسەپێنێت ٢ملیۆن ڤێتنامی کوشت.
بۆئەوەی سەرچاوەی وزە بۆ وڵاتەکەی دابین بکات
٢ملیۆن کەسی لە عێراق کوشت.
جەنگی خستە ناو هەموو وڵاتە عەرەبیەکانەوە، بۆ ئەوەی ژێرخانی ئابووری خۆی بەهێز بکات.
هەتا ئێستاش ئەم دەمڕاستی جیهانە بۆ مافی مرۆڤ، هەموو تواناکانی خستۆتە گەڕ بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ!

# ئەمریکا بەم شێوەیە بونیادنراوە

بۆ ئەوەی ئەمەریکا دروست بکرێت ٢٧ ملیۆن کەسی هیندییە سوورەکان لەناو بران و خاکەکەیان داگیر کرا.

بۆئەوەی ئەمەریکا بونیاد بنرێت ١٤ملیۆن کەسی ئەفەریقی کرانە کۆیلە ، ٢ ملیۆنیان لەئاودا خنکان، بەڵکوو دواتر هێرشیان کردە سەر مەکسیک و خاکەکەیان داگیرکرد ، ملیۆنێک کەس زیاتریان کوشت.

دواتر بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێت لەجەنگی جیهانیدا ٦ ملیۆن کەسی کوشت لەنێوانیدا ٣٠٠هەزار کەسی هیرۆشیما.

بۆئەوەی خۆی بسەپێنێت ٢ملیۆن ڤێتنامی کوشت.

بۆئەوەی سەرچاوەی وزە بۆ وڵاتەکەی دابین بکات

٢ملیۆن کەسی لە عێراق کوشت.

جەنگی خستە ناو هەموو وڵاتە عەرەبییەکانەوە، بۆ ئەوەی ژێرخانی ئابووری خۆی بەهێز بکات.

هەتا ئێستاش ئەم دەمڕاستی جیهانە بۆ مافی مرۆڤ، هەموو تواناکانی خستۆتە گەڕ بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ!

## دەزانیت یاسای زیادکردنە سادەکان چییە؟

لە ئۆلمپیادی ساڵی١٩٧٦دا هەشت ڕاکەر پێشبڕکێیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی مەدالیای ئاڵتون. لەڕاکردنی ١٠٠ مەتریدا ئەو کەسەی پلەی یەکەمی بەدەست هێنا، بەجیاوازی دەیەکی چرکەیەک لەپێش کەسی دووەمەوە بوو، جیاوازییەکی زۆر کەم لە ڕووی کاتەوە، بەڵام لە ڕووی خەڵاتەوە جیاوازییەکی زۆریان هەبوو.

لە یەکێک لە پێشبڕکێکانی ئەسپسواریدا لە ویلایەتە یەکگرتوەکان، ئەسپی یەکەم خەڵاتەکەی ١ملیۆن دۆلار بوو.

ئەسپی دووەم کە تەنها بەچەند سانتیم مەترێک لەدواوە بوو ٧٥٠هەزار دۆلار خەڵاتەکەی بوو.

بڕوانە:

ئەگەر پێش چونت بۆ سەر کارەکەت، بەیانیان کاتژمێرێک زووتر لە خەو هەڵسیت و لەبوارەکەی خۆتدا بخۆێنیتەوە.

دوای ماوەیەکی کەم شارەزاییەکی زۆرت لەسەر کار و پیشەکەت دەسکەوتوە ، پێش هاوکارەکانت کەوتویت.

پێش بانگ بەچەند خولەکێک بچیت بۆ مزگەوت فریای ١٠لاپەڕە قورئان خوێندن دەکەویت، بەم شێوەیە ساڵانە چەند جارێک قورئان خەتم دەکەیت.

کەسێک لە کاتی ئامادەکردنی خواردنی ئێوارەدا، بۆ ماوەی ١٥ خولەک چیرۆکێکی بۆ منداڵەکەی دەخوێندەوە، ئێستا منداڵەکە لەقۆناغی ناوەندییە، و زمانی ئینگلیزی زۆر بەباشی دەزانێت.

لە هەموو کایەکانی ژیانتدا ئەم یاسایە پەیڕەوبکە.

زیادکرنێکی سادە و کەم ، بەڵام دەرئەنجامێکی زۆر گەورە.

# دانایی یەمەنییەکان

سالی ١٩٩٩دا فەڕەنسا پرۆژەیەکی نهێنی ئەنجام دا. بەدروستکردنی فڕۆکەیەک کە ڕادار ناتوانێت ئاشکرای بکات. لەیەکەم گەشتیدا ئاسمانی لوبنانی و سوریا و میصر و ئوردونی بڕی، بەسەرکەوتویی لە دوورگەیەکی یەمەن نیشتەوە. هیچ یەکێک لە وڵاتەکان نەیانتوانی بیبینن، بەم هۆیەوە فەڕەنسا خەریکبوو ئاهەنگ بگێڕێت، هەتا کۆنسوڵی فەڕەنسا لەیەمەن پەیوەندی کرد پێی وتن: کە حوکومەتی یەمەنی گلەیی هەیە، دەڵێن ئاسمانی ئێمەیان بەزاندووە، فەڕەنسییەکان توشی شۆک بوون چۆن ئەمانە زانیویانە و هیچ نیشانەیەکیش نییە هی فەڕەنسا بێت

لەڕێگای مانگی دەسکردەوە ڕوانیان یەمەن هیچ ڕادارێکی وەها پێشکەوتوی نییە.

دواتر حکومەتی فەڕەنسا بڕی ١٠٠ملیۆن دۆلاری بۆ یەمەن پێشنیار کرد ، هەتا جۆری ڕادارەکەیان پێ بڵێن.

لەوەلامدا وتیان نەڕادارمان هەیە نەهیچ کە گوێمان لەدەنگی فڕۆکەکە بوو ، پەیوەندیمان بەهەموو کونسوڵخانەکانەوە کرد، کە ئاسمانی ئێمەتان بەزاندووە. گشتیان وتیان شتی وانیە، تەنها کونسولی فەڕەنسا داوای لێبوردنی لێکردین، زانیمان فڕۆکەکە فەڕەنسییە.....

# خوێندنەوە تواناکانت زیندوودەکاتەوە

" بنیامین سلیمان کارسۆن " پیاوێکی ئەمەریکییە. لەخێزانێکی هەژاری ئەفەریقی هاتووەتە دنیاوە. بە منداڵی توشی زۆرترین توندوتیژی و وتەی ڕەگەزپەرستانە دەبوویەوە.بەهۆی تەمەڵیەوە مامۆستاکانی پێیان دەووت ڕەشە گێژەکە.

دایکی خزمەتکاری ماڵان بوو، زۆر پێی ناخۆشبوو کە منداڵەکەی بەم شێوەیە بانگ دەکرێت لە پۆلدا. هەربۆیە بڕیاریدا هەفتەی دوو کتێب لە کتێبخانەی ناوچەکەیان وەربگرێت، دواتر بنیامین دەبێت لە ماوەی هەفتەیەکدا بیانخوێنێتەوە، بە ڕاپۆرتێکیش پوختەکەیان بنوسێت.

ئەگەر ئەمانە ئەنجام نەدات ناهێڵێت سەیری تەلەفزیۆن بکات، بچێتە دەرەوە یاری لەگەڵ هاوڕێکانی بکات. وردە وردە لەگیلترینەوە بوو بە بەتواناترین خوێندکاری قوتابخانەکەی. دواتر ڕووی کردە کۆلێژی پزیشکی بەشی مێشک و دەمار ،خوێندکارێکی زۆر سەرکەوتووبوو.

لە تەمەنی ٢٣ ساڵی بووە بەڕێوبەری یەکێک لەنەخۆشخانەکانی منداڵان.

لەساڵی ١٩٨٧ یەکەم کەس بوو کە بتوانێت سەری دوومنداڵی دووانە لە یەک بکاتەوە، بەبێ ئەوەی ژیانی هیچیان بکەوێتە مەترسیەوە.

**خوێندنەوە ڕێگای سەرکەوتن و زیندووکردنەوەی تواناکانە.**

ژیاننامەکەی کراوە بە فیلم بە ناوی Cuba Gooding JR Gifted Hands the Ben Carson Story

# بەرووبوومی چاکەکردنت هەر لەم دنیایەدا دێتەوە ڕێت

ئەحمەد شوقەیری دەڵێت: لە ئوتێلێک بووم لەئوردن، مزگەوتەکە چارەکێک لێمەوە دووربوو، زۆر حەزدەکەم نوێژی بەیانیان لە مزگەوت بکەم، تەنانەت ئەو کاتانەشی لە گەشتدابم.

هەندێ جار چالاک بم بە پێ دەچم، هەندێ جاریش ماندووبم بە تەکسی دەچم. ئەو ڕۆژە زۆر ماندووبووم بڕیارم دا بەتەکسی بچم، جزدانەکەم گەڕام پارەی ئەردەنیم پێنەبوو، بەڵام ١٠٠ دۆلارم پێبوو.

هەرچەندە کرێی ڕێگاکە نرخەکەی ١٠دۆلار زیاتری نەدەکرد، بەڵام وتم وەک یارمەتییەک هەمووی دەدەمێ بۆ خۆی.

لە ئوتێلەکە هاتمە دەرەوە کۆمەڵێ تەکسی بەڕیز وەستابوون، چوومە لای یەکەم دانە و پێم وت: بەیارمەتیت ببمە بۆ نزیکترین مزگەوتی ئێرە.

بەتوڕەییەوە وتی: سەرەکەم دەفەوتێت، من ئەمەوێت بچم بۆ شوێنێکی دوور، ناتبەم بچۆ بۆ ئەوەی دواتر.

چوومە تەکسی دواتری، بەزەردەخەنەیەکەوە بەخێرهاتنی کردم، دواتر فەرمووی لێکردم و سەرکەوتم.

کرێی ڕێگاکە پێنج دیناری دەکرد واتە ١٥دۆلار ، ١٠٠دۆلارییەکەم بۆ گرت و وتم: فەرمو

سەیرێکی کردم و وتی: ئاخر ئەوە زۆر زۆرە

سەیرم کرد و وتم: ئەوە ڕزقی خۆتە، خودا پاداشتت بداتەوە.

دابەزیم لەتەکسیەکە.

نیەتم وابوو لەو سەرەوە بە پێ بێمەوە، چونکە نزیک مزگەوتەکە تەکسی لێنەبوو.

دوای نـوێژ کە هــاتمە دەرەوە شـۆفێری تەکسـییەکە چـاوەڕێی دەکردم.

وتـی فەرمـوو بـا بـتگەیەنم، گەیاندمی ڕەتیشـی کردەوە هـیچ بـڕە پارەیەک وەربگرێت.

کە چوومەوە ژوورەکەی خۆم، زۆر لەم دیمەنە تێرامـام، سـبحان الله شۆفێری یەکەم ئەو بڕە پارەی لە خۆی کرد، خۆ ئەگەر بچوایە بـۆ شــوێنکی دووریــش ۱۰۰دۆلاری وەرنەدەگــرت، بەڵام بەهــۆی شێوازی مامەڵە و ڕووگرژێکەیەوە خۆی لەو بڕە پارەیە بێبەش کرد و وەیزانی بەو شێوەیە پارەی زیاتری دەست دەکەوێت.

شۆفێری دووەمیش پارەی ڕۆژێکی دەست کەوت تەنها لەماوەی ۱۰خولەکدا بەهۆی چاکی و لێبووردەییەکەیەوە.

مـن بەتەمـابووم بەپێـی بـێمەوە بەڵام ئەو منـی هێنـایەوە ئەویـش پاداشتێکی خێرابوو کەهاتەوە ڕێم...

# سیفاتی کەسی سیاسی

شوانەکە تووشی شۆک بوو، کە بینی ئۆتۆمبێلێکی جوان لای مەڕەکانیدا وەستاوە ، گەنجێکی قۆز و کەشخەی لێهاتە دەرەوە.
پێی وت: مامەگیان ئەگەر پێت بڵێم ژمارەی مەڕەکانت چەندیکە!! مەڕێکم دەدەیتێ؟
وتی: بەڵێ
دوای دەرکردنی کۆمپیتەر و لەڕێگەیGPSەوە زانی کە ٦٤١مەڕن.
هەربۆیە شوانەکە وتی مەڕێکی باش ببە، گەنجەکە ئەوەی کەبەدڵی بوو هەڵیگرت و کردیە دوای ئۆتۆمبێلەکەیەوە.
ئالەم کاتەدا شوانەکە وتی: ئەگەر پێت بڵێم کارت چییە مەڕەکەم دەدەیتەوە؟؟؟
گەنجەکە وتی: باشە!
شوانەکە وتی: تۆ کەسێکی سیاسیت.
گەنجەکە وتی: چۆنت زانی؟
شوانەکە وتی: ئاسانە.
یەکەم: فزوڵی کردنت وبەبێ ئەوەی پێت بڵێن، هاتوی بۆئێرە، تەماحت لەشتی خەڵکدایە.
دووەم: بانگەشەکردنی شتێک کە هیچی لێنازانیت.
سێیەم: پرسیارێکت کرد کە خۆم وەلامەکەیم دەزانی، پێویستیش نەبوو لەگەل ئەوەشدا داوای پاداشتیشت کرد.
چوارەم: خراپی مامەڵەکردنت چونکە نەتتوانی جیاوازیی نێوان سەگ و مەڕ بکەیت، لە ناو هەموو مەڕەکاندا بە سەگەکە سەرسام بوویت
بۆیە تکادەکەم سەگەکەم بۆ بگەڕێنەوە.

# پاداشتی چاکە هەر چاکەیە

پێش جەژن بوو چوو بۆ مەیدانی ئاژەڵان، دوای ئەوەی ئاژەڵێکی دیاریی کرد، داوای لە یەکێک هاوڕێکانی کرد کە ئاژەڵەکەی بۆ بباتەوە. هاوڕێکەی بردیەوە بەڵام نەیدەزانی کامە ماڵەکەیانە، بۆیە دای بەماڵە دراوسێکەیان، وتی: ئەمە ئاژەڵەکەیە و ڕۆشت..!

ئەم ماڵە زۆر هەژاربوون زۆر زۆر دڵخۆشبوون.

پیاوەکە کە گەڕایەوە زانی بەهەڵە براوە بۆ ماڵە دراوسێکەیان بەڵام وتی:

ڕزقی خۆیانە و کەس بەشی کەس ناخوات، خۆشییەکەیان لێ تێک نادەم. شوکر هەبووم، دەچم ئاژەڵێکی تر دەکڕم، دەیکەمە قوربانی.

چووەوە بۆ مەیدانی ئاژەڵان چووە لای پیاوێک لەدڵی خۆیدا وتی بەڵکو خاترم بگرێت و زۆرم لێوەر نەگرێت.

کە گەشتە لای جامبازەکە وتی:

بەخێرهاتی لە ڕێگادا من و ئاژەڵەکانم لەڕووداوێکدا بە موعجیزە ڕزگارمان بوو، هەر ئەوکات بڕیارم دا یەکەم کەس، کە هات بۆلام بۆ ئاژەڵکڕین، ئەوا باشترین ئاژەڵی دەدەمێ و هیچ پارەیەکیشی لێوەرناگرم....!

# فێر بە بزانیت چ کات بازدەدەیت

لە تاقیکردنەوەیەکی زانستیدا، بۆقێکیان کردە ناوقاپێک ئاوەوە، دواتر کردیانە سەر ئاگرێک، هەتا ئاوەکە گەرمتر بوایە گەرمی لەشی بۆقەکە زیادی دەکرد و ئاسایی بوو، بەلام کە ئاوەکە گەیشتە ئاستی کوڵان بۆقەکە مرد. ئەو قاپەی بۆقەکەی تێدابوو سەری نەنرابوویەوە، بەڵام بۆقەکە هەوڵی خۆ ڕزگارکردنی نەدا هەتا مرد.

زاناکان گەیشتن بەوەی کە: بۆقەکە هەموو تواناکانی بەگەڕ خستووە هەتا لەگەڵ دۆخەکەدا ڕابێت، هەرچەندە سەختیش بێت هێندە مایەوە هەتا توانای ئەوەی نەما خۆشی ڕزگار بکات.

ئەوەشیان زانی ئەوەی بۆقەکەی لەناوبرد ئاوە گەرمەکە نەبوو، بەڵکو هۆکاری مردنەکەی پێداگری کردنی بوو لەسەر ڕاهاتن و خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخەکەدا.

**پەند و سوودی ئەمەش ئەوەیە:**

ئەوکاتەی لەپەیوەندییەکدایت جاهەر پەیوەندییەک بێت، بەلام پێی ئارام و دڵخۆش نیت و هەوڵیش دەدەیت خۆت بگونجێنیت لەگەڵیدا و توانای خۆتی تێدا بەکاربهێنیت، هەتا ئەوکاتەی هەموو تواناکانت بەکاردەهێنیت بەمەش خۆت لەدەست دەدەیت.

فێر بە هەموو تواناکانت بەهەدەر نەدەیت.

فێر بە بزانیت چ کات بازدەدەیت، چ کاتێکیش دەمێنیتەوە.

# رۆژێکیان مامۆستاکەم پێی وتم

رۆژێکیان مامۆستاکەم پێی وتم:
تۆ دکتۆرات هەیە لەزمانی عەرەبیدا؟
وتم: بەڵێ.
وتی: باسە پرسیارێکت لێدەکەم، لاوازترین پیتی عەرەبی چییە؟؟
لەڕاستیدا وەڵامەکەیم نەدەزانی، بەڵام هەر وتم باوەڵامێکی بدەمەوە وتم: لەوەیە یەکێک لەپیتەکانی هەمس بێت وەک سین یان پیتە مەدەکان (و ا ی )، بەپێکەنینەوە وتی: دکتۆر هەڵەیت ناسکترین و لاوازترین پیت پیتی فائە "ف "، هەربۆیە خودا لەبارەی دایک و باوکەوە فەرموویەتی (فلا تقل لهما أف).
کە ڕۆشتمەوە هەندێک گەڕام بینیم کە پیتەکان بەهێز و لاوازیان هەیە، بەهێزتریان پیتی (ط) ە، چونکە سیفاتی لاوازی تێدانیە وەک (الهمس والرخاوة واللين.. هتد)
لاوازترین پیت پیتی (ف) ە چونکە سیفاتەکانی (الجهر والشدة والإطباق.. هتد). **هەربۆیە خودا ڕێگری لێکردووینە بەلاوازترین پیتیش ناڕەزایی دەربرین بەرامبەر دایک و باوکمان.**

# کان له نعل نعلو بذکره

حه‌سه‌نی به‌صری تاریفی پێغه‌مبه‌ری خودای ده‌کرد بۆ قوتابیه‌کانی، تاریفی قژ و چاو و ده‌سته‌کانی و پۆشاکه‌که‌ی ده‌کرد، هه‌تا گه‌یشت به‌باسی نه‌عله‌کانی ئینجا بێده‌نگ بوو به‌خه‌مبارییه‌وه وتی:

نه‌علێکی هه‌بوو که به باسکردنی به‌رزده‌بینه‌وه " کان له نعل نعلو بذکره "

پرسیان کرد: چۆن به باسکردنی نه‌عله‌کانی به‌رز ده‌بینه‌وه؟؟؟

فه‌رمووی: نه‌علێک که پێی چووه حه‌وته‌مین ته‌به‌قه‌ی ئاسمان، پێیان نه‌وت نه‌عله‌کانت دابکه‌نه.

له کاتێکدا موسا له‌سه‌ر زه‌وی بوو پێیان وت نه‌عله‌کانت دابکه‌نه....

# ئەوان بەرماوەی خواردنیان لە ئازادی لاگرنگترە

کۆیلەکانی ئەمەریکا کرابوونە دوو دەستەوە: دەستەیەکیان لەناو ماڵەکان خزمەتیان پێدەکرا، دەستەکەی تریش لەناو کێڵگەکان کاریان پێدەکرا. ئەوانەی لەکێڵگەکاندا کاریان پێدەکرا، بەتوندی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، نارەحەتیی زۆریان ڕووبەڕوو دەبووە. بەپێچەوانەی کۆیلەی ناو ماڵەکان، ئەمان جل و بەرگە کۆنەکانی سەردارەکانیان دەپۆشی، بەرماوەی خواردنەکانیان دەخوارد.

هەر هەوڵێک هەبوایە لەلایەن دەستەکەی ترەوە بۆ ئازادبوونیان، ئەمان ئەو هەوڵەیان شکست پێ دەهێنا، نەیاندەهێشت ئەو هەوڵە سەر بگرێت، بەڵکوو هەواڵەکانیان بۆ سەردارەکانیان دەبرد، بەم کارەشیان ئەوانیان توشی سزای قورس دەکرد.

ئەمان ئەم کارەیان نە بۆ ئامانجێک بوو نە داناییەکی تیابوو، بەڵکو ئەمان ئەو خواردنە بەرماوەی کە پێیان دەدرا لەلایەن بەنرخ تر بوو لەئازادبون و ئازادی.

لە ژیانی ئەمڕۆماندا، زۆرێک لە هاوشێوەی کۆیلەکانی ناو ماڵەکان هەن لە هەموو کایە جیاوازەکان چونکە خۆیان دژی هەر هەنگاوێک دەوەستنەوە کە بیانگەیەنێتە ئازادی و بەرهەڵستکاری دەکەن.

# خودا نیعمەتی زۆری پێبەخشیویت کە تۆ لێی بێئاگایت

پیرەمێردێکی ٨٠سالان، لەناکاودا تووشی نەخۆشیی میزگیران بوو، میزی بۆ نەدەکرا، بەپەلە نەوەکانی بردیان بۆ لای دکتۆر، دوای نەشتەرگەرییەکی بچووک نەخۆشییەکەی نەما، چاک بوویەوە کوڕەکانی چوونە لای دکتۆرەکە و زۆر زۆر سوپاس و دەسخۆشییان لێکرد کە باوکیانی لەو ئازارە ڕزگار کردووە. کوڕەکان هاتنەوە بۆ لای باوکی بەڵام سەیر دەکەن باوکیان بەکوڵ دەگریا، کوڕەکانیشی هەر هێمنیان دەکردەوە و ئەوەتا باش بوویت و ڕزگارت بوو لێی.

دوای کەمێک هێووربوونەوە ئەم وتەی فەرموو: دکتۆرەکە تەنها یەکجار یارمەتی داین سەیرکە چەندێ مەمنونی دەبین و سوپاسی دەکەین و وەسفی دەکەین، هەشتا ساڵە خودا بەردەوام ڕەحمی پێکردووین و ڕێزی لێناوین ڕزقمان دەدات و لەشمان ساغە، هەشتا ساڵە بەئاسانی دەچم بۆ ئاودەست بێ ئەوەی پێویستم بە نەشتەرگەری بێت، بەڵام ئێمە لە نیعمەتەکان بێ ئاگاین.

# ئەزموون و لێهاتوویی دزە گەورەکان

لە کردەیەکی دزیدا لە ویلایەتە یەکگرتوەکان. دزەکان چوونە سەر بانکێک و هاواریان کرد: نەجوڵێن پارە دەوڵەت خاوەنێتی، بەڵام ژیانتان خۆتان خاوەنین، هەموویان لەسەر زەوی و لەسەر دەم کەوتن

**"بەمە دەوترێت گۆڕینی بیرکردنەوەی خەڵکی"**

دوای ئەنجامدانی کارەکە، یەکێک لەدزەکان کە بڕوانامەی ماستەری هەبوو لە کارگێڕی کاردا بە گەورەکەی وت کە بڕوانامەی ٦ی سەرەتایی هەبوو، با پارەکان بژمێرین؟! گەورەکەی وتی: تۆ گێلیت ئەم هەموو پارە زۆری دەوێت تا بژاردنی تەواو دەبێت، شەو لە هەواڵەکان دەڵێن چەندێک پارەمان دزیوە.

**"بەمە دەوترێت ئەزمون و لێهاتووی"**

کە لێهاتوویی لەم ڕۆژگارەدا لە بڕوانامە گرنگترە.

دوای ئەوەی دزەکان بانکەکەیان جێهێشت، بەڕێوبەرەکە بە سکرتێرەکەی وت: پەیوەندی بکە بەپۆلیسەوە بەڵام ئەو وتی قوربان کەمێک چاوەڕێ بکە بائێمەش ١٠ملیۆن دۆلار بخەینە لاوە و بچێتە پاڵ ٧٠ملیۆنەکەی تر کە بردوومانە.

**"بەمە دەوترێت بەکارهێنانی کاتی ناهەموار بۆ بەرژەوەندیی خۆت و سوود وەرگرتن لە خراپی دۆخەکە"**

بەڕێوبەرەکە وتی: چەند باش دەبێت هەموو مانگێک دزیەک لەبانک بکرێت.

**"بەمە دەوترێت کوشتنی بێئومێدی"**

ڕۆژی دواتر لەهەواڵەکاندا بڵاوکرایەوە کە بڕی ١٠٠ملیۆن دۆلار دزراوە لەبانکەکە.

دزەکان چەند جار پارەکەیان بژارد هەر ٢٠ملیۆن دۆلاربوو، دواتر زۆر توورەبوون وتیان ئێمە ژیانی خۆمان خستە مەترسیەوە تەنها ئەونەمان دەستکەوت، بەڕێوبەرەکەش ٨٠ملیۆن دۆلاری دەستکەوت بەبێ ئەوە جلەکانیشی پیس بێت. کەواتە دەبێت لێزان و کارامەبیت پێش ئەوەی دز بیت

**"بەمە دەوترێت لێزانی کە هێندەی ئاڵتون بەقەدرە"**

بەڕێوبەرەکە زۆر دڵخۆش بوو لەبەرئەوەی ئەو شکستەی تووشیان بووبوو لەپشکەکاندا بەهۆی ئەم دزییەوە پەردەپۆش بوو.

**"بەمە دەوترێت قۆستنەوەی هەلەکان"**

لەڕاستیدا دزەکان خاوەن پلە و پێگەی بەرزن

ئەم ڕاستیە لە وڵاتی خۆماندا ڕوون و دیارە.

# دیمەنێک لە کۆتا ساتی ژیاننامەی پێغەمبەری خودادا

کە فـاتیمەی زەهـرا هـاتە ژوورەوە، دەسـتی کـردە گریـان، لەبەرئەوەی بـاوکی وەک جاران نەیتوانی هەستێتە سەرپێیەکانی و چاوەکانی ماچ بکات و لای خۆیدا دایبنیشێنێت.

بانگی کردە لای خۆیەوە، پێی فەرموو وەرە نزیکمەوە قسەیەکی بۆ کرد هێندەی تر گریا. پاشان قسەیەکی تری بۆکرد زەردەخەنەیەکی کرد.

دوای ماوەیەک لە وەفاتی ئەو، وتی: یەکەمجار فەرمووی: کچەکەم من دەمرم.

جاری دووەم فەرمووی: تۆ یەکەم کەسی کە دەگەیت بەمن.

عائیشە لەسەر کۆشی دایناوبو دەیزانی سەرپشک دەکرێت لەنێوان ژیانی دنیا و ژیانی ڕاستەقینە ئەویش لای خودا هەڵدەبژێرێت.

فریشتەی ڕۆحکێشـان لای سەریەوە وەستا، پێی وت ئەی ڕۆحە پاکەکە، ڕۆحی محمدی کوڕی عبدالله بگەڕێوە بۆلای خودای خۆت.

عائیشە فەرمووی: هەستم کرد سەری قورستربوو. ئیتر زانیم کە جێمان دەهێڵێت زانیم وەفاتی فەرمووە. دەرگاکەم کردەوە، وتم: پێغمبەری خودا وەفاتی کرد، پێغەمبەری خودا وەفاتی کرد

مەدینە بەجارێک خرووشا، گریان بەجارێک گشت شاری گرتەوە.

عومەر ئەوەندە هەواڵەکەی بەلاوە گران بوو دەیووت: ئەوەی بڵێت وەفاتی کردووە لە ملی دەدەم.

ئەبوبەکر هاتە ژوورە ئەو پارچە قوماشەی کە دابویان بەسەریدا
لای برد، ماچێکی ناوچەوانی کرد پاشان فەرمووی:
بەپاک و جوانی ژیایت و وەفاتت کرد ئەی پێغەمبەری خودا.
ئیدی عومەر کە زانی هەواڵەکە ڕاستە، دەگەڕا بۆ شوێنێک بەتەنیا
بگری. کە پیاوان لە ناشتنی گەڕانەوە فاتیمەی کچی فەرمووی:
چۆن دڵتان هات گڵ بکەنە سەر خۆشەویستیی خودادا.

*** ** ***

# ئامانجمان لەناوبردنی نەخۆشییەکەیە نەک خودی نەخۆشەکە

"یونسی کوڕی عبد الأعلی" یەکێک بوو لەخوێندکارەکانی ئیمامی شافعی. لەکاتی وانەوتنەوەدا لەمزگەوت لەگەڵ مامۆستاکەی لەسەر باسێک ڕاجیابوون، دواتر یونس بەتوورەییەوە هەستا و وانەکەی جێهێشت و ڕۆشتەوە بۆ ماڵ.

کاتێک شەو داهات، یونس گوێی لەتەقەی دەرگای ماڵی خۆیانبوو

+ کێیە لەدەرگا دەدات؟

-محمدی کوڕی ئیدریسم.

یونس بیرم بۆلای هەموو کەسێک چوو کە ناویان محمدی کوڕی ئیدریسە تەنها ئیمامی شافعی نەبێت.

کاتێک دەرگاکەم کردەوە تووشی سەرسوڕمان بووم بینم ئیمامی شافعیە پێی فەرمووم: ئەی یونس، لە سەدەها باسدا هاوڕاین و لەیەک باسدا ڕامان جیابوو. ئەی یونس، هەوڵ مەدە لەوشتانەی ڕاجیابیت هەیە هەمووکات خۆت براوە بیت.

زۆر کات بەدەستهێنانی دڵەکان لەپێشترە، لەسەرکەوتن لە هەندێ حاڵەتدا.ئەی یونس، ئەو پردە مەڕوخێنە کە بونیاددناوە و پیایدا پەڕیویتەوە لەبەرئەوەی ڕۆژێک دێت پێویست دەبێت پیایدا بگەڕێتەوە.ئەی یونس، ڕقت لەخودی کاری هەڵەبێت نەک کەسی هەڵەکار. ڕقت لەتاوان بێت بەڵام کەسانی تاوانبار ببوورە و میهرەبان بە بۆیان. ئەی یونس، ڕەخنە لەووتە بگرە، بەڵام ڕێز لەخاوەن وتەکە بگرە. ئێمە ئامانجمان لەناوبردنی نەخۆشییەکەیە نەک خودی نەخۆشەکە.

# دەزانیت هەڵۆ دەگاتە چل ساڵی چی دەکات؟

هەڵۆ ٧٠ساڵ دەژی، بۆ ئەوەی بگاتە ئەم تەمەنە دەبێت بڕیارێکی قورس بدات.

* کە دەگاتە چل ساڵی نینۆکەکانی هێزی ئەوەیان نامێنێت نێچیریان پێ ڕاوبکات، کە سەرچاوەی ژیانێتی.
* دەنوکە بەهێزەکەی بەتەواوی دەچەمێتەوە.
* بەهۆی تەمەن و زۆربوونی پەڕەکانی باڵەکانی قورس دەبن، زۆر بەزەحمەت دەتوانێت بفڕێت.

ئەم دۆخەە ناخۆشە هەڵۆ دەکاتە بەردەم دوو بژاردەی قورس، یەکەم تەسلیم ببێت و بمرێت، دووەم گۆڕانکارییەکی بەئازار ئەنجام بدا کە ١٥٠ڕۆژی پێدەچێت لەم ١٥٠ڕۆژەدا چی دەکات؟

دەچێتە بەرزایی شاخێک کە هێلانەکەشی لەوێدایە.

سەرەتا دەنوکەکەی بە بەهێزی دەدات بە بەردە گەورەکاندا بۆ ئەوەی بشکێت، چاوەڕێ دەکات هەتا دەنوکی دێتەوە پاشان نینۆکەی دەشکێنێت کە نینۆکەکانی هاتنەوە سەرجەم پەڕەکانی لێدەکاتەوە.

دوای ئەم هەموو نارەحەتییانە و پێنج مانگ لە ناخۆشی، دووبارە هەڵۆ دەست دەکاتەوە بەفڕین، وەک ئەوەی تازە لەدایک بووبێت و بۆ ئەوەی ٣٠ساڵی تریش بژی.

هەندێ جار پێویستە ژیانی خۆمان بگۆڕین بۆ ئەوەی بەردەوام بین لە ژیان، گەرچی ئەو گۆڕانکارییە زۆریش ئازارمان بدات.

# دووعا بکە هیچ شتێک موستەحیل نییە

شێخ محمد غەزالی بەردەوام دووعای دەکرد کە لەشارەکەی پێغەمبەری خودا کۆچی دوایی بکات. خوێندکار و کەسانی چواردەووری ئەم دووعایەیان پێ سەیربوو، لایان وابوو موستەحیلە دووعاکەی قبوڵ ببێت. لەساڵی ١٩٩٦بانگهێشت دەکرێت بۆ کۆنفرانسێک لە ڕیاز، خوێندکارەکانی داوایان لێکرد کە نەچێت.دکتۆرەکەشی پێی ڕاگەیاندبوو لەبەر تەندرووستی خۆی، نابێت بەهیچ جۆرێک تووڕە ببێت و هەڵبچێت. بەڵام ڕەتی کردەوە، و گەشتەکەی ئەنجام دا.

لەکاتی کۆنفرانسەکەدا یەکێک لەئامادەبووان بەوە تۆمەتباری کرد کە دژایەتی سوننەت دەکات. ئەم وتەیەی زۆر پێناخۆشبوو، هەڵسایەوە و وەڵامی دایەوە باسی هەڵوێستی خۆیی بۆ کرد لەبارەی سوننەت و چەندێ سوننەتی خۆش دەوێت. لەکاتی قسەکردندا جەڵدەی دڵ لێی دەدات و دەکەوێت بەزەویدا و دەمرێت.

کۆتا وتەی ئەوە بوو: دەمانەوێت وشەی لاالەالاالله بەبەرزی بمێنێتەوە.

بە فتوای شێخ ابن باز جەنازەکەی دەبرێتە مەدینە، لەوێ نوێژی لەسەر دەکرێت و لەگۆڕستانی بەقیع دەنێژرێت.

دکتۆر زغلول دەڵێت ئەو کەسەی گۆڕی هەڵدەکەن پێی وتم: کاری ئەم پیاوە زۆر سەیربوو، چەندێ گۆڕمان بۆ هەڵدەکەن خاکەکەی شی نەدەبوویەوە بۆمان هەڵنەدەکەنرا، هەتا گەیشت بەئێرە گۆڕەکەیمان بۆ هەڵکەند. کە کەوتۆتە نێوان گۆڕی نافع ی خزمەتکاری عبدالله ی کوڕی عومەر و ئەنەسی کوڕی مالیک.

# وەبەرهێنان لەمنداڵەکانتدا بکە

سەرۆکی زانکۆی خورتوم دەڵێت: ٤٥ ساڵە من و خێزانم کاردەکەین بەڵام هیچ سامانێکمان کۆنەکردووتەوە!! دەزانن بۆچی؟ چونکە هەر پێنج منداڵەکەم خاوەنی بڕوانامەی بەرزن. دووانیان بەکالۆریۆسیان هەیە.

دووانیان دکتۆرایان هەیە، یەکیان ماستەری هەیە.

* نەکەن خانویان بۆ بکەن و پارەیان لەبانکدا بۆ دابنێن!!
* پارە زیادەکانتی بۆ سەرف بکە، لە باشترین خوێندگا و زانکۆکاندا و بەباشترین شێوە فێریان بکەن.
* دوو زمان بۆ سێ زمانیان فێر کەن.
* تێیان بگەیەنن کە سەرکەوتن لەژیاندا پەیوەست نییە بەسەرکەوتن لەخوێندن یان زانکۆدا.

خودا لەهەر یەکێک لەئێمەدا بەهرەیەکی خولقاندووە.

کەسی بە بەخت ئەو کەسەیە کە بەهرەکەی دەدۆزێتەوە.

کەسی ژیر ئەوەیە کاری لەسەر دەکات.

کەسی سەرکەوتو ئەوەیە کاری پێدەکات.

* بۆ ئەوەی بەهرەی منداڵەکانتان بدۆزنەوە کاربکەن و پارەیان بۆ خەرج بکەن، لێیان بگەڕێن لەگەڵ بەهرەکەیاندا گەورەبن و کاری لەسەربکەن و گەشەی پێبدەن.
* ئەو خانووەی کە پارەی درێژایی تەمەنتت تیا خەرج کردووە، ئەوان بەکاتی کەمتر و جوانتریش لەوە بونیادی دەنێنن، ئەگەر

پارەکانتان لەبونیادنانی ئەواندا سەرف بکردایە و وەبەرهێنانتان لەواندا بکردایە.

* منداڵەکەت بونیاد بنێ، وەبەرهێنانی تێدا بکە نەک وەبەرهێنانی بۆ بکەیت.

* میرات و سامانی ڕاستەقینەی منداڵەکەت
پارە و زەوی و خانوو نییە
بەڵکو بونیادنانی خودی خۆیانە
فێربوون، فێربوون، فێربوون.

# لەشوێنێک مەبە کە نرخت نەزانن

باوکێک لەسەرەمەرگدا بەکورەکەی وت: ئەم کاتژمێرە هی باپیری باپیرتە ۲۰۰ساڵە هەیە بچۆ بۆلای ئەو دووکانە بزانە چەندی پێدەدەن، چوو و گەڕایەوە وتی: باوکە دەڵێت زۆر کۆنە ٥دۆلاری پێدەدەن، وتی بچۆ بۆ مۆزەخانەکە و لەوێ کاتژمێرەکەت دابنێ بۆ فرۆشتن، لەوێ خەبیرێک چاوی پێی کەوت بڕی یەک ملیۆن دۆلاری پێدا....
دواتر باوکی وتی: ڕۆڵە گیان ویستم فێرت بکەم کە شوێنی گونجاو و ڕاست، نرخی ڕاستیت نیشان دەدەن، لەشوێنی هەڵە خۆت دامەنێ و دواتر تووڕەبێت لەبەر ئەوەی نرخت نازانن.

# مرۆڤەکان ڕێز لە کێ دەگرن؟

گورگ سەرکۆنەی سەگی دەکرد پێی وت:مرۆڤەکان چۆنن؟

سەگ: کەسێک بەسووک سەیرکەن پێی دەڵێن سەگ.

گورگ: منداڵەکانیانت خواردووە؟

سەگ: نەخێر.

گورگ: ستەمت لێکردوون؟

سەگ: نەخێر

گورگ: کەمن هێرشم دەکردە سەر مەڕوماڵاتیان تۆ دەتپارستن؟

سەگ: بەڵێ

گورگ: بەکەسێکی زیرەک و بەغیرەت دەڵێن چی؟

سەگ: لە وەسفیدا دەڵێن وەک گورگ وایە

گورگ: پێم نەوتی لەگەڵ ئێمەدا بمێنەوە، من زیانم لەماڵ و ماڵاتیانم داوە، هێشتا پاڵەوانەکانیان بە گورگ وەسف دەکەن، دەبێت بزانیت مرۆڤەکان ڕێز لەوکەسانە دەگرن و بەگەورەیان دەزانن کە لێیان دەدەن و توندە بەرامبەریان...

# ئەی.. دووعامان نەکرد خودا شیفای سارە بدات؟

دوای مردنـی کـچە ١٣ ســاڵەکەی بە نەخۆشـی شـێرپەنجە، بـانگخوازی ئـوردونی دکتـۆر ئەیـاد قنیبـی ئەمەی نووسـی: ئەی.. دووعامان نەکرد خودا شیفای سارە بدات؟؟

ئەو ڕۆژەی وێنەی کچەکەمم بڵاوکردەوە، وتم لە نوسین دادەبڕێم بەهـۆی چارەسـەر وەرگرتنـی کـچەکەم، هەزارەهـا خوشـک و بـرا دووعایان بۆکرد خودا شیفای بدات.

ئێستا دەپرسن: بۆچی خودا وەڵامی نەدایەوە؟

ئەم پرسـیارە هەمیشـە دووبـارەی دەکەیـنەوە، لەسـەر ئەو دووعایانەی کە گومانمان وایە وەڵام نەدراونەتەوە.

پێتـان دەڵـێم: دڵنیـا بـن، دووعاکانتـان وەڵام دراوەتەوە بە جـوانترین شێوە کە دووعاتان کردبوو.

سوێند بەخـودا براکـانم، خـودا وەڵامـی دووعاکانتـانی داوەتەوە لە بەهێزکردنی خودی سارە و ئیجابی بونی و ئارامگرتنیدا.

سارە بەچەندین وێستگەی زۆر قورسدا تێپەڕی.

بەهەواڵ پێدانەوەی کە نەخۆشیەکەی دووبارە گەڕاوەتەوە

لە قۆناغێک لەقۆناغەکان پێیان وت هیچ هیوایەک نییە دەبێت قاچی بەتەواوی ببڕدرێتەوە

هەندێ کات دەگـریا فرمێسکەکانی دەسڕی دواتر دەگەڕایەوە سەر کار و چالاکیەکانی وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێت.

من و دایکی خەمـی ئەوەمـان بوو کە هەواڵی ناخۆشمان پێیە بۆی، بەڵام دواتـر توشـی سەرسـوڕمانی دەکـردین کە بـابەتەکەی زۆر بەسادەیی وەردەگرت.

دەمان بینی بەشێوازێک پێدەکەنێت وەک ئەوەی هیچ خەمێکی نییە.
دەفتەرەکانی دەڕازاندەوە ، دەچووە ئەو خولانەی کە بۆ بونیادنانی خوود دەکرانەوە....
لەم وەڵامدانەوەی دووعایانە زیاتر چی...؟؟
بەڵکوو کە نەخۆشییەکەی لەسەر توندبوو زیاتر لەخودا نزیک دەبویەوە و سوور بوو لەسەر ئەوەی بەڕۆژوو بێت و قورئان بخوێنێت....
لەدوای کۆچکردنی دەفتەر و نوسراوەکانیمان کردەوە نوسیبووی:

**پەروەدگارا تۆم خۆشدەوێت**

**هەولیشم بۆ ئەوەیە تۆ لێم ڕازی بیت**

**یارمەتیم بدە ئەمە بەدی بهێنم**

لەکۆتاییی دووعاکانیدا نوسیبووی:
" پەروەدگارا بەزووی شیفام بدە
شیفایەک کە نەخۆشی بەدوایا نەیەتەوە "
ئەوکاتەی ئیدی دەیزانی لە مردن نزیک بووەتەوە نەیدەووت خودا بۆ وەڵامی دووعاکانمی نەدایەوە، بەڵکو داوای لێکردم ئەو ئایەتانەی بۆ بخوێنم کە باسی بەهەشت و خۆشییەکانی دەکات.
دوای خوێندنی ئایەتەکان پێی وتم:
باوکە ، بیرۆکەیەکم بۆ هات زنجیرەباسێک دروست بکە بەناوی ئەرێنیبوون بوون هەتا کۆتا سات.
لەم وەڵامدانەوەی دووعایە باشتر چی....

# شەرع حەلاڵی کردووە

تەمەنم چل ساڵ بوو، خودا ژنێکی سەنگینی پێ بەخشیبووم زۆر بەختەوەر دەژیاین و چوار منداڵمان هەبوو. هەمیشە ئەوەم دەزا بەگوێییدا کە شەرع چوار ژنی حەلاڵ کردووە، ئەویش دەیووت باشە ڕاستە خۆ ژنیش مافی هەیە، خودا چەندین شتی بۆ ئەویش حەلاڵ کردووە! زۆر بەختەوەر دەژیان، تا ئەو ڕۆژەی من ژنی دووەمم هێنا، خێزانی یەکەمم ڕۆشتەوە ماڵ باوکی وتم: چاک دەبێت هەر ماوەیەکە دێتەوە. منیش بۆ مانگی هەنگوینی چوومە مالیزیا.
دوای ماوەیەک لەڕێی کەسێکەوە داوای تەلاقی لێکردم، چەندێک هەولم دا سوودی نەبوو لە دادگا تەلاقی خۆی وەرگرت شەرع حەلاڵی کردووە.
مانگی هەنگوینم تەواو بوو لەگەڵ ئەم خێزانەم کەوتینە کێشە و ناخۆشییەوە لەم کاتە ناخۆشانەدا هەواڵێکی ناخۆشم پێگەیشت کە خێزانی یەکەمم هاوسەرگیری لەگەڵ هاوڕێیەکی نزیکم کردووە، یەکێکم نارد کە هاوڕێکەم پەشیمان بکاتەوە، وەلامێکی جەرگبڕم بۆ هاتەوە، وتبووی: شەرع حەلاڵی کردووە....!
هاوسەرگیری کرد و چەندین وڵات گەڕان بۆ مانگی هەنگوینی منیش هەزاران جار مردم. خێزانی دووەمم تەلاق دا. منداڵەکانم چوونە لای دایکیان.هەمووشتێکم دۆڕاند خۆمم لەناوبرد.
دەرسێکیان فێرکردم تێیان گەیاندم شەرع حەلاڵی کردووە واتای چییە!
ئەوکاتەی ژیانت خۆشە و بەختەوەریت گەوهەرێکت هەیە لەدەستی مەدە. لەبەر ئەوەی ئەو شتەی لەدەستتدا هەرگیز وەک یەکەمجار نایەتەوە بۆت و نابیتەوە خاوەنی!

## بەهێزترین وتار لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم

یەکێک لە خوێندکارەکانی محمد غەزالی دەڵێت: بڕیاربوو شێخ محمد غەزالی لەکۆڕێکدا بۆ کۆمەڵێک خوێندکاری زانکۆ باسی ژیاننامەی پێغەمبەری خودا ﷺ بکات. کە دەستی کرد بە وتەکانی وتی: کوڕەکانم من باسی پێغەمبەرتان ﷺ بۆ دەکەم، هەندیک بێدەنگ بوو پاشان وتی من باسی پێغەمبەرتان ﷺ بۆ دەکەم، من کێم هەتا باسی پێغەمبەرتان ﷺ بۆ بکەم؟ پاشان دەستیکردە گریان زۆر گریا زۆر زۆر، خوێندکارەکان چاوەڕێبوون وتارەکەی تەواو بکات.
بەڵام دوای چەند خولەکێک بەگریانەوە هۆڵەکەی بەجێهێشت. بێ ئەوەی وتارەکەی تەواو بکات بەڵکو بێ ئەوەی دەست پێ بکات! خوێندکارەکان دەیانووت ئەمە بەهێزترین و بەسوودترین وتاربووە کە لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەری خودا ﷺ بیستبێتمان، گەورەیی و پلەی پێغەمبەرمان زانی....

# بۆ هەموو ئەو ئافرەتانەی

# کە دەپرسن بۆچی وەک ئەستێرەکانی سینەما دەرناکەوین!

پێویستە بزانیت هیچ کەسێک ئاوا بەیانیان لەخەو هەڵناسێت. ئەم ڕاستییە پێویستە بیزانن، پێش ئەوەی چاوپێکەوتنێک بکەم، ٩٠ خولەک میکیاجم بۆ دەکرێت، ٣بۆ٦ کەس قژ و برۆ و نینۆکەکانم بۆ چاکدەکەن ، میکیاجم بۆ دەکەن ، ئەو کەموکورتیانەی کە خۆشم درکم پێنەکردبوو دەیشارنەوە. هەموو ڕۆژێک کاتژمێر ٦ی بەیانی لەخەو هەڵدەستم، وەرزش دەکەم هەتا ٧:٣٠خولەک. لیستێکم هەیە، ئەو خواردنانەی تێدایە کەدەبێت بیانخۆم ئەوانەشی کە نابێت بیانخۆم.

هەندێکیش تایبەتن بە دیارکردنی ئەو پۆشاکەی کە لەگەڵ لاشەمدا گونجاوە. بە هەموو ئەوانەی باسم کرد هێشتاکە کەسێکی نموونەیی نیم و وێنەکانم بەفۆتۆشۆپیش جوان دەکرێت!

هەمیشە دەڵێم: پارەیەکی زۆر و سوپایەک لە کەسانی ئیش کەر و کاتێکی زۆرت دەوێت هەتا وەک ئەستێرەیەکی سینەمایی دەربکەویت. ئەم شتە ڕاستی نییە و ئیلهام بەخشیش نییە. ئیلهامی ڕاستی متمانە بەخۆبوونە، هەست بەئارامی و بەختەوەربوون بکەیت، پێویستت بەوە بێت بەشێوەیەکی دیاریکراوەوە بەدەر کەویت.

**ئەستێرەی بەناوبانگی هیندی " سونام کاپور "**

# خودا بەبردنەوەی ئازیزانمان تاقیمان دەکاتەوە

دوای ئەوەی بانگخوازی ئیسلامی (سلمان عودة)لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا، خێزانی و چەند منداڵێکی لەدەست دا، زۆر زۆر خەمباربوو بۆ ئەم ڕووداوە. هاوڕێیەکی خێزانەکەی چیرۆکی خۆی بە نامەیەک بۆ دەنێرێت، بۆ ئەوەی کەمێک لەئازارەکەی کەم بکاتەوە.

السلام عليكم مامۆستای بەڕێز. من یەکێکم لەهاوڕێکانی خێزانت ،هەواڵم پێگەیشت کە خێزانت (أم معاذ) کۆچی دوایی کردووە دەشزانم لەچ دۆخێکی ناخۆشدایت. چیرۆکی من بخوێنەوە، ئەمە یەکەم چیرۆک نییە. بەڵکوو سەدەها چیرۆکی واهەیە، کە کەسەکان دەناڵێنن بەدەست لەدەستدانی کەسە نزیکەکانیان دایکیان بێت یان باوکیان یان برا یان خوشکیان. چیرۆکی من لە ساڵی ١٤٣١کۆچی ٢٧ی ڕەمەزان دەست پێدەکات.هەمووومان ڕێک کەوتین کە بەیەکەوە بچین بۆ عومرە و زیارەتی ماڵی خودا بکەین، براکانم ڕەتیان کردەوە بە ئۆتۆمبێلی خۆیان بێن، بۆیە ڕێک کەوتین بەیەک ئۆتۆمبێل بچین، هەشت کەس بووین دایک و باوکم و خوشک و براکانم. باوکم شۆفێری دەکرد و دایکیشم لە پەنایدا بوو. بڕیارماندا هەمووومان قورئان بخوێنین، تابتوانین بەیەکەوە خەتمێک بکەین. دەستمان کرد بە قورئان خوێندن گشتمان بێدەنگ بوو بووین، دەتوت کۆتاجارە قورئان بخوێنین.خوشکەکەم قورئانی دەخوێند و دەگریا، براکەم دووعای دەکرد و دەگریا.

وتم خوشکی بۆ دەگریت؟

وتی: دەنگی خودا لە منەوە نزیکە ، کاتێک قورئان دەخوێنم.

لەم کاتانەدا بووین، باوکم ڕەحمەتی خودای لێبێت خەوبردیەوە سەیارەکەمان لە ڕێگا لایدا و لە شاخێکی هەرە بەرزەوە کەوتە خوارەوە ، پەیتا پەیتا سەیارەکەمان بەتەقلە غل دەبۆوە بۆ ناو شیوەکە، من پەڕیم و بەدارێکەوە گیرسامەوە، کاتی ئەم ڕووداوە نزیک بانگی مەغریب بوو ئێمەبەڕۆژوو بووین ،کەسیش ئاگای لە ئێمە نەبوو. من خوێنم زۆر لێدەڕۆشت، چەندجارێک بوورامەوە بەڵام بە گاگۆڵکێ بەرەو شیوەکە ڕۆشتم، تابزانم ئەوان چییان بەسەرهاتووە. گەشتمە خوشکەکانم گیانیان سپاردبوو، ویستم بەشتێک لاشەیان داپۆشم سەیرم کرد پەنجەی شایەتومانیان بەرزکردۆتەوە سوپاس بۆ خودا.

دنیا زۆر تاریک بوو، چەندێ گەڕام براکانم نەدۆزییەوە. دایکم دۆزییەوە ئەویش گیانی سپاردبوو، باوەشم پیاکرد و دایەگیان دایەگیان بەڵام وەڵامی نەبوو لاشەی هیچ بەدیار نەکەوتبوو تەنانە لەچکەکەی سەری هەربەسەریەوە مابوو. گەشتمە باوکم خوێنی لەبەر دەڕۆی، بەڵام هەر لە ژیانـدابوو لە باوەشم گرت زۆرم پێخۆشبوو کە هێشتا باوکمم لەگەڵ ماوە.

وتی: ڕۆڵەی خۆم بچۆ سەرەوە بۆ شاخەکە بە دەنگی بەرز هاوار بکە، با خەڵک فریای دایک و خوشکەکانت بکەون. من ترسام و نەمتوانی بچمەوە سەرەوە.

وتم: باوکە من خوێنم لێدەڕوات و ناتوانم ڕێ بکەم، لای تۆ دەمێنمەوە، لەباوەشی گرتم دوای چەند سەعاتێک گوێم لێبوو شایەتومانی هێنا و کۆچی دوایی کرد. دەسم کرد بەگریان بۆ تەنیای خۆم زۆر گریام، ئاگام لەخۆم نەمابوو لەتاو ئازارەکەم

بوورابوومەوە.تا ڕۆژی داهاتوو نزیک عەسر شوانێک لەوێوە تێپەڕی بوو خەڵکی ئاگادار کردبووەوە و هێلیکۆپتەر و سەیارەی فریاکەوتن هاتبوونە سەرمان.

دوای ئەوە من ٥مانگ هۆشم نەبوو، هۆشیارم لەدەست دابوو، سەرم تووشی برینێکی ترسناک بوو بوو ، مل و پشتم شکابوون حەوزیشم شکابوو.بەبۆنەی ئەم ڕووداوەوە لەو نیعمەتەش بێبەش بووم کەببم بە دایک.

دکتۆرەکان وتیان یان دەبێ ئەو نەشتەرگەرییەت بۆبکەین کە بەهۆیەوە ئیتر منداڵت نابێت یان دەمریت. بڕیارێکی زۆر ناخۆش بوو هێندەی ڕووداوەکە خەفەتی دابەمن، ماوەی دوو ساڵ لەوڵاتی کەنەدا چارەسەرم وەرگرت.

یاشێخ ئەمە چیرۆکی من بوو، تابزانیت جەنابت یەکەم کەس نیت خۆشەویستانت لەدەست بدەیت. ژیان کۆتایی نایەت کەئازیزانت کۆچ دەکەن، بەڵکوو دەبێت ئارام بگرین و ئیمانمان پتەوبێت.

سوپاس بۆ خودا، ئێستا لەشاری ڕیاز دەژیم و چوومەتەوە سەر کارەکەم و ژیانێکی نوێم هەیە.

بیرم چوو بۆت باس بکەم ، بڕیاربوو هەردوو خوشکەکەم دوای هەفتەیەک بچنە ژیانی هاوسەرییەوە، وتمان با عومرەیەک بکەین دواتر ئەوانیش بگوازرێنەوە، لای خۆم هەردوو جلی بوکێنی خوشکەکانم هەڵگرتووە تادەمرم.

# هەر باوکە دڵسۆزەکەی جارانتم

ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەیان تەنها دوومانگی مابوو، بەڵام دایکی بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد و بەم هۆیەوە هاوسەرگیرییەکە بۆ ساڵێک دواکەوت. دواتر هاوسەرگیری کرد، باوکی بەتەنها مایەوە، هەر ئەم کوڕەی هەبوو ئەمیش بەجێیهێشت.

کوڕەکەی جارجار سەردانی دەکرد، جاری واش هەبوو بووکەکەشی دەهات بۆلای، بەڵام زۆرکات بوکەکە دەیووت: من دەڕۆمەوە بۆ ماڵ باوکم، تۆش بڕۆ بۆلای باوکت. ئەم بە زۆر پیاوەکەی دەبرد بۆ سەردانی خزمەکانی، بەڵام جار وابوو بە ساڵ نەدەچوو بۆلای باوکی ئەم.

پێنج ساڵ تێپەڕی بەم حاڵەوە، باوکەکە نەخۆش کەوت و کوڕەکە بڕیاری دا بیهێنێتە لای خۆی، هەرچەندە باوکە پێی خۆش نەبوو دەیزانی کە میوانێکی خۆشەویست نابێت لای بوکەکەی، بەڵام کوڕەکەی بەزۆر بردیە لای خۆی. بوکەکە زۆر دڵگران بوو بەم حاڵە، هەر یەک جۆر خواردنی ئامادە دەکرد، حسابی بۆ باوکە نەخۆشەکە نەدەکرد و خواردنی تایبەتی بۆ دروست نەدەکرد، خزمەتی باشی نەدەکرد، کوڕەکە نەیدەزانی چی بکات لەم نێوەندەدا باوکی ڕازی کات یان ژنەکەی.

بڕیاریدا ژنێک بۆ باوکی بهێنێت، بەڵام باوکی بەمە ڕازی نەدەبوو، کار گەشتە ئەوەی باوکی ببات بۆ خانەی بەساڵاچووان، دوای هەفتەیەک کوڕە چوو سەردانی باوکی بکات. بەڵام باوکی چەند کاتژمێرێک پێش ئەوە کۆچی دوایی کردبوو.

نووسراوێکی بۆ کوڕە تاقانەکەی جێهێشتبوو، بۆی نووسیبوو:
کوڕی خۆم.....کوڕە خۆشەویستەکەم، تۆم لەنەفسی خۆم زۆر خۆشتر دەوێ. خۆشترین ساتەکانی ژیانم ئەوکاتانەبوون کە لە ئیش دەگەڕامەوە ئەو شیرینیەم بۆتۆ هێنابوویەوە کە تۆ حەزت لێبوو، ئەوکاتانەبوو کە فێری مەلەوانیم دەکردی، ئەوکاتانەبوو کە تۆ وەرەقەی کارەکەمت دەدڕاند، بەڵام من هەر بەڕووی تۆدا پێدەکەنیم، ئەوکاتانەبوو کە چی پارەم هەیە بۆ ئەوە بوو کە پێڵاو و جلی تازە بکڕیت، خۆشم پێڵاوەکانم کۆن و دڕاو بوون.
من ڕەخنە لە تۆ ناگرم، سەرکۆنەشت ناکەم، من ئێستا کە دەنووسم فرمێسک بەچاوەکانمدا دێتە خوارەوە، بۆ خۆم دەگریم. هەرگیز چاوەڕێی ئەم ڕۆژانەم نەدەکرد کە کۆتا ساتەکانی ژیانم تۆم لانەبێت.
لەمەڕاسیمی بەخاکسپاردنیشما ئامادە نەبیت.
چاوەڕێی ئەمانەم نەدەکرد بەڵام من هەر باوکی تۆم...هەر باوکە دڵسۆزەکەتم.

# چیرۆکی سەرکەوتنی سادیۆ مانی

سالی ٢٠١١ سادیۆ مانی لەگوندێکی بچووکەوە چووە یانەی میتز، داوای لە وێنەگرێک کرد وێنەیەکی بگرێت هەتا بینێرێت بۆ دایکی، چونکە لەبەر بێ پارەیی موبایلی نەبوو، دواتر وێنەگرەکە لێی دەپرسێت ئیمەیلت نییە بەوەدا بینێرین.

مانی لێی دەپرسێت: پارەی تێدەچێت؟

وێنەگرەکە دەڵێت: نا بەخۆڕاییە.

مانی پێی دەڵێت: بەڵام ئیمێڵم نیە.

وێنەگرەکە وێنەکە دەنێرێت بۆ ئیمەیلی یانەکە، دواتر ئەوانیش بەهەرجۆرێک بێت وێنەکەیان گەیاندووە بە دایکی.

ئێستا مانی یەکێکە لە باشترین یاریزانەکانی جیهان، خاوەنی چامپیۆنسلیگە و خاوەنی پێڵاوی ئاڵتونییە لە خولی ئینگلیزیدا.

# ملیاردێری چینی "جاک ما"

دەڵێت: خراپترین کەس کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەم ئەوانەن کە لەڕووی عەقڵەوە هەژارن.

* شتێکیان بەخۆڕایی دەدەمێ دەڵێن ئەمە داوە!
* بە پارەیەکی کەم هەلی بەخاوەن بوونی پڕۆژەیەکیان دەدەمێ، دەڵێن: پڕۆژەیەکی ڕاستی نییە و داهاتی زۆر نابێت.
* بۆ پڕۆژەی گەورەش دەڵێن: پارەی ئەوەمان نییە.
* کە پێیان دەڵێم شتێکی نوێ تاقی بکەنەوە، دەڵێن: ئەزمونمان نییە.
* کاتێکی هەلی بازرگانییەکی ئەلکترۆنییان پێدەبەخشم دەڵێن: ئەمە کارێکی وەهمی بێسوودە!

لەڕاستیدا ئەمانە، لەپرۆفیسۆرێکی زانکۆ زیاتر بیردەکەنەوە و هێندەی کەسێکی نابیناش بەرهەمیان هەیە.
لێیان بپرسە دەتوانن چی کارێکی جیاواز بکەن هەتا سبەینێتان باشتر بکەن؟ دەڵێن: نازانین.
ئەمانە هۆکاری شکستیان تەنهایەک خاڵە، ئەویش بریتیە لەچاوەڕوانی.
چاوەڕێی هەلێکن، بەڵام بەدرێژاییی ژیانیان هیچ شتێک تاقی ناکەنەوە.

# ئێمەش وەک مریشکەکانین

لای مریشکفرۆشەکە وەستابووم، جارجار دەچوو مریشکێکی دەهێنا و سەری دەبڕی. لەم کاتانەدا مریشکەکە ڕایان دەکرد لەدەستی، بەڵام هەر ئەوەندەی پیاوەکە دەڕۆشت، دەگەڕانەوە دان و ئاو خواردن، مریشکەکان دووحاڵەتیان هەبوو: ترس و دڵەڕاوکێ لەگەڵ لەبیرکردن بەخێرایی دەهاتنەوە حاڵی پێشوی خۆیان. لەگەڵ ئەمەشدا لە کۆتایی ڕۆژدا هیچ مریشکێکیان نامێنن.

ئێمەش بۆ مردن بەم شێوەین، کەسە نزیکەکانمان دەمرن، پەندی لێ وەردەگرین. بەڵام هەر ماوەیەکە، دواتر دەست دەکەینەوە ژیانەکەی پێشترمان. مردنمان لەبیر دەچێت، لەکۆتایشدا هەموومان دەمرین.

# نەکەی ئیفلیج لە ماڵەکەتدا دروست بکەیت!

نوسەری بەتوانای سعودیی ((مشعل أبا الودع)) لەنوسینێکدا بە ناونیشانی " ئایە لە ماڵەکانمدا میوان هەیە یان کەمئەندام " دەڵێت: دیمەنێک کە لە ماڵەکانمادا دووبارە دەبێتەوە، گەنجێک جا کوڕ یان کچ ، بە تەندروستییەکی باشەوە لەماڵ باوکیدا دەژی. کە لە خەو هەڵدەسێت جێگای خەوەکەی کۆناکاتەوە، دایکی ئەم کارە دەکات. جلەکەی لەشوێنێکدا فڕێدەدات، دایکی کۆی دەکاتەوە و دەیشۆرێت و ئوتوی دەکات، خواردنی بۆ ئامادە دەکرێت و دەیخوات، قاپەکان ناشۆرێت، دایکیشی ئەمە دەکات، دەچێت بۆ قوتابخانە، یان زانکۆ دێتەوە، و بێدار دەبێ بەدیار تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە. سەیری زنجیرەکان دەکات، و دواتر نان دەخوات و دواتر دەگەڕێتەوە بۆلای موبایل و ئایپادەکەی.

جار جار لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی دادەنیشت. بەڵام موبایلەکەی هەر بە دەستەوەیە، تەنها بە جەستە ئامادەیە بۆ ئەوەی کۆمێنتەکانی لەدەست نەچێت، کە زۆری پێوەندی بەوەوە نییە و هەر تەداخول دەکات.ئەم هاوڕێیەمان هیچ بەرپرسیاریەک لەماڵەکەدا ناگرێتە خۆی. دیمەنەکە کۆتاییی هات.

ئێستا دەزانیت نەوەیەک بەرهەم هاتووە و پێگەیووە، کەبەڕاستی ئیفلیجە.ئەم جیلە وەک میوان لەماڵی خۆیدا دەژی، نەهاوکاری کەس دەکات، نە بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت. ئەم و ئەو وەک میوان دەژین لای دایکیان، چی ئەرکە لەسەر دایک و باوکێتی، تەنانەت ئەگەر تەمەنیشیان بڕوات و بێتواناش بن، ئەوان نایانەوێت منداڵەکانیان

ماندووبـــبن.ئەوە تۆیـــت هەڵگرتنـــی بەرپرســـیاریتی لەمنداڵەکـەتدا
درووست دەکەیت.
دوای ئەوەی دەچـنە مـاڵی خۆیـان ئەم تەبیعەت و ڕۆشـنبیریانەی
دەبێت
چی؟
تەبیعەتی پاڵدانەوە و ئیفلیج بوون!
باوکی بەڕێز دایکی ئازیز، منداڵەکەت وا ڕابهێنە بەرپرسیاریتی
هەڵ بگرێت لە ماڵەوە چونکە بەمە پێدەگات و کەسایەتیی خۆی
بونیاد دەنێت. هەڵگرتنی بەرپرسیاریتی جیلێی پتەو درووست دەکات
یارمەتی دەری دەبێت ڕووبەڕووی نارەحەتیەکان ببێتەوە، یارمەتی
دەری تۆش دەبێت کە پشتیان پێ ببەستیت، خودپەرستن نابن و
هاوکارت دەبن.
بەلام هەروا پاڵ بدەنەوە تەمبەڵ دەبن و بەرگەی داهاتوو ناگرن
ناتوانن خێزان دروست بکەن، دواتر دەشپرسین تەلاق بۆ زیادی
کردووە؟بۆچی ئارامییان نییە؟
دووگیانبوون و منداڵبوون شتێکی سروشتین. بەلام کە هەوڵ بۆ
خێزانەکەت بدەیت و تەحەمولی سەختییەکانی ژیان بکەیت، ئەمەیان
پێویستە لە دایک و باوکەتەوە فێرببیت.
لە کۆتاییدا دەڵێم دایک و باوکان ئەگەر منداڵەکەت فێر نەکەیت
پەروەردەی نەکەیت، فێری هەڵگرتنـی بەرپرسیاریتی نەکەیت، ئەوا
ژیان فێری دەکات، بەلام فێرکردنی ژیانی قورس و تاقەت پڕوکێنە
میهرەبانییەکەی لەتۆ کەمترە و توندیەکەی زیاتر، هاوکاری بکە
مەهێڵە منداڵەکانت وەک میوان بن، مەهێڵە ئیفلیج بن.

# پەروەردە کردن هونەرێکی سادە و ئاسانە

* کە منداڵەکەت نارد بۆ قوتابخانە: هەر خواردنێکت پێ دا با دوو بەش بێت، بۆ ئەوەی دانەیەکیان بداتە هاوڕێکەی، بەم شێوەیە فێری چاکە و خۆشەویستی دەبێت.
* هەمیشە با پێنووسێکی زیادە لەجانتاکەیدا هەبێت، با هەرکات هاوڕێکەی پێنوسی بیرچووبوو، بیداتێ. بەم کارەی فێری بەرپرسیارێتی و دەسپێشخەری دەبێت.
* کە هاتەوە بۆ ماڵ پێی بڵێ: ماڵەکەت ڕووناک کردەوە، بەم کارەت هەست بەڕێز و نرخی خۆی دەکات.
* لێی بپرسە جوانترین شت کە ئەمڕۆ بینیت چی شتێک بوو؟ بەم شێوەیە جیاوازی جوان و ناشرین، چاک و خراپ دەکات. دواتر وای لێدێت خۆی بۆت باس دەکات، بێ ئەوەی پرسیاری لێ بکەیت.

# گاڵته به بژاردەی کەسەکان مەکە

لە یەکێک لە قوتابخانەکاندا بڕیاریان دا خوێندکارەکانیان ببەن بازاڕێکی گەورەوە، دواتر داوایان لێکردن کە هەرکەسێک دیارییەک بۆ دایکی بکڕێت، بڕی پارەکەش لەلایەن قوتابخانەکەوە دەدرێت. دوای ئەوەی هەر کەسە و دیاری خۆی دەستنیشان کرد، گەڕانەوە بۆ قوتابخانە.

مامۆستا وتی: ئادەی دیارییەکانتانم نیشان بدەن.

خوێندکاری یەکەم:دیارییەکی زۆر ناوازەی هەڵبژاردبوو.

خوێندکاری دووەم: بۆنێکی بۆ دایکی کڕیبوو.

خوێندکاری سێیەم: جووتێک پێڵاوی بۆ دایکی کڕیبوو.

بەڵام خوێندکاری چوارەم: مەکینەیەکی دەلاکی و چەند شانەیەک و ئاوێنەیەکی کڕیبوو، خوێندکار و مامۆستاکە دایان لەقاقای پێکەنین و گاڵتەیان پێکرد.

مامۆستاکەی پێیووت: تۆ عەقڵت هەیە!! دەتەوێت بەم کارەت دایکت دڵخۆش کەیت یان دڵگرانی بکەیت؟ منداڵەکە دەستی کرد بەگریان و فرمێسک بەچاوەکانیا دەهاتە خوارەوە.

ئەوکات مامۆستاکە هەستی کرد هەڵەبووە. وتی: داوای لێبووردن دەکەم ببوورە بەس هۆکار چییە ئەم دیاریانەت کڕیووە؟

منداڵەکە کەمێک بێدەنگ بوو، فرمێسکەکانی بەدوو دەستە بچووکەکەی سڕی و وتی: من چەند مانگێک بووە کە لە دایک بووم دایک و باوکم بەهۆی ڕووداوی سەیارەوە گیانیان لەدەستداوە، برا گەورەکەم منی بەخێو کردووە، ئەو منی وا گەورە کردووە، ئەو دایک و باوک بووە بۆ من.مامۆستاکەش دەستی کرد بەگریان و منداڵەکەی لە ئامێز گرت.

پەند: هەرگیز گاڵتە بەبژاردەی کەسەکان مەکە، کە تۆ نازانی چی لەناخیاندا هەیە.

# بۆیان بکەن نەک لێیان بکەن!

المقري التلسماني لەکتێبی(أزهار الرياض في أخبار القاضي عياض) دەگێڕێتەوە: زەمەخشەری هەردوو قاچی بڕابووەوە، کەپرسیاریان لێکرد هۆکارەکەی چییە؟ لەوەڵامدا وتی: بەهۆی دوعای دایکمەوەیە!!! بەمنداڵی چۆلەکەیەکم گرتبوو، پەتم لە قاچی ئاڵاند، پەتەکەم ڕاکێشا قاچی لێبویەوە، دایکم بەم کارەم زۆر دڵگران بوو، هەر بۆیە دووعای لێکردم: خودا قاچت بداتە بڕینا واقاچیت بڕییەوە.

کە گەورەبووم، لە گەشتدا بووم بۆ بوخارا بۆ فێربوونی زانست، لە سوارییەکەم کەوتمە خوارەوە و قاچم شکا، دواتر بڕییانەوە.

لە لای من هیچ گومانێکی تێدا نییە، حاڵی دایکی زەمەخشەری وەک حاڵی دایکەکانی ئێستا وایە، ئەوکاتەی کە دوعای لە ڕۆڵەکەی کرد تەنها بە زار بووە نەک بەدڵ.

ئەگەر لەژیاندا بمایە، سەرپشک بکرایە لەنێوان بڕینەوەی قاچی خۆی و ڕۆڵەکەی دەیوت قاچی من ببڕنەوە و با قاچی ڕۆڵەکەم سەلامەت بێت.

بەڵام دوعا تیرێکە کە ئامانجەکەی دەپێکێت، دواتر هەر سەرکۆنەی خۆت بۆ دەمێنێتەوە.

هەربۆیە خۆشەویست صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: دووعا لە خۆتان و منداڵتان و ماڵتان مەکەن.

ئیمامی عومەر پیاوێک دەبینێت کە دەستی ئیفلیج بوە، لەهۆکارەکەی دەپرسێت، کابراکە دەڵێت: لەسەردەمی پێش ئیسلامدا باوکم دوعای لێکردم بۆیە وام لێهات.

ئیمامی عومەر فەرمووی: دوعای باوک پێش ئیسلام ئاوا گیرابوو،
دەبێت لەئیسلامدا چۆن بێت!
ئاگاتان لە منالەکاتنان بێت دوعایان لێمەکەن، بەتایبەتیی ڕووم لە
دایکانە ئەوان خێرا دووعا دەکەن، لە کاتی توڕەبووندا.
ئەگەر کچەکەت قاپێکی شکاند، تۆش وتت خودا دڵت بشکێنێت! چی
دەکەیت ئەگەر دوعاکە گیرابوو؟ دڵی کچەکەت یەکسانە بەقاپێک؟
کورەکەت توڕەت دەکات بڵێی خودا سەرگەردانت بکات، ئەگەر
دووعاکەت گیرابوو، سەرگەردان بوونی یەک تەمەن یەکسانە بەچەند
خولەکێکی تووڕەبوون؟
پێویستە خۆمان ڕابێنین دوعا بۆ نەوەکانمان بکەین، نەک دوعایان
لێبکەین.وشەی شیرینتر بەکار بهێنین، چی دەبوو بڵێین:
خودا چاکت بۆ بکات.
خودا ڕێنمونیت بکات.
خودا سنگ فراوانت بکات.
چەندین دوعای جوانی تر کە دەیانزانین، بەڵام لە کاتی توڕەبوندا لە
بیریان دەکەین.
جارێک خۆشەویست سەردانی نەخۆشێکی کرد، کە زۆر لاواز
بووبوو،
لێی پرسی: دوعات دەکرد؟
وتی بەڵێ: دەموت خودایە لە ڕۆژی دوایدا چی سزایەکت بۆ
ئامادەکردووم، بۆم پێش بخە بۆ دونیا. پێغەمبەری خودا صلی الله
علیه وسلم فەرمووی: سبحان الله، توانایت نابێت!

بۆ نەتوت: اللهم آتنا في الدنيا حسنة وفي الآخرة حسنة وقنا عذاب النار، دواتر ئەم دوعایەی کرد چاک بویەوە.

کوڕ و کچەکان دایە و باوە توڕە مەکەن، دایک و باوکی بەڕێز تیری دوعا مەنێن بە ڕۆڵەکانتانەوە، **دوعای دایک و باوک زۆر بەکەمی ئامانجەکەی ناپێکێت.**

**نوسینی: ئەدهەم شەرقاوی**

# یەک وشەی لام خۆشتربوو لە هەزار وشەی براکەی

دوای سێ ساڵ لە هاوسەرگیریکردنم دووگیان بووم، لە سەردانی چوارەممدا بۆلای دکتۆرەکەم پێی وتم: منداڵەکەت داون(مەنگول)ە. ئەو ٩ مانگەم بە ٩٠٠ساڵ لێ ڕۆیشت. هەموو بەیانییەک لەگەڵ مێردەکەم دەبووە دەنگەدەنگمان، لەسەر ئەوەی من دەمووت لەباری دەبەم.

لە کۆتایی مانگی ئەیلولدا منداڵەکەم بوو، دوای کەمێک هێنایان بەردەستم، دەستیم گرت و لە چاوە ڕەشە جوانەکانیم دەڕوانی، مێردەکەم وتی ناوی دەنێیت چی؟ منیش بەگریانەوە وتم: وەسیم.
ڕۆژگار تێپەڕی خودا کوڕێکی پێبەخشیم بوو بەبرای.
مێردەکەم ناوی نا سەلیم، وای حسێب دەکرد کە ئەم چاکی و تەندروستییەی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، دوای چەندین ساڵ مێردەکەم وەفاتی کرد سەرجەم ماڵ و موڵکەکانی دابوە سەلیم، منیش نەخۆشبووم، بردمیە یەکێک لە باشترین نەخۆشخانەکان، کۆتایی هەفتەش سەردانی دەکردم.
بەڵام وەسیم شەو و ڕۆژ لەگەڵم بوو، بەدەستە جوانەکانی نانی دەدامێ، قژە سپیەکەمی دەبەست و خزمەتی دەکردم، کە پەرستارەکە دەهات دەرمانی دەدامێ بەخێرایی دەیووت: من.......... دایک....... یارمەتی دەدەم، ئەم سێ وشە کە بەزۆر بۆی دەهات و دەیووت لەلام خۆشتربوو لە هەزار وشەی براکەی.

# پێشەوایەکی گەنج

بانگدەرێک بەناو شەقامەکاندا دەڕۆیشت و دەیووت: کێ دەیەوێت ژن بهێنێت، بۆی دەهێنین، کێ دەیەوێت خانوو بکات، بۆی دەکەین، کێ قەرزی لایە، بۆی دەدەینەوە، کێ دەچێت بۆ حەج، خەرجی حەجەکەی بۆ دەدەین.

ئەم وتانە ئێستا نەوتراون، لە وڵاتێکیشدا نەوتراوە کە پڕ بێت لەنەوت.

ئەو کەسەی فەرمانی کرد بەم وتانە گەنجێک بوو، ئەوکاتەی کۆچی دوایی کرد تەنها ٤٠ساڵ تەمەنی بوو، ئەو کەسە عومەری کوڕی عبدالعزیز بوو. کە پارەی زەکاتیان بۆ هێنا، فەرمووی: بیبەخشنەوە بەسەر هەژارەکاندا وتیان: ئەمڕۆ لەئوممەتی ئیسلامیدا، کەس پێویستی بە پارەی زەکات نییە.

فەرمووی: هاوسەرگیری بۆ گەنجەکان بکەن، قەرزی قەرزداران بدەنەوە، قەرزی جولەکە و گاوریش بدەنەوە، پارە و پێداویستییەکانی زاناکان دابین بکەن.

دوای ئەنجامدانی هەموو ئەمانە هێشتا پارە و شتومەک هەر مابووەوە.

فەرمووی: گەنم بە شاخەکاندا بڵاوبکەنەوە، هەتا نەڵێن باڵندەیەک لەژێر دەسەڵاتی موسڵماناندا برسی بوو.

# باوک بەهێزترین پیاوی جیهان

منداڵەکە پسولەیەکی کارەبای بەدەستەوە بوو، فەرمانبەرەکە وتی:
کاتی دەوام تەواوبووە، بەیانی وەرەوە.
منداڵەکە وتی: تۆ ئەزانی باوکم کێیە؟
گەر باوکم بانگ بکەم هەمان قسە دەکەیت؟
منداڵەکە ڕۆشت و پاش کەمێک هاتەوە، پیاوێکی لەگەڵ بوو بە سیما و پۆشاکیدا دیاربوو لەچینی هەژارانە، فەرمانبەرەکە زانی کە ئەوە باوکێتی، هەربۆیە وتی: ئێستا کارەکەت بەڕێ دەکەم بەسەرچاوم.
منداڵەکە وتی: ئەی نەمووت باوکم لێرە بێت، ناتوانی هەمان قسەی هەبێت. دواتر باوکەکە زۆر سوپاسی فەرمانبەرەکەی کرد، کە ئاوا مامەڵەی لەگەڵ کرد لەبەرچاو منداڵەکەیدا.

**"هەرکەسێک هەر چۆنێک بێت، هەر کێشەیەکی هەبێت، پێویستە لەلای نەوەکانیدا ڕێزیان بگرین، ئەمە وادەکات ئەوانیش خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بن و شانازی بکەن بە باوکیانەوە و ببنە پاڵپشت و پشتیوانیان"**

# گومانی باش بە خودای خۆت ببە
# گومانی باش بردن بە خودا پەرستشە

زانا و فەیلەسوف دکتۆر مصطفى محمود، چیرۆکێکی سەیری خۆی دەگێڕێتەوە، ئەوکاتەی کە خوێندکاری کۆلیژی پزیشکی بووە.
هێندە ئاشقی شیکاری جەستەبووبوو کە نیو جەستەی کڕیوە و کردویەتییە مادەی الفورمالین.
الفورمالین جۆرە مادەیەکە کە دەدرێت لە جەستە، بۆ ئەوەی لەناوچوون بیپارێزێت بۆنێکی زۆر ناخۆشی هەیە کە زۆر زیان دەگەیەنێت بە سییەکان.
ئەمیش بەو گەنجییەی نەیدەزانی ئەو مادەیە هێندە مەترسیدارە، بەڵکوو دوای سێ ساڵ بەمەی زانی، کە بە تەواوی سییەکانی بەرەو لەدەستدان دەچوو.
هەربۆیە بۆ ماوەی ٣ ساڵ لە ژوورێکدا بە تەنیا چارەسەری وەردەگرت.
لەم ماوەدا هەموو هاوڕێکانی خوێندنیان تەواو کرد، ئەمیش هەر لە ژووری چارەسەرەکەیدا نەدەهاتە دەرەوە، گومانی وابوو خراپترین ڕۆژەکانی ژیانی بەڕێدەکات. لە ماوەی چارەسەروەرگرتنەکەیدا، بەشی هەر زۆری کتێبە ئەدەبییەکانی جیهانی خوێندەوە. دوای کۆتاییهاتنی ئەم تاقیکردنەوە قورسە، گەڕایەوە بۆ خوێندن و خوێندنی تەواو کرد.
ئەو ماوەی کە وای دەزانی خراپترین ڕۆژەکانی ژیانێتی، ئەو ڕۆژانە بوون کە مستەفا مەحمودیان درووستکرد.

وتەیەکی زۆر جوانی هەیە و دەڵێت:خودا خۆی دەزانێت چۆن بەندەکەی پەروەردە دەکات و پێی دەگەیەنێت، بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە دەربکەوێت.

تۆو دەبێت لەزەویدا بشاردرێتەوە بۆ ئەوەی گەشە بکات.

هەرشتێک دێتە ڕێت حیکمەتێکی تێدایە، کە بەتێپەڕبوونی کات ئەم ڕاستییەت بۆ دەردەکەوێت.

**گومانی باش بە خودای خۆت ببە، گومانی باش بردن بە خودا پەرستشە.**

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

# شاورمەکە زۆر بەتام بوو

ئەمڕۆ لە زانکۆ ناوی کوڕەکەم تۆمارکرد، لە کافتریا دانیشتم، داوای قاوەیەکم کرد، خوێندکارێک هات پرسی: هەرزانترین لەفە بەچەندە؟
دواتر پارەکەی ژمارد دیاربوو کە پارەکەی بەشی هەرزانترین لەفەی نەدەکرد، هەربۆیە لەسەر یەکێک لەکورسییەکان دانیشت، دواتر چووە لای هاوڕێیەکی دیاربوو داوای هەندێ پارەی لێکرد بەڵام سەرێکی ڕاوەشاند، وەک ئەوەی بڵێ پێم نییە، بەخەمبارییەوە دانیشت.
چوومە لایەوە، وتم:ڕووخسەت هەیە.
وتی: فەرموو.
پێم وت: قاوەیەکم داواکردووە، بەڵام پارەکەم لە ماڵەوە بیرچووە، دەتوانی پارەکەم بۆ بدەیت.
وتی: بەسەرچاوم چووپارەکەی دا.
هاتەوە دوای کەمێک وتم:ببوورە وەڵا وەمزانی پارەکەم بیرچووە، بەڵام لە گیرفانی دواوەوەی پانتۆڵەکەمدا بوو، مادەم تۆ ئەوەندە چاکەت بۆ من هەبوو، تۆش میوانی منیت، چەندێ هەوڵیدا، وتم: نابێت، ئەبێ میوانی من بیت. چووم دوو شاورمەم هێنا و پێکەوە خواردمان، من حەزم بە شاورمە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەو خوێندکارە زۆر بەتام بوو.

# بەم کارانە شارستانی وڵات لەناو دەچێت

چینییەکان لە زەمانێکی زوودا ویستیان بە ئارامی بژین، بڕیاریاندا کە شورای گەورەی چین دروست بکەن، گومانیان وابوو کەس ناتوانێت خاکەکەیان داگیریان بکات، لەبەر بەرزیی و پتەویی دیوارەکە، بەڵام لەماوەی ۱۰۰ساڵی سەرەتادا، سێ جار ڕووبەڕووی داگیرکردبوون بوونەوە.

دوژمن بیری نەکردەوە کە ئەم شورا گەورە بڕوخێنێت ، بەڵکو هەموو جارێک بەرتیلیان دەدا بە پاسەوانی شوراکان، لە دەرگاکەوە دەچوونە ناوەوە و داگیریان دەکرد، ئەوان بیریان چوو پاسەوانێکی پتەو و دروست بونیادبنێن، لەڕاستیدا بونیادنانی مرۆڤ لەپێش هەموو شتێکەوەیە.

یەکێک لەڕۆژهەڵاتناسەکان دەڵێت: ئەگەر وویستت شارستانی وڵاتێک لەناوببەیت ئەوا سێ ڕێگا هەیە، کە لەڕێیەوە دەتوانییت ئەم کارە ئەنجام بدەیت:

① خێزان لە ناو ببە.

② خوێندن لە ناو ببە.

③ سەرکردە و زاناکان ناشرین بکە لە لای خەڵکی.

بۆ ئەوەی خێزان لە ناو ببەیت، هەوڵ بدە ڕۆڵی دایک نەهێڵیت، وای لێ بکە پێی شەرم بێت بڵێ: ئافرەتیماڵەوەم...!!

بۆ ئەوەی خوێندن لەناو ببەیت، ئەوا لەناو کۆمەڵگادا لە کەسایەتی مامۆستا کەمبکەرەوە، هەتا خوێندکارەکان گوێڕایەڵی نەکەن.

بۆ ئەوەی سەرکردە و زاناکان لە ناو ببەیت، لەکەسایەتییان بدە و وایان لێ بکە خەڵکی قسەیان پێبڵێن و شوێنیان نەکەون.

# پرسەی دایک هەرگیز تەواو نابێت

دوای چەند کاتژمێر چاوەڕوانی، دکتۆر مۆڵەتی دام بیبینم، بەخێرایی چووم بۆلای، لەبەردەمیدا کەوتمە سەرئەژنۆ، هەموو ٩٠ چرکەیەک دەچوومە لای دەم وچاویەوە هەتابزانم هەناسەدەدات.

دەمەو بەیان بوو، دەستم لەدەستیدا بوو زەردەخەنەیەکی کرد، دەستەکەی تری گرتم و کردیەوە، واتە لەگەڵ من دوعا بکە، وەمزانی دوعا بۆ من دەکات، لێوەکان دەجوڵاند و لەکۆتاییدا وتی آمین آمین. ئیتر کۆچی دوایی کرد.

دوای شەش مانگ چوومەوە بۆماڵ، ناوماڵ زۆر پیس بوو، ئەو هەمیشە پاک و خاوێنی دەکردەوە، ناوماڵم پاک کردەوە. بەهێواشی وتم: دایەگیان تەواو بووم وەرە، دوای کەمێک دەنگم بەرزکردەوە دایەگیان تەواو بووم! کەوتمە سەرئەژنۆ و زۆر زۆر گریام، دواتر ڕۆشتم.

دوای یەک ساڵ لە گەشتێک گەڕامەوە، پورم (خوشکی دایکم) زۆری لێکردم کە میوانی ئەو بم، ڕۆشتم بۆلای ئەو خواردنی خۆش دانرابوو، لە کاتی نان خواردندا هەرچاوەڕێم کرد یەکێکیان تیکەیەکم لە خواردنەکەی خۆی بداتێ، وەک چۆن دایکم هەمیشە تیکەی بۆ دەکردم، بەڵام کەس وای نەکرد. بەخێرایی ڕۆشتم مۆبایلەکەم دەرکرد، چوومە سەر ناوی خۆشەویستەکەم، نامەیەکم بۆ نارد نووسیم " دایکە من لێت توڕەم، بۆچی لەخواردنەکەت بەشم نادەیت، بۆچی پارووم بۆ ناکەیت، چاوەڕێتم بێی ئاشتم بکەیتەوە، خۆم دەشارمەوە و تۆش وەرە "

دوای شەش کاتژمێر چاوەڕوانی نامەیەکم بۆ نارد
" دایە گیان من لەسەرەوەم، تکایە وەرە چاوەڕێتم "
ئەمڕۆ دوای ١٠ ساڵ لە کۆچی دایکم دەزانم کە هەرگیز پرسەی دایک تەواو نابێت، خەمێکی قوڵە کە هەرگیز کۆتاییی نایەت.

# بە منداڵەکەت بڵێ، بە منداڵەکەت مەڵێ

بە منداڵەکەت مەڵێ: لەسەر دیوارەکان مەنووسە، و وێنە مەکێشە.
بەڵکوو پێی بڵێ: لەسەر کاغەز وێنەکانت بکێشە، دواتر هەڵیدەواسین بەدیوارەکەوە.

بە منداڵەکەت مەڵێ: هەستە نوێژەکەت بکە با نەچیتە ئاگرەوە.
بەڵکوو پێی بڵێ: هەستە نوێژەکەت بکە، با لەبەهەشت بەیەکەوەبین.

بە منداڵەکەت مەڵێ: ژوورەکەت پاککەرەوە ئەڵێی زبڵدانە.
بەڵکوو پێی بڵێ: یارمەتیت دەوێ ژوورەکەت لەگەڵ چاک بکەم، لەبەرئەوەی تۆ هەمیشە حەزت لەپاکوخاوێنیە.

بە منداڵەکەت مەڵێ: واز لەم یارییانە بهێنە بڕۆ سەعی بکە.
بەڵکوو پێی بڵێ: سەعیەکەت تەواوکرد، بەیەکەوە یاریی دەکەین.

بە منداڵەکەت مەڵێ: ددانەکانت بشۆ، دەبێت هەموو جارێک پێت بڵێم.
بەڵکوو پێی بڵێ: من تۆم خۆشدەوێت، لەبەر ئەوەی هەمیشە ددانەکانت دەشۆیت بێ ئەوەی من پێت بڵێم.

# فێرکردن پیشەی پێغەمبەران بووە

مامۆستای بەڕێز: هەرکاتێک پرسیارت لە خوێندکارەکان کرد، هەمویان دەستیان بەرزکردەوە، خوێندکارێک هەڵبسێنە، دواتر بڵێ چەند کەس هاوڕایە لەگەڵی، بەم شێوەیە هەموویان هەست دەکەن کە بەشدارییان کردووە.

مامۆستای بەڕێز: بۆچی هەمیشە لەسەر وەلام دەستخۆشی دەکەیت، ئەگەر خوێندکارێکی زیرەک پرسیارێکی گرنگی کرد، بڵێ دەسخۆش ئافەرین، هەرچاوەڕێی پرسیاری وام لەتۆ دەکرد.

مامۆستای بەڕێز: ئەگەر زانیت خوێندکارەکانت بەجوانی گوێ ناگرن لە وانەکەت، ئەوا بڵێ لە کۆتاییی وانەکە تاقیکردنەوەیەکی بچووکتان دەکەم، بە کرداریش ئەم وتەیەت جێبەجێ بکە.

مامۆستای بەڕێز: ئەگەر لەکاتی وانەوتنەوەدا هەموو خوێندکارەکان بێدەنگ بوون، وانەکەت ڕابگرە، بەخوێندکارەکانت بڵێ: من هەموتانم خۆشدەوێت، ئەم وتە کاریگەری دەروونی زۆرە لەسەریان، دواتر لە وانەوتنەوە بەردەوام بە.

مامۆستای بەڕێز: ئەگەر خوێندکارێک درەنگ هاتە پۆلەوە، کە دەستت کردەوە بە وانەوتنەوە بڵێ: ئەمڕۆ وانەکەمان باس لەم شتە دەکات. دواتر بەردەوام بە.

مامۆستای بەڕێز: ئەگەر خوێندکارێک لەگەڵت ناکۆک بوو، لەپۆلدا مەبکە دەنگەدەنگ لەگەڵی، خوێندکار لەناو هاوپۆلەکانیدا خۆی نمایش دەکات. بەتوندی وەلامت دەداتەوە، کە وانەکە تەواو بوو بەتەنیا گفتوگۆی لەگەل بکە. دەبینیت بە شێوازێکی تر قسەدەکات...!

مامۆستای بەڕێـز: ئەوە بـزانە فێرکـردن پیشـەی پێغەمـبەران بـووە ، تۆش کە زانستت هەیە، هەمیشە زانیاری ببەخشە بە فێرخوازەکانت، هەمیشە هەوڵ بدە ئەوان فێر بکەیت....ماندوو مەبە.

❋❋❋❋❋❋❋

# خێزانەکەمم خۆشدەوێت

داوای لە پیاوەکەی کرد، چەند ئاکارێکی نەرێنی بۆ بنووسێت، ک
ئاواتە خوازە ئەم ئاکارانەی تێدا نەمێنێت. ئەمەش دوای ئەوە هات ک
ڕێکخراوێکی ئافرەتان داوای لێکردبوو بەم کارە هەستێت.
پیاوەکە تەنها ئەمەندەی نووسی: " خێزانەکەم چۆنە ئاوها
خۆشمدەوێت،
هیچ کەم وکورتی و کارێکی نەرێنی تێدا نابینم "
وەرەقەکەی کردەوە ناو زەرفەکە، وەک چۆن ڕێکخراوەکە داوای
کردبوو.
ڕۆژی دواتر کە گەڕایەوە بۆ ماڵ خێزانەکەی بەچاوی پڕ
فرمێسکەوە و بەچەپکێ گوڵەوە وەستابوو، ئەمە دوای ئەوەهات ک
لەناو هەمویاندا جوانترین وتەی بەرانبەر وترابوو، بۆشی
دەرکەوتبوو کە مێردەکەی چەندی خۆشدەوێت.
پیاوەکە دەڵێت: نزیکە ١٠ ئاکاری نەرێنی هەبوو، حەزمدەکرد ک
چاکیان بکات، بەڵام زانیم بە باسکردنیان پەیامەکە ناگات.
دوای ئەمە ڕووداوە بەڕێژەیەکی زۆر گۆڕاو و بەرەو باشترچو،
زۆرجار بە وەسفکردنی خێزانت، بە بیرخستنەوەی کارە جوانەکانی،
بە بیرخستنەوەی کە تۆ خۆشتدەوێت، وادەکەیت ماڵێک پڕ لە
بەختەوەری و شادی درووست بکەیت، خێزانیشت پەیتا پەیتا بەرەو
باشتربوون دەچێت.

# ئەو شەوە چۆن خەوتن!؟

مەعازی کوڕی جەبەل، ئەو شەوە چۆن خەو لێ کەوت، کە خۆشەویستی خودا پێی فەرموو: سوێند بە خودا تۆم خۆشدەوێت.

بیلال ئەوشەوە چۆن خەوی لێ کەوت، کە خۆشەویست پێی فەرموو: گوێم لەدەنگی پێیەکانت بوو لەبەهەشت.

خەدیجە ئەو شەوە چۆن خەوی لێکەوت کە خۆشەویست پێی فەرموو: جبریل ڕایسپاردووم کە سەلامی خودات پێ بگەینم.

ئوبەی کوڕی کەعب ئەو شەوە چۆن خەوی لێکەوت، کە خۆشەویستی خودا پێی وت: خودا فەرمانی پێکردووم کە تۆ هەندێک ئایەتم بۆ بخوێنیتەوە.

وتی: خودا ناوی منی هێناوە؟

فەرمووی: بەڵێ ناوی تۆی هێناوە.

ئوبەی لەخۆشیدا زۆر گریا زۆر....

ئەو شەوە چۆن خەویان لێکەوت، بەڵکوو دواتر چۆن ژیان...

# میهرەبانیی باوک

خێزانی هاوڕێیەکیم منداڵی بوو، چەند ڕۆژێک ژیا دوایی مرد، دایان بەباوکی هەتا بیبات بینێژێت لە گۆڕستان، من شۆفێریم دەکرد، هاوڕێکەم منداڵەکەی لە کۆشدابوو، دیمەنێکی زۆر بەئازاربوو، بەڵام هەر خۆم گرت و نەگریام.

لەڕێگا دیمەنێکی زۆرناخهەژێنم دی ، چاکەتەکەی داکەند، دای بەمنداڵەکەیدا هەتا خۆر لێی نەدات، خۆم بۆ نەگیرا و زۆر زۆر گریام، زانیم دایک و باوک چەن میهرەبانن بۆ ڕۆڵەکانیان، منداڵەکەی لە ژیاندا نەماوە، بەڵام چەن بەڕەحمە بۆی.

لە واتای ئەو ئایەتە تێگەشتم و هەر دەمووتەوە "رب ارحمهما كما ربياني صغيرا "پەروەردگارا ڕەحم بە دایک و باوکم بکە کەوا منیان پەروەردەکرد و پێیان گەیاندم.

# دایک ئەو کەسەی کە پێش تەکنەلۆجیا کەوتووە

دایکم لە تەکنەلۆجیا نارانێت، لە تەمەنی ئەودا ئەم شتانە نەبووە، مۆبایلەکەم دایە دەستی، وتم:دایە گیان وێنەیەکم بگرە، دوای ئەوەی وێنەکەی گرتم وتی: ماشاءالله کوڕە گوڵەکەی خۆم، باوکتم بیرکەوتەوە چەن جوانیت.

موبایلەکەم لێوەرگرت، هەتا سەیری وێنەکە بکەم، تەماشم کرد وێنەکە نیوەی دەرنەچووە، منیشی تێدا دەرنەچووم هەندێ زەردەخەنەم کرد، وتم: دایەگیان ماشاءالله بەم تەمەنەوە ئاوا ئەم وێنەت گرتوم، چەن دایکێکی جوانیت. پێم نەوت دایە تۆ موبایلەکەت بەپێچەوانەوە گرتوە، نەمووت دەڵێی منداڵێک گرتوویەتی.

دایکم چاوی کزبووە و چاویلەکەشی لەچاو نەکردبوو، بەڵام چۆن منی بینی، چۆن بەو شێوەیە تاریفی کردم، دایک ئەو کەسەیە کە پێش تەکنەلۆجیا کەوتووە.

## ئەگەر وابکەم دایکم لێمدەدات!

هەموو جارێک کە باوکم لێیدەدام، دایکم ڕزگاری دەکردم لە ژێر دەستی، لە نەفسی خۆمدا دەمووت: دەبێت باوکم چی بکات ئەگەر جارێک دایکم لێم بدات.

بۆئەوەی ئەم شتە ببینم، ڕۆژێکیان دایکم وتی: بچۆ لەبازاڕ شیر بکڕە، نەچووم و بەقسەیم نەکرد. کاتی نان خواردن هات، لە دەورییەکەمدا خواردنی کەم تێکردبوو، وتم: بۆم زیاد بکە. وتی: لەسەر کورسییەکە نان بخۆ، بەڵام من لە سەر زەوی دانیشتم و قسەی ڕەقم بە دایکم وت، خواردنەکەم ڕشت و گیانی خۆم پیس کرد.

وتم ئێستا دایکم لێمدەدات، بەڵام بە توندی لەئامێزی گرتم، وتی: ڕۆڵەگیان چیتە ، ئەمڕۆ بۆ وادەکەیت، نەخۆش نیت!!
خۆم پێنەگیرا یەکسەر فرمێسک لەچاوەکانم داباریین.

# دوو هاوسەر تەواوکاری یەکتری

ژن و پیاوێکی هەژار هەبوون، شەوێکیان ژنەکە وتی: پێویستم بە شانە هەیە بۆ قژ شانەکردن.

پیاوەکە بەخەمبارییەوە وتی: سەعاتەکەشم قایشی پێوەنییە پارەم نیە بۆی بکڕم، زەردەخەنەیەکیان بەڕووی یەکترا کرد و خەوتن.

ڕۆژی دواتر پیاوەکە سەعاتەکەی فرۆشت و شانەکەی بۆ کڕی هاتەوە بینی ژنەکەی قژی تەواو کورت کردووەتەوە، قایشی سەعاتێکیشی بەدەستەوەیە.

چاوەکانیان پڕبوون لەفرمێسک کە چەندە یەکتریان خۆشدەوێت دەیانەوێت ئەو شتە بەدی بهێنن کە ئەوی تریان پێویستییەتی.

# دایکم لەگەڵ خودادا دەدوێت

نوێژم دەکرد، منداڵە بچووکەکەم زۆر بانگی دەکردم، وەڵامم نەدایەوە.

پاش کەمێک براکەی کە دووساڵ لەم گەورەترە هات، پێی وت:

جوان نییە قسەی نێوان دووکەس ببڕی، دایکم لەگەڵ خودادا دەدوێت.

مچورکەیەک بە گیانمدا هات، هەستم کرد بەرامبەر چ زاتێک وەستاوم هەرکات نوێژ دەکەم، ئەو قسەیە بەئاگام دەهێنێتەوە.

❋❋❋❋❋

# زانیم بوونی دایک چی نیعمەتێکە

بەرانبەر گوڵفرۆشەکە وەستابووم، دەمویستی هەندێ گوڵ بکڕم دیاری بۆ دایکم، دووریی نێوانمان ٤٠٠ کیلۆمەتر دەبوو، بەڵام کات درەنگ بوو، بڕیارمدا بەیانی بۆی بنێرێم.
کەمێک دوورکەوتمەوە بینیم کچێک وەستاوە بەرانبەر گوڵفرۆشەکە دەگری و خەم دەخوات، چوومە پێشەوە پرسیم کچەکەم چیبووە؟ وتی: دایکم حەزی لە گوڵی سوورە دەمەوێت بۆی بکڕم، بەڵام پارەم پێ نییە گوڵەکە بکڕم، زەردەخەنەیەکم بە ڕوویدا کرد و پاشان چوومە ژوورەوە و گوڵەکەم بۆکڕی، وتم: تا لای دایکیشت دەتگەیەنم.
کەوتینە ڕێ گەشتینە گۆڕستانێک، وتی: مامەگیان بووەستە!
لە سەیارەکە دابەزی چووە سەر گۆڕێک و گوڵەکەی دانا.
بەم دیمەنە زۆر گریام، زۆر خەمم خوارد زانیم بوونی دایک چ نیعمەتێکە، گەڕامەوە بەخێرایی بۆ ئەوەی گوڵەکان بکڕم، خۆشم بچمە خزمەتی دایکم بۆ ئەوەی سوپاسی بکەم کە ئەو هەیە، کە ئەو ماوە!

# دیوە جوانەکەی ژیـان

کە هاوسەرگیرییان کرد زۆر ناکۆک بوون، لێیان پرسی بۆ وان؟
وتی: لەسەر شەرەفی خۆم قسە ناکەم.
دواتر کە جیابوونەوە، لێیان پرسی بۆ؟
وتی: قسە لەسەر ئافرەتێک ناکەم کەپەیوەندی بەمنەوە نەماوە
**(بەمە دەوترێت پیاوەتی )**

❊❊❊❊❊

هەژارێک سێ پرتەقاڵی کڕی
یەکەمی شەق کرد خراپ بوو بوو
دووەمی شەق کرد خراپ بوو بوو
دواتر گڵۆپەکەی کوژاندەوە و سێیەمی خوارد.
**( بۆ ئەوەی بژیت دەبێت هەندێ شت فەرامۆش کەیت)**

❊❊❊❊❊

خۆم جوان ڕازندبووەوە بۆ شوێنێک دەچووم، قاوە ڕژا بە جلەکانمدا، هەموان وتیان بۆ وات کرد، تەنیا دایکم وتی: ڕۆڵەگیان ئەزێتت نەبوو.
**(دایکم بەهەشتی مـنە )**

❊❊❊❊❊

# چاکە بکە دێتەوە ڕێت

لە کار دەگەڕامەوە کەش و هەواش زۆر ساردبوو، پیاوێکم بەدی کرد مۆزی دەفرۆشت، تەنها بەشی یەک کەسی پێمابوو، هەرچەندە لەماڵەوە مۆزمان هەبوو، بەڵام وتم با بیکڕم، لە بەر ئەو سەرمایە نەمێنێتەوە.

پێش ئەوەی بگەمە نزیکی گەنجێکم بینی ویستی بیکڕێت، من هاتمە دواوە، بەگەنجەکەم وت: تەنها لەبەر ئەو هۆکارەم بووە. گەنجەکەش سوێندی خوارد کە منیش هەر لەبەر ئەوەم بووە.

لە نەفسی خۆمدا وتم: سبحان الله خودا دووکەسی لەم کاتەدا بۆ ئەم پیاوە کەوی کردووە کە ئەوەی لێ بکڕن.

ئەمڕۆ کە بەلایدا تێپەڕیم، بینم زەرفێکی پڕ مۆزی دەدا بە ئەوکەسەی شەقامەکەی پاکدەکردەوە، لێرەوە زانیم خودا زۆر شت بۆ چاکەکاران دەکات، بێئەوەی خۆیان هەستی پێبکەن.

" چاکە بکە و هەرگیز بەکەمی مەزانە....هەردێتەوە ڕێت "

# هونەری وەڵامدانەوە

پرسییان دایکت جوانە یان مانگ؟
وتی: کە دایکم دەبینم مانگم لە بیردەچێت.
کە مانگ دەبینم دایکم بیردەکەوێتەوە.

❋ ❋ ❋ ❋ ❋

قژە دەسکردەکەی کەوتە خوارەوە
هەموویان پێی پێکەنین
بەگریانەوە وتی: بۆچی پێدەکەنن ، تاوانم چیە!!
کە شێرپەنجە هەموو قژمی هەڵوەراندووە
(ئاگاداری وتە و کردارەکانت بە).

❋ ❋ ❋ ❋ ❋

لەقوتابخانە ئاستی لاوازبوو، چووە سەر گۆڕی دایکی وتی: دایە گیان وەرە لەگەڵم، مامۆستاکەم هەمیشە دەڵێت: دایکت زۆر کەمتەرخەمە.
(ئاگادار بە هەندێ وتە کەسەکان دەکوژێت)

# ئەو کەسەی ویژدانی بفرۆشێت نیشتیمانەکەشی دەفرۆشێت

دوای ئەوەی ویلایەتە یەککرتوەکان بریاری دا ئاگربەست رابگەیەنێت لەگەل شۆرشگێرە ڤێتنامییەکاندا، داوایان کرد وەفدێک بنێرنە پاریس، هەتا رێککەوتنەکە ئیمزا بکەن. ڤێتنامیکان وەفدێکی چوار کەسییان نارد، کە ٢پیاو و ٢ ئافرەت بوون، دەزگای هەوالگری ئەمەریکا، شوێنی حەوانەوەی بۆ ئامادەکردبوون لە پێشکەوتوترین هۆتێلی پاریسدا.

کە لە فرۆکەخانە دابەزین چەند ئۆتۆمبێلێک ئامادەبوون بۆ گواستنەوەیان، بەلام ئەمان ئەوەیان رەتکردەوە، وتیان: کاتی کۆبوونەوە دێینە لاتان، ئەمەریکییەکان ئەمەیان بەلاوە سەیربوو.

پرسییان لە کوێ دەمێننەوە وتیان: لای خوێندکارێکی ڤێتنامی.

وتیان: ئێمە شوێنی حەوانەوە و خواردنمان بۆ ئامادەکردوون!

وتیان ئێمە لەوشاخە لەگەلتان دەجەنگیین و لەئەشکەوت دەمێنینەوە و گژوگیا دەخۆین. دەترسین سروشتی خۆمان بگۆڕین، ئەوکات ویژدان و بیرکردنەوەکانیشمان بگۆڕێت.

دواتر وەفدەکە چوونە لای خوێندکارەکە و لەوێ مانەوە.

**ئەو کەسەی ویژدانی بفرۆشێت نیشتیمانەکەشی دەفرۆشێت**

# حەزدەکەم ئەمانە بەدایکم بڵێم

دایکم دیستۆفیسکی و پاولۆ کۆیلۆ ناناسێت، کەدەشڵێم ناوەکانیان بڵێ پیتەکان لەقورگی دەپەڕێت، ڕۆژانە کولێرەی گەرممان بۆ درووستدەکات بە تەنوور.
دایکم ڕقی لەسیاسەتە، کە گوێی لەوە دەبێت گەنجێک کوژراوە، بەخێرایی دەستدەکاتە گریان بێ ئەوەی هۆکاری کوشتنەکەش بزانێت.
دایکم فەیسبوکی نییە، هەتا لەوێوە گوزارشت لە خەم و کێشەکانی بکات.
ئەوکاتەی باسی خۆشەویستەکەمم بۆ کرد دەستەکانیم ماچکرد.
بەڵام وتی: کچەکان جارێک خۆشیان دەوێت و جارێکیش لێت جیادەبنەوە، ئاگات لێبێت خۆشویستنی مرۆڤەکان، خۆشەویستی خودات لەبیر نەباتەوە.
حەزی بەخوێندنەوە نییە، بەڵام " أحلام مستغانمی " خۆشدەوێت، چونکە کاغەزی نوسراوەکانی ئاگری تەنورەکەی بۆ خۆشدەکات.
دایکم پەیتا پەیتا دەچێتە تەمەنەوە،بەڵام گسک دەدات، جل دەشۆرێت، چێشت لێدەنێت.
هەندێک بەیانی قاچم ختوکە دەدات دەڵێ: هەستە درەنگە ئاوا بێ بێ من دەفەوتێت.
دایکم زۆر خۆشدەوێت. بۆنی خەنەی ژێر پێیە قڵیشاوەکانیم خۆشدەوێت، لۆچەکانی نێوچەوانیم خۆشدەوێت، دەم وچاوە جوانەکەیم خۆشدەوێت، پێکەنین و تورە بوونەکانیشم خۆشدەوێت.
حەزدەکەم ئەمانەی پێ بڵێم، ئەویش نەڵێت ماڵەکە هەرخۆم پاکی دەکەمەوە.

# چەند جوان بوو کاری پیاوەکە

منداڵەکە لەنزیک ترافیکەکە کلینسی دەفرۆشت، ئۆتۆمبیلێکی گرانبەها وەستا و خەریکی تەلەفۆن بوو.
ئەمیش وتی: خاڵۆ کلینست ناوێت.
لە قسەکردن بەردەوام بوو، کلینسی نەویست بەڵام هەزار دیناری پێدا وتی بۆ خۆت.
دوای کەمێک منداڵەکە بەپێڵاوە دڕاوەکانیەوە بەرانبەر پێڵاو فرۆشەکە وەستا، نرخەکانی بینی زۆربوون ١٠هەزار...... ٣٠هەزار......٥٠ هەزار...... ئەمیش تەنها یەک هەزاری پێبوو.
پیاوە دەوڵەمەندەکە هەستی بەمە کرد ئۆتۆمبێلەکەی لەشوێنێکدا وەستاند و چووە دووکانەکە، دواتر بەپێکەنینەوە هاتە دەرەوە و ڕۆیشت.
دواتر خاوەن دووکانەکە هات دەستکاری نرخەکەی کرد.
نوسرابوو: تەنها بەیەک هەزار منداڵەکە لەخۆشیدا نەیدەزانی چی بکات،
جوتێک پێڵاوی جوانی کڕی.
چەن جوان بوو کاری پیاوەکە، دەیتوانی بڵێ وەرە پێڵاوت بۆ بکڕم؛ بەڵام ڕێگایەکی هەڵبژارد، کە وابزانیت خاوەن دووکانەکە نرخەکەی دابەزاندووە.

# چ شتێک لە مرۆڤدا جێی سەرسوڕمانە

پرسیاریان لە دانایەک کرد: چ شتێک لە مرۆڤدا جێی سەرسوڕمانە؟ لە وەڵامدا وتی: مرۆڤەکان لەمنداڵی زوو بێزاردەبن، ئاواتە خوازن گەورەبن و پەلە دەکەن، دواتر ئاواتە خوازن کەهەر منداڵ بوونایە.

تەندرووستیان لەپێناو پارەدا لەناو دەچێت، دواتر پارە دەدەن بۆ ئەوەی تەندروستییان باش بێت.

بیر لە داهاتوو دەکەنەوە، ڕاڕا دەبن و ناڕەحەت دەبن، ئێستا لەبیردەکەن، نە لە ئێستا دەژین نە لە داهاتووشدا.

وا ژیان دەکەن وەک ئەوەی مردن نەبێت
دەمرن بێ ئەوەی ژیانیان کردبێت.

❖❖❖❖❖

## دایکێک بۆ ڕۆڵەکەی دەدوێت و ئامۆژگاری دەکات

ڕۆڵەکەم چوومەتە تەمەنەوە پیر ولاوازبووم، لێم توڕە مەبە. ئەوکاتەی خواردنەکە دەڕشم بە گیانامدا، ئەوکاتەی ناتوانم جلەکانم بکەمەوە بەرم، بیری ئەو ڕۆژانەت ببێت، کە تۆ هیچت نەدەزانی من فێرم کردی، بۆنم خۆش نەبوو بێزار مەبە لێم، بیرت بێت بەمنالی پاکم دەکردیتەوە و بۆن خۆشم دەکردیت. شتێکم نەزانی پێمەکەن پێم، من فێری ئەدەب و ژیانم کردوویت. کە لە قسەکانم تینەگەشتین و نەتزانی ئەڵێم چی بێزار مەبە، من دڵخۆشم کەلەگەڵت دەدوێم. کە توانای ڕێکردنم نەبوو، پێکانم یارمەتیان نەدام، دەستم بگرە، یارمەتیم بدە، شەرم مەکە من زۆرجار دەستم گرتیت هەتا پێت گرت و توانین ڕێ بکەیت.هەرچیت بیر هاتەوە کەمن هەڵەم کردووە بەرانبەرت. بیرت بێت من هەمیشە چاکەی تۆم ویستووە، هەمیشە لەگەڵم ب. ئێستاش وتە و پێکەنینەکانت دڵخۆشم دەکات، بێبەشم مەکە لەو شتانە.

**لەگەڵت بووم کە هاتیتە ژیانەوە ، لەگەڵم بە کە ژیان جێدەهێڵم.**

# لایەنی دەروونی بەسەر لایەنی جەستەییدا سەردەکەوێت

لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو مامۆستایەکی زانکۆ بەناوی( Curt Richte) هەستا بە تاقیکردنەوەیەکی دەروونی لەسەر مشکەکان.

لە یەکێک لە کارەکانیدا کۆمەڵێک مشکی ئامادەکرد، لەگەڵ چەند پەرداخێکی شوشە کە هەتا نیوەی ئاوی تێدا بوو، بە جۆرێک مشکەکان نەیاندەتوانی لێی دەربچن.

لەم تاقیکردنەوەدا ئەوکاتەی هەژمار دەکرد کە مشکەکان چەندێ مەلەدەکەن و هەوڵی ڕزگار بوون دەدەن پێش خنکانیان.

مشکێک بۆ دانەیەکی تر کاتەکان جیاواز بوو، بەڵام ڕێژەی ناوەندی ١٥ خولەک هەوڵدان بوو، پاشان دەخنکان.

دواتر هەندێ گۆڕانکاری لە کارەکەدا کرد بە جۆرێک هەر مشکێک کە لەکۆتایدا بوو بەرەو خنکان دەچوو، دەری دەکرد و وشکی دەکردەوە و پشووی پێ ئەدا، دواتر دەیکردەوە ناو ئاوەکە، ئەم کارەی لەگەڵ هەمویان کرد.

دوای ئەنجامدانی ئەم کارە، پێشبینی دەکەیت ڕێژەی مامناوەندی هەوڵدان بۆ ڕزگاربون چەند کاتژمێر بووە؟

٦٠ کاتژمێر، بەڵکو یەکێکیان دوای ٨١ کاتژمێر هەوڵدان خنکا.

مشکەکان سەرەتا چەند خولەکێک ململانێیان دەکرد، دواتر هیوایان لەدەست دەدا، دوای ئەوەی دەیزانی هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ ڕزگاربوون و بەزوویی دەخنکان، بەڵام لە جاری دووەمدا ئەزموونی پێشتریان هەبوو کە هیوایەک هەیە بۆ ڕزگاربوون، لەهەرکاتێکدا بێت

دەستی هاوکاریان پێدەگات و ڕزگاریان دەبێت، بۆیە هەوڵی خۆیان دەدا و چاوەڕێی چاک بوونی شتەکانیان دەکرد و ڕزگار بنن.

ئەم چیرۆکە لەکتێبی • ive Psychologyposit زۆر دووبارە بۆتەوە وەک ڕێنیشاندەرێک بۆ گرنگی • هیوا و گەشبینی •

ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت لایەنی دەروونی دەتوانێت بەسەر لایەنی جەستەییدا سەربکەوێت، وەک چۆن تێبینیش دەکرێت کە مرۆڤەکان توانایەکی زیاتر بەکاردێنن کاتێک هان دەدرێن و ڕێزیان دەگیرێت، بەڵام کاتێک ئەمە نەبوو کارەکە ناکەن و لێی دەوەستن، ئەمەش کارێکی ترسناکە کە دەروونت چەندین کۆت دادەنێت لەسەر جەستەت، وات لێدەکات هەندێ کار گەرچی توانای ئەنجامدانیت هەیە بەڵام ئەنجامی نادەیت.

❊❊❊❊❊

# زانکۆی ستانفۆرد

لە ڕۆژێکی قەشەنگی جوانی بەهاردا، ١٣٠ سال زیاتر پێش ئێستا بەدیاریکراوی ساڵی ١٨٨٤، شەمەندەفەرەکە لە وێستگەکەی خۆی لە شاری (بوستن) وەستا، بۆ ئەوەی ژن و پیاوێک دابەزن، کە هەستەکانیان پڕبوون لەخەم و ئازار و هیوا.

ڕوویانکردە زانکۆی هارڤارد، خۆیان گەیاندە سەرۆکایەتیی زانکۆکە، دوای ئەوەی سکرتێرەکە ڕووانییە پۆشاکی ئافرەتەکە کە لۆکە بوو، پۆشاکی پیاوەکەش زۆر سادەبوو، پێی وتن: بەڕێوەبەر کاری هەیە و کاتی ئەوەی نییە بتان بینێت.

ئافرەتەکە بەخێرایی وتی: چاوەڕێی دەکەین تا تەواو دەبێت.

سکرتێرەکە هەر چاوەڕێ بوو بڕۆن، بەڵام ئەوان چەندین کاتژمێر وەستان و چاوەڕوان بوون، هەتا کار گەشتە ئەوەی بە بەڕێوەبەر بڵێت چەند خولەکێک چاوی پێیان بکەوێت بۆ ئەوەی ئێرە جێبهێڵێن.

بەڕێوبەرەکە دەیوت کاتم نییە دوو جوتیار ببینم، دواتر زانی چەند خولەکێک قسەکردن تاکە چارەیە بۆ ئەوەی لەزانکۆ کە بڕۆن، ڕازی بوو بەبینینیان.

ژن و پیاوەکە چوونە ژووری بەڕێوەبەر و دانیشتن، ژنەکە دەستی کردە قسە کردن، باسی کوڕەکەی بۆ کرد کە لەم زانکۆ خوێندوویەتی و ئێستا ژیانی لەدەستداوە بەهۆی ڕووداوێکی دڵتەزێنەوە، زۆر دڵخۆش بون کە کوڕەکەیان لێرە خوێندویەتی. ئێستا دەمانەوێت ناوی کوڕەکەمان بەنەمری بهێڵینەوە لەم زانکۆیە و ئامادەین چەندێک خەرجیشی بوێت بیدەین.

نە چیــــرۆکەکە نە داواکـــــارییەکەش کـــــاریگەری نەکــرد سەربەرێوبەرەکە،

بەساردییەکەوە وتـی: ئەگەرهەرکەسێک مـرد و پەیکەرێکی بۆ دابنێین ئەوا ئێرە دەبێتە مۆزەخانە!

ژنەکە وتی: بینایەک دروستدەکەین بەناویەوە.

بەڕێـوبەرەکە بەگـاڵتەوە پێـی وتـن: جـا دەزانـن چەنـدێک پارەی دەوێـت!!!؟

٧ ملیـۆن و نیـو دۆلاری دەوێـت ئەم کـارەی ئێـوە، وایزانـی بەم وتەیەی وای لێکردن زانکۆکە جێ بهێڵن.

ژنەکە ڕووی کـردە پیـاوەکەی پێـی وت: بەڕێـز، بـاوکی ستانفۆرد ئەگەر ئەونەی پێویسـت بێـت، بـۆچی خۆمـان زانکـۆیەک دروست نەکەین بەناوی کوڕەکەمانەوە!؟

پیاوەکەی پشتگیری کرد و پاڵپشتی بوو لەم بیرۆکەدا. پاشان جێن و لینـدا بەڕێوبەرەکەیـان بەجێهێشـت، ڕوویـان کـردە کالیفۆرنیا و زانکـۆی سـتانفۆردییان بونایـدنا. لەسـاڵڕۆژی کـۆچی کوڕەکەیاندا لەساڵی ١٨٩١ یەکەم ساڵی خوێندنی زانکۆکە دەستی پێکرد.

خوێندن لەم زانکۆ بێبەرانـبەر بـوو، هەتـا سـاڵی ١٩٣٠ خـاوەنەکەی کۆچی دوایی کرد.

پێت سـەیرنەبێت ٥٤ کەس کە لەم زانکۆیـە خوێنـدویانە و خاوەنی خەڵاتـی نـۆبڵن، هەروەهـا ڕۆڵێکـی گەورەی هەبـووە لە پێشکەوتنی زانستدا بە تایبەتی بواری تەکنەلۆجیا و بەگشتی خزمەتێکی گەورەیی مرۆڤایەتی کردووە.

لەمەوە فێر دەبین کە ناو و ڕووکەش پێناسە نین بۆ ناوەڕۆک.

# لیز مۆرای

لە دایک و باوکێکی ئەمەریکی ئالودەبوو بە مادده هۆشبەرەکان هاتە دنیاوە، دایک و باوکی هەرچیان هەبوایە بۆ مادەهۆشبەرەکان خەرجیان دەکرد، ئەم و خوشکەکەی زۆر فەرامۆش کرابون. تەنانەت هەندێ جار لە برسێتیدا، ناچار دەبوو مەعجونی ددان بخۆن. لە تەمەنی ٥ساڵیدا بوو کە کارەکانی لەگەڵ دایکیدا پێچەوانە بویەوە، ئەم بوو بەدایک، دایکی بوو بە منال، بەهۆی لاوازی جەستەیەوە دەبوایە پاکی بکاتەوە و بیشوات و خواردنی بۆ ئامادە بکات.

ئەوکاتەی چووە قوتابخانە ئەسپێ لەسەریدا بوو بەهۆی چلکنییەوە، هەربۆیە هاو پۆلەکانی لێی دوور دەکەوتنەوە. دواتر کە گەشتە قۆناغی دواناوەندی وازی لەخوێندن هێنا. لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا بوو کە دایکی کۆچی دوایی کرد. زۆری نەخایەند باوکیشی گەیشت بە دایکی.

لێرەوە شەقامەکان بووە ماڵی لیز، سواڵی دەکرد، دزی دەکرد. هەتا بە پاڵپشتی هاوڕێیەکی سەرشەقامی بڕیاری دا خوێندنی دواناوەندی تەواوبکات. ئەم وەک هاو پۆلەکانی نەبوو، سیمای دیار بوو لەسەر شەقامەکان دەخەوێت. زبڵدان دەگەڕا بۆ ئەوەی خواردنێکی دەسبکەوێت ،لەوێستگەی شەمەندەفەرەکاندا دەخەوت، بەم حاڵەشەوە لە خوێندن بەردەوام بوو. لەڕێگەی نوسینەوەی ژیانی خۆی بۆ ڕۆژنامەی نیویۆرک توانی کورسیەکی خوێندنی زانکۆی هارڤارد بەدەست بهێنێت، لە کۆتایشدا بووە وانەبێژ لە هەمان زانکۆ. لیز ژیاننامەی خۆی لە کتێبێکدا نووسیەوە بەناوی Breaking night یەکێک بوو لەکتێبە پڕ فرۆشەکان.هەروەها BBC فیلمێکی لەسەر ژیاننامەی دەرکرد بەناوی From homeless to harvad ئەم فیلمە چەندین خەڵاتی بەدەست هێنا. چەندین موحازەرەی لەگەڵ تۆنی بلێر و میخائیل غورباتشوف و دالای لاما پێشکەش کردووە. بە یەکێک لە قسەزان و لێهاتووەکانی جیهان هەژمار دەکرێت.

# تێری فۆکسی کەنەدی

لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا توشی نەخۆشی شێرپەنجەی ئێسقان بوبەوە لە قاچی ڕاستیدا، دکتۆرەکان تەنها بڕینەوەیان بەچارەسەر دەزانی.
بەڵام ئەم ڕەتی کردەوە قاچی ببڕنەوە.
پرسیاری دەکرد بۆچی هانا دەبەن بۆ بڕینەوەی؟؟
لە وەڵامدا پێیان وت: کە ئێستا زانستی پزیشکی تەنها لەم ئاستەدایە کە بیبڕینەوە، ئەو چارەسەری پێی گەیشتوین ١٠ ملیۆن دۆلار خەرجییەکەیەتی، کە ئێمە لەتواناماندا نییە دابینی بکەین.
تێری دەستەو وەسان نەوەستا، بەڵکوو بیری لەوەکردەوە چۆن بتوانی ئەم بڕە پارە دابین بکات.ماوەی ١٤ مانگ ڕاهێنانی دەکرد لەسەر قاچی چەپی، بەبێ ئەوەی کەس لە نیازی تێبگات بۆ وا دەکات.
پاشان بەباوکی وت کە نیازی هەیە لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوای کەنەدا بگەڕێت، بۆ کۆکردنەوەی ئەو بڕە پارەیە، ناوی نا(مەراسۆنی هیوا)
سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ دەستی بە مەراسۆنەکەی کرد.
ڕۆژانە ٢٦ کیلۆمەتر لەسەر قاچی چەپی دەڕۆیشت، لەماوەی ١٤٣ ڕۆژ ٣٣٣٩ میلی بڕی، کە دەکاتە ٥٣٧٣ کیلۆمەتر. ئەمە وایکرد توشی نەخۆشییەکی خراپ ببێت، دکتۆرەکان بۆیان دەرکەوت ڕیخۆڵەکانی توشی شێرپەنجە هاتوون. لەم کاتە تەنها ١.٧ ملیۆن دۆلاری کۆکردبۆووە، دووبارە گەڕایەوە کەنەدا. هەواڵی ئەم کوڕە ئازا و بوێرە بەتەواوی کوچە و کۆڵانەکانی کەنەدا و جیهاندا بڵاوبوویەوە کار گەشت بەوەی لەهەر چوارلاوە پارەی خێرخوازان

دەمات بۆ ماڵەکەی، بڕی پارەکە گەیشت بە ١٠.٥ ملیۆن دۆلار. دواتر پارەکە نێردا بۆیان بۆ بونیادنانی شوێنێک کە لێکۆڵینەوە و چارەسەری شێرپەنجەی تێدا بکرێت.

لە کۆتا زانیاریدا ڕێژەی پارەی بەخشراو بۆ ئەم دەزگایە گەشتووە بە ٧٥٠ ملیۆن دۆلار.

تێری لەبەرواری ٢٨ یونیو ١٩٨١ کۆچی دوای کرد، پەیکەری برۆنزیشی بۆ درووست کرا، بۆ هێشتنەوەی ناو و کارەکەی بەنەمری.

* * * * *

# پەیمان مەشکێنە، تۆ نازانی بەو کارەت چی دەڕوخێنیت

لەشــەوێکی زۆر ســاردا پاشــا گەڕایەوە بــۆ کۆشــکەکەی پاسەوانێکی بەتەمەنی بینی جلەکانی زۆر تەنک بوون.

پێی وت: هەست بەسەرما ناکەیت؟؟

وتی: بەروەڵا قوربان، زۆر ساردە بەس چار نییـە.

پاشا وتی کە چوومە ژوورەوە پێیان دەڵێم جلوبەرگی زۆر گەرمت بۆ بنێرن.پاساوانەکە زۆر بەمە دڵخۆشبوو، پاشاش ئەونەی چووە کۆشکەوە وەعدەکەی لەبیرچوو.

کە بەیـانی بـوویەوە پاسـەوانەکە لەسـەرمادا ڕەقـی بردبۆوە، لە پەنایدا نوسینێکی بەخەتێکی لەرزۆک جێهێشتبوو نووسرابوو:

"پاشا من هەموو شەوێک ئەم سەرمایەم دەبـوو، بەڵام پەیمانەکەی تۆ هێز و توانای لێسەندمەوە"

**پەیمان دانت بە کەسەکان زۆر لەوە کاریگەریی زیاترە کە بیری لێدەکەیـتەوە، پەیمـان مەشکێـنە، تـۆ نـازانی بەو کـارەت چی دەڕوخێنیت.**

# ناڕەسەنەکان چەن زۆرن

ئەوکاتەی ئەسپەکان زۆر دەبوون، خاوەن ئەسپەکان نەیاندەتوانی جیاوازی ئەسپی ڕەسەن وئەسپی ئاسایی بکەن، بۆ زانینی ئەمە هەموو ئەسپەکانیان لەجێگایەکدا کۆدەکردەوە، دواتر خواردیان نەدەدا پێیان و لێیان دەدان.

دوای ماوەیەک ئالیکیان بۆ دەهێنان، ئەسپەکان دەبون بە دوو دەستەوە: دەستەیەکیان بەخێرایی دەچوو بۆ ئالیکەکە، چونکە برسی بون، لەبیریان دەچوو کە ئەمان ئازاریان داون.

دەستەکەی تریش ڕەتیان دەکردەوە ئالیکی دەستی کەسێک بخۆن، کە لێی داون و سوکایەتی پێکردوون.

بەم جۆرە ئەسپی ڕەسەن و ئاساییان بۆ جیادەبوویەوە.

ناڕەسەنەکان چەندێ زۆرن....

# ئەو دادوەرەی کە سوڵتان عبدالحمیدی دووەمی دادگایی کرد

شێخ محمد ناصرالدین الخطیب، ماوەی ٢٠ساڵ لە زۆربەی شوێنەکان دادوەری کردووە. ئەو کاتەی بووە دادوەری یافا، دۆسیەیەک هەبوو کە دادوەرەکانی پێش خۆی پەراوێزیان خستبوو. دۆسیەکە لەسەر هەندێک پارچە زەوی بوو، کابرایەک بەموڵکی خۆی دەزانی، بەڵام دادوەرەکان بوێریان نەبوو کە دۆسیەکە یەکلای بکەنەوە، لە بەرئەوەی لایەنێکی دۆسیەکە سوڵتان عبدالحمیدی دووەم بوو.

ئەمیش هەندێ دووڵ بوو لە یەکلای کردنەوەی دۆسیەکە، بەڵام دواتر دۆسیەکەی کردەوە و سەیری بەڵگەکانی کرد بۆی دەرکەوت حەق بە خاوەن زەوییەکەیە، دواتر بڕیارێکی دا کە لەو سەردەمەدا زۆر سەیربوو.

لەسەر وەرەقەی بڕیارەکە شتێکی جیاوازی نووسی:

"دینی خۆمم پێش دونیام خست، بڕیارم دا بەسەر ئەمیری بڕواداران سوڵتان عبدالحمیدی دووەمدا، بە ئومێدی ڕازیبوونی خودای خاوەن دەسەڵاتی سوپاسکراو"

پاشان بڕیارەکە بەرزکرایەوە بۆ پایتەخت، سوڵتان بڕیارەکەی ئیمزا کرد و فەرمانی کرد بەڕێزلێنانی دادوەر، سوڵتان وتی: "سوپاس بۆ خودا کە لەناو سنوری دەسەڵاتمدا کەسانێک هەن، کە هەڵە بکەم دەمگەڕێننەوە سەر هەق"

# بەپرسیارەکانت برینی و ئازاری کەسەکان نوێ مەکەرەوە

کەسێک دەیووت: پێش پێنج ساڵ لەڕوودایکی هاتوچۆدا، بەینی لێوم بۆ چەناگەم زۆر بەسەختی برینداربوو. بووبە بە نیشانە، پێمەوە دیاربوو.

هەموکاتێک لێیان دەپرسیم بۆ وای لێهاتووە؟

هەرکات دەم وچاوم دەشۆم ئەو ڕووداوە دێتەوە یادم، ئەوەندەم بەسە ئەوەندەم بەسە.....

❊❊❊❊❊

کچێک دەڵێت هەمووان دەیانزانی لەگەڵ هاوڕێکەم چەندێ دڵخۆشبووین، کات تێپەڕی لەیەک جیابووینەوە.

دوێنێ یەکێک پێی وتم هەواڵی چۆنە؟ بۆم باسبکە، بۆ جیابوونەوە؟ ئێستا لەکوێیە؟ چی دەکات؟

هەموو کات پێیان دەڵێم: هەموو شتێک باشە، نازانن برینێکە لەدڵمدایە ، دەمەوێت باش ببم.

بەڵام ئەوان دەست دەخەنە برینەکەم بە قسەکانیان، دەمانەوێت لەبیریان بکەین، بە پرسیارەکانتان ئازارمان مەدەن...

❊❊❊❊❊

کچێک دەڵێت جۆرە چارەسەرێکم وەردەگرت، کە کێشم پێی زیاد دەبوو

زۆریان دەیانزانی هۆکارەکەی ئەو چارەسەرەیە، بەڵام هەر دەیان پرسی بۆ قەڵەو بوویتە، پرسیارەکەیان زۆر ئازاری دەدام.

کەسێک باسی ئازار و برینی خۆی بڵاو نەکرد. تۆش لەبارەیەوە هیچ مەڵێ، تەنانەت پرسیاری هۆکاری پەڵەیەک لەدەموچاویدا مەکە. پرسیاری ئەو پەیوەندییە مەکە کە کۆتایی پێهێناوە. برین شایەنی سارێژ بوونە ئازار شایەنی لەبیرچوونە. بەپرسیارەکانت برین و ئازاری کەسەکان تازە مەکەرەوە.

# بە گرتنەوەی ڕۆزیی باڵندەیەک، ڕزق و ڕۆزی تۆ زیاد ناکات

لە ساڵی ١٩٥٨ سەرۆکی چین فەرمانی بە گەلەکەی کرد، هەموو جۆرەکانی باڵندە لەناوببرێن، بەهۆی ئەوەی لەبەروبوومی دانەوێڵەکان دەخۆن. فەرمانەکەی جێبەجێ کرا، بە سەدان هەزار باڵندەیان کوشت.

بەڵام دواتر بەهۆی نەبووی باڵندەوە، کولە ئەوەندە زۆر بڵاوبوویەوە زیانی دا لە زۆربەی بەربوومی شارەکان. بە جۆرێک یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکیەکانی برسێتیەکەی ساڵی ١٩٦١ ، کە ١٥ ملیۆن کەس بەهۆی برسێتییەوە مردن.

**وامەزانە بەگرتنەوەی ڕۆزی باڵندەیەک، ڕزق و ڕۆزی تۆ زیاد دەکات.**

*****

# بۆئەوەی لەبەهەشتدا بتناسمەوە

لە کـارێکی خێرخوازیـدا بەشـداربووم، بەکڕینـی کورسـییەکی کارەبایی بۆ منداڵێکی خاوەن پێداویستی، بەڕێوبەری ڕێکخراوەکە پێداگری کرد خۆم بچم لەگەڵیان دیارییەکەی پێشکەش بکەم.

هەستم کرد کە زۆر زۆر دڵخۆش بوو، کە ویستم جێی بهێڵم، قاچی گرتم چاوی بڕیبووە چاوەکانم دانیشتم و وتم: چی ترت پێویستە بۆت جێبەجێ بکەم؟؟

پێی وتم: ئەمەوێ بەتەواوی دەموچاوت بناسمەوە، بۆ ئەوەی کە لە بەهەشتدا تـۆم بینی بتناسـمەوە، لەبەردەم خوداشـدا جارێکی تر سوپاست بکەم.

# دەزانی المریاع چییە؟

ئەو بەرانەیە هەرلەڕۆژی لەدایکبوونیدا لە دایکی جیادەکرێتەوە، شیری دایکی دەدرێتێ بەبێ ئەوەی بیبینێت، زۆر جار دەخرێتە بەر ماکەرێک، بۆئەوەی لە شیرەکەی بخوات و وابزانێت دایکیتی.
دەخەسێنرێت بۆ ئەوەی قەڵەو و بەخۆبێت، بۆ ئەوەی نەچێت بەلای هیچ مەڕێکدا. خوریەکەی لێناکرێتەوە، لەبەر ئەوەی هەیبەتی هەبێت، خاوەن دوو شاخی گەورەش دەبێت.
زەنگوڵەیەک لە ملی دەکرێت ،ئەم بۆ هەر شوێنێک بڕوات هەموو مەڕەکان بەدوایدا دەڕۆن، وادەزانن لە پشتی سەرکردە پاڵەوانەکەیانەوە دەڕۆن. بەڵام (المریاع) ناڕوات هەتا گوێدرێژەکە نەڕوات.
هەرگیز پێشی ناکەوێت، مەڕەکان لەدواوەی سەرکردەکەیانن، سەرکردەکەش لەدواوەی گوێدرێژێک.....

# فەلسەفەی سەرکەوتن

دەزانیت شێر لە هەوڵی ڕاوکردنی نێچیرەکەیدا لە ٧٥%ی سەرکەوتوو نابێت، تەنها لە ٢٥%دا سەرکەوتوو دەبێت لەگەڵ ئەم ڕێژە کەمەشدا، موستەحیلە شێر بێئومێد بێت لە ڕاوکردن و هەوڵدان پاڵنەری سەرەکی بۆ ئەمە برسێتی نیە، بەڵکو هەستکردنە بە یاسای هەوڵە بەفیڕۆچۆکان، ئەم یاسایە هەموو سروشت کاری پێدەکات.

نیوەی گەرای ماسیەکان بەفیڕۆ دەچن، نیوەی بەچکە ورچەکان بەبچووکی دەمرن، زۆربەی ئەو بارانەی دەبارێت دەچێتە ئاوەڕۆکانەوە

زۆربەی ئەو تۆوانەی دەچێنرێت باڵندەکان دەیخۆن، تەنها مرۆڤ ئەم یاسایە ڕەتدەکاتەوە.

کاتێک کەسێک لە هەندێ هەوڵییدا سەرکەوتونابێت، پێی دەڵێن کەسێکی دۆڕاو شکست خواردو، بەڵام شکستی ڕاستی ئەوەیە لەهەوڵدان بوەستێت.

سەرکەوتن واتە هەڵەکانت چاک بکەیتەوە، کۆڵ نەدەیت لەهەوڵدان قۆناغ بەدوای قۆناغدا ببڕی.

# ئەمە چیرۆکی باشترین مامۆستای جیهانە بۆ ساڵی ٢٠١٩

پیتەر مامۆستای فیزیایە، لە قوتابخانەی ناوەندی تیکەلاوی کیریکو لە وڵاتی کینیا، لە ٪٩٥ ی خوێندکارانی ئەم ناوچەیە لەژێر هێڵی هەژاریدان، پیتەر ٪٨٠ی موچەکەی تەرخان کردووە بۆ کاری خێرخوازی، کەسانی ناوچەکەی فێری چۆنیەتی کشتوکاڵ دەکات، بۆ ئەوەی لەبرسێتی خۆیان بپارێزن.

ڕاهێنەری یانەکەیە بۆ ئاشتی بۆ پێکەوە ژیانی حەوت نەتەوەی جیاواز بەیەکەوە، وەرشەیەکی کردۆتەوە بۆ پەرەپێدانی توانای لاوان.

ساڵی ٢٠١٨ خوێندکارەکان پلەی یەکەمیان بەدەستهێنا لەسەر ئاستی شارەکەیان لە بواری زانست و ئەندازیارییدا.

پیتەر ژیانی خوێندکار و ئەو ناوچەی تێدا دەژی گۆڕیوە بۆ باشتر.

ئەمساڵ لە وڵاتی دوبەی، لە نێوان ١٠ هەزار پاڵێوراوی ١٧٩ وڵات بۆ خەڵاتی باشترین مامۆستای جیهان، توانی خەڵاتەکە بەدەست بهێنێت، بڕی ١ملیۆن دۆلاری پێبەخشرا.

ئەم مامۆستایە دەڵێت: **مامۆستای سەرکەوتوو ئەو مامۆستایەیە کە قسەی کەم، کاری زۆر ئەنجامبدات.**

# وتەی خەڵکی بکوژی بەهرەکان

دوای ئەوەی ئۆتـۆمبیلەکەی لە کاردەکەویـت، دەدات لە دەرگـای مالێک، ئـافرەتێکی بەسـالاچوو، ئەویش دەرگـای لێدەکاتەوە، داوای لێدەکات پەیوەندیەکی تەلەفونی ئەنجامبدات، لە دوای تەواوبوونی پەیوەندییەکە، چـاوی دەچێتە سـەر تـابلۆیەک زۆر پێـی سەرسام دەبێت، لێی دەپرسێت کێ ئەم تابلۆیە جوانەی کێشاوە؟

ئافرەتەکە دەڵێت: خۆم کێشاومە؟

ئەمیش دەڵێت بۆ لە پێشانگادا نمایشیان نەکەم؟

ئافرەتەکە دەڵێت: نەخێر، پیاوەکەم پێم وتـم: تـۆ تەنها بۆ منداڵ بەخێوکردن باشیت.

مـۆڵەتی لێوەردەگرێـت و چەنـد نیگـارێکی لەگەڵ خـۆی دەبـات و دواتـر لە پێشـەنگایەکدا بە سـەدان هەزار دۆلار دەیفرۆشـێت، ئافرەتە بەسالاچووەکە (آنا ماري روبرتسون موسـی) بوو، کە پێشتر لەگەڵ مێـردەکەی کـاری لە کـێڵگەدا دەکـرد.بـوو بەیەکێـک لە نیگارکێش بەناوبانگەکـان و ٣١سـاڵی کۆتـایی تەمەنـی وەک هونەرمەندێک ژیا لەساڵی ١٩٦١ لەتەمەنی ١٠١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

# ئەو دایکەی منداڵەکەی لە ئۆتیزمەوە گەیاند بە خەڵاتی نۆبڵ

قسەی دکتۆرەکانی لەبیرکرد، کە لەبارەی کوڕەکەیەوە پێیان وتبوو.
کۆڵی نەدا و لەگەڵ کوڕەکەی بەردەوام بوو، هەتا گەیشت بەئەنجامێکی چاوەڕوان نەکراوە. ئەوکاتەی (جیکۆب)ی دوو ساڵان بوو دکتۆرەکان وتیان: ئۆتیزمی هەیە، بەدرێژاییی ژیانی ناتوانێت قسە بکات. دایکی چەندین ڕێگای چارەسەری لەگەڵ کوڕەکەیدا بەکارهێنا کە دکتۆرەکان بۆیان دانابوو.
ڕاهێنەرەکان وتیان هیوایەکی نییە چاک بێتەوە. دایکی لەبری ئەوەی تەرکیز بکاتە سەرتواناکانی کوڕەکەی، هەوڵی دا کار لەسەر پەرەپێدانی حەز و خولیاکەی بکات.ئێستا جیکۆب ١٥ساڵە، لە ڕێگادایە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی نۆبڵ لەبواری فیزیادا.
دایکی دەڵێت یاری بەپەرداخەکان دەکرد و سەیری ڕوناکیەکەی دەکرد، منیش ٥٠ پەرداخ ئاوم تێدەکرد بە ئەندازەی جیاواز بۆ ئەوەی سەیری ڕوناکییەکانیان بکات. ئێستا جیکۆب ئاستی زیرەکیەکەی لە ئەنیشتاین بەرزترە، دایکی چیرۆکی کوڕەکەی لە کتێبێکدا نوسیوەتەوە بەناوی

'Thius, ande Spark: A Mother's Story of Nurturing, Gen Autism»

# جوانترین نمایش

چارلی چاپلن دەڵێت: کاتێک منداڵ بووم لەگەڵ باوکمدا چووین بۆ تەماشاکردنی سێرک، لە ڕیزی بلیت بڕیندا وەستیان، خێزانێکمان لە پێشەوە بوو کە شەش منداڵ و دایک و باوکیان بوون، پێیانەوە دیاربوو کە هەژارن، جلەکانیان پاک بوو بەڵام کۆن بوون.

منداڵەکان زۆر دڵخۆشبوون و باسی سێرکیان دەکرد، کە چوونە بەردەم بلیت بڕەکە و نرخی بلیتیان زانی، پیاوەکە کەمێک گەڕایەوە دواوە و چەند وشەیەکی چرپاندبەگوێی خێزانەکەیدا.

لەم کاتەدا باوکم دەستی کرد بە گیرفانیدا و ٢٠دۆلاری دەرهێنا و فڕێیدایە سەر زەوی، دواتر هەڵیگرتەوە و دەسی خستە سەرشانی پیاوەکە و پێی وت: پارەکەت لێکەوت

پیاوەکە بەچاوی پڕ فرمێسکەوە وتی: سوپاس بەڕێزم.

کە ئەوان ڕۆیشتن، باوکم دەستمی گرت و لەڕیزەکە هاتینە دەرەوە، چونکە باوکم تەنها ئەو ٢٠دۆلارەی پێبوو.لەو ڕۆژەوە شانازی دەکەم بەباوکمەوە.

ئەو دیمەنە جوانترین نمایش بوو کە لە ژیانمدا بینیبێتم، زۆر جوانتر لە نمایشی ئەو سێرکەی، کە ئامادەی نەبووم.

# خورافیات بەهێزترین چەک بۆ دەستەمۆکردنی گەلان

نێردەی بەریتانیا لەگەڵ کونسوڵی وڵاتەکەی لەهیند، بە ئۆتۆمبێلەوە بەناو بازاڕی نیودەلهیدا تێدەپەڕین ، گەنجێکیان بینی لەمانگایەکی دەدات. نێردەکە بە شۆفێرەکەی وت بوەستێت، بەخێرایی گەنجەکەی دوورخستەوە و هاواری کرد بەسەریدا دەستی بەمانگاکەدا هێنا و داوای لێخۆشبوونی لێکرد.

لەناو ئاپۆڕای ئەو خەڵکەدا دەموچاوی بەمیزی مانگاکە شۆری، هەرچی لەو ناوەدابوو کڕنوشیان بۆ پەرستراوەکەیان برد، چونکە کەسێکی غەریبەش ڕێزی بۆ داناوە. دواتر تۆڵەشیان لە گەنجەکە کردەوە، چونکە سوکایەتی بە پیرۆزییەکان کردووە. بەجلی تەڕبوو لەمیزدا و قڕێکی ژاکاوەوە، گەڕایەوە بۆ ناو سەیارەکەی.

بە خێرایی کونسوڵەکە لێی پرسی قوربان بڕوات بە پەرستنی مانگا هەیە؟

لەوەڵامدا وتی: مانگای چی، دەڵێی بیرت چوو ، پێش ئەوەی بێین بۆ ئێرە گۆشتی مانگامان خوارد. بزانە لێدانی ئەو گەنجە لە مانگاکە هەڵسانەوە و بە ئاگا هێنانەوەی خەڵکیە، لێدانێکی بە ئازار و بەهێزیشە لەو بیروبڕوایەی کە ئێمە پێویستمانە لە ڕێیەوە کۆنتڕۆڵی ملیۆنەها خەڵک بکەین. ئەگەر بهێڵین هیندیەکان شەقێک لەم بیروباوەڕەی ئێستایان بدەن ٥٠ساڵ دەچنە پێشەوە. جێگایەک نامێنێت بۆ ئێمە، بوون و بەرژەوەندیمان لەدەست دەدەین، کاری ئێمە ئەوەیە نەهێڵین ئەمە ڕووبدات، چونکە خۆمان باش دەزانین، نەزانین و خورافیات و بیروباوەڕەی پوچ، باشترین شتانێکن بۆ دەسەمۆکردن و دەسگرتن بەسەر گەلەکاندا.

# خورافیات بەهێزترین چەک بۆ دەستەمۆکردنی گەلان

نێردەی بەریتانیا لەگەڵ کونسوڵی وڵاتەکەی لەهیند، بە ئۆتۆمبێلەوە بەناو بازاڕی نیودەلهیدا تێدەپەڕین ، گەنجێکیان بینی لەمانگایەکی دەدات. نێردەکە بە شۆفێرەکەی وت بوەستێت، بەخێرایی گەنجەکەی دوورخستەوە و هاواری کرد بەسەریدا دەستی بەمانگاکەدا هێنا و داوای لێخۆشبوونی لێکرد.

لەناو ئاپۆڕای ئەو خەڵکەدا دەموچاوی بەمیزی مانگاکە شۆری، هەرچی لەو ناوەدابوو کڕنوشیان بۆ پەرستراوەکەیان برد، چونکە کەسێکی غەریبەش ڕێزی بۆ داناوە. دواتر تۆڵەشیان لە گەنجەکە کردەوە، چونکە سوکایەتی بە پیرۆزییەکان کردووە. بەجلی تەڕبوو لەمیزدا و قژێکی ژاکاوەوە، گەڕایەوە بۆ ناو سەیارەکەی.

بە خێرایی کونسوڵەکە لێی پرسی قوربان بڕوات بە پەرستنی مانگا هەیە؟

لەوەڵامدا وتی: مانگای چی، دەڵێی بیرت چوو ، پێش ئەوەی بێین بۆ ئێرە گۆشتی مانگامان خوارد. بزانە لێدانی ئەو گەنجە لە مانگاکە هەڵسانەوە و بە ئاگا هێنانەوەی خەڵکیە، لێدانێکی بە ئازار و بەهێزیشە لەو بیروبڕوایەی کە ئێمە پێویستمانە لە ڕێیەوە کۆنترۆڵی ملیۆنها خەڵک بکەین. ئەگەر بهێڵین هیندیەکان شەقێک لەم بیروباوەڕەی ئێستایان بدەن ٥٠ساڵ دەچنە پێشەوە. جێگایەک نامێنێت بۆ ئێمە، بوون و بەرژەوەندیمان لەدەست دەدەین، کاری ئێمە ئەوەیە نەهێڵین ئەمە ڕووبدات، چونکە خۆمان باش دەزانین، نەزانین و خورافیات و بیروباوەڕەی پوچ، باشترین شتانێکن بۆ دەسەمۆکردن و دەسگرتن بەسەر گەلەکاندا.

# ڕەوشتی پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم)

پیاوێکی هەژاری دەشتەکی بەقاپێکی پڕ لەترێی دیارییەوە هاتە خزمەتی پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم، پێغەمبەری خودا دەستی کرد بەترێ خواردن، لەگەڵ خواردنی دەنکە ترێکاندا زەردەخەنەیەکی دەکرد، کابراکە زۆر زۆر خۆشحاڵ بوو بەم دیمەنە. هاوەڵان وا ڕاماتبوون کە پێغەمبەری خودا بەشی دەدان لەو شتانەی بەدیاری بۆی دەهات، پێغەمبەری خوداش دەنکە ترێکانی دەخوارد هەتا قاپەکە هیچی تێدا نەما. پیاوەکە زۆر زۆر دڵخۆشبوو دواتر ڕۆشت.

هاوەڵان پرسیان بۆچی بەشی ئێمەت نەدا؟؟

پێغەمبەری خودا صلی الله علیه وسلم زەردەخەنەیەکی کرد و فەرمووی: ئێوە بینیتان چەندە دڵخۆش بوو، کە تامم کرد هێشتا ترێکە ترش بوو، ترسام بەشی ئێوە بدەم و شتێک بڵێن خۆشییەکەی تێک بدەن. (وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ).

# کۆڵنەدان تاگەیشتن بە لوتکە

لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا لەزانکۆ وەرنەگیرا.
لە تەمەنی ٢٥ساڵیدا دایکی مرد.
لە تەمەنی ٢٦ساڵیدا منداڵێکی لەباربرد.
لە تەمەنی ٢٧ هاوسەرگیریی لەگەڵ پیاوێکدا کرد زۆر خراپبوو بۆی، بەڵام کچێکی جوانیشیان بوو.
لە تەمەنی ٢٨ساڵیدا، دوای ناڕەحەتیەکی زۆر لەمێردەکەی جیابوویەوە
لە تەمەنی ٢٩ ساڵیدا بەو بڕە هاوکارییە دەژیا کە دەوڵەت دەیدا پێی.
لە تەمەنی ٣٠ساڵیدا چەندین جار هەوڵی خۆکوشتنیدا.
لە تەمەنی ٣١ساڵیدا یەکەم کتێبی بڵابوویەوە.
لە تەمەنی ٣٥ساڵیدا چوار کتێبی بڵابووبوونەوە، نازناوی نوسەری ساڵیشی بردەوە.
لە تەمەنی ٤٢ساڵیدا لە یەکەم ڕۆژی بڵابوونەوەی کتێبەکەیدا ١١ملیۆن دانەی لێفرۆشرا.
ئەمە ژیانی نوسەری بەناوبانگ J.K. Rowlingـە کە نوسەری زنجیرەی بەناوبانگ هاری پۆتەرە، یەکێک لەپڕ فرۆشترین زنجیرەکانی جیهان.
خاوەنی زۆرترین فرۆشی کتێبە لە بەریتانیادا و کتێبەکانی بۆ ٧٠زمانی جیاواز وەرگێڕدراون.
یەکەم نوسەرە لە مێژوودا کەبەهۆی داهاتی کتێبەوە سامانەکەی بگاتە ملیارێک دۆلار. بەڵام گرنگی بەوە نەدا و هەرزوو سامانەکەی کەمی کرد بەهۆی هاوکاری و کارەخێرخوازیەکانیەوە، چەندین کاری خێرخوازی و دەزگای خێرخوازی هەیە.

# هەندێک کات بێدەنگی ڕزگارت دەکات

زانایەکی ئاینی و پارێزەرێک و زانایەکی بواری فیزیا فەرمانی ملپەڕاندیان بۆ دەرکرابوو. زانا ئایینیەکە برایە بەردەم مەقەستەکە.

پێیانوت:کۆتا وتەی خۆت بڵێ.

وتی: خودا، خودا ڕزگارم دەکات.

مەقەستەکە هاتە خوارەوە، کە گەیشتە ئاستی سەری وەستا.

خەڵکی زۆر بەمە سەرسام بوون.

وتیان: خودا ڕزگاری کرد، ئازادیان کرد.

پارێزەرەکە برایە بەردەم مەقەستەکە.

پێیان ووت:کۆتا وتەی خۆت بڵێ.

وتی: دادپەروەری، دادپەروەی ڕزگارم دەکات.

مەقەستەکە هاتە خوارەوە. کە گەیشتە ئاستی سەری وەستا.

خەڵکی زۆر بەمە سەرسام بوون، ئازادیان کرد.

ئینجا زاناکە برایە بەردەم مەقەستەکە.

پێیان وت: کۆتا وتەی خۆت بڵێ.

وتی: گرێیەک لە پەتەکەدایە کە مەقەستەکە لەهاتنەخوارەوەی بەتەواوی دەوەستێنێت، ئەگەر گرێکە بکرێتەوە بەتەواوی دێتە خوارەوە.

گرێکەیان کردەوە و مەقەستەکە هاتە خوارەوە. ملی زاناکەی پەڕاند.

پەند: ئەگەر چی ڕاستیشت دەزانی ، هەندێ کات بێدەنگ بە.

# بەم کارە(پێشەوا عەلی)م بیرکەوتەوە

عەلی وەردی دەڵێت: لە یەکێک لە شەقامەکانی نیویۆرکدا پێڵاوەکانم بۆیاخ دەکرد.

بۆیاخچییەکە تاوتاو دەوەستا لە بۆیاخ کردن، قسەی بۆ پیاوەکەی پەنای دەکرد، باسی گەشتێکیان دەکرد، کە پیاوەکە لەگەڵ خێزانەکەیدا چووبون بۆ ڕاو بۆ کەناراوەکانی کالیفۆرنیا.

دواتر کە پیاوەکە ڕۆیشت، لە بۆیاخچییەکەم پرسی ئەم پیاوە کێ بوو؟

وتی: ئەم پیاوە هاوڕێمە و بەڕێوبەری ئەم نەخۆشخانەشە، بەدەستی ئاماژەی کرد بۆ نەخۆشخانەکە، هێندە گەورەبوو نەخۆشخانە حوکومییەکانی خۆمان هێندەی چێشتخانەکەی نەدەبوو لەچاویدا.

زۆر سەرم سوڕما، کاتێک زانیم بەڕێوبەری ئەم نەخۆشخانە گەورەیە لەگەڵ بۆیاخچییەک دەدوا لەکاتی بۆیاخکردنی پێڵاوەکانی مندا.

ئەوکات ئەوەم بیرکەوتەوە، کە پێشەوا عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب لە سەردەمی خەلافەتەکەیدا لە کوفە زۆرکات لەدووکانەکەی "مەیسەمی تەمار"دادەنیشت، پێشەوا عەلی لە جێی ئەو خورمای دەفرۆشت، کە مەیسەم لەوێ نەدەبوو.

# پێشەوایەک کەخەمی قیامەتێتی

لە ڕۆژێـکی زۆر گەرمـدا ئیمـامی عـومەر دەگەڕا، پەلەپەلی پێی دیاربوو،

ئیمامی عوسمان لەدووره بینی، بەخزمەتکارەکەی وت: ئەوە کێیە؟

وتی: ئیمامی عومەرە.

ئیمـامی عوسـمان بـانگی کـرد و پێـی فەرمـوو: خێـره بەم شێوە پەلەتە؟ ئیمـامی عـومەر فەرمووی: حوشـترێک لە حوشـتره خێرەکان ونبووه.

ئیمامی عوسمان پێی وت: وەره بۆ ژێر ئەم سێبەره و هەندێ ئاوی ساردبخۆرەوه خزمەتکارەکە دەنێرم بۆی بگەڕێت.

ئیمـامی عـومەر فەرمـووی: وازم لێبێـنە عوسـمان لە ڕۆژی دوایدا لێپیچنەوه لە من دەکرێت لەسەری، دواتر ڕۆی بەدوای حوشترەکەدا

❁❁❁❁❁❁

# بەرەکەتی کارکردن بەفەرمودە و دوعای پیرێژنەکە

پێش ئەوەی سەیارە بکڕم، دراوسێیەکمان هەبوو هەرچەندە پەیوەندیەکەمان زۆر پتەو نەبوو، بەڵام هەمووکات دەیبردمە سەر کارەکەم.

هەمیشە ئەو فەرمودەی بیردەهێنامەوە، کە پێغەمبەری خودا فەرموویەتی: ((هەرکەسێک لە ئێوە توانای هەبوو با یارمەتی ئەوە بدات کە توانای نییە)).

لێم پرسی هەمیشە ئەم کارانە دەکەیت؟

وتی: لەوەتەی ئەو فەرمودەم بیستووە بەخۆم وت دەیکەمە دەرگایەکی خێر و چاکە بۆخۆم، بەرەکەتی ئەوەش لە چەندین ڕووداوی ناخۆش ڕزگاری کردووم.

جارێکیان زۆر نارەحەتی و دەستکورتی ڕووی تێکردبووم، ڕۆژ وابوو نانیشم نەدەخوارد لەگەڵ ماڵەوەشدا قسەم نەدەکرد هێندە بێزاربووم.

ڕۆژانە کە لەکێڵگەکەم دەگەڕامەوە، ئافرەتێکی پیر هەبوو کە پەنیری دەفرۆشت لەسەر ڕێگاکەدا دەم گەیاندەوە ماڵ، ئەو ڕۆژە هەستی کرد زۆر بێتاقەتم وتی کوڕم چیتە؟

وتم: دایە گیان نارەحەتم زۆر خەریکە ئەفەوتێم زۆر قەرزارم.

پیرێژنەکە سەرێکی لەجامەکەوە دەرکرد و ڕوانیە ئاسمان وتی: خودایە نارەحەتیەکەی لەسەر لاببەیت، سوێند بەخوا دەبێت نارەحەتیەکەی لەسەر لا ببەیت.

ڕاچەنیم، خەریکبوو بڵێم چۆن لەگەڵ خودایا وادەدوێیت.

بەخێرایی فەرموودەیەکم بیرکەوتەوە، (( هەندێ کەس مەن فرز ئالۆسکاون، دەرگایان بەڕوودا دادەخرێت، خودا بەهەرشتێک سرۆێ بدەن وەلامیاندەداتەوە)) بڕواکە، کەمێک دواتر هەستم بەدڵخۆشی کرد.

چوومەماڵەوە پێدەکەنیم، نانم خوارد.

خێزانم وتی: هیچی تازە بووە؟

وتم: نا، بەڵام دڵنیام خودا شتێکمان بۆ دەکات.

پێش ئەوەی بخەوم ، هاوڕێیەکم کە لەدەزگایەکی خێرخوازی کار دەکات پەیوەندی پێوە کردم و وتی: کارەکەت چارەسەرکراوە و خەمت نەبێت.....

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## جیمي ویلز - Jimmy Wales

دەیتوانی لە ڕێگای پێگەکەیەوە ، چەندین ملیار دۆلار تەنها لە ڕێی ڕیکلامکردنەوە بەدەست بهێنێت، بەڵام ڕەتی کردەوە بچێتە سەر تەختی دەوڵەمەندە زلهێزەکانی جیهان.

• جیمي ویلز - Wales Jimmy • ویکیپیدیای نەکرد بەپارە، بەڵکو کردی بەکارێکی بێ قازانج.

لەگەڵ پێشکەش کردنی چەندین گرێبەستی خەیاڵی، بەڵام ڕەتیکردەوە تەنها یەک دۆلاریشی وەرگرێت لە ڕێی ڕیکلامکردنەوە، بەم دوایانە پرۆژەیەکی ڕاگەیاند بەناوی • Wikipedia Zero ، بۆ ئەوەی لەسەرتاسەری جیهانەوە ئەوانەی توانای مادییان لاوازە سوودمەند بن لە زانیاریەکانی ویکیپیدیا بەخۆڕایی.

ئێستا بەبۆنەی پرۆژەکەوە ٤٠٠ ملیۆن کەس سوودمەند بوونە و زانست و زانیاری وەردەگرن بەبێ بەرامبەر. جیمی سەلماندی کەکەسێکی نموونەییە، و چۆکی بۆ دەوڵەمەندی و ملیاردێری دانەدا.

# دووعام بۆ بکەن بەڵکوو بەهۆیەوە ڕزگار ببم

ئەبو حەنیفە دراوسێیەکی مەشرووبخۆری هەبوو، زۆر ئامۆژگاری دەکرد، بەلام بێسوود بوو، ئەمیش وازی لەئامۆژگاری کردنی هێنا.

کە مرد، خێزانەکەی داوای لێکرد نوێژی لەسەر بکات، وتی هاوشێوەی من، نوێژی لەسەر شتی واناکات.

شەوەکەی ئەبو حەنیفە لە خەویدا، دراوسێکەیانی بینی لە باخێکی گەورە و خۆشدا دابوو، دراوسێکەی دەگەیشت بە هەرکەسێک دەیووت: بە ئەبو حەنیفە بڵێن کە شوکر بەهەشت بەدەست ئەو نییە.

بەیانییەکەی چوو بۆ مالیان و لە خەڵکی ناوچەکەشی پرسی، چی کارێکی هەبووە ئاوا شوێنی خۆشە ئێستا؟

پێیان وت: ڕۆژانی جومعە نانی دەدا بە منداڵە بێباوکەکانی ناوچەکە، دەسی بەسەریاندا دەهێنا و زۆر دەگریا پێی دەوتن: دوعا بۆ مامەی خۆتان بکەن بەڵکوو خودا بەدوعای یەکێکتان ڕزگارم بکات.

# باوک، ڕووناکی ڕێگات

هەرکات باوکم بچوایەتە ژوورەکەم و گڵۆپەکان ئیشیان بکردایە، دوایی دەیووت: ڕۆڵەگیان کە خۆتی لێ نیت بۆ ئیش بکەن، بۆ کارەبا بەفیڕۆ بچێت؟

کە دەچوو بۆ حەمام و بەلەعوکە تکەتکەی بکردایە، بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد بۆ جوان نایگرنەوە! بۆچی ئەم هەموو ئاوە بەفیڕۆ بچێت؟ هەمیشە ئاوا ڕەخنەی لە بچوکترین شت دەگرت، کە نەخۆشیش کەوت وازی لەم خوەی هەر نەهێنا.

ئەمڕۆ چاوپێکەوتنم هەیە، بۆ ئەوەی کاربکەم لە یەکێک لەکۆمپانیا بەناوبانگەکان. ئەگەر وەربگیرێم ئەم ماڵەی بۆ جێدەهێڵم، ڕزگارم دەبێ لەپرتە و بۆڵەی.

بەیانی زوو هەستام و جوانترین پۆشاکم پۆشی، کە ویستم بێمە دەرەوە یەکێک دەستی لەسەرشانم دانا، ئاوڕم دایەوە باوکم بوو، هێشتا تەواو خەو بەری نەدابوو، نەخۆشی و ماندوویتی بەدەم و چاویەوە دیاربوو، هەندێ پارەی پێدام، و وتی: ڕۆڵەگیان بەهێزبە و مەشڵەژێ و بڕوات بەخۆت هەبێت.زەردەخەنەیەکم بۆ کرد و وتم بەسەرچاوم. لەدڵی خۆمدا وتم: لەم کاتەشدا وازناهێنت لە ئامۆژگاریکردن.

بەخێرایی گەیشتمە کۆمپانیاکە، کە چوومە ژوورەوە کێلونی دەرگاکەیان نەلەقی، ئامۆژگاریەکەی باوکم بیرکەوتەوە کە ئیجابی بم، هەربۆیە چاکم کردەوە بۆیان.

باخچە و حەوشەی کۆمپانیاکە پڕبووبوون لە ئاو، ئامۆژگاریەکانی باوکم بیرکەوتەوە کە دەیوت ئاو بەفیڕۆ مەدەن، سۆندەکەم

ڕاکێشاو کردمە سەرحەوزێکی تر. بەردێکیشم خستە سەر سۆندەی
هەتا بەخێرایی حەوزەکە پڕنەکات.

دواتر کە بەرەو ژووری چاوپێکەوتنەکە دەچووم گڵۆپێکی زۆر داگیرسابوون، منیش دەستم کرد بەکوژاندنەوەیان، لە ترسی هاوارەکانی باوکم! کە گەیشتم، ژمارەیەکی زۆر چاوەڕێی چاوپێکەوتن بوون.

ناوی خۆم تۆمار کرد و چاوەڕێ بووم بانگم بکەن.

تێبینی ئەوەم کرد کە بەخێرایی دەچوونە ژوورەوە و دەهاتنە دەرەوە وەرنەدەگیران.

وتم ئەمانە بەم بڕوانامە بەرزانەوە وەرنەگیران تازە هەر وەرناگیرێم، هەڵسام و بێمەوە بۆ ماڵ کەمێک ڕۆیشتم، ناوم خوێندرایەوە، چوومە ژووری چاوپێکەوتنەکە و بەرامبەر سێ کەس دانیشتم.

یەکێکیان وتی: دەتەوێت کەی بچیتە سەر کارەکەت؟

وامزانی گاڵتەم پێدەکات.

وتەکەی باوکمم بیرکەوتەوە کە بڕوام بەخۆم هەبێت.

وتم: هەرکات وەڵامی پرسیارەکانی ئێوەم بەتەواوی دایەوە.

ئەوی تریان وتی لە تاقیکردنەوەکە دەرچوویت، ئێمە لەبری تاقیکردنەوەی زارەکی چەندین تاقیکردنەوەمان لە ڕێی ئەو کەسانەدا دانابوو کە دێن بۆ چاوپێکەوتنەکە، هەتا بزانین ئەم کەسە چەندێک ئیجابیە و کەموکورتییەکان چاک دەکات .

تۆش تاکە کەس بوویت کەلەم تاقیکردنەوەدا دەرچوویت، کارە نوێیەکەت پیرۆزبێت.

# قەوسی منارە و ئامانجەکانی

ئامانج لەبوونی ئەو قەوسانە لە منارەی جاراندا تەنها جوانکاری نەبووە بەڵکوو لەگەڵ زیادبوونی هەردانەیەک واتایەکی تر دەبەخشێت.

ئەو منارەیەی دوو قەوسی ∩∩ تێدا نەخشێنراوە، واتە: ئەو مزگەوتە لە گوندێکی دوورە دەستە.

ئەو منارەیەی سێ قەوس ∩∩∩ و چوار ∩∩∩∩ تێدا نەخشێنراوە: واتە: ئەمە مزگەوتی ناوچەکەیە، نوێژی بەکۆمەڵی تێدا ئەنجام دەدرێت.

ئەو منارەیەی پێنج قەوسی ∩∩∩∩∩ تێدا نەخشێنراوە، واتە: ئەمە مزگەوتی شارە نوێژی بەکۆمەڵ و نوێژی هەینیشی تێدا ئەنجام دەدرێت.

ئەو منارەیەی شەش قەوسی ∩∩∩∩∩∩ تێدا نەخشێنراوە: واتە ئەم مزگەوتە لەگەڵ ئەوەی نوێژی بەکۆمەڵی تێدا ئەنجام دراوە، بەڵام شوێنی ڕاگۆڕینەوە و پرس و ڕای دەوڵەت بووە، ئاهەنگە ئاینییەکانی تێدا ئەنجامدراوە.

سەرچاوە:

تاریخ العمارة الاسلامیة والفنون التطبیقیة بالمغرب الأقصی

- د. عثمان عثمان إسماعیل

# خاوەنی ئەو دایک و باوکانە بووین

ئەو کاتەی سەلاحەدینی ئەیوبی منداڵ بوو، لە ناو منداڵەکاندا یاری دەکرد، باوکی کە پیاوێکی باڵا بەرزبوو، چوو هەڵیکرت و پێی وت: لەگەڵ دایکتدا هاوسەرگیرم نەکردووە و تۆمان نەبووە، بۆ ئەوەی لەناو منداڵاندا یاری بکەیت بەڵکوو بۆ ئەوە تۆمان هێناوەتە دنیاوە تۆ مزگەوتی ئەقسا ڕزگاربکەیت.

لە دەستی کەوتە خوارەوە، زۆر ئێشی پێکەشت وتی: ئەزیەتت بوو بۆ هاوار ناکەیت؟

وتی: ڕزگارکەری مزگەوتی ئەقصا نابێت هاواربکات.

زوبێر چەندێ لە کاتی سواریدا بگلایە، صەفیەی دایکی خەفەتی بۆ نەدەخوارد.

بە دوو مانگ دەیان ناردنە لادێکان بژین، خەفەت سەرتاپای ژیانی تاڵ نەدەکردن، باوک ترسی ڕۆڵەکەی نەبوو، کە بە شەو لەدۆڵەکانی مەککەدا شوان بێت. گەنجەکان بە مانگ ڕێیان دەکرد بۆ بازرگانی وەک حەمزە لەو شاخانە بەتەنیا ڕاویان دەکرد. هەربۆیە کە ئیسلام هات، خاوەنی پیاوانێکی وەک خالید و زوبێر و حەمزەبوو، کە لەگەڵ ئیمپراتۆرە گەورەکاندا دەجەنگان. ئێمە پێویستمان بە دایکێکی وەک سەفییە و کوڕێکی وەک زوبێر و باوکێکی وەک نەجمەدینە کە شێرێکی پەروەردەکرد سەلاحەدین.

# ئاوایان نووسی...

ه- جگەرە کێشێک بۆ خێزانەکەی:

جگەرە هۆکاری مردن نییە،

بەڵکو جیهان بەبێ تۆ هۆکاری مردنمە.

ه- ژەنیارێک بۆ خێزانەکەی:

چەندین ئاوازی گەورەمان هەیە،

بەڵام هیچیان وەک دەنگی تۆ نین.

ه- مەلایەک بۆ خێزانەکەی:

تۆ وەسیەتیی پێغەمبەری خودای بۆ من.

ه- نووسەرێک بۆ خێزانەکەی نووسی:

پێویستە زمانێکی تر فێرببم،

هەتا لەبارەی تووە بنووسم.

ه- بیباوکێک نووسی:

بۆچی هەموو ڕەنگەکانت لەگەڵ خۆت برد.

# خێزانەکەم کارناکات!

گفتوگۆی نێوان دکتۆرێکی دەروونی و پیاوێک

دکتۆر: کێشەکەت چییە؟؟

پیاوەکە: زۆری کار و ماندبووبوون.

دکتۆر: کارت چییە؟

پیاوەکە: ژمێریاری بانکم.

دکتۆر: ئەی خێزانەکەت؟

پیاوەکە: کابانی ماڵە.

دکتۆر: کێ لەخەو هەڵتان دەسێنێت و خواردنتان بۆ ئامادە دەکات؟

پیاوەکە: خێزانم چونکە ئەو کار ناکات.

دکتۆر: ئەو کەی هەڵدەسێت ، تۆش کەی هەڵدەسیت؟

پیاوەکە: ئەو کاتژمێر شەش هەڵدەسێت منداڵەکان ئامادە دەکات بۆ قوتابخانە دوای کاتژمێرێک منیش هەڵدەسێنێت.

دکتۆر: کێ منداڵەکانت دەبات بۆ قوتابخانە؟

پیاوەکە: خێزانەکەم، چونکە ئەو کاری نییە.

دکتۆر: ئەی دواتر چی دەکات؟

پیاوەکە: دێتەوە ماڵ ناوماڵ پاکدەکاتەوە و جلەکان دەشۆرێت و خواردن ئامادە دەکات خۆ ئەو کاری نییە هەر لەماڵەوەیە منیش تا کاتژمێر دوو لەدەوامم.

دکتۆر: کە چویتەوە ماڵ چی دەکەیت، خێزانەکەت چی دەکات؟

پیاوەکە: سەرخەوێک دەشکێنم، دواتر هەڵدەسم چایەک دەخۆم خێزانیشم سەعی بە منداڵەکان دەکات.

دکتۆر: ئێ ئەی دواتر؟

پیاوەکە: سەیری تەلەفزیۆن دەکەم، دواتر نان دەخۆم.

خێزانم قاپەکان دەشۆریت و دواتر منداڵەکان دەخەوێنێت.

دکتۆر: ئێستا کامتان دکتۆری دەروونیتان پێویستە!

کامتان پێویستە پشوو وەربگرن، ئەم هەموو کارە دەکات، هێشتا دەڵێت کاری نییە و ماندوونابێت.

******

# پیاو، جوانترین دروستکراوی خودا

زۆرترین ژنەکان دوای مردنیان ئینجا قەدریان دەزانن.
هەموو شتێکی دەکاتە قوربانی لە پێناو دایکی، باوکی، خوشکەکەی
کچەکەی، خێزانەکەی، منداڵەکانیدا. گەنجییەکەی دەکاتە قوربانی
لەپێناو خێزانەکەیدا، هەوڵدەدات داهاتووی نەوەکانی دابین بکات
گەرچی بخوازێت دوو کاریش بکات.
بەردەوام تێدەکۆشێت، لەگەڵ ئەوەشدا تەحەمووڵی سەرکۆنەکانی
دایکی و باوکی دەکات، تەحەمووڵی قسە ناخۆشەکانی خاوەن
کارەکەی دەکات.
ئەگەر کەمێک بۆ خۆشی بچێتە دەرەوە پێی دەڵێن: کەسێکی
نابەرپرسیارە، لە ماڵەوەش بێت پێی دەڵێن: تەمەڵە. لە منداڵەکەی
تورەبێت توندوتیژە، لێیان گەڕێت گێلە پیاوە، نەهێڵێت خێزانی
کاربکات دڵ پیسە، بهێڵێت بۆ پارەکەی وادەکات.
لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پیاوە باوکە کە: ئاواتە خوازە منداڵەکەی
لەخۆی باشتر بێت، هەرچی هەبێت پێیان دەبەخشێت، داوای
ئەستێرەیەکەی لێ بکەن، کە دێتەوە هەموو ئاسمانی بۆ هێناون.
ڕێزی هەر پیاوێک بگرن کە لەژیانتاندا بوونی هەیە، برا یان باوک
یان مێردەکەت بێت.

# لێت دەپاڕێینەوە بە پاڕانەوەی ئەم پیاوە

لە کۆتاییەکانی ڕەمەزاندا عومەری کوڕی خەتتاب، سەردانی گۆڕی پێغەمبەری خودای کرد صلی الله علیه وسلم. کابرایەکی دەشتەکی لێبوو، دووعای دەکرد، ئیمامی عومەر گوێی لێگرت دەیووت:خودایە ئەمە خۆشەویستیی تۆیە منیش بەندەتم.
شەیتانیش دووژمنتە. ئەگەر لێم خۆشبیت، خۆشەویستەکەت خۆشحاڵ دەبێت، بەندەکەت براوە دەبێت دووژمنەکەشت خەمبار دەبێت.
ئەگەر لێم خۆشنەبیت، خۆشەویستەکەت خەمبار دەبێت، بەندەکەت لەناودەچێت دووژمنەکەت ڕازی دەبێت. تۆ زۆر لەوە بەخشندەتریت، کە خۆشەویستەکەت خەمبار بکەیت، بەندەکەت لەناوببەیت، دووژمنەکەت ڕازی بکەیت.
خودایە لەناو عەرەبدا گەورەیەکیان بمرێت، لە دوای ناشتنی لەلای گۆڕەکەیدا بەندەکانی ئازاد دەکرێن. ئەمە گۆڕی گەورەی هەموو جیهانەکانە، لە ئاگر ڕزگارم بکە.
ئیمامی عومەر بەدەنگێکی بەرزەوە وتی: خودایە لێت دەپاڕێمەوە بەهەمان پاڕانەوەی ئەم پیاوە، دواتر گریا هەتا ڕیشی تەواو تەڕبوو.

# عوسمان تەها کێیە؟

لەساڵی ١٩٣٤ لە سوریا لە دایکبووە.

ناوی تەواوی (أبو مروان عثمان بن عبده بن حسين بن طه الحلبي)ە.

ساڵی ١٩٧٠ یەکەم قورئانی بەدەستی خۆی نوسیووە بۆ ئەوقافی سوریا

لەساڵی ١٩٩٨ ڕوودەکاتە کۆمەڵگای مەلیک فەهد بۆ چاپکردنی قورئانی پیرۆز لە مەدینە وەک جوان نوسێک دەستبەکار دەبێت و نوسەری موصحەفی مەدینەیە.

تایبەتمەندییەکانی موصحەفی عوسمان تەها:

① سەرەتای هەموو لاپەڕەیەک بەئایەتێکی تازە دەستپێدەکات کۆتایی لاپەڕەکەش بە ئایەتێک کۆتایی دێت.

② هەموو جوزئێک ٢٠ لاپەڕەیە.

سەرەتای سورەتی بەقەرەی بەشێوەیەکی جوان نەخشاندووە.

بەهۆی کورتی سورەتەکانی جوزئی عەمەشەوە سەرجەم لاپەڕەکان بوون بە ٦٠٤ لاپەڕە.

# ئەم ڕووە نیشانی سەرکردەکان دەدەن

سەرۆک وەزیرانی چین بە سەردانێک بازاڕی گۆشتفرۆشەکانی بەسەرکردەوە، بازاڕەکە زۆر پاک و ڕێکخراو بوو، لەگەڵ گۆشتفرۆشێکی گەنجدا کەوتە گفتوگۆ.

سەرۆک وەزیران: گۆشتەکەت خراپ نییە، بازاڕت چۆنە؟

گەنجەکە: خراپ نییە قوربان.

سەرۆک وەزیران: ئەمڕۆ چەند کیلۆت فرۆشتووە؟

گەنجەکە: هیچ.

سەرۆک وەزیران: بۆچی؟

گەنجەکە: لەبەر سەردانی جەنابتان نەیانهێشتووە کەس بێتە بازاڕەکەوە

سەرۆکوەزیران: ئێ مادەم وایە من لێت دەکڕم، پێنج کیلۆم لەو ڕانە بدەرێ

گەنجەکە: ناتوانم گەورەم.

سەرۆک وەزیران: بۆچی ناتوانیت؟

گەنجەکە: بە بۆنەی هاتنی جەنابتانەوە چی چەقۆیەوە لایان بردووە.

سەرۆک وەزیران: ڕانەکە هەموویم بدەرێ.

گەنجەکە: ناتواتم گەورەم.

سەرۆک وەزیران: بۆچی ناتوانیت؟

گەنجەکە: لەبەر ئەوەی گۆشتفرۆش نیم من سەربازم.

سەرۆک وەزیران بەتوڕەییەکی زۆرەوە: لاچۆ لەبەرچاوم بچۆ گەورەکەت بانگ کە.

گەنجەکە: گەورەکەم لەولاتر ماسی دەفرۆشێت.

# ئەو جووتیارە میسرییەی
# کە وێنەکەی لەسەر پارەی وڵاتەکەی چاپکرا

ئیدریس جوتیاربوو لای ئەمیریکی گەنج بەناوی فواد، خەوێک دەبینێت دواتر بۆی دەگێڕێتەوە، کە لە خەویدا جەنابیان بوونەتە پاشای میصر.

فواد بەبیستنی ئەم خەونە زۆر پێکەنی، چونکە دەیزانی گەیشتنی بەتەختی دەسەڵات ئەستەمە، گاڵتەی لە خەونەکەی هات و پێی وت ئەگەر خەونەکەت بەدیهات، وێنەکەت لەسەر جونییە چاپ دەکەم.

فواد ئەم شتەی بەئەستەم دەزانی، بەڵام دوای ماوەیەک سوڵتان حوسێن دەمرێت و کوڕەکەشی ((کمال الدین)) دەسەڵاتی ڕەتکردەوە ،بەمەش مامە فواد دێتە سەر حوکم و دەبێتە سوڵتانی میصر لەساڵی ١٩١٧. لەساڵی ١٩٢٢ بەریتانیا کشایەوە لەپارێزگاریکردن لە میسر.

فوادیش میصری وەک مەملەکەتێک ڕاگەیاند بووە شای میصر، بەمەش خەونەکەی ئیدریسـی جووتیـار بەتەواوەتـی هـاتە دی، هەرچەنـدە ئەوکـاتە ئیـدریس مردبـوو، بەڵام فـواد وەفـای بە پەیمانەکەیەوە هەبوو وێنەکەی لەسەر جونییەی میصری چاپکرد.

# شێری ناو گوێدرێژەکان، گوێدرێژی ناو شێرەکان

کۆمەڵێک شێر دوای هەوڵێکی زۆر گوێدرێژێک ڕاو دەکەن، یەکێک لە شێرەکان دەڵێت ئەم گوێدرێژە مەکوژن. گوێدرێژەکەیان بەخێوکرد و ڕێزیان گرت، ئیتر خۆشەویستی بۆ شێرەکان هەبوو. پاشان وەک سەرکردەیەک کە لەلایەن شێرەکانەوە پشتگیری دەکرێت، گەڕێندرایەوە بۆ ناو گوێدرێژەکان.

ڕێزیان لە گوێدرێژەکە دەگرت و بەگەورەیان دەزانی، هەر گوێدرێژێک پێچەوانەی ئەم بجولایەتەوە دەیگرت و وەک زەمەخۆراکێک پێشکەشی شێرەکانی دەکرد. بەم جۆرە شێرەکان لە نارەحەتی ڕاوکردن نەجاتیان بوو. گوێدرێژەکە شێری ناو گوێدرێژەکان و گوێدرێژی ناو شێرەکان بوو.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

# جیاوازییەک بووە هۆی دروستبوونی دوو کۆمپانیای گەورەی جیهان

دوو برا هەبوون بەناوەکانی "ئەدلۆف داسلر" و "ڕۆدلۆف داسلر" لەساڵی ١٩٢٠لەماڵەکەی خۆیاندا دەستیان کرد بە پرۆژەکەیان ئەدلۆف کەسێکی لێهاتوبوو لەدیزاین و دروستکردنی پێلاوی وەرزشی و ڕۆدلۆف کەسێکی لێهاتووبوو لە فرۆشتن و بازارکردندا لەئۆلۆمپیادی ١٩٣٦ ڕاکەری بەناوبانگ "جیسي أوینز" پێلاوی دوو براکەی بەکارهێنا. ئەمە وایکرد لە دوای ئۆلۆمپیاد فرۆشێکی زۆریان هەبێت و قازانجێکی زۆر بکەن. لەدوای ١٠ساڵ لە سەرکەوتن گەورە جیاوازی دەکەوێتە نێوان دوو براکە. دەوترێت هۆکاری ئەم جیاوازیشە خێزانەکانیان بوون، هەربۆیە جیا دەبنەوە.

ڕۆدلۆف لەگەڵ هەندێک لە کرێکارەکانیدا لە کارگەیەکی نوێدا دەستیان کرد بەکار کردن. ئەم جیاوازیشە بەردەوام بوو، هەتا مردیشن قسەیان لەگەڵ یەکدی نەکردەوە.

دانیشتوانی شارەکە و خەڵکی جیهانیش بەگشتی وەک براکان بۆ دوو بەرە دابەش بووبوون و هەریەکەو بەرهەمی کۆمپانیای خۆیی پێ پەسەند بوو.

بەڵام ئەم جیاوازی و کێبڕکێیە دوو کۆمپانیای گەورەی دروستکرد کە لەهەموو جیهاندا بڵاوبوویەوە

کۆمپانیایەکەی ئەدلۆف ناوی ((ئەدیداس))ە

کۆمپانیاکەی ڕۆدلۆفیش ناوی((پووما))یە

# دوعا کاریگەری ناکاتە سەر ڕووداوەکانی دنیا!!

لە ساڵی ۲۰۰۷ لە گوندێکی بچوک بەناوی (mt.vernon) لە ویلایەتی تەکساس، بازرگانێک ویستی لە تەنیشت کەنیسەی گوندەکەدا دووکانێکی مەشروب فرۆشتن دابنێت، بەڵام پیاوانی کەنیسە دژی ئەم کارە بوون. هەموو شەوێک دووعایان لێ دەکردن.

بازرگانەکە دەستی کرد بەدروستکردنی دووکانەکە، ئەوکاتەی خەریکبوو لە تەواو کردنی، هەورەبرووسکەیەک دەدات لە دووکانەکەی و هەپروون هەپروونی دەکات. پیاوانی کەنیسەکە ئاهەنگیان گێڕا بەهۆی ئەوەی خودا وەڵامی نزاکانی داونەتەوە.

بەڵام مەشروب فرۆشەکە سکاڵای دژی کەنیسە و پیاوانی کەنیسە تۆمارکرد، داوای دوو ملیۆن دۆلار قەرەبووی لێدەکردن، چونکە ئەوان بەرپرسن لەم زەرەرەی بەهۆی دووعاکانیانەوە.

لەدادگا پیاوانی کەنیسەکە بەتەواوی ئەم تۆمەتەیان ڕەتکردەوە، کە سوتانی دووکانە و دووعاکانیان پەیوەندیان بەیەکەوە هەبێت، بە بەڵگەی لێکۆڵینەوەیەکی مامۆستایەکی زانکۆی هارڤارد کەجەخت لەوە دەکاتەوە نوێژ و دووعا کاریگەری ناکانە سەر ڕووداوەکانی دنیا.

دوای سەیرکردنەوەی دۆسیەکە دادوەرەکە وتی:

"نازانم چۆن بڕیار بدەم بەڵام ئەوەی لەدۆسیەکەدا هەیە مەشروب فرۆشێکە کە بڕوای بەهێز و کاریگەری دۆعا و نوێژ هەیە لەگەل کۆمەڵەی کەنیسە کە بڕوای بەوە نییە"

# هەمیشە ڕاوێژ بە باوکت بکە

پاشا فەرمانی کرد هەموو بە تەمەنەکانی شار لەناوببرێن، گەنجێک باوکی زۆر خۆشدەویست، کە هاتن گەڕان باوکیان نەدۆزییەوە، دوای ماوەیەک لەڕێی جاسوسەوە زانیان کە باوکی شاردوونەوە، پاشا ویستی گەنجەکە چەند جارێک تاقیبکاتەوە، ئینجا باوکە بەتەمەنەکەش لەناوببات.

پاشا نوێنەرێکی خۆی نارد کە پێی بڵێن: پاشا فەرمانی کردووە بەیانی بە پیادەو و بە سواری لەیەک کاتدا بگەیەتە خزمەتیان داواکارییە بۆ گەنجەکە زۆر قورسبوو.

باوکی پێی وت: کوڕی خۆم بەیانی بە گۆچانێکی گەورەوە بچۆ بۆلای پاشا، ئەوکات تۆ بە پیادە و سواری چوویت بۆ لای پاشا.

بەیانی پاشا کەئەمەی بەدی کرد، زۆر سەرسام بوو بەزیرەکییەکەی، بۆیە پێی وت:بەیانی بەپێی پەتی و پێڵاوە لەیەک کاتدا وەرەوە بۆلام، کە گەڕایەوە بۆ ماڵ، باوکی بەشی خوارەوەی پێڵاوەکانی بۆ لێکردەوە، وتی: ئینجا ئاوا بڕۆ بۆلای پاشا.

پاشا دیسان زۆر سەرسام بوو بەم کارە، وتی: بەیانی وەرەوە با دوژمن و دۆستەکەت لەگەڵدا بێت.

باوکی وتی: خێزانەکەت لەگەڵ سەگەکەدا ببە، لای پاشا یەکی دارێکیان لێبدە. چوونە لای پاشا دارێکی لەخێزانەکەی دا، ئەویش وتی: ئەبێ لەم کارەت پەشیمان ببیتەوە، جەنابی پاشا ئەم پیاوەی من باوکی لەماڵەوە شاردۆتەوە. دارێکی لەسەگەکەدا ڕۆشت، دواند سەگەکەی بانگکردەوە، بەخێرایی هات و بەدەوریدا دەسوڕایەوە.

پاشا داوای لێکرد بەیانی باوکی لەگەڵ خۆی بهێنێت، هەتا لەپای دانابیەکەی خەڵاتی بکات و لە کوشتن ڕزگاری بوو.

"هەمیشە ڕاوێژ بە باوکت بکە ئەو پەناگەو قوتابخانەیەکە بۆ تۆ، هەرکات کێشەت هەبوو بچۆ بۆلای بێگومان چارەسەری پێیە بۆ کێشەکانت".

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

# خان ئەکادیمی

لەساڵی ٢٠٠٤ سەلمان خان کە دانیشتووی ئەمەریکایە و لەخێزانێکی ئاوارەی بەنگلادیشییە، ویستی هاوکاری کچە ئامۆزاکەی بکات، کە تەمەنی ١٣ ساڵە، وانەی بیرکاری بۆ ئاسان بکات، بەڵام دووریی نێوانیان ٢هەزار کیلۆمەتربوو، لە ڕێگای ئینتەرنێت و تەلەفۆنەوە وانەکەی بۆ شەرحکرد، دواتر زۆرێک لە خزمەکانی داوایان لێکرد یارمەتییان بدات، ئەمیش لە چەند تۆمارێکی ڤیدیۆییدا وانەکانی شەرح کرد و دواتر لە یوتوب دایینا. هەتا ئێستا زیاتر لە ٨٠ ملیۆن کەس لە جیهاندا سوودیان لە وانەکانی وەرگرتوە.

خان لەزانکۆیەکی پێشکەتوی ئەمەریکا خوێندنی تەواو کردووە لە بازاڕدا بە موچەیەکی باش و زۆر کاری دەکرد. لە ساڵی ٢٠٠٩دا بڕیاریدا کە خۆی بۆ وانەوتنەوە تەرخان بکات و واز لەکارەکەی بهێنێت، وانەکانی فیزیا و کیمیا و زیندەوەرزانی و ئابوری و مێژووی دەوتەوە، هەفتانە پێنج وانەی دەوتەوە کە هەر وانەیەک لە ٨ بۆ ١٤ خولەک دەبوو.

خان هەموو ئەم شتانەی بە بێبەرامبەر دەکرد، چونکە باوەڕی وابوو بەم کارەی هاوکاری زۆرێک لەمنداڵە هەژارەکان دەکات، کە بێبەش بوون لەخوێندن و ماڵەوەیان ناتوانن پارەی زۆریان بۆ خەرج بکەن.

شەوان وانەکان دەڵێتەوە و تاقیکردنەوەی کۆتاییی ساڵیشیان پێدەکات.

دوای ئەوەی ماوەی یەک ساڵ لەکاردووربوو، هەزارەها کۆمێنتی بۆ چوو، کە ڕاستە ئەم کارەی خزمەتی زۆری کردووە، بەڵام خێزانەکەشی گرنگە و دەبێت بهێتەوە سەرکارەکەی.

بەڵام شتێکی سەرسوڕهێنەر ڕوویدا، کە خاوەنی مایکرۆسۆفت سەرسامی خۆی بەخان نەشاردەوە و بە کەسێکی سەرکەوتوی وەسفکرد، نەیشاردەوە کە منداڵەکانی سوودیان لەوانەکانی وەرگرتووە بڕی یەک ملیۆن و نیو دۆلاری پێشکەش کرد. کۆمپانیا گۆگڵیش ١ ملیۆن دۆلاری پێشکەش کرد.

لە زۆرێک لە کۆنگرە و کۆبونەوەکاندا بانگهێشت کراوە. قوتابخانەیەک لە ویلایەتی کالیفۆرنیا بڕیاریدا کە سوود لەوانەکانی وەربگرێت بۆ پۆلەکانی ٥ و ٦ لەبەر سەرسامییان بەشێوازی وانەوتنەوەی.

خان بڕوای وایە دەبێت خوێندکار شەرحی وانەکە لەسەر شاشەکە ببینێت و وێنەی مامۆستاکە نەبینێت، تەنها گوێی لە دەنگی ببێت، لە بەرئەوەی خوێندکار ئاوا زیاتر تەرکیز دەکات.

شەرحی وانەکان بەدەستی خۆی دەنووسێت، نەک بە کۆمپیوتەر لەبەرئەوەی ئاوا خوێندکار هەست بە ڕاستگۆی و نزیکی مامۆستاکەی دەکات. هەموو وانەکانی خان لە سەر ماڵپەڕەکەی خۆی هەیە، (www.khanacademy.org)وانەکانی تەنها بەزمانی ئینگلیزییە، بەڵام چەندین کەسیش هەڵساون بە وەرگێڕانی وانەکانی بۆ چەندین زمانی جیاواز.

# باش دەمزانی پیسیی خۆمە دێتەوە ڕێم

یەکێک لە ژنەکان دەیگێڕایەوە: پێش ٣٠ساڵ چوومە ژیانی هاوسەرگیرییەوە، چوومە سەر ماڵ لەگەڵ خەسومدا دەژیام، من زۆر سەرەڕۆ بووم، خراپ بووم لەگەڵیدا، ئیهمالم کردبوو، هەمووکات جلەکانیم بە جوانی نەدەشۆرد، مانگی جارێک ژوورەکەیم پاکدەکردەوە، بەڵام ئەو هەمووکات دەم بەخەندەبوو لەگەڵم، چاکەی زۆر هەبوو بۆم، هەمیشە دەس بەدەستنوێژ و دۆعا بوو.

پیاوەکەم بە ڕۆژ لەئیش بوو، خەسوشم هیچ باسی ئەمانەی نەدەکرد، بۆیە ئاگای لەم شتانە نەبوو.

ساڵ هات و ڕۆیشت، خەسوم نەخۆش کەوت لەجێگادا کەوت، بانگی کردم پێی وتم: کچی خۆم چەندێکە من قسەم نەکردووە بەرانبەر خراپەکانت بۆ ئەوەی ڕەوشی ماڵ تێکنەچێت و لەگەڵ کوڕەکەمدا جیانەبیتەوە، من وەک دایکێک ئامۆژگارییت دەکەم، ئەم ماوە چاک بە لەگەڵم هەتا لێت خۆش ببم، لەم قسانەدا بوو خەسووم کۆچی دوایی کرد.

نەمتوانی خۆم بگۆڕم و خزمەتی بکەم، پیاوەکەم هەروای دەزانی من خزمەتێکی باشم کردووە و زۆر لەمن ڕازیبووە، کوڕەکەم گەورەبوو ژنی هێنا، خانووی نەبوو بۆیە بڕیارمان دا بێتە لای خۆمان، بووکەکەم زۆر بۆم خراپبوو، وەک من چۆن بووم بۆ خەسوەکەم.

مامەڵەی نەشیاوی زۆربوو بەرانبەرم، منیش هیچ وەڵامێکم نەبوو بۆی، باش دەمزانی پیسی خۆمە دێتەوە ڕێم، من هەر لەخەمی ئەوەدام تۆبڵێی خەسوەکەم گەردنی ئازاکردبم لەو دنیا سزا نەخۆم لەسەری.

# بەخێرایی بڕیار مەدە

ئەمڕۆ لە هۆڵی وانەخوێندن، خوێندکارێکی تازە هاتە پۆلەوە، جووتێک پێڵاوی گەورەی لە پێدابوو. لە کاتی وانەکەدا وەڵامی پرسیارێکی بەهەڵە دایەوە، مامۆستاکەمان لێی تووڕەبوو وتی: تۆ بەم گەرمایە ئەم پێڵاوە گەرم و گەورانە چییە لەپێتدا؟

هەموو خوێندکارەکان دەستیان کردە پێکەنین.

خوێندکارەکە وتی: مامۆستا خودا زۆرشتی بەتۆ بەخشیووە، بەڵام ژیری و مێشکی لێسەندوویەتەوە. بۆ ماوەیەک گشتمان بێدەنگبووین.

خوێندکارەکە چووە سەر یەکێک لەکورسیەکان، جلەکەی بەرزکردەوە، بینیمان هەردوو قاچەکەی دەستکردە و قاچەکانی لەدەستداوە، ئەو جووتە جزمەیە تەنها دەتوانێت قاچەکانی داپۆشێت.

مامۆستاکە و هەمومان تووشی شۆک بین، مامۆستاکەمان بەگریانەوە هۆڵەکەی بەجێهێشت.....!

**"شتەکان وانین کە تۆ دەیانبینیت"**

# ١٠ یاسا کە لە قوتابخانە فێرناکرێیت

① ژیان یەکسان نییە، جیهان پڕە لەچینایەتی و ستەم جیهان پڕە لە نادادپەروەری، ئەمانە چاک بزانە.

② جیهان گرنگی نادات بەوە چەندێ خۆتت خۆشدەوێت، بەڵکو تەنها چاوی لە دەسکەوت و داهێنانەکانتە.

③ تەنها لە بەرئەوەی زانکۆت تەواو کردووە، نابیتە خاوەنی موچەیەکی ٦٠هەزار دۆلار لەساڵێکدا.

④ ئەگەر هەستت کرد کە مامۆستایەکی توند و توڕەت هەیە، ئەوا بزانە کارێک و خاوەنکارێک چاوەڕێتە.

⑤ کارکردن لە چێشتخانەیەکدا هیچ لە شکۆی تۆ کەم ناکاتەوە، باب و باپیرانت بەمەیان دەوت هەل.

⑥ئەگەر توشی هەڵە هاتیت دایک و باوکت هۆکار نین، ئەوە خۆتیت بەرپرسیاریت، بەس سەرکۆنەی ئەوانی تربکە، لەهەڵەکانتەوە فێربە.

⑦ بزانە دایک و باوکت پێش ئەوەی تۆیان بێت هێندەی ئێستا ماندوو نەبوون، تۆیان پێگەیاند پۆشاکیان بۆ کڕیویت خەرجی قوتابخانەیان بۆداویت، فێریان کردوویت.

⑧پێش ئەوەی جیهان ڕێک بخەیتەوە، جارێکە ژوورەکەی خۆت و جێگاکەت ڕێک بخە.

⑨ ژیان دابەش نەبووە بەسەر وەرزەکاندا، تەنها هاوین کاتی پشوو نییە یان کارکردن، بزانە زۆرێک لەخاوەن کارەکان هاوکارت نین، خۆت بەرپرسیاریت.

⑩ ژیان وەک ئەوە نییە کە لە تیڤیەکانەوە دەیبینیت، لە ڕاستیدا خەڵکی قاوەخانەکان جێدێڵن و دەچنە سەر کارەکانیان!

# جیاوازیی نێوان دایک و باوکت چییە....!؟

دایکت تۆی هێناوەتە جیهانەوە.
باوکت دەیەوێت جیهانت پێشکەش بکات.

دایک ژیانت پێدەبەخشێت.
باوک فێرت دەکات چۆن بژیت.

دایک لە کەوتن دەتپارێزێت.
باوک فێرت دەکات چۆن هەستیتەوە دوای کەوتن.

دایک فێرت دەکات چۆن ڕێ بکەیت.
باوک فێرت دەکات چۆن نارەحەتیەکانی ژیان تێپەڕێنیت.

دایک فێری گرنگی پێدانت دەکات.
باوکت فێری بەرپرسیاریت دەکات.

لەوکاتەوەی لە دایک دەبیت خۆشەویستیی دایکت بۆ دەردەکەوێ.
کەبوریتە باوک ئینجا دەزانیت باوکت چەندێک تۆی خۆشیوستووە.
لە کۆتاییدا گوێڕایەڵیی دایک و باوکت بکە، گوێ بۆ ئامۆژگاریەکانیان بگرە، هەمیشە خۆشەویستی خۆتیان بۆ دەربخە، هەمیشە بڵێ پەروەردگارا بەسۆز و میهرەبان بە بۆ دایک و باوکم، ئەوان منیان گەورەکرد و پەروەردەیان کردم.

# کەی بێت وابژین کە خۆمان دەمانەوێت

ئەو کـاتەی دەمانەوێـت کچەکەنمـان هاوســەرگیری بـکەن، زۆر بەکەمی پرسیاری ڕەفتار و ڕەوشتی کوڕەکە دەکەین، بەڵکوو دەڵێین چەنـدێک مـارەیی بـۆ کچەکەمـان دەکـات، بـۆ ئەوەی لای خەڵکی شـانازی بکەین کە کچەکەمـان ئەوەنـدە مـارەیی بۆ کـراوە، ملوانەی ئاڵتونیەکەی خەڵکی بیبینێت و بڵێن ماشاءالله چەن گەورە و جوانە.

تارای بوک چەندەها هەزار دیناری تێدەچێت تەنها چەند کاتژمێرێک لەبەری دەکات، ئەمە بۆئەوەی ژن و پیاوەکە سوودی لێوەرگرن!

نا نەخێر، تەنها لەبەرئەوەیە کە خەڵکی لە مان ڕازی بن.

چەندێ لەو ئاهەنگدا پارە خەرج بکەیت، ئەوان دەڵێن: جا چیە هەیـە ئـاهەنگی فـلانە کەس زۆر گەورەتـر و خۆشـتربوو، پرسەی ماتەمینیەکانیشمان هەروایە، تەنها پارە بەفیڕۆ دەدەین.

پـوختەی قسـەکان ئەوەیـە، پێوویسـتە لەسـەرت کە هەسـتان و دانیشتن جل و جێگات خانوو وماڵت ئاوا بێت کە خەڵکی دەیانەوێت.

هەرچۆن بێت گەرچی لەناخەوە بسـوتێیت، گەرچی بەختەوەریشت لەدەسـت دەیـت، دەبێـت بەقسـەی خەڵـکی بێـت، ئەگەر وانەکەیت ڕووبەڕوی ڕەخنەی ئەوان دەبیتەوە.

خەڵک؟ بەردەوام خەڵک!

ئەی کەی بێت وابـژین کەخودی نەفسـی خۆمـان دەیەوێت، کەی ئەو کەسە ژیر و بیرمەندانە دەرئەکەون و ئەو کۆتانە دەشکێنن!

عەلی تەنتاوی لە کتێبی (لەگەڵ خەڵکدا)

# نەکەی گاڵتە بە کەسانی دانا و لێهاتوو بکەیت

ئەوکاتەی نێلسۆن ماندێلا لە زانکۆ خوێندکاربوو، مامۆستایەکی بەناوی پیتەر کە سپی پێست بوو، زۆر ڕقی لەماندێلا بوو. ڕۆژێکیان مامۆستاکەی لە کافتریا نانی دەخوارد، ماندێلاش خواردنەکەی بەدەستەوە بوو چووە تەنیشتیەوە دانیشت.

مامۆستاکەی وتی: دەڵێی نەتزانیووە کە بەراز و باڵندە لە تەنیشت یەکتر هەرگیز خواردن ناخۆن.

ماندێلا وتی: باشە مامۆستا دوودڵ مەبە ئێستا من دەفڕم و لەتۆ دووردەکەومەوە.

ڕۆژی دواتر مامۆستاکە دەیویست تۆڵەی لێبکاتەوە.

لەناو پۆلدا پرسیاری لە ماندێلا کرد: ماندێلا ئەگەر تۆ لەڕێگادا گەشتیت بەسندوقێک، لەناو سندوقەکەدا دوو زەرف هەبوون، یەکیان پڕی بوو لە پارە، ئەوی تر پڕی بوو لە دانایی کامیان دەبەیت بۆ خۆت؟

ماندێلا وتی: پارەکە دەبەم.

مامۆستاکە وتی: من بوومایە ئەوەی دووەمم هەڵدەگرت.

ماندێلاش وتی: هەرکەس ئەوە هەڵدەگرێتەوە کە پێویستی پێیەتی.

**"نەکەی گاڵتە بەکەسانی دانا و لێهاتوو بکەیت"**

# 10 ئامۆژگاری کەسوودی دەبێت بۆ ژیانت

① ئەگەر دەتەوێت بە بەختەوەری ژیان بەڕێ بکەیت، ئەوا هێندە بەدیار ڕابردووتەوە دامەنیشە، خەفەتی لێبخۆیت، هەرچی بوو بوو گەشبین بە، کار بۆ داهاتووت بکە.

② هەوڵمەدە لەوانی تر باشتربیت، بەڵکو هەوڵدە دوێنێ چۆنبوویت ئەمڕۆباشتر بیت، هەمیشە بەرەو باشتربوون هەنگاو بنێ، گرنگی بەخودی خۆت بدە.

③ مێشک و بیرکردنەوەت بچووک دەبنەوە، هەرکات بەخەڵک و کاروبارەکانیانەوە خەریک بوو، بەڵام تەرکیزت لەسەر خۆت بێت ئەوا مێشک و بیرکردنەوەت فراوان دەبێت.

④ هەمیشە لەگەڵ کەسانی گەشبیندا ببە، کاریگەری باشیان دەبێت لەسەر ژیانت و بیرکردنەوەت.

⑤ خوشـک و براکانـت و دایـک و باوکـت ئەوان زۆر تۆیـان خۆشدەوێـت، چـاکەی تۆیـان دەوێـت گرنگیـان پێبـدە، ئەوانـت خۆشبوێت.

ئەوەش بزانە هاوڕێیانی فەیسبوکت زۆرکات لەکاتی ناڕەحەتییدا ناگەنە فریات.

⑥ کۆڵ مەدە گەرچی توشی شکست هاتیت بۆ ئامانجێک بژی و بۆی تێبکۆشە، گەرچی تووشی ناڕەحەتی و ئازار هاتیت، کۆڵ مەدە و بەردەوام بە.

⑦ زەردەخەنە نان و پارەت بۆ پەیدا ناکات، بەڵام کەسانێکی زۆر دەکانە هاوڕێ و هاوکارت، بۆیە هەمیشە دەم بەخەندە بە، هەرچۆن بوو حاڵت واز لەم کارە مەهێنە.

⑧ ئازاو بوێربە و خۆت تەحەمولی هەڵەکانت بکە.

هەمووکات خۆت لە قسەی خەڵکی گێل مەکە، تۆش هەڵە و کەموکورتیت هەیە.

⑨ کەسێکی گونجاو بکە بە هاوسەرت، هاوسەرەکەت هۆکاری ٩٠%ی بەختەوەریت یان بەدبەختیت دەبێت تاکۆتایی ژیانت.

⑩ لەکۆتاییدا: هەرشتێکت کرد بادایک وباوکت شانازیت پێوە بکەن، سەرشۆڕیی ناو کۆمەڵگایان نەکەی بەکردەوەکانت.

❊❊❊❊❊❊

# بڕوانە خودا چۆن وەڵامی نزای بەندەکانی دەداتەوە

کچە فەڕەنسییەکە کە لە وڵاتی جەزائیر دەژیا، موسڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند، بە تێپەڕبوونی کاتێکی کەم تووشی نەخۆشی شێرپەنجەبوو.

دکتۆر پێی ڕاگەیاند: کە نەخۆشییەکە سەرجەم جەستەی داگیرکردووە، هیوات بۆ ژیان زۆر کەم بووە.

دوای ئەوەی ماڵ باوکی بەمەیان زانی وتیان: خودا لێت تووڕەبە بەهۆی ئەوەی موسڵمانبوویت، وەک سزایەک تووشی ئەم نەخۆشیە کوشندەیەکی کردوویت.

گەشتی کرد بۆ فەڕەنسا بۆلای دکتۆری باشتر، بەلام ماڵەوەیان دەیانزانی کە ئەو هیوایی بۆ ژیان نەماوە، دەیانویست ئەوە بۆ خەڵکی ڕون بکەنەوە، کە ببیتە موسڵمان ئاوات لێدێت.

ئافرەتەکە زۆر گریا کەئەم شتانەی دی، گەڕایەوە بۆ جەزائیر لە یەکێک لە شەوەکاندا لەکاتێکی درەنگدا، دەستەوئەژنۆ دانیشت دەستی کردە دۆعاکردن.

وتی: پەروەردگارا من نە لە مردن دەترسم، نە ترسم هەیە لە دیدارت، بەلام ترسم هەیە بمرم، دواتر کەسەکانم من دەکەن نمونەیەک خەڵکی لە ئیسلام دووربخەنەوە، خودایە توانا و میهرەبانی و دەسەلاتی زاتی خۆتم نیشان بدە، هەتا نەبمە نموونەیەک بۆ دوورخستنەوەی کەسەکان لە ئیسلام، پەروەردگارا شیفام بدە.

پاشان خەو بردیەوە و دوای ماوەیەک بەهۆش هاتەوە. هەستی کرد زۆر باشبووە، هەستی دەکرد بەرەو مردن دەچێت.

چووەوە لای دکتۆرەکەی و چەند پشکنینێکی ئەنجامدا، دکتۆرەکە وتی: بزانە پشکنینەکانت لەگەڵ کەسێکی تردا گۆڕاوە، تۆ چۆن ئاوا باشبوویت و چاکبوویتەتەوە، لاشەت وای لێهاتووە کە وەک ئەوەی نەخۆشی شێرپەنجە نەبوو بێت، سوجدەی شوکر بۆ خودا ببە.

دواتر چوو بۆفەڕەنسا و پێی ڕاگەیاندن کە خودا شیفایی داوە، کە هەموو دکتۆرە شارەزاکان دەیانووت چارەسەرت نەماوە، بووە هۆی موسڵمان بوونی چەندین کەسی تریش.

**بڕوانە خودا چۆن وەڵامی نزای بەندەکانی دەداتەوە**

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

# هەڵەکە دووبارە نابێتەوە

•

لە چاوپێکەوتنێکدا پێشکەشکارەکە پرسیاری لە بیل گەیتس کرد ئایا نهێنیی سەرکەوتنەکانت چییە!؟

بیل گەیتس چەکێک پارەی کردە بەردەستی و وتی: فەرموو چەندێک پارەت دەوێت بینووسە!

پێشکەشکارە سەری لەم کارە سوڕما بوو، دوای چەند چرکەیەک

بیل گەیتس وتی: من وەک تۆ هەڵەکان لەدەست نادەم.

پێشکەشکارەکە: دەتوانیی بەرنامەکە دووبارەبکەینەوە؟

بیل گەیتس: بەڵێ دەتوانیی، بەڵام هەڵەکە دووبارە نابێتەوە.

❊❊❊❊❊❊❊

# سوڵتان نوێژم لەسەر دەکات

دەگێڕنەوە شەوێک سولتان زۆر بێتاقەت بوو، نەیدەزانی هۆکار چییە ، بانگی پاسەوانەکانی کرد، کە با بەناو شاردا بکەڕێین و هەواڵێکی شار بزانین. ڕۆشتن، دوای کەمێک ڕۆشتن گەشتن بە پیاوێک، لەسەر زەوی کەوتبوو، جولاندیان زانییان کە مردووە. خەلکیان بانگکرد ئەمە مردووە بۆ کەس لیینا پرسیتەوە فەرامۆش کراوە، ئەمە کێیە وتیان ئەم پیاوە شەرابخۆر و داوێن پیس بووە. ئەمانیش لاشەکەیان بردەوە بۆ ماڵی خۆیان، خێزانی زۆر گریا دەیووت خودا لێت خۆشبێت پیاوە دیندارەکەم من شایەتی دەدەم کە تۆ یەکێک بوویت لەپیاوچاکان.

سولتان پرسی تۆ بۆ دەڵێیت و خەلکی بۆ وادەڵێن؟

ژنەکەی وتی: من پێشبینم دەکرد کە خە لکی هەروا بلێن، پیاوەکەم هەموو شەوێک بڕێکی زۆر شەرابی دەکڕی، دەهاتە ماڵەوە دەیڕشت.

دەچوو بۆلای ئافرەتێکی لەشفرۆش، دەیووت: ئەم پارە بۆتۆ با دەرگاکەت تابەیانی کراوە نەبێت بۆ کەس، دەرگاکەت دابخە.

کە دەگەڕایەوە سوپاسی خودای دەکرد کە بۆتە هۆی ئەوەی گەنجان لە لادان و بەدڕەوشتی بپارێزێت.

هەتا جارێک وتم: تۆ بۆ وادەکەیت دواتر کە مردیت کەس نابێت نوێژت لەسەربکات، پێکەنی و وتی: خەمت نەبێت کە مردم سولتان و زانایان و پیاوچاکان نوێژم لەسەردەکەن.

سولتان دەستی کردە گریان و بۆ بەیانییەکەی کفن کرا و سولتان و زانایان و پیاوچاکان ئامادەبوون لەگەڵ خەڵکانێکی زۆردا، لەسەر جەنازەکەی و نوێژیان لەسەرکرد.

# داوای لێبووردن بکە

کوڕ: باوکە دەمەوێت هاوسەرگیری بکەم.
باوک: داوای لێبوردن بکە.
کوڕ: بۆچی؟
باوک: یەکەمجار داوای لێبوردن بکە.
کوڕ: ئاخر لەچ هەڵەیەک.
باوک: ئەبێت داوای لێبوردن بکەیت.
کوڕ: یەک هۆکارم پێ بڵێ!
باوک: نابێت، یەکەمجار داوای لێبوردن بکە.
کوڕ: باشە داوای لێبوردن دەکەم.
باوک: کوڕی خۆم ڕاهێنانەکەت تەواو بوو، ئێستا ئامادەیت بۆ ناو ژیانی هاوسەرگیریەوە، دوای ئەوەی کە دەتوانیت بەبێ هۆکارێک داوای لێبووردن بکەیت.

# لەگەڵ ئافرەتێک چوومە دەرەوە

دوای ٢١ساڵ لەهاوسەرگیریی کردنم، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لەگەڵ ئافرەتێکدا چوومە دەرەوە، هەندێ کاتم لە گەڵیدا بەسەربرد، ئەم بیرۆکەش هیی خێزانەکەم بوو.

دایکم ١٩ساڵ پێش ئێستا بێوەژن کەوت، منیش بەهۆی ئیش و بوونی ٣ منداڵەوە، زۆرکەم دەچوومە سەردانی کردنی. هەتا پەیوەندیم پێوەکرد وتم: دایەگیان بۆ خواردنی ئێوارە بەیەکەوە دەچینە دەرەوە!

ئەویش وتی تۆ باشی کوڕی خۆم! لەبەرئەوەی بەو قسانەی من ڕانەهاتبوو، بۆی تازە بوو.

وتم: دایەگیان زۆرباشم بەس حەزدەکەم بەیەکەوە بچینە دەرەوە، هەر خۆم و خۆت دەچین، هەندێ بیریی کردەوە، وتی: تۆم زۆر خۆشدەوێت کوڕەکەم، باشە بەسەرچاو. ڕۆژی پێنجشەمە دوای کار چووم بەشوێنیدا، کە گەشتمە ئەوێ لەبەردەرگاکەدا وەستابوو، جلێکی جوانی لەبەرکردبوو، وابزانم باوکم پێش مردنی بۆی کڕیبوو.

دایکم زەردەخەنەیەکی کرد و پاشان وتی: بەهەموو کەسەکانم ووتوە ئەمڕۆ لەگەڵ کوڕەکەم دەچمە دەرەوە، زۆریان پێخۆشبوو چاوەڕێن کەڕامەوە چیرۆکەکەیان بۆ بگێڕمەوە کە چیمان کردووە.

چووینە چێشتخانەیەکی ئاسایی و ئارام، دەستی دایکم گرتبوو دانیشتین و جۆری خواردنەکانم بۆ دەخوێندەوە، زەردەخەنەیەکی کرد وتی:

کە تۆش منداڵ بوویت ئاوا بۆم دەخوێندیتەوە.

دەستمان کردە قسەو باس و گێڕانەوەی شتەکان، هەتا کاتێکمان زانی نزیک بووینەتەوە لەنیوەی شەو، کە گەڕاینەوە لەبەردەرگاکەدا وتی: پەیمانم بدەرێ جارێکی تر دەچینە دەرەوە بەڵام لەسەر حسابی من،

دەستیم ماچ کرد و جێم هێشت.

دوای چەند ڕۆژێکی کەم دایکم بەنەخۆشی دڵ مرد، هێندە کتوپڕ بوو هیچم بۆ نەکرا. دوای چەند ڕۆژێک لە ڕێی پۆستەچییەوە نووسینێکم گەشتە دەست، نووسینێک بوو دایکم بە خەتی خۆی نووسیبووی: پارەی خواردنی دووکەسم داوە ئەزانم کە من لەوێ نابم، بەڵام گرنگ ئەوەیە من پارەی دووکەسم داوە، خۆت و خێزانەکەت بچن، کوڕی خۆم ئەوشەوە بۆمن زۆر زۆربوو من تۆم زۆر خۆشدەوێت.

لەوکاتەوە لە واتای خۆشەویستی تێگەشتم ، تێگەیشتم کە خۆشمدەوێیت چ واتایەک دەگەیەنێت.

**هیچ کەس وەک دایک نییە بۆ خۆشەویستی، هەربۆیە زۆر زۆر گرنگییان پێبدەن هەتا لە ژیاندا ماون، فەرامۆشیان مەکەن.**

# نازانیت بە کاری کامیان سەرسام بیت

لە بەغداد کابرایەکی کوتاڵفرۆش هەبوو. ڕۆژێک ئافرەتێکی گەنج هاتە دووکانەکەیەوە و هەندێ دەستی دا لەپۆشاکەکان، لەناکاودا ڕووبەندیەکەی سەر دەم وچاوی لادا، زۆر زۆر جوانبوو، وتی: من نەهاتووم هەتا پۆشاک لەتۆ بکڕم، بەڵکوو ڕۆژانە دێمە بازاڕ هەتا پیاوێکی باش و گونجاو بەدی بکەم، هەتا ببێتە هاوسەری ژیانم، خۆم خاوەنی خانو و ماڵی خۆمم، تۆ ڕازی دەبیت هاوسەرگیرم لەگەڵ بکەیت؟؟؟

پیاوەکە وتی: ئامۆزایەکی خۆم هاوسەرمە و منداڵێکمان هەیە، پەیمانیشم داوە کە هاوسەرگیری نەکەم.

ژنەکە وتی: لە هەفتەیەکدا دووجار وەرە بۆ لام.

پیاوەکە ڕازی بوو، هاوسەرگیرییان کرد، پیاوەکە ڕۆژانە دوای نیوەڕوان سەردانی دەکرد.

بەم حاڵەوە مایەوە هەتا ١٨مانگ، هەتا ژنی یەکەم هەستی کرد بەشتێک، بۆیە بەخزمەتکارەکەیانی وت کە بەنهێنی چاودێری بکات، چاودێری کرد هەتا دوانیوەڕۆ دووکانەکەی داخست و ڕۆشت، خۆی کردە ماڵێکدا، دواتر پرسیاری کرد ئەم ماڵە هی کێیە؟

وتیان ماڵی ئافرەتێکە ئەم بازرگانە هاوسەرگیریی کردووە لەگەڵیدا.

کە هاتەوە هەموو شتەکانی پێووت، ئەویش وتی نەکەی ئەمە بدرکێنیت، وابزانە کەسمان ئەمەمان نەزانیووە.

ساڵ هات و ڕۆیی پیاوەکە کۆچی دوایی کرد، لەدوای خۆی ٨هەزار دیناری بەجێهێشت، کوڕەکەی حەوت بەشی ماڵەکەی برد، ژنەکەش یەک لەسەر هەشتی ماڵەکەی برد ١٠٠٠دیناری وەرگرت، نیوەی کردە زەرفێکەوە و بە خزمەتکارەکەی وت: بڕۆ بیبە بۆ ئەو ئافرەتەی کە خێزانی دووەمی پیاوەکەم بوو، پارەکەی برد و دایەدەستی و وتی: کە پیاوەکەت مردووە دەستی کردە گریان، پاشان لەسندوقێکدا پارچە نووسراوێکی دەرکرد وتی: بڕۆرەوە بۆلای گەورەکەت پێی بڵێ کە پیاوەکەت لەمن جیابۆتەوە و ئەم پارەیە گشتی ئەو خاوەنێتی.

نازانیت سەرسامبیت بەژیری ژنی یەکەم ، کەچەند بەدانابییەوە مامەڵەی کردووە، هەرچەندە ئەوکارە بۆئافرەتان سەختە، یان سەرسامبیت بەکاری ژنی دووەم، کە چەند مێشک فراوان بووە، هەرچەندە لە پیاوەکەی جیانەبووبووەوە بەڵام ویستی پارەکە بۆ ئەوبێت و سوودی لێ وەرگرێت.

# هەمووتان سزا دەدەم بە ١٠دۆلار

پیاوێکی پیر دەستگیر کرا، لەسەر دزینی نان، لەبەردەم دادوەردا دانی بەتاوانەکەیدانا، بەڵام وتی: من زۆر زۆر برسیم بوو، خەریکبوو دەمردم لەبرساندا.

دادوەرەکە وتی: 'دەزانم کە تۆ دزیت کردووە سزات دەدەم بە ١٠دۆلار، دەزانم کە ئەوبڕە پارەشت نییە، بۆیە پارەکە خۆم بۆ دەیدەم

دادوەرەکە ١٠دۆلاری لەگیرفانی دەرکرد و داوای کرد بکرێتە گەنجینەوە، لەبری پیاوە پیرەکە پارەکەی دا.

پاشان تەماشای ئامادەبووانی کرد وتی: هەمووتان سزا دەدەم بە بڕی ١٠دۆلار، لەبەر ئەوەی ئێوە لە کۆمەڵگایەک دەژین، کە پیاوێکی پیر لەتاوی برسێتیدا ناچاربووە دزی بکات، لەو دانیشتنەدا بڕی ٤٨٠دۆلار کۆکرایەوە، دواتر درایە پیاوە پیرەکە.

❊ ❊ ❊ ❊ ❊ ❊

# گەلێکی هۆشیار

لە هاونیشــتیمانییەکی بەریتــانیم پرســی: باشــە بــۆچی گەل لە هەڵبژاردنی ١٩٤٥ دا چەرچڵی هەڵنەبژارد، کە ئەو یارمەتیدەر بوو بۆ سەرکەوتنتان لەجەنگی دووەمی جیهانی بەسەر دوژمنەکانتاندا؟!

وەڵامێکی دامەوە کە توشی شۆکی کردم و وتی: چەرچڵ پیاوێکی سەربازییە، لە ڕۆژانی جەنگدا وەک سەرۆک قبوڵمان بوو، بەڵام لەدوای جەنگ و لەڕۆژانی ئاشتی و ئارامیدا ئەو بۆ ئەم قۆناغە نابێت، ئێمە دەمانەوێت شارەکەمان بونیادبنێینەوە، بەریتانیا لە هەموو ناوێک گەورەترە، قەناعەتم کرد بە وتەکانی، زۆر زۆر خەمبارم بووم و بیرمدەکردەوە کەی ئەوکاتە بێت تاکەکانی گەلەکەی منیش هێندە هۆشیاربن.

❊❊❊❊❊❊❊

# بەڵێ دەتوانیت

منداڵەکە لەنێوان ٢٠خوشک و برادا هاتە دنیاوە، لە تەمەنی چوار ساڵیدا تووشی نەخۆشییەک بوو کەلایەکی جەستەی تووشی ئیفلیجی هات، بەم هۆیەوە قاچی چەپی قاڵبی ئاسنی بۆ دانرا.

لە تەمەنی حەوت ساڵیدا تەواو لەجوڵە کەوت، کە چووە نۆ ساڵیەوە تووشی پەتای "القرمزیة" هات، دکتۆرەکان بە دایکیان وت ماوەیەکی تر دەمرێت و ئومێدی ژیان کردنی نەماوە.

دایکی تەسلیمی قسەی دکتۆرەکان نەبوو، منداڵەکەی لەم دکتۆر بۆ ئەو دکتۆر، لەم نەخۆشخانە بۆ ئەو نەخۆشخانە دەبرد، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا منداڵەکەی چارەسەر بکات و لەژیان بەردەوام بێت.

هەموو جارێک منداڵەکە دەیپرسی دایکە من باش دەبم، دەتوانم جارێکی تر ڕێ بکەم و لەسەرقاچەکانم بڕۆم؟!

دایکەکە بەتەواوی متمانە و بڕواوە وەڵامی ئەدایەوە:

بەڵێ، بەڵێ دەتوانیت.

کچەکە دەیووت: دایکم وای لێکردم بڕوام بەخۆم هەبێت، کۆڵ نەدەم، بەردەوام بم، ئەگەری ڕوودانی موعجیزە زۆرە.

هەتا ڕۆژێک زانیان ڕێکخراوێک هەیە ڕاهێنان بەکەسانی ئیفلیج دەکەن، ئێمەش چووین بۆ ئەوێ، چەندین ساڵ لەو شوێنە چارەسەرم وەرگرت و ڕاهێنانم کرد، دوای ئەم ماوەیە توانیم لەسەر پێکانی خۆم ڕابوەستم ، دواتر وردە وردە دەمتوانی لەسەری

برۆم، پاشان پەیتا پەیتا بەرەو باشبوون دەچووم، وەک کەسێکی ئاسایی ڕێم دەکرد.

دایکم داوای لێکردم کە یاریی باسکە بکەم، منیش چوومە تیپی باسکەی قوتابخانەکەمان لە یەکێک لە یارییەکاندا ڕاهێنەر "إید تیمبل" ئامادەبوو زۆر سەرسام بوو بە جوڵەخێراکانم داوای لێکردم بەرەو بەم بەهرەم بدەم و لەیاریی ڕاکرندادا بەشدار ببم، لەزۆر لە پێشبڕکێکاندا کەلەناوخۆی شارەکەدا دەکرا بەژداریم دەکرد و سەرکەوتنی گەورەم تۆمار دەکرد، هەتا لە ساڵی ١٩٦٠ توانیم بۆیەکەم جار بەژداری ئۆلمپیاد بکەم، توانیم سەرکەوتن بەدەست بهێنم، لەڕاکردنی ١٠٠مەتریدا سەرکەوتنم بەدەست هێنا، توانیم بە ١٢چرکە بیبڕم.

لە ڕاکردنی ٢٠٠مەتریدا سەرکەوتنم تۆمارکرد، توانیم بە ٢٣ چرکە بیبڕم.

لە ڕاکردنی ٤٠٠مەتریدا سەرکەوتنم بەدەستهێنا توانیم بە ٤٤چرکە بیبڕم. چەندین نازناو و مەدالیای ئاڵتونیم بەدەست هێنا.

چەندین ژمارەم شکاند و ڕیکۆردی نوێم تۆمارکرد

من "ویلما رودولف"م، کە بەخێراترین ئافرەتی جیهان ناسراوم.

وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت:

**"دکتۆرەکان وتیان ناتوانی یەک چرکەش لەسەر پێی خۆت بڕۆیت، بەڵام دایکم وتی تۆ دەتوانیت، دایکم ڕاستی کرد"**

# مردن زۆر نزیکە

+ دایە گیان بڕیارم داوە نوێژ بکەم.
- الحمدللە کوڕی خۆم مژدەیەکی خۆشبوو، هۆکار چییە نوێژدەکەیت، ئەم فرمێسکانە چین لەچاوەکانت دێتە خوار؟
+ هیچ نییە، بۆ کەم تەرخەمی و ئیهمالی خۆم دەگریم.
- کوڕی خۆم تۆ هیچ کەمتەرخەمیت نەبووە.
عاصم نانەکەی بەدەستەوە بوو و لە قسە بەردەوام بوو
+ دایەگیان زۆر دووربووم لەخودا، لای خودام ئیهمال کردبوو، پەشیمان کە ڕابردووم ئاوا بەڕێکردووە.
دایکی چای بۆ تێدەکرد و وتی: کوڕی خۆم خودا میهرەبانە، لەبەندەکانی خۆشدەبێت، تۆ گەنجیت، کاتی زۆرت لەبەردەستە بۆ ئەنجامدانی نوێژ و ڕۆژوو و حەج.
عاصم بۆ دایکی ڕوونکردەوە: دایەگیان کاتی زۆرم کوا لەبەردەستە مردن بەردەوام لەڕێمانە، کەس نازانێت کەی دەمرین، خودا لەسەر هەمووکاتەکان لێپرسینەوەم لەگەڵ دەکات، مردن زۆر ڕاستیە مردن ڕاستیە دایەگیان.
دایکی دڵی تەنگ بوو ویستی کۆتای بەقسەکان بێنێت، باشە باش چاکەت ساردەبێتەوە بیخۆرەوە.
دوای ماوەیەکی کەم عاصم مرد ، هەموو خەون و ئاوات و پیکەنینەکانی لەگەڵیدا مردن. وەک ئەوەی هەستی کردبێت کەبەم زووە دەگەڕێتەوە بۆلای پەروەردگاری جیهانیان.

**ئێمە زۆر زیاتر لە پێویست باوەشمان بە دنیادا کردووە...!**

## [illegible]

[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]

[illegible]
[illegible]
[illegible]

[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]

[illegible]
[illegible]
[illegible]

# زۆر سوپاس بۆ عێراق

عەلی دەڵێت: لە ساڵی ١٩٨٣ هاتم بۆ عێراق، بە مەبەستی خوێندن، چوومە بەشی ئەندازیاری کارەبا، لە تۆماری بەش بۆ تەواو کردنی مامەڵەکەم داوایان لێکردم بڕی ٤٠٠فلس (٤درهم) بدەم. ئەمە کۆتا پارەبوو لێم وەرگیرا، ماوەی ٦ساڵ لەوێ خوێندم هیچ پارەی ترم لێوەرنەگیرا.

لە بەشی ناوخۆیش دەماوە بەبێ بەرانبەر، مانگانە ٣٠دیناری عێراقیم وەردەگرت وەک دەرماڵە.

هەموو وەرزێکیش ٤٥ دینارم وەردەگرت، بۆ جلوبەرگ. خواردنەگەش ژەمی تەنها ٥٠ فلست دەدا.

کتێبخانە و بەکارهێنانی کتێبەکانیش بێ بەرانبەر بوو.

زانکۆم تەواو کرد و چوومە سەرکار و خێزانم پێکهێنا.

ئەمڕۆ بە منداڵەکەم وت ئەمساڵ خوێندنەکەی دوابخات، لەبەرئەوەی ٤٠٠٠دیناری ئەردەنی پێویستە، منیش ئەو بڕە پارەم نییە.

((زۆر سوپاس بۆ عێراق))

# پەیمانم بەخودای خۆم داوە، سەرەتا هەر لەگەڵ ئەودا بدوێم

لە بەیانییەکی زوودا دەستم لەتەکسییەک ڕاگرت، وتم بۆ ئەو شوێنە دەچم، سەری ڕاوەشاند واتە فەرموو، سەرکەوتم، عادەتم وابوو کە لەناوتەکسیدا هەندێ قسەی باش بۆ شۆفێرەکەبکەم، بەهیوای ئەوەی سوودێکی پێ بگەیەنم.

ئامۆژگاریم کرد و هەندێ باسی کاری ڕۆژانەشم بۆی کرد، بەڵام شۆفێرەکە هیچ نەدەتوت، تەنها زەردەخەنەیەکی دەکرد واتە هاوڕاتم.

ئەمەم پێناخۆش بوو هەرخۆم قسەبکەم و ئەویش هەر هیچ نەڵێت.

شۆفێرەکە هەردوو لێوی بەبەردەوامی دەجولاند، بەڵام من هیچ لەوە تێنەدەگەشتم، هەتا گەیاندمییە ئەو شوێنە کەدەمویست، ئینجا وتی: براکەم تخوا بمبوورە، دڵت هیچت نەکات، تۆم بەم بەیانییە زووە سەرخست، ئەم کاتە کاتی زیکری بەیانیانی منە، پەیمانم بە خودای خۆم داوە، سەرەتا هەر لەگەڵ ئەودا بدوێم، بۆیە لەگەڵ کەسدا قسەناکەم هەتا لەگەڵ پەروەرێنەکەم نەدوێم و هەزارەها ((سبحان الله و الحمدلله و الله أكبر)) و چەندین ویردی تر نەخوێنم، بۆیە بمبوورە لەبەرئەو هۆکارە بێدەنگ بووم.

سوپاسی پیاوەکەم کرد و دابەزیم. شۆفێرەکە شتێکی فێرکردم کە چەند ساڵە نەمتوانیوە خوێندکارەکانم فێربکەم، نەمتوانییەوە لە وتارەکانمدا باسی بکەم، چەند ساڵ خوێندنەوە فێری ئەوەی نەکردووم.

**سەرەتای ڕۆژەکەت لەخوداوە و لەگەڵ خودادا دەستپێبکە دواتر تەواوی ڕۆژەکە بەئارامی و بەختەوەری بەڕێدەکەیت.**

# یەکەمجار خاوەنی ڕێز و شکۆ بوو

ئەوکاتەی بەریتانییەکان لە هیندبوون، ئەفسەرێکی پلەبەرز زللەیەکی دا لە هاونیشتیمانیەکی هیندی، ئەویش بەهەموو هێزی خۆیەوە زللەیەکی لێدایەوە، هێندە بەهێزبوو ئەفسەرەکە کەوت بەزەویدا، ئەمیش بەخێرایی ئەو شوێنەی بەجێهێشت و لەبەرخۆیەوە دەیووت ئەفسەرێک زللەی لێبدرێت کە سەر بەئیمپراتۆری بەریتانیایە، ئەم تاوانە هەرگیز نابێت لێی خۆشبین.

کە چووەوە لای گەورەکەی، باسەکەی بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمانی پێکرد ٥٠هەزار ڕوپیە ببات و بیدات بە ئەو کەسەو داوای لێبووردنی لێبکات، ئەمە فەرمانێکی سەربازییە پەیوەست بە پێوەی.

چووە لای و داوای لێبووردنی لێکرد و بڕە پارەکەی پێدا ئەویش ڕازی بوو، بەم پارە ئیشی دەکرد و بووە خاوەن کار و دەوڵەمەندبوو، زلەکەی بیرنەما بەڵام ئینگلیز زلەکەی هەر لەبیربوو، گەورەکەی ئەفسەرەکەی بانگ کرد وتی: ئەوکەسەت لە بیرماوە کەزللەکەی لێداییت، ئێستا بچۆ لەبەرچاو خەڵکێکی زۆردا، بە هەموو هێزیی خۆت زللەیەکی توندی لێبدە.

ئەفسەرەکە وتی: ئاخر گەورەم ئەوکاتە هیچی نەبوو ئاوای کرد، ئێستا خاوەن ماڵە زۆر بەهێزبووە دەمکوژێت.

گەورەکەی وتی: بڕۆ هیچت لێناکات خەمت نەبێت.

ئەفسەرەکە ڕۆشت و پیاوەکەی دۆزیەوە لەناو خزمەتکار و پاسەوان و خەڵکێکی زۆردابوو، ئەمیش بە هەموو هێزی خۆی

زللەیەکی توندی لێدا و کەوت بەزەویدا، ئەمجارە هیچی نەکرد سەری شۆڕکرد.

گەڕایەوە بەسەرسوڕمانەوە بۆ ئەفسەرەکەی باسکرد، ئەفسەرەکەی وتی: یەکەمجار ئەو تەنها ڕێز و کەسایەتی هەبوو، ئەوشتەی بەگرانترین شت دەزانی، هەربۆیە بەرگری لەخۆی کرد.

دووەم جار دوای ئەوەی کەسایەتی خۆی فرۆشت بە٥٠هەزار ڕووپیە، نەیتوانی بەرگری لە خۆی بکات لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیەکەی لەدەست نەدات.

# ئارامبە تۆ لەنیشتیمانەکەی خۆتدایت

لەفڕۆکەخانە لەکاتی سەیرکردنی پاسپۆرتەکاندا، کچێکی سویدی لە پشتمەوە بوو لەگەڵ دایک و باوکیدا بوو، پێی وتن: پاسپۆرتەکەم دیارنەماوە لەوانەیە لە فڕۆکەکەدا لێم کەوتبێت، دایکی وتی جوان سەیری جانتاکەت کردووە، وتی بەڵێ، باوکی وتی کچی خۆم بچۆ بۆلای ئەو پاسەوانە و قسەی لەگەڵ بکە با یارمەتیت بدات.

دیمەنەکەم جێنەهێشت کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵ خۆم، لەگەڵ منداڵی خۆم، لەگەڵ سیمای خۆم.

سەرسام بووم بەم دایک و باوکە، بەکچەکەیان نەوت گێلی خۆتە ونت کردووە، یان جانتاکەی لێبسەنن و خۆیان سەیریی بکەن، بەڵکو خۆیان سەرکۆنە کرد، کە دەبوایە ناسنامەی تریان پێبوایە، ئەمان دەزانن کە باسکردن لەڕابردوو هیچ لەئێستا ناگۆڕێت.

سەرسام بووم بەوەی کە دایک و باوکی ئامازەیان کرد بچێتەلای پاسەوانەکە، کەسیان لەگەڵی نەچوون، باوک و دایکە دەیان زانی ئەمان هیچیان پێناکرێت، بۆیە ئەم بەرپرسیارێتیەیان نەگرتە ئەستۆی خۆیان، چونکە کچەکە دوای هەست بەکەمی خۆی دەکات، ئەمانیش ئەوەیان ناوێت.

پاسەوانەکەش هیچ سەرکۆنەی کچەکەی نەکرد و پێی وت: پەیوەندی بەکەسانی فڕۆکەکەوە دەکەم بۆت بدۆزنەوە، ئەو پاسپۆرتە هی تۆ و دەوڵەتی سویدیە، نامانەوێت لەدەستی بدەیت، ئەوە بزانە ئێمە یارمەتی دەر و پشتیوان•و هاوکارت دەبین، خۆ هیچ یاسایەک

نیە ڕێگر بێت لەوەی تۆ بچیتەوە وڵاتەکەی خۆت، بۆیە ئارامبە تۆ لەنیشتیمانەکەی خۆتدایت.

دیمەنەکە تەواو نەبوو بەڵام کاتی من هات و ڕۆشتم، لە مێشکمدا ئەم پرسیارە هەبوو، کەی بێت ئەم ئارامییە لای خۆمان ببینم؟

کەی بێت من و کوڕەکەم کە گەڕاینەوە بۆ نیشتیمانەکەمان کە کۆچمان لێی کردووە، لە فڕۆکەخانە لەگەڵ پاسەوانەکە پێبکەنین هەرچەندە پاسپۆرتەکەشمان ونکردووە؟

کەی بێت ئەم وتەیە" ئارامبە تۆ لە نیشتیمانەکەی خۆتدایت" پڕ بێت لە هەست کردن ئارامی و پاراستنی ژیانم....

# دەتوانی بیرکردنەوەی خەڵکی بگۆڕیت

وێنەیەکی زۆر جوانی کێشا، گومانی وابوو یەکێکە لە هەرە وێنە جیهانییەکان، بۆیە لە شوێنێکی گشتیدا وێنەکەی دانا و لە خوارەوەی وێنەکەوە نووسی: هەرکەسێک هەڵەیەکی بەدی کرد، بە ڕەنگی سوور دیاری بکات.

کە ئێوارە هاتەوە تەماشای کرد وێنەکەی لە ڕەنگی سووردا دیار نەماوە، زۆر خەمبار بوو بەم کارە.

چووەوە بۆلای مامۆستاکەی، بڕیاریی دا واز لەوێنە کێشان بێنێت مامۆستاکەی وتی: تەنها نووسینەکەت بگۆڕە!

هەمان وێنەی کێشایەوە و بردیەوە بۆ هەمان شوێن، ئەم جارەیان نووسی: هەرکەسێک هەڵەیەکی بەدی کرد لەم وێنەدا، با پێنووسەکە هەڵبگرێت و چاکی بکاتەوە.

ئێوارە هاتەوە ڕووانی وێنەکە هیچ نەگۆڕاوە، دوای چەند ڕۆژێکیش هەر کەس نەبوو هەڵەیەک بەدی بکات و چاکی بکاتەوە.

مامۆستاکەی وتی: زۆر کەس هەڵەکان دەبینن، بەڵام چاکسازەکان زۆر کەمن.

## میهرەبانبوون سیفاتی گەورەکانە

ئیمامی عومەر خوانی بۆ خەڵکی ئامادە کرد بوو، لە کاتی نانخواردندا پیاوێکی بینی کە بەدەستی چەپ نانی دەخوارد، چوو بۆ پشتیەوە و پێی وت: بەدەستی ڕاستت نان بخۆ.

پیاوەکە وتی: ناتوانم.

چەند جارێک دووبارەی کردەوە، ئەمیش وتی ناتوانم ئیفلیج بووە

ئیمام فەرمووی بەچی وای لێهاتووە؟

+ لە ڕۆژی موئتەدا وای لێهات و لەجوڵە کەوتوە لەوکاتەوە.

ئیمامی عومەر دانیشت و دەستی کردە گریان و دەیپرسی چۆن دەست نوێژ دەگری؟کێ جلت بۆ دەشوات؟

لەگەڵ هەر پرسیارێک فرمێسک لە چاوەکانی دەهاتە خوارەوە.

پاشان فەرمانی کرد سواری و خواردن و خزمەتکاری بۆ دابین بکەن،

داواشی کرد گەردنی ئازاد بکات لەبەرئەوەی ئازاری داوە.

# کچی خۆم تۆ لە ئەڵماس بەنرختریت

چیرۆکێک کە یەکێک لە کچەکانی ئەفسانەی یاری بۆکسێن محمد علی کلای دەیگێڕێتەوە، لەوکاتەی چوونەتە لای باوکیان بۆ سەردانی ئەمان جلێکی تەنکیان لەبەربووە:

گەشتینە ماڵ باوکم من و خوشکەکەم لەسەیارەکە دابەزین، باوکم وەک هەمیشە لەپشت دەرگاکە خۆی دەشاردەوە و دەیترساندین پاشان لە ئامێزی دەگریت.

دوای ئەمانە باوکم هەندێ قسەی بۆ کردم هەرگیز بیرم ناچنەوە:

کچی خۆم هەموو شتێکی بەنرخ و گران بەها لەم جیهانەدا خودا بەپۆشنەیی دروستی کردووە و بەگرانی پێیدەگەیت.

دەزانی ئەڵماس لەناخی زەویدایە و لەهەمو شتێکی خراپ دوورە و پارێزاوە، گەوهەر و مرواری لە ناخی دەریاکاندایە ئاڵتون و زیویش هەروان، دەبێت چەندێ ماندووبیت هەتا پێی دەگەیت و بەدەستی دەهێنیت.

پاشان ڕوانیە چاوەکانم وتی: کچی خۆم جەستەی تۆ بەڕێز و پیرۆزە، تۆ لەئەڵماس و گەوهەر و ئاڵتون بەقەدر و بەبەها تریت، بۆیە پێویستە جەستەت داپۆشیت و پۆشتە بیت.

# هێندەی توانای خۆت پێشکەش بکە

زۆرجار ئەم دیمەنەم دەدی، کە دایکم بانگی یەکێکمانی دەکرد ڕۆڵە وەرن غازەکەم بۆ بەنە چێشتخانەکەوە و مونەزەمەکەیم بۆ بگۆڕن، من یان براکانم یارمەتیمان دەدا، کە چوومە سەرماڵی خۆم، دوای ماوەیەک خۆم غازەکەم هەڵگرت و مونەزەمەکەیشم گۆڕی، دواتر کە پیاوەکەم هاتەوە زۆر پێی سەیر بوو زۆر وەسفی دەکردم، دەتوت شتێکی زۆر سەرسوڕهێنەرم ئەنجامداوە.

ئیدی ئەم کارە ئاسایی بوو لە لام هەرخۆم ئەنجامم دەدا، هەتا ڕۆژێک چەندێ هەوڵمدا نەمتوانی بیکەم بۆیە وازم لێهێنا؟ هەتا ئێوارە مێردەکەم هاتەوە، تائەوکاتەش خواردنم هیچ ئامادە نەکردبوو لەبەر نەبوونی غاز، بە تووڕەییەوە و بە دەنگی بەرزەوە وتی: تۆ ناتوانی تەناتەن مونەزەمەی غازێکیش بگۆڕیت!!!!؟

**پەند:** زۆر جار خۆمان تووشی ماندوو بوون دەکەینەوە و هەوڵێکی زۆریش دەدەین تەنها بۆ ڕازیکردنی کەسانی بەرامبەر یان باری سەریان سووک کەین یان بەختەوەریان بکەین، لە دوایدا ئەوکارە ئەوان وادەزان مافی خۆیانە، دەبێتە ئەرک و بارگرانی و نارەحەتی لەسەر خۆمان.

بۆیە ئاگات لە خۆشت بێت ئەوەی لە توانانتدا هەیە پێشکەشی بکە بەبێ کەم و زیاد.....!

# خودا دەتکاتە هۆکاری دڵخۆشیی کەسەکان

وانەم بەخوێندکارەکانی پۆلی یەک دەوتەوە، خەریکی نووسینەوە بورن، منیش بەسەریان دەگەڕام هەندێک وەستام دواتر هەستم کرد یەکێک یاری بەتەسبیحەکەمەوە دەکات کە لە گیرفانەکەمەوە دەرچووبوو، سەیری دەکرد و زەردەخەنەی دەکرد، منیش دەستم کردە گیرفانمدا و تەسبیحەکەم بۆدانا و ئاوڕم نەدایەوە و وانەکەم تەواو کرد، سەیرم دەکرد منداڵەکە یاریی دەکرد بەتەسبیحەکە و ماچی دەکرد و بۆنی دەکرد.

دواتر هات بۆلام وتی: باوکە، تۆزێک وەستا دواتر وتی: مامۆستا ئەمەت بیرچوو کە دەستم برد لێی وەرگرم دەستی ماچ کردم وتی: مامۆستا من تۆم زۆر خۆشدەوێت، لەئامێزم گرت و ماچم کرد.

دواتر هەندێ پرسیارم کرد، زانیم ئەم خوێندکارە باوکی مانگێک پێش ئێستا بەڕووداوی هاتووچۆ مردووە، ئەمیش زۆر حەزی کردووە یەکەم ڕۆژی خوێندنی باوکی لەگەڵ بێت.

من بوومە باوکێک بۆی، بەردەوام یارمەتیم دەدا و چاودێریم دەکرد و سڵاوم لێدەکرد، بیرم دێت یارییان دەکرد بە گریانەوە هات بۆ ژووری مامۆستیان ڕووی کردە من وتی: ئەو تەلەبە لێیدام.

وتم: جاچی لێبکەم؟

وتی: ئەبێ پەنارتییەک لێبدەم. چوومە لایان و فیکەکەم لە مامۆستا سەند و فیکەی پەنارتیم لێدا و ئەویش پەنارتییەکەی لێدا.

ئێستا ئەو لە قۆناغی سێیە لە بەشی زمانی عەرەبی، هەرگیز لە بیری ناکەم ئەو فێری دڵ نەرمی کردم، فێری کردم پەروەردە و فێرکردن واتای چی و چۆن دەبێت.

# چەند پەندێکی جیهانی

① کە مرۆڤ تێربوو نان، تامێکی نامێنێت

"پەندێکی سویسری"

② ئەگەر تۆ زەردەخەنە نازانیت ئەوا دووکان دامەنێ.

"پەندێکی اسکتلندی"

③ خۆشەویستی ببخشە بەهاوسەرەکەت،

نهێنیەکانت بەدایک و باوکت.

" پەندێکی فەرەنسی "

④ خۆشەویستی و بۆنی خۆش ناشاردرێنەوە.

"پەندێکی ئیسپانی"

⑤ خودا بەشە خۆراک دەداتە باڵندەکان، بەڵام دەبێت بفڕن هەتا دەستیان بکەوێت.

"پەندێکی یابانی"

⑥ ئەوکەسەی پارە بە قەرز دەداتە هاورێکەی،

هەردووکیان لەدەستدەدات.

"پەندێکی فەرەنسی"

⑦ ئەو کەسەی ئافرەتێکی جوان دەکاتە هاوسەری ژیانی پێویستی بە دووچاو زیاتر هەیە.

" پەندێکی فەرەنسی "

⑧ لەماڵ دەرچۆ...کێشە ڕووت تێدەکات

" پەندێکی ئەمریکی "

# ئەمانە دزی ڕاستەقینەن

ئەوکاتەی شەمەندەفەرەکە پڕبوو لەسەرنشین، لە فەرەنساوە بەڕێکەوت بۆ بەریتانیا، ئافرەتێکی فەرەنسی لە پەنای پیاوێکی ئینگلیزدا بوو، ئافرەتەکە زۆر قەلەقی و شڵەژانی پێوە دیاربوو، بۆیە پیاوەکە پرسی هۆکار چی کە وات لێهاتووە؟

ئافرەتەکە وتی ۱۰هەزار دۆلارم پێیە ترسم هەیە لێم بسەنن لەڕێگادا.

پیاوەکە وتی: نیوەی بدە من نیوەی لای خۆت بێت، گەر پۆلیس یش لێی وەرگرتین، ئەوا نیوەی ڕزگاری دەبێت تۆ ناونیشانی ماڵەکەتم بدەیە، گەشتینەوە لەندەن بۆت دەهێنمەوە بۆماڵ.

پۆلیس هات و دەستی کردە پشکنین، هەردووکیان بێ کێشە بوون و هیچیان شتیان لێوەرنەگیرا، کەمێک تێپەڕین و پیاوەکە وتی: گەورەم وەرن ئەم ئافرەتە ٥هەزار دۆلاری پێیە منیش ٥ هەزار دۆلاری تری ئەوم لایە، من خیانەت لە نیشتیمان و خاکی خۆم ناکەم، من بەریتانیام خۆشدەوێت. گەڕانەوە و پارەکەیان دۆزییەوە ئەفسەرەکە باسی خۆشەویستی نیشتیمانی کرد و باسی ئەوەی کرد کە ئەم پارە بچێتە دەرەوە زیان بە ئابوری وڵات دەگەیەنێت، دەستخۆشیان لەپیاوەکە کرد. دوای دوو ڕۆژ درا لەدەرگای ماڵی ئافرەتە فەرەنسییەکە، کە کردیەوە پیاوی ناو شەمەندەفەرەکە بوو، زۆر لێی تووڕەبو کە ئەوکارەی بەسەردا هێنا، پیاوەکە پارچەیەک کاغەزی داپێی کە بڕی ١٥ هەزار دۆلاری تێدابوو وتی: ئەمە پارەکەتە لەگەڵ پاداشتی کارەکەشت، سەرت نەسوڕمێت من جانتایەکم پێبوو ٣ ملیۆن دۆلاری تیابوو، لەبەرئەوەی خەیاڵیان نەچێت بەلای ئەوەی مندا، هەستام ئەو فێڵەم کرد...!

# ئەو پێنج شتەی
# لەکاتی گەورەبووندا پەشیمان دەبیتەوە لێیان

نووسەرێکی ئوستوڕالی کتێبێکی نووسی، بەناوی "ئەو پێنج شتەی لە کاتی گەورەبووندا پەشیمان دەبیتەوە لێی".
لەم کتێبەدا چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند بەساڵاچوودا کراوە، لەبارەی ئەوەی لە چ شتێک زۆر پەشیمانن کە کردوویانە یان دەبوایە بیان کردایە، زۆربەی بەساڵاچووەکان لەم ٥ خاڵەدا هاوڕابوون:

(1) ئاواتەخوازم ئەو ژیانەی کە خۆم دەمویست بژیم ئاوا بژیامایە، بۆ خۆم ژیانم کردایە، چۆن بوومایە ئاوا دەربکەوتمایە، نەک چۆن کەسەکان و خاوەن کارەکەم دەیانەوێت.

(2) ئاواتەخوازم کاتی زیاترم بۆ خۆم و خێزانەکەم تەرخان بکردایە، تەمەنم لەشتی پوچ و کاردا بەفیڕۆدا.

(3) ئاواتەخوازم ئەوەندە بوێر و ئازا بوومایە، بە ئازادی و ڕاشکاوانە هەستەکانی خۆمم دەربڕیایە.

(4) ئاواتەخوازم زیاتر لەگەڵ هاوڕێ کۆنەکانم بژیامایە و هەرگیز لەوان دانەبڕایەم، لەبەرئەوەی هیچ هاوڕێیەک وەک ئەوان نییە، بەڵام بەداخەوە لێیان دوورین، پەیتا پەیتا تەنها هەواڵی مەرگیان دەبیستین.

(5) درەنگانێکی زۆر ئینجا زانیم بەختەوەری وابەستە نییە بەپلە و ماڵ و خێزانەوە، بەڵکو وابەستەیە بەخودی خۆت و قەناعەتی خۆتەوە؛ خۆت دەتوانی خۆت بەختەوەر بکەیت، خۆشت دەتوانیت خۆت بەد بەخت بکەیت.

# چیرۆکی بیلال لە بەلجیکاوە

چۆن دەڵێیت خودا منی خۆشدەوێت، لە کاتێکدا دوای ئەوەی بوویتە موسڵمان، تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوویت؟

لە وەڵامدا بیلال وتی: ئەگەر وتیان دایکێک دەستی کورەکەی شکاندووە، تۆ ڕات چییە لەسەر ئەم دایکە؟دایکێکی خراپە.

بەڵام کورەکە لەڕێگادا بوو، خەریک بوو سەیارە لێیبدات، دایکەکە دەستی کورەکەی ڕاکێشا و دەستی شکا، و کورەکە لەڕووداوەکە ڕزگاری بوو، ئێستا دەڵێیت دایکێکی زۆر باشە...!

* * * * * *

# ئەم گەشتی ژیانە زۆر کورتە

لە پاسەکەدا دانیشتبوو، چاوەڕێی دەکرد بگاتە وێستگەکەو دابەزێت؟ لە ڕێگا پیرەمێردێک سەرکەوت و چووە پەنای ئەمەوە، زۆر شتی پێبوو بەو هۆیەوە زۆر بەناڕەحەتی دانیشتبوو.

یەکێک لە سەرنشینەکان کە ئاگای لەمەبوو وتی: ئەوەبۆ بەو پیرەعەبوسە نالێی بچێتە ئەو لاوە واتۆی ناڕەحەت کردووە؟

بە ئارامیەوە وتی: ئەو چووە بە تەمەندا بارەکەی گران و زۆرە، زۆر ئاساییە با هەندێکیش من بۆی هەڵبگرم، گەشتەکەمان زۆر کورتە هەر پێوویست بەوە ناکات.

* خۆشەویستانم ئەو وتانە بکە یاسایەک بۆ ژیانت لە کاروباری ڕۆژانەت بارەنگت بداتەوە، گەر ئێمە ئەوە بزانین کە گەشتەکەمان چەند کورتە، ئەوا ئێرە و ژیانی خۆمان پڕ ناکەین لە تاریکی و ستەم و ڕق و کینە و ڕەوشتی ناشرین و دڵی یەکتر ئێشاندن، خۆمان خەریک ناکەین بە کار گەلێکی بێسوود پوچەوە

دڵت پڕبکە لە ئاشتی، دووربە لە ڕق
ستەم مەکە، دڵی کەس مەئێشێنە
هەمیشە گەشبین بە، لێبووردە بە
گەشتەکەمان زۆر کورتە زۆر.

# شکست بە واتای کۆتایی نایەت

گەنجە ئەمریکییەکە ناوی "والاس جۆنسۆن" بوو، چووە سەرکار و لە کارگەیەکی گەورە کاری دەکرد، گەنجەکە چەندین کاری قورس و زەحمەتی ئەنجام دەدا و زۆر بەهێز بوو، کە گەشتە تەمەنی ٤٠ساڵی خاوەن کارەکەی پێی ڕاگەیاند دەبێت کارەکەی جێ بهێڵێت.

بەمە زۆر ناڕەحەت بوو، زۆرخەمی دەخوارد کە تاکە دەرگای ڕزق و ڕۆزی لێداخرا، چەن ساڵە ئیش دەکات ڕێزی ماندووبوونیان نەگرتووم، نەیدەزانی چی بکات.

هاتەوە بۆ ماڵ و بڕیاریدا خانوەکەی بکاتە ڕەهنی قەرزەوە و دەستبکاتە کاری دروستکردنی خانوو (مقاولات)بکات، سەرەتا دووخانووی بچوکی دروست کرد، دواتر چەندین هۆتێل و باڵەخانەی لە جیهاندا دروست کرد و بووە بازرگانێکی سەرکەوتو و گەورە.

لە یادەوەریەکانیدا نووسیوویەتی: گەر بمزانیایە خاوەن کارەکەم ئێستا لە کوێیە، دەچوومە لای، سوپاسم دەکرد لەسەر ئەوکارەی، ئەوکاتە زۆر ناڕەحەت بووم دەمووت بۆچی خودا ڕێدەدات کاری وەهام بەرامبەر بکرێت، بەڵام ئێستا دەزانم خودا ئەو دەرگایەی داخست بەڕوومدا، ڕێگایەکی گەورەی نیشاندانم کە باشتربوو بۆ خۆم و خێزانەکەشم.

**"بەردەوام ئەوە بزانە کە شکستی تۆ بەواتای کۆتاییت نایەت، بۆ لە دەستدانی شتەکان نابێت لەخەمدا خۆت بکوژیت ، جوانتر بیربکەوە و دواتر دەست پێ بکەرەوە"**

# وەک پێغەمبەرمان-د.خ- هەمیشە گەشبین بە

دایک و باوکت لەدەست داوە؟
پێغەمبەرمان-د.خ- بەبێ دایک و باوک گەورە بووە.
هیچ منداڵێکت لەدەستداوە؟
پێغەمبەرمان-د.خ- هەموو منداڵەکانی لەژیانی خۆیدا لەدەست داوە، تەنها فاتیمە خان نەبێت.
بوختانت بۆکراوە یان گومانیان لەپاکیت بوو بێت؟
پێغەمبەرمان-د.خ- بوختانیان بۆ خێزانی کرد و زۆریش بەمە نارەحەت بوو، تاخودا پاکی خێزانەکەی سەلماند.
ئایا هێندە نارەحەت بووی کە خواردنی ڕۆژێکت نەبێت؟
ماڵی پێغەمبەرمان-د.خ- مانگ تێدەپەڕی بەبێ ئەوەی ئاگری تیدا بکرێتەوە.
ئایە شار بەدەرکراویت و لەنیشتیمان دووربیت؟
پێغەمبەرمان-د.خ- بە زۆر لەشارەکەی دەرکراوە.
ئایا کەس سوکایەتی پێکردوویت؟
پێغەمبەرمان-د.خ- چەندین جار ئازار دراوە و بەرباران کراوە و جوێنیان پێداوە.
ئایا شتێکت پێوتراوە کە وانەبووبێت؟
پێغەمبەرمان-د.خ- پێیان وتوە تۆ شێت و جادوو لێکراویت.
ئایە نەخۆش بوویت و ئازارت هەبێت؟
پێغەمبەرمان-د.خ- ددانەکانی شکێنراون، تووشی سەرئێشەیەکی زۆر قورس هاتووە.

لەگەڵ ئەم هەمــوو نــاڕەحەتییەدا پێــغەمبەرمان -د.خ- کەســێکی بەختەوەر و زۆر گەشبیــن بــووە، لەبەر ئەوەی ئەو خۆشــبەختی و ئارامی لە گوێڕایەڵ بوون بۆ خودا بینیوەوە دەیفەرموو "بیلال بەبانگ بمان حەوێنەوە".

ئەمە نامە بێت بۆ هەموو خاوەن کێشە و خەمەکان،

پێغەمبەرمان -د.خ- با سەرکردەت بێت و وەک ئەو هەمیشە گەشبین بە و بزانە هەموو شت تێدەپەڕێت.

# باوکم درۆ ناکات

باوکم پێی وتم: کە من کرمێکم قووتداوە، لەسێوەکەی دەستم ڕایکردووە بۆ ناودەمم، وتی ناوی ئەو کرمە شێرپەنجەیە، پێی وتم: ئەو کرمە کەس ئازارنادات تەنها لە جەستەدا بڵاودەبێتەوە و هەندێ شت دەخوات و لاواز دەبیت داماوە برسییەتی.

ئێستا لە ژووری فریاکەوتنم و کاتژمێر ٣ دەچمە ژووری سینەماوە، کە چەندین گڵۆپی جوان ئیش دەکەن و دەخەوم چۆن لەباوەشی دایکمدا دەخەوم.

دایک و باوکم پێیان وتم: ئەو پیاوەی کە سەدریەکی سپی لەبەردایە، ئەمڕۆ کرمەکە دەردەکات لەجەستەت.

ئەو تەوقەی قژم پێ ئەبەست ئێستا لەدەستم دایە، دایکم دەیووت چەند مانگێکی تر قژە جوان و ئاڵتونیەکەت، کە کرمەکە بردووێتی بۆت دێتەوە، ئەو پێستە جوانەی جارانت بۆ دێتەوە ماوەیەکی تر.

پەیمانیان پێدام کە ئیتر دەرمانی شێرپەنجەم نەدەنێ، بە دەرمانەکە دەڵێن شیرینی شێرپەنجە چاکت دەکاتەوە، بەڵام هەموو جارێ قژم لەناو دەبات، من زۆر ڕقم لەو دەرمانەیە، هێندەی ئەوەی ڕقم لەوانەی بیرکارییە.

پورم هەرکات دێت بۆلام، کە دەمبینێت دەستدەکاتە گریان، دایکم دەڵێت هی ئەوەیە پورت پیازی پاکردووە و خواردنی خۆشی ئامادەکردووە بۆیە چاوی وایە.

بیری پشیلەکەم زۆر دەکەم، کە ڕۆشتمەوە بۆ ماڵ دەرمانی شیرینی شێرپەنجەی دەدەمێ، تا ئەویش وەک من مووی پێوە نەمێنێت و ئیتر دایکم بێزار نەبێت لە تووکی پشیلەکە لەناو ماڵەکەدا.

دایک و باوکم ڕاست دەکات من باش دەبم.

# وەسیەتی باوکێک بۆ کچەکەی

کچی خۆم: ئەمڕۆ دەچیتە ماڵێک کە بۆتۆ نەناسراون، ژێر ڕکێفی پیاوێکەوە بۆ تۆ نەناسراوە. ئەمشەو دیمە دیار جێگا پاک و جوانەکەت، دەبینم تۆی لێنەماویت، هێندە فرمێسک لە چاوەکانم هاتوە کە لەژیانمدا هەرگیز وانەبووم، ئەمڕۆ ڕووناکیی چاوم لە بەرچاو ون دەبێت و ماڵێکی تر ڕووناک دەکاتەوە. ئەمڕۆ گەڕامەوە بۆ سەردەمانی ڕابردوو ، زانیم هەستی ماڵی دایکت چۆنبووە ئەوکاتەی دایکتم گواستەوە، فرمێسک لە چاوی ماڵ ئەوان دەهاتە خوار، وامدەزانی فرمێسکی خۆشیە، بەڵام ئێستا من دەزانم کە فرمێسکی خۆشی نەبوو، هەست بەئەو ئازارەی ئەوان دەکەم کە هەیانبوو.

کچی خۆم بەڕاستم بزانە، ئەگەر ئەوکاتەی دایکتم گواستەوە هەمان هەستی ئێستام هەبوایە هەموو هەوڵی ژیانم بۆ ئەوە و کە دایکت بەختەوەر و خۆش بژی، وەک چۆن ئێستا من حەزدەکەم پیاوەکەت ژیانت پڕ بکات لە خۆشی و کامەرانی تەواو و بەختەوەرت بکات. ئێستا لە هەموو ئەو شتانە پەشیمانم کە دایکتم ئازار داوە، دەبێت چ هەستێکی ناخۆش بێت تۆ بێیتەوە بڵێیت: باوکە پیاوەکەم ئازارم دەدات بۆم خراپە!چی بکەم، هیوادارم بەهۆی کردەوەکانی منەوە هیچت تووش نەبێت. کچەکەم پیاوەکان شانازی دەکەن کە ژنەکانیان خۆشیان بوێن، هەمیشە پێی بڵێ خۆشمدەوێیت و بۆی بیسلەمێنە. ڕێز لەخزم و کەس وکاری پیاوەکەت بگرە، لەبەرئەوەی شانازی دەکات کە تۆ ڕێزیان لێدەگریت. کە توڕەبوو تۆ ئارام بە، نارەحەت بوو یارمەتی دە تاجێک بە بۆ سەری، نەک بارێک بێت لەسەری. بیرت بێت چەند ماندوو بوم هەتا گەورە و پەروەردەم کردوویت، بۆئەوەی ڕەوشت بەرزی ئێمە لەتۆدا ببینێتەوە.

# بکوژی توانای مرۆڤەکان!

موشریفەکە بڕیاری دا سەردانی قوتابخانەکان بکات، بەلام لە ڕێگادا سەیارەکەی لەکار کەوت، ئەمیش نەیدەزانی چی لێبکات و چۆن چاکی بکاتەوە، هەتا ئەوکاتەی خوێندکارێک بەلایدا تێپەڕی پێی ووت: چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟

موشریفەکە وتی: جا هیچی لێدەزانیت؟

خوێندکارەکە زۆر قسەی نەکرد، بەڵکوو هەندێ خەریکی بوو، دواتر وتی ئێستا کاری پێبکە و کەوتەوە کار.

دواتر موشریفەکە وتی: بەس حەزدەکەم ئەوە بزانم بۆچی لەم کاتەدا تۆ لە قوتابخانە نیت؟؟!!

خوێندکارەکە وتی: ماموستاکەمان وتی: ئەمڕۆ موشریف دێتە سەردانمان، تۆش لە هەموویان گێلتریت، بۆیە بڕۆرەوە بۆ ماڵ و وانەکانت مەخۆێنەوە.

بەم شێوەیە توانا و بەهرەکانت دەکوژن، بەهرە و تواناکان مەرجن بۆ سەرکەوتن، نەک تێگەشتن لە وانەکانی قوتابخانە، کەس گەمژە و گێل نییە، هەموو کەسێک توانایەکی تایبەتی خۆی هەیە تەنها ئەوەیە لە شوێنی گونجاوی خۆی دانەنراوە.

# دراوسێی منە لە بەهەشتدا

دکتۆر (محمد راتب النابلوسی) چیرۆکیکی گێڕایەوە و دەڵێت:
کابرایەک لە خەویدا خۆشەویستیمانی بینی پێی وت: بە دراوسێکەت بڵێ کە دراوسێی منە لەبەهەشتدا.
بەیانی چوو بۆلای دراوسێکەیان، پێش ئەوەی هەواڵەکەی پێبڵێت، ئەو بەڵێنەی لێوەرگرت کە نهێنی ئەو کارەی پێ بڵێت کە گەشتۆتە ئەو پلەیە، باسەکەی بۆ باسکرد و دواتر ئەمیش چیرۆکەکەی بۆ گێڕایەوە:
ماوەیەک پێش ئێستا چوومە ژیانی هاوسەرگیریەوە و دوای پێنج مانگ خێزانەکەم دووگیان بوو، سکەکەشی نۆ مانگ بوو، واتە پێش ئەوەی بیێتە هاوسەرم توشی کاری خراپە بووبوو، خۆ دەمتوانی تەلاقی بدەم دەمتوانی ئابڕووی ببەم، بەڵام کە ئەو لەوکارەی پەشیمان بوو، منیش ویستم دایپۆشم وەک چۆن خودا بۆی دایپۆشیووە، منداڵەکە لە دایک بوو، بردمە لای دەرگای مزگەوتێکە و چوومە ڕیزی نوێژخوێنەکانەوە نوێژ تەواو بوو، لە منداڵ خڕ بوونەوە و من وتم دەیبەمەوە و بەخێوی دەکەم ، منداڵەکەم بردەوە بۆ ئامێزی دایکی.
بڕوانە بەم ڕێگا جوانە وای کرد تەوبە بکات و تاوانەکەشی پۆشی و ڕیگەشی دا منداڵەکەی بەخێو بکات.
تاوان و هەڵەی بەندەکان بپۆشە، لە بری ئەوەی ئابڕووی بەریت، ڕێگای تەوبەی نیشان بدە، هەرکەس عەیب و نەنگی کەسەکان بپۆشێت، خوداش عەیب و نەنگییەکانی دەپۆشێت.

# خودا لەبەر تۆی بووە

منداڵەکە قاچی ڕێک نەبوو، بە جوانی ڕێی نەدەکرد، دایکی بڕیاری دا بیباتە لای دکتۆر.

دکتۆر پێی وت: بۆماوەی یەک ساڵ پێڵاوێکی ئاسن وەک قاڵب بەردەوام لەپێیدا بێت، ئەوکات چاک دەبێتەوە.

دایکەکە تەواو بە قسەی دکتۆرەکەی دەکرد، هەرچەندە منداڵەکە ناڕەحەت دەبوو دەگریا، هاواری دەکرد ئازاری دەچێژا، بەڵام دایکەکە هەر بەقسەی دکتۆرەکەی دەکرد، بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە بەدی بێت کە دەیەوێت.

دوای یەک ساڵ کە پێڵاوەکەی بۆ لادا، پێی تەواو چاکببووەوە، بەجوانی ڕێیدەکرد و چووە لای منداڵەکان یاریی بکات.

هاوڕێی ئازیز هەست ناکەیت ئێمەش وەک ئەو منداڵەین، هەمان شت لەگەڵ ئێمەش ڕوودەدات، نوێژ دەکەین هانا بۆ خودا دەبەین و نزا دەکەین، بەڵام خودا بەئارامی و هێدی هێدی وەڵاممان دەداتەوە، زۆر جار هەست دەکەین کە ئێمە ئیهمال کراوین و بەتەنها ماوینەتەوە، خوداش لەگەڵمان نییە، بەڵام دەبوایە و پێویست بوو کە ماوەیەک لەئازار و خەم دا بژیت کەم یان زۆر بێت، تۆ ئازارت چەشتووە و خوداش یەکسەر ڕزگاری نەکردووی.

لەداهاتودا ئەوە دەزانیت خودا هەموو ئەوانەی لەبەر تۆ بووە و بۆئەوەی بە درێژای ژیانت بەخۆشی و شادی و ئارامی بژیت.

# کەسەکان دوو جۆرن

مامۆستاکە پرسیارێکی ئاسانی لە یەکێک لە خوێندکارەکان کرد، هەموو خوێندکارەکان دەستیان کردە پێکەنین. مامۆستاکە هەندێ وەستا دواتر تێگەیشت کە خوێندکارەکان ئەم خوێندکارە بەگێل و گێژ دەزانن. کە وانەکە تەواو بوو، خوێندکارەکەی بانگ کرد و هەندێ ئامۆژگاریی کرد و دواتر دوو دێڕ شیعری بۆ نووسی، کە وەک ناوی خۆی جوان بیزانێت. ڕۆژی دواتر هەمان هۆنراوەی لەسەرتەختەکە نووسی، دواتر سڕییەوە و وتی: کێ لە ئێوە لەم ماوەدا لەبەریکرد؟ تەنها ئەو دەستی بەرزکردەوە و بە پەلەپەل و شلەژاوی هۆنراوەکەی وت.

مامۆستاکە زۆر دەستخۆشی لێکرد و بەهاوڕێکانی وت: چەپڵەیەکی بۆ لێدەن، ئەم دیمەنە چەندین وانە و چەندین هەفتە دووبارە بوویەوە.

هاوڕێکانی پەیتاپەیتا ڕایان دەگۆڕا بەرامبەری، متمانەی بۆ گەڕایەوە و ئەوەی زانی کە ئەم گێل نییە، دەستی کردە تێکۆشان و بووە ڕکابەری هاوڕێکانی و بەڵکو سەرکەوت بەسەریاندا، قۆناغەکەی بڕی دەرچوو بۆ ناوەندی و دواناوەندی و هەردوو قۆناغی بڕی ئێستا خاوەنی ماستەرە و خوێندکاری دکتۆرایە.

"چیرۆکی خوێندکارێک کە وەک سوپاسێک نووسیویەتی، بۆ ئەو مامۆستایەی کە بەدوو دێڕ هۆنراوە ژیانی گۆڕی"

کەسەکان دوو جۆرن:

(1) کلیلی خێر و خۆشبەختین و هەمیشە هیوات پێدەبەخشن و گەشبینت دەکەن و دەستت دەگرن و بەرەو سەرکەوتن دەتبەن.

(2) کلیلی شەڕ، دوور لەخێر هەمیشە بێ هیوا و ڕەشبینن و دەتڕوخێنن و لەناوت دەبەن بە وتەکانیان.

# هەر کات بەخشینت زیاد بوو ڕزقیشت زیاتر دەکات

لە چێشتخانە دانیشتبوو، ئەو خواردنەی زۆر حەزی لێبوو هێنایە سەر مێزەکەی، بینی لە دەرەوەی چێشتخانەکە کوڕ و کچێکی بچووک سەیری سەر مێزەکەی دەکەن. چووە دەرەوە و هەردووکیانی هێنایە ژوورەوە پاشان وتی: حەزتان لەچییە؟ ئاماژەیان کرد بۆ خواردنەکەی بەردەستی، ئەمیش داوای خواردنی دوو نەفەری کرد.

دەستیان کردە نان خواردن و ئەمیش دەیڕوانی لێیان، کەچەندە دڵخۆشن، تەواو بوون و ڕۆشتن.داوای حسابەکەی کرد، وەسڵێکیان بۆ هێنا نووسرابوو: ئێمە ئامێرێکمان نییە ، کە نرخی کاری مرۆڤایەتیانە دیاریی بکات و بی پێوویێت.

هەرکات بەخشینت زیاد بوو، ڕزقیشت زیاتر دەبێت.

# من بەرگری لە بیرو باوەڕی خۆم دەکەم

محمد علی کلای ئەوکاتەی ڕەتیکردەوە پەیوەندی بکات بەهێزی سـەربازی ئەمریکـاوە ئەم وتە جوانـانەی وت: بـۆچی پۆشـاکی سەربازی ئەمریکی بپۆشم؟

بۆچی پۆشاکی سەربازی بکەمە بەرم، دەیان هەزار میل ببڕم، بۆ ئەوەی فیشـەک و ڕومـانە بدەین لـە ڤیتنامییە سپی پێستەکان، لێرە ڕەش پێستەکان خراپترین مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و لەمافی خۆیان بێ بەش کراون. نەخێر من هەرگیز دەیان هەزار میل نابڕم، تەنها بۆ ئەوەی میلەتێکی هەژار بسوتێنم و لەناوببەم، لە پێناو بە کۆیلەکردنی میلەتـان و مـانەوەی دەسەڵاتـی ئەمـان، دەبێت ئیدی لێـرەدا ئەم خراپەکارییـە بوەستێنرێـت. لەوەش ئاگاداریـان کـردوومەتەوە کە بەهۆی ئەم هەڵوێستەمەوە مەلاین دۆلار باجەکەی دەبێت.

وتوومە و دەیڵێمەوە: دوژمنی من ئەوەتا لێرەیە و لەم خاکەدایە، سوکایەتی بەئاین و گەلی خۆم ناکەم، سوکایەتی بەخۆم ناکەم کە ببمە ئامرازێـک و بەکـارم بێـنن بـۆ کوشـتار و بەکـۆیلە کردنـی ئەوکەسـەنی داوای ئـازادی و یەکسـانی و داد پەروەری دەکەن بـۆ خۆیان، ئەگەر ئێوە باوەڕتـان وایە ئەم جەنگە ئازادی دەبەخشێتە ٢٢ملیۆن لە کەسەکانم ئەوا بەیانی دەچمە ڕیزیانەوە.

من بەرگری لە بیـرو بـاوەڕی خـۆم دەکەم، هـیچ شتێک نییـە تـا لەدەستی بدەم، دەم کەنە زیندانەوە چ کێشەیەک هەیە، ئێمە بەدرێژای ٤٠٠ساڵـە زیندانین.

•

# بۆچی دەگرین؟

گەنجەکە لە سەرەمەرگدابوو، کەسوکاری بەدەوورییەوەبوون.
+ ڕوویکردە باوکی: باوە گیان بۆ دەگریت؟
- کوڕی خۆم من بەتەنها دەمێنمەوە و تۆ لەدەستدەدەم.
+ دایەگیان ئەی تۆ بۆ واخەمباریت؟
-ڕۆڵە گیان جەرگم دەسوتێت و تاڵی دەچێژم.
+ ژنەکە تۆ بۆ وا هاوارتە؟
- بێلانە دەبم و ژیانمان سەخت دەبێت.
ئینجا خۆی دەستی کردە گریان زۆر گریا، هەمووتان لەبەرخۆتان دەگرین، ئەی کەستان بۆچی بۆ ئەوە ناگرین، چ سەفەرێکم لەڕێیە کە توێشووم چەند کەمە!؟ دەکرێمە ژێر خاکەوە.
بۆ ئەوەی بگرین دەبێت چۆن بم لەکاتی حیساب، چۆن بم لەبەردەم پاشای جیهانیان، بەرەو بەهەشت بمبەن یان بەرەو دۆزەخ.
پاشان کەوتە سەرلا..و...مرد

# هەمیشە سوپاسی خودا بکە لەسەر نیعمەتەکانی

لە یەکێک لەنەخۆشخانەکان کارم دەکرد، خەریک بوو کاتی دەوام تەواو دەبوو، بەڕێوەبەرەکەم وتی: بڕۆ دەرەوە، کابرایەکی ملوێنەری زۆر دەوڵەمەند ئێستا دێت، بە جوانی پێشوازی لێبکە. چوومە دەرەوە، سەیری سەیارە کۆنەکەی خۆم دەکرد، بەزەیم بەخۆمدا هاتەوە چەن فەقیرم، لە ناکاوا سەیارەیەکی گران بەهام دی، سەیری سەیارەکەی خۆمم کرد و سەیری ئەوەی ئەمیشم کرد، سەیری خۆمم کرد سەیری ئەوم کرد، بەزەییم بەداماوی خۆمدا دەهاتەوە، کە چەندێ داماوم.

کەدابەزی کردیانە سەر عارەبانەیەک، بینیم قاچی ڕاستی تائەژنۆ براوەتەوە، پرسیم بۆ ئەوەی ئازارت هەیە لەو قاچەدا هاتوویت بۆ لای دکتور؟

+ نا واللە بەچاوێکی پڕ گریان و دەنگێکی پڕ خەمەوە وتی: هاتووم دکتور مۆعیدی عەمەلیاتم بۆ دابنێت، ئازاری ئەم قاچەی ترم شێتی کردووم ئەویشم بۆ دەبڕنەوە.

ئینجا من چاوەکانم پڕ فرمێسک بوو، لەبەر حاڵی ئەو نا، بەڵکو لەبەرئەوەی چەن سپڵەین و ئەو هەموو نیعمەتانەی خودا پێبەخشیوون بیرمان دەچێت. هەستم بەبوونی قاچەکانم و تەندروستیی باشم کرد، زانیم کەهەموو پارەی ئەم دنیا دینێت بۆم. هەمیشە سوپاسی خودابکە لەسەر نیعمەتەکانی.

# برای لەم شێوەش هەیە

دووبـرا لەدوای باوکیـان پـارچەیەک زەوییـان بـۆ بەجێمـابوو، دانەیەکیان دەوڵەمەندبوو، بەڵام ژنی نەبوو. ئەوی تریان خاوەن ماڵ و منداڵ بوو بەڵام هەژار بوو.

دوای ئەوەی دانەوێڵەیان کرد و ڕۆژی دوورینەوەی جۆ کە هات، هەریەکەیان بەشی خۆیان جیاکردەوە و بردیانە گەنجینەکانیان.

برا دەوڵەمەندەکە شەو وتی: براکەم هەژارە و منداڵیشی هەیە، ئەو زیاتر پێویستی بە جۆیە، بۆیە بڕێک جۆی بردە گەنجینەی براکەی و هاتەوە نووست.

بـرا هەژارەکەش وتـی: بـراکەم هیچـی نییـە، هەردڵـی بەو شتانە خۆشـە، ئەو پێویسـتی بەوەیـە زیـاتر، بۆیـە بڕێـک جـۆی بـردە گەنجینەکەی براکەی و هاتەوە نووست.

بەیانی سەیریان کرد کە جۆ کە هیچ کەمـی نەکردووە.

بۆیە چەند شـەوێک هەمـان کاریـان کـردەوە، تاشەوێـک لە ڕێگا گەشتن بەیەک، یەکی بڕێکی جۆی پێبوو دەیانبرد بۆ یەکتری ئیتر دەستیان کردە ملی یەکتر و تێـریەکتریان لەئامێـزگرت، کە ئەوەندە یەکتریان خۆشدەوێت.

# تەنها لەکاتی ناڕەحەتیدا دەگەڕێتەوە بۆلای خودا

سەرۆک تێبینی ئەوەی کرد، یەکێک لە سەربازەکان زۆر ئازاو چاونەترسە لە کاتی جەنگدا، لە هەموو جەنگێکدا شوێنە سامناکەکان ئەم دەیگرت، بووبە هۆی ورە بەرزکردنەوەی هاوڕێکانی و لەپشت هەموو سەرکەوتنەکانەوەبوو.

کە سەرۆک لەگەڵی دووا دەیووت: من نیشتمان و خاکی خۆم خۆشدەوێت، دەمەوێت لە پێناویدا بجەنگێم و شەهید بم، لەکۆتایی گفتوگۆکەدا سەرۆک داوای لێکرد داوای شتێک بکات تائەم وەک پاداشتێک بۆی بکات.

سەربازەکە وتی: قوربان من تووشی نەخۆشیەکی کوشندە بووم هەردەمکوژێت، بۆیە منیش ئەوەم هەڵبژارد کە بجەنگم خۆ هەر دەمرم لەوێ بێت یان لەسەر جێگا.

باشترین دکتۆری بۆ بانگکرد تا چارەسەری بکات.

دوای ماوەیەک سەرۆک پرسی فڵانە سەرباز شەهید بووە، چیبووە وادیار نییە.

وتیان: قوربان لەسەر دەستی دکتۆر تەواو چاکبۆتەوە، ئێستا گرنگی بەخۆی و تەندروستی و خێزانی دەدات، ئێستا زۆر کات لە جەنگەکاندا ڕادەکات. سەرۆک زۆر خەمبار بوو بەم هەواڵە و وتی: ئەو لە کاتی ئازاردا چەندێ ئازابوو، ئێستاش چەند باشبووە ئاوا ترسنۆک بووە.

زۆرێک لەکەسەکان لە کاتی ئازار و بێئومێدبوون لە ژیان، ڕوودەکەنە عیبادەت و دەبنە خواناس و چاکەکار و بەخشەر. بەڵام کە چاک بوویەوە دەڵێی هەر هیچی نەدیووە، پشت لە خودای خۆی دەکات و پەرستش ناکات.

# ئەوەی لە دەستتدا خەمی لێمەخۆ

دەگێڕنەوە باڵندەیەک لەقەفسدابوو، بە خاوەنەکەی وت: گۆشتی من هیچ نییە لە چاو گۆشتەکانی تردا، سێ ئامۆژگاری گرنگت پێشکەش دەکەم، بەمەرجێک یەکەمجار لە دەستی تۆدابم ، دووەم جار لەسەربانەکە بم سێیەم لەسەر دارەکە بم.

ئەمیش باڵندەکەی دەرکرد

باڵندەکە وتی: (1)هەرگیز باوەڕ بەشتی موستەحیل مەکە.

چووە سەر بانەکە وتی: (2)ئەوەی لەدەستتدا خەمی لێمەخۆ.

چووە سەر دارەکە وتی:(3) لەناوسکمدا شتێکی بەنرخ هەبوو، هەڵت دڕایایە سوودێکی زۆرت لێدەدی.

خاوەنەکەی لەخۆی دەدا، خەفەتی دەخوارد کە چی لەدەستداوە وتی: ئامۆژگاریی ترم بکە.

باڵندەکە وتی: نەمووت بڕوا بەشتی موسەتەحیل مەکە، نەمووت خەفەت بۆ ئەو شتە مەخۆ کە ڕۆیی، گەورەم ئامۆژگاری تر چۆن سوودت پێدەگەیەنێت.

# بەختەوەربوون لە ژیانی هاوسەرێتیدا پەیوەستە بە نەگەڕان بەدوای هەڵەکانەوە

دوو خێزان دراوسێی یەکتر بوون، یەکەمیان بەردەوام ناکۆک بوون، ئەوی تر زۆر تەبابوون و خۆش دەژیان.

ژنەکەی وتی: پیاوەکە بڕۆ چاودێرییان بکە، بزانە ئەوان بۆ بەردەوام وا تەبا و بەختەوەرن.

پیاوەکە دەستی کرد بە چاودێری کردنی ئەو خێزانە، ژنەکە ناوماڵ وحەوشەی دەشۆری و ئەوناوەی پاکردەوە، پیاوەکە هاتەوە و قاچی خزا و کەوت، ژنەکەی هات وتی: تخوا ببوورە خەتای من بوو.

پیاوەکەی وتی: نا خەتای خۆم بوو ئاگام لەخۆم نەبوو.

پیاوەکە گەڕایەوە ژنەکەی لێی پرسی هۆکارەکەت زانی؟

پیارەکە وتی: بەڵێ زانیم، ئەوان لە هەموو شتێکدا لەیەکتر دەبوورن، هەڵەکان فەرامۆش دەکەن، ئێمەش یەکتر خەتابار دەکەین و چاومان لەهەڵەی یەکدییە.

پەند: بەختەوەربوون لە ژیانی هاوسەرێتییدا پەیوەستە بە نەگەڕان بە دوای هەڵەکان و کاممان هۆکارین، بەڵکو دەبێت چاویان لەوە بێت ژیانی هاوسەرێتییان بەردەوام بێت.

# خودا داپۆشەری تاوانەکانمانە

لە سەردەمی موسادا پیاوێک هەبوو، ماوەی ٤٠ساڵ لەسەر تاوان و خراپە بەردەوام بوو، بێ بارانی و قات وقڕی ڕووی تێکردن، ئەمانیش نزایان کرد تاباران ببارێت.
خودا بەموسای فەرموو: "باران نابارێت، لە نێوانتاندا بەندەیەک هەیە ٤٠ ساڵە تاوان دەکات، بەهۆی شوومی تاوانەکەیەوە بارانمان گرتۆتەوە، لە نێوان خۆتان دەری بکەن تاباران ببارێت"
دواتر موسا گەلی ئیسرائیلی کۆکردەوە و هۆکارەی تێگەیاندن و وتی: با ئەوکەسە دەرچێت لەناومان دا.
بەندەکە گوێی لە وتەکان بوو، بەڵام دەرنەچوو لە نەفسی خۆیدا وتی: پەروەردگارا گەر من ئێستا بڕۆم ئابڕوم دەچێت، بشمێنمەوە ئەمان لەتاو بێ ئاوی لەناو دەچن، پەروەردگارا من دەگەڕێمەوە بۆلات، پەشیمانم لە هەموو تاوانەکانم لێمخۆشبە و دام پۆشە و ئابڕووم مەبە.
باران باری دواتر موسا فەرمووی: خودایە باران باری و کەسیش لەناومان دەرنەچوو؟!
خودا فەرمووی: بەهۆی گەڕانەوە و تەوبەی ئەوکەسەوە باران باری.
موسا فەرمووی: خودایە ئەو کەسەم نیشاندە، تامنیش دڵخۆشبم پێی.
خودا فەرمووی: ٤٠ ساڵە تاوان دەکات پۆشیمە و ئابڕوویم نەبردووە، ئێستا کە تۆبەی کردووە و گەڕاوەتەوا چۆن ئاشکرای دەکەم.

# بڕیاردا بەختەوەری ژیانی
# وابەستە نەبێت بە پارچە شتێکەوە

عەلی ئەمتاوی دەڵێت: دوو کەس هەمان باریان دەکەوێتە سەر، ئەمیان تازاییە و بۆڵەی دێت و سکاڵای هەیە وەک ئەوە وایە دووعەشقی دەشکێنێت. ئەویان هەرپێدەکەنێت و ڕووی خۆشە وەک ئەوە وایە میچی هەڵدەگرێتێت.

دووکەس حوکمی مردن دەسەپێنرێت بەسەریاندا، ئەمیان ئەوەندە خەم دەخوات پێش ئەوەی بمرێت سەدجار دەمرێت. ئەویان کۆنترۆڵی خۆی و بیری دەکات بۆ ئەوەی پێش مردنەکەی خەم و خەفەت چەنجار نەیکوژێت.

دەگێڕنەوە پیاوێک سەرباز بووە، هێندە هۆگری جگەرەکێشان بووبوو، جگەرەیەک تەواو دەکرد دانەیەکی تری دادەگیرساند کە جگەرەی لێدەبڕا تەواو تێکدەچوو زۆر بێتاقەت دەبوو. ڕۆژێک سەیری کرد تەنها یەک جگەرەی پێماوە بڕیاری دا نابێت تا کاتێک زۆر پێویستی دەبێت، دواتر سەیر دەکات یەک هەفتەیە جگەرەکەی نەکێشاوە، ئیتر بڕیاری دا بەیەکجاری وازی لێبهێنێت. لەبەرئەوەی بڕیاریدا بەختەوەری ژیانی وابەستە نەبێت بەپارچە شتێکەوە.

ژنانی مێژوونووس شێخ خدری بەگ لە کۆتایی تەمەنیدا دەبێوەتە کە کەمەی ماری تێدایە، پرسیاری لە چەندین دکتۆر دەکرد، لەبەر شەرم کردن لێی پێدەمەنەکەین بەوتەکانی، دەیانوت شتێ وانییە و نابێت

هەتا ئەوکاتەی چووە لای دکتۆرێکی بەتوانا و شارەزا، هەندێ شتی داپێی دواتر وتی بچۆ تەوالێت، هەندێ ماری بچووکی بۆدانابوو کە ئەمەی دی وەیزانی ئەم ئیستادایناوە و لە گەدەی ئەمدا بووە، ئیتر شێخ چاک و چالاک بوویەوە، وەک جارانی لێهاتەوە، ڕێک دەڕۆی ئیتر نەخۆش نەکەوتەوە. شێخ باشبوو نەک لەبەر ئەوەی مارەکانی گەدەی دانا، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەو مارەی لەمێشکییدا وێنای کردبوو ئەما و ڕۆیشت، ئەو هێز و توانایەی لەمێشکیدا کە خەوتبوو بەئاگاهات.

لە نەفسی هەموو مرۆڤێکدا توانایەک هەیە گەر بتوانێت سوودی لێببینێت شتی سەیری بۆ دەکات.......

❊❊❊❊❊❊

# کۆتا وتەی عومەر موختار و دادوەرەکەی

دادوەر: بەرامبەر ئیتالییەکان جەنگاویت؟

عومەر موختار: بەڵێ.

دادوەر: خەڵکیشت هانداوە دژیان بجەنگن؟

عومەر موختار: بەڵێ

دادوەر: دان بەهەموو شتەکاندا دەنێیت؟

عومەر موختار: بەڵێ.

دادەوەر: دەزانیت لە سێدارە دەدرێیت؟

عومەر موختار: بەڵێ.

دادوەر: چەند ساڵە دژی دەسەلاتی ئیتالیەکان دەجەنگیت؟

عومەر موختار: ٢٠ساڵە.

دادوەر: پەشیمان نیت لەو کارەت؟

عومەر موختار: نەخێر.

دادوەر: دەزانیت لە سێدارە دەدرێیت؟

عومەر موختار: بەڵێ.

دادوەر: من پێم ناخۆشە بەم شێوەیە کۆتای بەژیانت بێت.

عومەر موختار: بەڵکو ئەوە باشترین شتە کە ژیانمی پێ کۆتایی دێت.

•

دادوەر دەیوست لێی خۆشبێت، بە مەرجێک ئەمیش نامەیەک بنووسێت، بە تێکۆشەرەکان بڵێت، جەنگ ڕاگرن بەرانبەر ئیتاڵییەکان.

عومەر موختار سەیرێکی کرد و فەرمووی: ئەو پەنجەیەی کەهەموو نوێژێک شایەتی ئەوەی پێدەدەم کە (لاالەالاالله وأن محمدا رسول الله) مەحالە شتی پوچی پێ بنووسرێت.

# نایە دان بەتواناکاندا دەنێین
# کە لە شوێنی خۆیدا بەکار نەهێنرێت

لە بەیانییەکی سارد لە پایتەختی ئەمریکا لە واشنتن و لە یەکێک لە میترۆکاندا، کابرایەک دەستی کرد بەژەنینی کەمانچەکەی، بۆ ماوەی ٤٥خولەک بەردەوام بوو لەم کارەی.
لەم ماوەدا ١١٠٠کەس لەوێوە تێپەڕین، زۆریان دەچوون سەرکارەکانیان.
دوای سێ خولەک لە لیدانی کەمانچە، پیاوێک کە تەمەنێکی مامناوەندی هەبوو ماوەی چەند چرکەیەک وەستا و ڕۆشت پەلەی کارەکەی بوو.
دوای خولەکێک ئافرەتێک دۆلارێکی بۆ دانا، بەبێ ئەوەی گوێی لێبگرێت و ڕۆشت.
منداڵێکی سێ ساڵان زۆر بە جوانی گوێی دەگرت، بەڵام باوکی هەر دەیویست بڕۆن چونکە کاتیان نییە. ئەوانەی زۆر گوێیان دەگرت منداڵان بوون، بەڵام باوکەکان دەیانویست بڕۆن.....
تا کۆتایی ٤٥ خولەکەکە، تەنها شەش کەس گوێیان لێگرت، ١٩کەس پارەیان دانا، کۆی گشتی پارەکە ٣٢دۆلار بوو.
دوای تەواوبوونی کەس چەپڵەی لێنەدا، کەس دەسخۆشی لێ نەکرد.
کەس نەیزانی ئەو کەسەی لەوکاتەوە کەمان لێدەدات، "جوشو بیل" یەکێک لە بەناوبانگرتین و باشترین مۆسیقاژەنی جیهان. کەمانچەکەی نرخەکەی ٣.٥ملیۆن دۆلارە. دوو ڕۆژ پێش ئێستا ئاهەنگێکی هەبووە، نرخی بلیتەکەی ١٠٠$دۆلار بووە.

جۆشـو بیـل، ئەم کـارەی لەڕێـی واشـنتن پۆسـتەوە کـرد، بـۆ لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی، لەبارەی درک پێکردنی مرۆڤ و کارە سەرەتایی و گرنگەکانی مرۆڤەکان.

- ئایا هەست بەشتە جوانەکـان دەکەیـن لەکـاتێکی نەگونجـاو و لەشوێنێکی نەگونجاودا.

-ئایا دەوستیت تا بزانین چییە.

- ئایا دان بەتواناکانتدا دەنێنین کە لەشوێنی خۆیدا نەبوو.

یەکێک لەهەرە شتە دیارەکانی ئەم لێکۆڵینەوە ئەوەیە:

کەسەکان چەند ساتێک نەوەستان گوێ لە بەناوبانگرتین کەسی مۆسیقی بگرن.

دەبێت بەدرێژای تەمەنمان چەندەها شت هەبووبێت و ئێمەش لەدەستمان دابن و چێژمان لێوەرنەگرتبێت و بێ ئاگا بووبین لێی و بەگرنگمان نەزانیبێت؟؟؟

# ئەگەر لە بواری زانست و فێرکردندا خەرج بکرایە...

ئەو ڕۆژەی هۆلاکۆ شاری بەغدادی داگیرکرد بازرگان و زانا و دادوەرەکانیان کوشت، فەرمانی کرد کە "مستعصم" بەزیندووی بگرن بۆ ئەوەی ئەو ئالتون و زیو و شتە بەنرخانەی شاردوویەتییەوە نیشانیان بدات.

کە دەستگیریان کرد، بە زۆرە ملێ شوێنەکانی نیشاندان، هێندە ئالتون و شتی بەنرخی تێدابوو، کە خۆیان چاوەڕێی ئەوەندەیان نەدەکرد.

هۆلاکۆ پێی وت: ئەگەر ئەمانەت بدایە بە پاسەوان و میللەتەکەت، ئەوا بەرگریان لێدەکردیت و دەیان پاراستیت.

مێژوونووسان دەڵێن: ئەوەی عەباسییەکان بەپێنج قەرن (٥٠٠ساڵ) کۆیانکردەوە، هۆلاکۆ بەیەک شەو دەستی گرت بەسەر هەموویدا.

ئێستاش ئەو شتەی کە بەشی سەدەها ساڵی خۆمان دەکات سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست بەیەک شەو دەیدەنە دەستی ئەمریکا و وڵاتە زلهێزەکان.

ئەگەر ئەوەی دەیدەن بەوان، بۆ بواری زانست و خزمەتگوزاری بەکاری بهێنن زۆر لەوان پێشکەوتوتر دەبین.

# تێگەشتنی کەسەکان بۆ شتەکان جیاوازە

لە سالی شەستەکاندا لە یەکێک لە زیندانیەکانی ئەلمانیادا. زیندانییەکان بەدەست خراپ مامەلەکردنی پاسەوانەکانەوە دەیان نالاند و زۆر خراپ بوون بۆیان. لەنێوان زیندانییەکاندا کابرایەک هەبوو بە "شمیدث" بانگیان دەکرد، بۆ ماوەیەکی زۆر حوکم درابوو. لەلایەن پاسەوانەکانەوە مامەلەیەکی تەواو جیاوازی بەرامبەر دەکرا و ڕێزیان دەگرت، هەربۆیە هاوڕێکانی دەیانووت ئەمە سیخوڕە و لەناویاندایە، بۆیە ئاوا دەکەن بەرامبەری. بەلام ئەم هەر دەیووت وانیە و منیش وەک ئێوە زیندانیم.

پرسیان ئەی باشە هۆکار چییە؟ ئەمیش پرسی ئایا ئێوە هەفتانە کە نامە بۆ خێزانەکانتان دەنووسن، چی تیادا دەنوسن؟

وتیان: باسی ستەمی پاسەوانەکانیان بۆ دەکەین و کەچەندی خراپن بەرامبەرمان و لێمان دەدەن.

شمیدث بەپێکەنینەوە وتی: منیش هەرجارێک نامە دەنووسم بۆ خێزانەکەم، لە کۆتایدا باسی چاکەی پاسەوانەکانی بۆدەکەم و هەندێکجاریش ناوی یەک و دوو دانەیان دەنووسم کە چەندی چاکن بەرامبەرم.

یەکێک لەزیندانییەکان وتی جاچۆن شتی وادەکەیت، خۆ دەزانی ئەوان چۆنن بەرامبەرمان و چی دەکەن!شمیدث وتی: ئێوە بۆ بیر ناکەنەوە، چی نامە هەیە یەکەمجار ئەوان دەیخوێننەوە، ئینجا مۆلەتت دەدرێت بگاتە دەستی خێزانەکانمان، بۆیە ئێستا شێوازی نامەکەتان بگۆڕن.

دوای هەفتەیەک هیچ نەگۆڕا بەڵکو "شمیدث" وەک ئەوان سزا و توندوتیژی بەرامبەر دەکرا.

بۆیە پرسیاری لە هەندێک لەزیندانیەکان کرد، چیان نووسیووە لە نامەکانیاندا وا ئاوا دەکەن؟

وتیان نووسیمانە: شمیدث فێری ئەو فێڵەی کردووین، کە لەنامەکەنمادا پەسنی پاسەوانە نەفرەتی و خراپەکان بکەین بۆتان، بۆئەوەی ئەوانیش باش بن بەرامبەرمان.

ئینجا لە سوچێکدا دەستەوئەژنۆ کەوت و دەیووت: ئەموون هەموونامەکان دەخوێننەوە تەنانەت ناوی منیشتان نووسیووە، ئیتر دەبێت هەمووومان هەرئازار بچێژین.

**پەند:**

کارێکی زۆر جوانە یارمەتی و ئامۆژگاری پێشەکەش کەسەکان بکەیت، لەوە جوانتر ئەوەیە بزانیت قسە بۆ کێ دەکەیت.

هەموو کەسێک کە ئامۆژگاریت کرد نهێنی پارێز نییە، ئەوشتەی تۆ پێگەشتویت بەچارەسەر بۆ کێشەیەک، مەرج نییە هەمان ڕێگا بۆ کەسێکی تر بۆهەمان کێشە گونجاو بێت. ئەو ڕێگایەی تۆ دەگەیەنێت بەشتێکی ڕاست لەوانەیە هەمان ڕێگا کەسانی تر نەگەیەنێتە ئەو شتە ڕاستە. ئەوە بزانە تێگەشتنی کەسەکان بۆ شتەکان جیاوازە.

# ڕاستگۆیی زیاتر ڕزگارت دەکات

خەریکی ڕیزکردنی ئەو دارانە بوو کە بۆ زستان هەڵیدەگرێت، کابرایەک بەڕاکردن هات داوی لێکرد لەناو ئەم دارانەدا حەشاری بدات، ئەمیش حەشاریدا. دەستی کردەوە بەکارەکەی خۆی، بۆ ئەوەی هەست بە هیچ نەکەن، لەناکاو دوو پیاو هاتن پرسییان گەنجێکت نەدیووە لەم ناوەدا؟

+ بەڵێ دیوومە، ئەوەتا لەناو ئەو دارانەدا شاردوومەتەوە، بگەڕێن دەیدۆزنەوە.

یەکیان وتی: ئەمە دەیەوێت سەرقاڵمان بکات ئەو هەموو دارە لابدەین، دوایش هیچیشی تیا نەبێت، دواتریش کوڕەکە زۆر دووردەکەوێتەوە لێمان، بابڕۆین لێرە.....

دوای کەمێک گەنجەکە هاتە دەرەوە، قسەی زۆری بەکابراکە ووت: تۆرەحمت لەدڵدا نییە چۆن وادەکەیت..؟

+کوڕی خۆم ئەگەر بەدرۆ ڕزگارت ببێت، ئەوا ڕاستگۆی زیاتر ڕزگارت دەکات، بمووتایە تۆ لێرەدانیت دەگەڕان و دەیاندۆزیتەوە و دەیان کوشتیت، بڕۆ ئاگات لەخۆت بێت هەمیشە ڕاستگۆ بە لەدرۆ دووربە.ڕاستگۆیی هۆکاری ڕزگاربوونە.

# پێشانت دام چەندێ هەژارین

کابرایەکی دەوڵەمەند ویستی ئەوە فێری کوڕەکەی بکات لە چی ناز و نیعمەتێکدا دەژی، و هەژارانیش چۆن دەژین. چوون بۆ لادێیەکی هەژارنشین، لای خێزانێک لایاندا کە لە باخێکدا دەژیان و چەن ڕۆژێک لەوێ مانەوە. کە گەڕانەوە باوکەکە وتی کوڕی خۆم بینیت هەژارەکان چۆن دەژین؟

+ بەڵێ باوکە گیان.

کەواتە چی لێوە فێربوویت؟

+ فێری زۆر شت بووم: ئێمە یەک سەگمان هەیە، ئەوان چوار سەگیان هەبوو. ئێمە چەندین گڵۆپمان داناوە تا باخ و ماڵمان ڕووناک بکاتەوە، ئەوان پێویستیان بەمە نیە و ئەستێرەکانی ئاسمان بۆیان ڕووناک دەکەنەوە، ئێمە باخێکی بچووکمان هەیە حەوشەکەی بچووکە، ئەمان تا چاو بڕکات باخە و حەوشەیەکی گەورەیان هەیە. ئێمە لە شوێنێکی بچووکدا دەژین، ئەوان شوێنەکەیان زۆر گەورەیە. خزمەتکارەکان خزمەتمان دەکەن، ئەوان خۆیان خزمەتی یەکتری دەکەن لەنێوان خۆیاندا. ئێمە خواردن دەکڕین، ئەوان لە بەروبومی دەستی خۆیان دەخۆن. ئێمە چەندین دیوارمان کردووە تا بمان پارێزێت، ئەوان خۆیان خۆیان دەپارێزن باوکە هەر حەپەسابوو ئینجا کوڕەکە وتی: سوپاس بۆتۆ باوکە گیان، پێشانت دام ئێمە چەندێ هەژارین.

# پێویستە هەموو ئەمانە لەناخماندا دەرکەین

قوتابخانەیەک گەشتێکی بەهارەیان ڕێکخستن، بە ژێر پردێکدا ڕۆشتن کە لەسەری نووسرابوو بەرزی ٣ مەتر، شۆفێرەکە نەوەستا و بەخێرایی بەژێریدا ڕۆیشت، لەبەرئەوەی بەرزی پاسەکەی ئەمیش ٣مەتر بوو، بەڵام سەقفی پاسەکە لە پردەکە گیربوو نەڕۆشت. شۆفێرەکە زۆر بەلایەوە سەیربوو کە بۆ وای لێهات.

یەکێک لەوانەی هاتبوو یارمەتیان بدات وتی: هۆی ئەوەیە ڕێگاکە دووبارە قیرتاو کراوەتەوە بۆیە بەرز بۆتەوە و سێ مەتر بەرزیەکەی جارانی نەماوە، چەندین پێشنیار کرا کە چۆن دەرباز بن. با سەیارەیەکی تر ڕاببکێشێت، با زەویەکە چاڵ بکەین.

یەکێک لە خوێندکارەکان کە بەتەمەن منداڵ بوو وتی: چارەسەر لای منە من چارەی دەکەم: ساڵی پار مامۆستاکەمان، ئەوەی فێرکردین کە پێویستە ڕق و کینە و خۆبەگەورەزانین و خۆپەرستی و لوت بەرزی هەموو ئەمانە لەناخماندا دەربکەین، ئەوکات ڕۆح و نەفسمان دەگەڕێتەوە سەر سرووشتە پاکەکەی خۆی و دەتوانین بەسەر ناڕەحەتییەکاندا زاڵ ببین، لە ناڕەحەتییەکانی ژیان ڕزگارمان بێت.

ئێمەش هەوای تایەی سەیارەکەمان کەم دەکەینەوە و بەئاسانی لەم پردە ڕزگارمان دەبێت و دەردەچین.

پەند:

خودی خۆمان هۆکاری کێشەکەین نەک بەهێزی دوژمنەکانمان، با ئەو خۆبەگەورە زانین و سەرکەشییمان واز لێبهێنین، بۆ ئەوەی بە ئارامی ژیان بەڕێ بکەین و دووربین لەکێشە.

# بە ڕاستی مەزانن

یەکێک لە سەربازەکان لە بەرەکانی جەنگەوە ئەم نامەیەی نووسی: ئەگەر من مردم، هەموو شتێک بەڕاست مەزانن، ئەگەر دایکم لە بەرنامەیەکدا وتی: کوڕەکەم بەئاواتی ئەوەوە بوو شەهید بێت، کوڕەکەم دەیووت نیشتیمان گرنگە دەبێت خۆمانی لە پێناودا بەخت بکەین، بەڕاستی مەزانن، منیش وەک ئێوە حەزدەکەم بژیم و ژیان بکەم.

من وام نەوتوە، بەڵکو ئەوە پیشەکەشکارەکەیە بڕوای پێکردووە وابلێت. ئەو هاوڕێیەم کە ڕەسمەکەم دادەنێت و شعرم بۆ دەنووسێت بڕوای پێ مەکەن، ئەوە زۆر دووڕووە، چەندین جار داوای بڕێک پارەم لێکردووە، بەڵام ئامادە نەبوو قەرزم بۆ ماوەیەکی کەم بداتێ.

ئەو هاوڕێیەم کە هوتاف دەکێشێت و دەڵێت چی کوڕێکی جەنگاوەر و ئازا بوو، بەڕاستی مەزانن، ئەو جل و بەرگە جوانەی بە پارەی ئێمە کڕیوە، کە بۆ ئێمە تەرخانکرابوو، بەڵام ئەو گشت پارەکەی دزیوە بۆخۆی. ئەو کەسانەی دوای جەنگ قسە دەکەن، پاڵەوانی میدیاکانن، هەرگیز لە کاتی جەنگدا کەسیانم نەدی!

نەوەکانیان لە دەرەوەی وڵات لە خۆشییەکی زۆردا دەژین، کوڕە هەژارەکانیش بەکوشتن دەدەن، دواتریش ئەوانن کە شانازی دەکەن و دەکرێنە پاڵەوان و کەسانی ئازا.

ئەگەر مردم خەمی دایکمە، لەدووریی من ئازار زۆر دەچێژێت و باوکم دەشکێت، خەمی فرمێسکەکانی خۆشەویستەکەمە کە هەموو جار دەڵێم من باشم.

# متمانەت بەمن بێت

ماستەرم تەواو کرد لە زانستی دەروونیدا، ئاواتە خوازی ئەوەبووم بچمە سەرکار و شوێنی خۆمم هەبێت و نەخۆشیی دەروونی چارەسەربکەم، بەڵام ماڵەوەمان دەیانووت تۆ کچیت نابێت شتی وابکەیت.

هەر داواکاریێکم دەهات، دەمووت:؟ من بەتەمای ئەو کارەم؟ دەیانووت شتی وانابێت.

داواکارم زۆر هات، تەمەنیشم وردەوردە هەڵدەکشا، خەریک بوو لە ئاواتەکەم پاشگەز ببمەوە و بچمە سەر قەناعەتی دایک و باوکم.

تا کوڕێک هاتە داوام منیش وتم: ئاواتم ئەو کارەیە، زۆر قسەی نەکرد تەنها وتی: متمانەت بەمن بێت. منیش بەڕاستم زانی و بەقسەم کرد.

دوای چەند هەفتەیەک بەسەر گواستنەوەمدا، وردە وردە قسەی لەگەڵ دایک و باوکی خۆیدا کرد، قەناعەتی پێیان کرد کە کارەکە بەو شێوەیە نیە کە بیری لێ دەکەنەوە، عیادەکەم دانا. لەوکاتەوە هەزارەها نەخۆش سەردانی کردووم بۆ چارەسەر وەرگرتن لەلای من.

من زۆر سوپاسی پیاوەکەم دەکەم کە توانی ئاواتەکەم بۆ بێنێتە دی و خاوەن پەیمانی خۆی بوو، ئێستا تەواو لە واتایی متمانە و ئارامگری تێگەشتووم، زۆر جار دەڵێن لەپشت هەموو پیاوێکەوە ژنێکی گەورە هەیە، بەڵام لەزۆر کاتی تردا لەپشت ئافرەتێکی گەورە و سەرکەوتووەوە پیاوێکی گەورە هەیە، کە بڕوای پێیەتی و بڕوای بە خەونەکانی هەیە و هەوڵدەدات بۆی بەدی بهێنێت.

# کاتێک دەگەیتە تەمەنی ٢٠ساڵی

کاتێک دەگەیتە تەمەنی ٢٠ساڵی و هەیتا هەیتا تەمەنت بەرەو سەرەوە دەڕوات، دەبێت ئەم وانە گرنگانە بزانیت:

(1)ئیتر ژیانت دەستی پێکردووە، دەست بکە بە ژیان، بزانە بڕیاردان جیاوازی لە ژیانتدا دروست دەکات.

(2) خوشک و براکانت و دایک و باوکت ئەوان تۆیان زۆر خۆشدەوێت، چاکەی تۆیان دەوێت، گرنگیان پێبدە و ئەوانت خۆشبوێت، ئەوەش بزانە هاوڕێیانی فەیسبوکت زۆرکات لە کاتی نارەحەتیدا ناگەنە فریات.

(3)هەرئامانجێکت هەیە دەبێت پشوودرێژ بێت، کەشتنت بەو شتە پێویستی بەکاتە، بۆیە پەلەمەکە، ئارامگربە.

(4) کە کەوتیتە خۆشەویستیەوە؟ ئامادەبە ئەم کارە زۆر گرانە و ئەگەری هەیە دڵیشت بشکێت.

ئەو پەیوەندییەی دڵت چەند جار تیایدا شکا، جێی بهێڵە و ژیانت بەڕێبکە، شایەنی ئەوە نییە لەم پەیوەندییەدا بمێنیتەوە و خۆت ئازار بدەیت.

(5)ژیان پڕێتی لە ستەمکاری، تۆش خۆت ئامادەبکە، لەوانەیە ببیت بەیەکێک لەوانەی ستەمت لێدەکرێت.

(6)نابێت چیت ویست هەتبێت، کوێت ویست لەوێ بیت، بۆیە لە دەستنیشان کردنی شوێن و شتەکان وریابە، ناتوانیت خاوەنی هەموو شتێک ببیت.

7) هەرچیت ویست ئێستا دەستپێکە، ئەوەی دەتەوێت خاوەنی بیت دوای مەخە بۆ دواتر، زۆرجار ئەوشتەی دوای دەخەیت دواتر ناکرێت و بۆت ئەنجام نادرێت.

8) کەس نییە هاوکاریت بکات خۆت نەبیت، ئاگات لە کردارەکانت بیت و بزانە چۆن مامەڵەدەکەیت.

9) گرنگی بە تەندروستیی جەستەت بدە و بەردەوام وەرزش بکە.

10) کۆڵ مەدە گەرچی توشی شکست هاتیت، بۆ ئامانجێک بژی و بۆی تێبکۆشە، گەرچی تووشی نارەحەتی و ئازار هاتیت کۆڵ مەدە و بەردەوام بە.

*******

# قۆناغی شاهانە

لە ژیاندا قۆناغێک هەیە کە پێی دەگەیت، پێی دەوترێت قۆناغی شاهانە (Royal level، المرحلة الملكية).

کاتێک دەگەیتە ئەم قۆناغە، ئیدی موناقەشە لەسەر شتەکان ناکەیت، ئەگەر موناقەشەش بکەیت، تاقەتی ئەوەت نییە بیسەلمێنیت کە ئەو لەسەر هەڵەیە.

ئەگەر کەسێک درۆت بەناوەوە بکات، لێیدەگەڕێیت درۆکەی بکات، تۆ وا گوێی لێدەگریت کە ڕاستیەکت بۆ باس دەکات.

ئیتر بۆت دەردەکەوێت ئەم جیهانە بەتۆ چاک نابێت.

کەسی نەزان هەر بەنازانی دەمێنێتەوە، چەندێ ڕۆشنبیریش بێت.

کەسی گێل هەر بەگێلی دەمێنێتەوە، هەر چەندە بشگۆڕێت.

هەموو ئەوشتانەی نارەحەتت دەکەن و دەبنە هۆی خەفەت پێدانت پشت گوێی دەخەیت و ژیانت بەڕێ دەکەیت.

لەشەقامەکاندا وەک پاشایەک ڕێ دەکەیت و پێکەنیت بەو خەڵکە دێت، کە چی فێڵ و تەڵەکە لەیەکتر دەکەن بۆ بەدەستهێنانی چەند شتێکی هیچ و کەم بەها.

بۆت دەردەکەوێ خۆشی ئەمڕۆ بەردەوام نابێت، لەوانەیە ببێتە هۆی خەم و نارەحەتیت بۆسبەی.

خەمی ئەمڕۆ بەردەوام نابێت، دەبێتە هۆکاری دڵخۆشی و بەختەوەریت بۆ سبەی و دواڕۆژت.

باوەڕت بەخودای خۆت پتەو دەبێت، بۆت ڕوون دەبێتەوە ئەو بەشە چاکە کەخودا پێت دەبەخشێت و دەیدات.

ئەگەر گەیشتی بەم قۆناغە، هەوڵ مەدە خۆت بگۆڕی، تۆ ئێستا خاوەن و پاشای خودی خۆتیت، زۆر ئارام و بەئاگایت.

چەندی تەمەنسان زیاتر بێت، بۆمان ڕوون دەبێتەوە بەختەوەری پەیوەست نییە بەشتە مادییەکانەوە، بۆیە نەوەکانت فێربکە تەنها دەوڵەمەندی پارە نەبن، بەڵکوو فێریان بکە خاوەنی عیزەتی نەفس بن، خودایان خۆشبوێت، سەیری گرنگی شتەکان بکەن نەک نرخەکەیان.

ڕۆژگار زۆر بەخێرای دەڕوات، بەخێراییەکی سامناک، بۆیە خۆت چاک بکە چاکە بکە، چاک بە بۆ دەوروبەرت.

کەسی بەختەوەر ئەوەیە، نامەی کردەوەکانی پڕبێت لە چاکە.

زەردەخەنە بکە بە ڕووی خەڵکیدا، ئاگات لەنوێژەکانت بێت، ئاگات لە نەفست بێت، پارێزگاری لە خۆشەویستانت بکە.

# ژێرپێی مرۆڤ نەرمترە لە سەرپێی

یەکێک لە گەنجەکان وتی: لە نێوان من و باوکمدا دەماقاڵە و ئاژاوەیەک ڕوویدا، کارگەشتە ئەوەی دەنگم بەسەریدا بەرزکردەوە و دڵیم ئێشاند.

هەندێ بابەتی زانکۆ لەبەردەستابوو، هەڵمدایە سەر کتێبخانەکەم، چوومە سەرجێگای نووستنم، خەفەت بیر و هۆشی داگیرکردبووم، سەرم خستە سەر سەرینەکەم، وەک هەموو جار کە تووشی نارەحەتی و خەفەت دەبم، خەو تاکە شتە پەنای بۆدەبەم بۆئەوەی لەو بێتاقەتییە ڕزگارم بێت.

ڕۆژی دواتر لەکاتی هاتنەوەم لە دەوامی زانکۆ مۆبایلەکەم دەرکرد و ویستم بە نامەیەک باوکم ئاشت بکەمەوە و هەست وسۆزی بجولێنم.

لەنامەکەدا نووسیم:

بیستوومە کە ئەڵێن ژێرپێی مرۆڤ نەرمترە لە سەرپێی، قاچەکانت مۆڵەتم دەدات کە بە لێوەکانم ڕاستی ئەم قسە تاقی بکەمەوە، گەشتمەوە ماڵ، بینیم باوکم لە مەدخەلەکەدا چاوەڕێمەوە، فرمێسک بەڕوومەتەکانیا دێتە خوارەوە. بە گریانەوە فەرمووی: هەرگیز ڕێگەت نادەم قاچەکانی من ماچ بکەیت، ئەو قسەی تۆ کردت زۆر ڕاستە، من خۆم تاقیم کردۆتەوە، ئەوکاتەی من ژێری پێت و سەری پێتم ماچ دەکرد تۆ منداڵ بوویت.

چاوەکانی منیشی پڕ فرمێسک کرد.

ڕۆژێک دێت ئەوانیش ئەگەڕێنەوە بۆلای خودا، لێیان نزیک بن تا لەژیاندا ماون، ئەگەر ڕۆشتوون دوعای خێریان بۆ بکەن.

# هەرگیز بڕیار لەسەر کەس مەدە

لە گوندێکی بچووک پیرەمێردێکی وێنەکێشێک هەبوو، وێنەی زۆرجوانی دەکێشا، دواتر بەنرخێکی گران دەیفرۆشتەوە.

ڕۆژێک لە ڕۆژان دانیشتوییەکی هەژاری گوندەکە هات بۆلای پێی وت:

تۆ بڕە پارەیەکی باشت دەست دەکەوێت بەهۆی کارەکەتەوە، بۆچی یارمەتی هەژارانی گوندەکەت نادەیت.

_بڕوانە قەسابی گوندەکەمان، بڕێکی زۆر پارەی دەسناکەوێت، کەچی زۆرجار پشکە گۆشت دەبەخشێتە هەژاران و دڵیان خۆش دەکات.

+پیرەمێردەکە هیچ وەڵامی نەدایەوە، تەنها زەردەخەنەیکی بەڕوودا کرد و تەواو.

_ بەتووڕەییەوە پیرەمێردی جێهێشت، بە خەڵکی گوندەکەی ووت: پیرەمێردی وێنەکێش، زۆر کەسێکی دەوڵەمەندە، بەڵام زۆر ڕەزیلە و بەخشەر نییە.

بەهۆی ئەم قسانەوە خەڵکی گوند پشتیان لەکابرای وێنەکێش کرد و ئیهمالیان کرد.

ڕۆژان هات و چوو پیرمێردەکە نەخۆش کەوت هیچ منداڵێکی نەبیردە لای خۆی خزمەتی کات، بەتەنهایی مایەوە تا مرد.

ڕۆژ هاتوو چوو، خەڵکی گوند تێبینی ئەوەیان کرد، ماوەیەک قەسابەکە گۆشت نادات بەهەژاران. بۆیە بڕیاریان دا بچن بۆلای، تا هۆکارەکەی بزانن. کەپرسیاریان لە قەسابەکە کرد.

لە وەڵامدا وتی: پیرەمێردە وێنە کێشەکە، هەموو مانگێک بڕێک پارەی دەدا بە من، بۆ ئەوەی گۆشت بەسەر هەژارانی گوند ببخشمەوە، ئەو مردووە بۆیە منیش وەستاوم لەبەخشین.

**لەم چیرۆکەوە فێربە:** هەندێ کەس گومانی زۆر خراپت پێدەبەن، وە هەندێ کەس گومانی زۆرچاکت پێدەبەن، هیچیان نەسوودت پێدەگەیەنن نەزەرەر، ئەوە گرنگە کە خودا ئاگای لە حاڵتە و لای خودا چۆن بیت هەرگیز بڕیار لەسەر کەس مەدە هەندێ شتی ژیانی ئەو هەیە، کە تۆ ئاگات لێی نییە ئەگەر ئەوشتانە بزانیت، ئەوا ڕات دەگۆڕێت بەرانبەری.

❊❊❊❊❊❊❊❊

# چۆن فێری درۆ بووە

دایکی پێی وت: ڕۆڵەکەم ئەگەر خواردنەکەت تەواوبکەیت، ئەوا دەتبەمە دەرەوە بۆ خۆت یاری بکەیت، کە خواردنەکەی تەواو کرد

وتی: دایکە بابڕۆین بۆ دەرەوە؟

دایکی وتی: ڕۆڵەگیان تازە درەنگە بچینە دەرەوە، لە دەرەوە گیاندارێکی لێیە منداڵ دەخوات.

منداڵەکەش بە دڵشکاوییەوە دانیشت وگوێی لە دەنگی منداڵەکان بو کە لەدەرەوە یارییان دەکرد، وەهیچ گیاندارێکیش نەیخواردن.

چیرۆکەکە بەردەوامە....

منداڵەکە چووە قوتابخانە، مامۆستا وتی: ئەوەی لەناو پۆلدا ئاقڵ و ئارام بێت کۆتایی هەفتە گەشتێکی پێدەکەین.

ئەمیش زۆر هەوڵیدا و لە پۆلدا قوتابییەکی زۆر هێمن بوو، لە هەموویان چاکتر بوو لەم ڕووەوە.

وتی: مامۆستاگیان گەشتەکەمان بۆ کوێ یە؟

مامۆستاکە وتی: گەشتی چی ها!!!!!

چیرۆکەکە بەردەوامە....

باوکی وتی ئەگەر ئەمساڵ بەیەکەم دەرچیت ئەوا پاسکیلت بۆ دەکڕم،

ئەمیش هەوڵی زۆری دا، لەکۆتاییدا بەیەکەم دەرچوو.

وتی باوکە پاسکیلەکەم بۆ بکڕە، باوکی وتی: پاسکیل تووشی ڕووداوت دەکات، وازی لێبێنە.

ڕۆژان هات و چوو، چیرۆکی ئەم منداڵە هەروابوو.

پاشان کە گەورەبوو، درۆزنێکی شارەزای لێدەرچووبوو.

دوای دەیان وت ئەم ڕەفتارە ناشرین و قێزەونە چۆن فێربووە!

# ئێمە نازانین چی کارێک دەمان خاتە بەهەشتەوە

ئەگەر مێرووولەیەک بینی یەکسەر پانی مەکەرەوە، لەناوی مەبە، خوداش ڕەحمت پێدەکات، لەبەرئەوەی تۆ بەڕەحم بووی بەرانبەر مێروویەک. لەبیرت بێت ئەو مێرووولەیە بەردەوام زیکری خودا دەکات، تۆش مەبە هۆکاری بچڕانی زیکرەکەی بە لەناوبردنی.

ئەگەر بەلای باڵندەیەکدا ڕۆشتی ئاوی دەخواردەوە، مەیترسێنە، با ئاوەکەی تەواو بکات لەبەر خودا، سا بەڵکوو خودا سەلامەتت بکات لەو ڕۆژەی هەموان لەترس و ناڕەحەتیدان.

هەرگیز هیچ گیاندارێک ئازار مەدە، سا بەڵکوو خودا لە ئازار و ناڕەحەتی بتپارێزێت. ئەو خواردنەی لێت ماوەتەوە، فڕێی دەدەیت، لە شوێنێک فڕێی بدە کە ئاژەڵ و باڵندەکان سوودی لێببینن، لە پاداشتی ئەم کارەت خودا ڕزقی بێشوومارت دەدات.

ئەو وتانەی بڵاوی دەکەیتەوە، باشتانی چاک بن، بەڵکوو خودا ناڕەحەتی هەردوو دنیات لەسەر لابدا. هەرکارێکت ئەنجام دا، لەبەر خودا بیکە. کاری چاکە بکە گەرچی کەمیش بێت، ئێمە نازانین چی کارێک دەمانخاتە بەهەشتەوە.

# واز لە ئاوەکە بێنە تا خۆی هێمن دەبێتەوە

ڕۆژێک واڵەتیرو هەموو ڕۆژێک دەچوو بۆلای دەریاچە
دابنیشێ سەیری دەکرد لە ئاوەکەدا سەیری خۆی دەکرد و سەیری
لە دەکرد لەبەر ئەوەی ئاوەکە تا ڕۆژێک بەرامبەری گەشتی
کە جارێک بەردێکی فڕێدایە ناو دەریاچەکە بینی کە ئاوەکە شەپۆلی دا
و کەوتە ئاوەکە دەستی کرد بە شەپۆل دان و شەپۆلەکان شێوەی خۆی
تێکدا شەپۆلەکانی ئاوەکە بە هێمنی و خۆی شێواندن هەرچەند
هەوڵی دا و هەوڵیدا نەیتوانی شەپۆلی ئاوەکە بوەستێنێت.
دانیشت بە دڵتەنگی ڕۆیشت دوای ئەوەی ئەوەکە چەند ڕۆژێکی
تێپەڕی بوو پیرێک وتی چارەسەرێکت پێدەڵێم بەڵام بە مەرجێک
لێ قبوڵ بکەی
پیرەکە وتی: ئەگەر ئەم چارەسەرە بیدەم هەر چییەک بێت.
ئەنجا وتی: واز لە ئاوەکە بێنە تا خۆی ئارام و هێمن دەبێتەوە و
شەپۆل دەکەوێتە
پەند
هەموو کار و کێشەیەک کاتێک دەتەنگێت چاکی ناکەیت بەڵام
گرێکە خراپتر دەبێتە بۆیە ئارام بگرە و کارەکە بسپێرە بە کات و
خوا بۆت چارە دەکات هەمیشە بڵێ: (واز لە ئاوەکە بێنە تا خۆی
هێمن دەبێتەوە)

# شوێنیان دەکەون ئەگەر چی زۆریش سزایان بدەن

ڕۆژێک ستالین لە یەکێک لە بۆنەکاندا داوای کرد، کە مریشکێکی بەزیندوویی بۆ بهێنن، تا وانەیەکی گرنگ فێری ئامادەبووان بکات.

دوای ئەوەی مریشکەکەیان بۆ هێنا، بەدەستێکی مریشکەکەی گرت و بەدەستەکەی تری پەڕی لە مریشکەکە دەکردەوە، مریشکەکە چەندێ هەوڵی دا سوودی نەبوو، تا بەتەواوی پەڕی پێوە نەما، پاشان ستالین وتی سەیربکەن چی ڕوودەدات.

مریشکەکەی دوورخستەوە هەندێ گەنمی بەدەستەوە گرت، مریشکەکە یەکسەر بەرەوو ڕووی هات دەنوکی دەدا لەقاچی، بۆ ئەوەی گەنمی بداتێ. دواتر دەستیکرد بە گەنم ڕۆکردن بۆی، ستالین بۆهەرکوێ دەڕۆی، مریشکەکەش بەدوایەوە بوو، بۆئەوەی گەنمی بداتێ.

ستالین زۆر بەهێمنی بە هاوڕێیانی وت: ئێوە ئاوا ئەتوانن حوکمی میللەت بکەن، مریشکەکەتان بینی چۆن شوێنم کەوت، تەنها بۆ ئەوەی خواردنی بدەمێ ،هەر چەندە ئازاریشم دا.

میللەتەکان زۆربەیان وەک مریشکەکە وان، شوێن ئەو کەسانە دەکەون کە قوتی میلەتەکەیان لایە، ئەگەر چی زۆریش سزایان بدەن.

# گرنگی بە دایکت بدە

دایکەکە دوای مردنی پیاوەکەی یەک کوڕی هەبوو، کوڕەکەی گەورە کرد و ژنی بۆ هێنا، دوای ماوەیەک کوڕەکەی بڕیاری دا، لەگەڵ خێزانەکەی بچن بۆ وڵاتێکی تر لەوێ ژیان بەسەر بەرن.

دایکی وتی: ڕۆڵە گیان بەتەنها جێم دەهێڵیت؟

وتی: دایە ببوورە، مەبە ڕێگر لەداهاتووم، مەبە ڕێگر لەوەی بەخۆشی بژیم. دایکی جێهێشت.

دایکەکە بەردەوام نامەی بۆ کوڕەکەی دەنارد، بۆ ئەوەی بزانی کوڕەکەی باشە و دڵی ئارام بێت.

بەڵام کوڕەکە وەڵامی نامەکانی نەدەدایەوە.

دایکەکە بیری کردەوە کە پلانێک بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی وەڵامی بداتەوە، لە نامەیەکدا بۆی نووسی: کوڕی خۆم مامەت کۆچی دوایی کردووە و میراتێکەی بۆ من ماوەتەوە و پارەیەکی باشم دەستکەوتووە، هەرکات پێویستت بەپارە هەبوو بەنامە ئاگادارم بکەرەوە..

پلانەکەی سەریگرت.....

حەفتانە کوڕەکەی نامەی بۆ دەنارد و داوای پارەیەکی دیاری کراوی دەکرد، دایکەکەش بۆی دەنارد.

دایکەکە دڵگران نەبوو، بەڵکوو زۆریش دڵخۆش بوو کە کوڕەکەی نامەی بۆ دەنێرێت و هەواڵی دەزانێت.

ئەوەی پشتگوێ خستبوو کە کوڕەکەی لەبەر پارە وەلامی دەداتەوە، تاسێ مانگ کارەکە وابەردەوام بوو، دواتر دایکەکە دەنگی نەما و وەلامی نامەی نەدەدایەوە.

کوڕەکە هەواڵی بۆ هات کە دایکی مردووە، گەڕایەوە بۆ شارەکەی، بۆ ئەوەی ئەو پارە زۆرەی کە هەیەتی وەریبگرێت، کە هاتەوە بۆ ماڵی دایکی سەیردەکات پیاوێکی نەناسراو نیشتەجێیە تیایدا.

کوڕەکە وتی: مامە تۆ کێی؟

وتی: دایکت سێ مانگ پێش ئێستا ئەم خانووەی بەمن فرۆشت، دوای ئەوەی تەواو نەخۆش کەوتبوو، سەرەتا شتەکانی خانوەکەی فرۆشت، دواتر خانووەکەشی فرۆشت، لەسەرشەقامەکان دەخەوت و گوێی بەوە نەدەدا کەنەخۆشە، تاکۆچی دوای کرد، کەسیش نەیدەزانی ئەم پارانە لەچییدا خەرج دەکات، کوڕەکە بەگریانەوە وتی: من دەزانم چی لێدەکرد.

پەند: گرنگی بە دایک و باوکت بدە، ئەگەر چی لێشیان دوورکەوتیتەوە بەهۆی کار یان ژیانی هاوسەرێتیەوە، بەلام ئەوان لەبیر نەکەیت و هەمیشە هەواڵیان بپرسە و بەسۆز بە بۆیان میهرەبان بە بۆیان، وەک ئەوان ئاوان بۆ تۆ.

# سەرکەوتنی وڵات بەهۆی سەرکەوتنی تاکەکانەوەیە

سالی پار لە کاتی پشووی ساڵانەدا، بڕیارم دا کاتی پشووەکەم لە ئەورووپا بەسەر بەرم.گەشتم کرد بۆ لەندەن، لەوێ لە یەکێک لە هۆتێلەکاندا ژوورێکم گرت، تازە گەشتبوومە شوێنەکە، دراوسێکەم کە ژوورەکەی ڕێکی من بوو لە نهۆمی سەرەوە سەردانی کردم، زۆر بەلامەوە سەیر بوو، بۆچی هاتووە بۆ سەردانی من، بەڵام دوایی کە هۆکارەکەیم زانی، بۆم دەرکەوت کە سەرکەوتنی ئینگلیز دەگەڕێتەوە بۆ کەسەکان، ئەوان دەزانن پێویستە چی بکەن و چیان لەسەرە، هۆکاری سەردانەکەی ئەوە بوو، کاتی خەو وئیسراحەتی من بزانێت، دواتر کاتی یاریکردنی منداڵەکانی دیاری بکات، نەوەک منداڵەکانی لە باخچەکەدا یاری بکەن و ئەمیش کاتی پشووی بێت و پشووەکەی لێ تێک بدەن.

ئەم ڕووداوە هەمیشە لەخەیاڵمدایە، کاتێک ئەم هەرایەی ژیانی خۆمان دەبینم.

سەرکەوتنی وڵات بەهۆی سەرکەوتنی تاکەکانەوەیە، سەرکەوتنی تاکەکانیش واتە ڕێزگرتن لە مافی کەسانی تر.

# وعسى أن تكرهوا شيئا وهو خير لكم

دوو هاوڕێ بڕیاریان دا سەربکەونە سەر چیایەکی بەرز، بۆئەوەی لەسەر بەردە گەورەکانی سەرەوەی چیاکە، چەند وێنەیەکی جوان بنەخشێنن، گەشتنە شوێنی مەبەست و دوای ماوەیەک دانەیەکیان نەخشاندی وێنەکەی خۆی لەسەر بەردێکی گەورە تەواو کرد، وردە وردە دەهاتە دواوە بۆ ئەوەی وێنەکەی بەجوانتر ببینێت، پەیتا پەیتا بەپشتا دەڕۆی بۆ ئەوەی وێنەکەی جوانتر ببینێت، تاگەشت بەوەی چەند هەنگاوێکی تر بڕۆشتایە دەکەوتە ناو چاڵێکی گەورەوە، بێ ئەوەی ئاگای لەخۆیی بێت.

هاوڕێکەی کە ئاگای لێبوو وتی: ئەگەر هاوارکەم لەوانەیە بشلەژێ و بکەوێتە چاڵەکەوە، بۆیە بڕیاری دا وێنەکەی بشێوێنێت، چی بۆباغ هەبوو کردی بەوێنەکەدا و تەواو شێوانی و جوانی وێنەکەی نەهێلا.

هاوڕێکەی بەپەلە و بەتووڕەییەوە گەڕایەوە بۆ سەرەوە وتی تۆ بۆ لەوێنەکەم دەکەی بۆ وات کرد؟

هاوڕێکەی وتی: ئەگەر من بێدەنگ بوومایە و تۆ هەروا لەوێنەکەت بڕوانیایە، ئێستا کەوتبوویتە ئەو چاڵە گەورەوە و مردبوویت.

پەند: زۆرجار لە ژیانماندا شتە جوانەکانمان خۆشدەوێت و خۆمانی پێوە پەیوەست دەکەین، واحساب دەکەین ژیانمان بێ ئەوشتە نابێت و ناڕوا، بەڵام لەزۆری سەرسام بوونمان بەو شتە بێ ئاگاین لەوەی ئێمە بەرەو دواوە دەبات؟ بۆیە کاتێک لە دەستمان دەچن، زۆر بۆ لەدەستدانی دەگرین و غەمبار دەبین، دواتر بۆت دەردەکەوێت، زۆر جار لەدەستدانی ئەو شتە یان بێ بەش بوونت لێی خێرێکی زۆری پێوە بووە، بۆتە هۆی ئەوەی کە لەچەندین بەڵا بت پارێزێت، دواتر بۆت دەردەکەوێت لەدەستدانی سوپاسی خودای دەویست نەک ناشکور بێت.

# زەردەخەنەی دایکم

ئەرکاتەی منداڵ بووم، دایکم پێی وتم دەتوانی وشەی (حەڵاڵ)بڵێیت و هەردوو لێووت لەیەک نەنێیت و لێوەکانت دانەخرێت، منیش وتم بێ ئەوەی لێوەکانم لێک بنێم، دایکم زۆر خۆشحاڵ بوو، ماچێکیشی کردم.

دواتر دایکم وتی: ئەتوانی وشەی (حەرام )بڵێیت و لێوەکانت لێک نەنێیت، زۆر هەوڵم دا سوودی نەبوو، نەمتوانی لێوەکانم لێک نەنێم، بەغەمبارییەوە وتم دایکە ناتوانم.

دایکم بەزەردەخەنەیەکەوە وتی: کوڕی خۆم، ئەمە جیاوازی نێوان حەڵاڵ و حەرامە. حەرام داخران و بەدبەختییە، حەڵاڵ کرانەوە و خۆشبەختییە.

بۆیە خۆت سەرپشک بە کامیان هەڵدەبژێریت، لەو ڕۆژەوە ئەگەر حەرامم ئەنجام دایە، دایکم لێوەکانی لێکدەنا و ڕووی گرژ دەکرد.

ئەگەر حەڵاڵم ئەنجام بدایە، زەردەخەنەیەکی جوان لەڕوویدا هەبوو.

دایکم دەیووت: ئەگەر زەردەخەنەی دایکت دەوێ بەردەوام کاری حەڵاڵ ئەنجام بدە و لەحەرام دووربە.

گەورەبووم و هەمیشە هەوڵم دەدا دایکم ڕووبەخەندە بێت.

دایکم نەخۆش کەوت و دواتر کۆچی یەکجاریی کرد.

کۆتاجار کفنەکەیە سەریم لادا و ماچێکی ناوچاوانیم کرد، دایکم ئەرکاتیش دەم بەخەندە بوو.

وتم دایکە گیان: بەڵێن بێت تا دەگەمەوە دیدارت، هەر حەڵاڵ ئەنجام بدەم.

# هەڵەکان دابپۆشە

دەگێڕنەوە پاشایەک هەبوو، چاوێکی کوێر بوو لەگەڵ ئەوەش قاچێکیشی شەل بوو. ڕۆژێک کۆمەڵێک وێنەکێشی بانگ کرد، تا وێنەیەکی جوانی بکێشن، بە مەرجێک هیچ کام لەوو دوو عەیبەی دەرنەکەوێت. زۆربەیان ئەم کارەیان ڕەتکردەوە. وتیان چۆن بتوانین کاری وابکەین!

لەنێوان هەموویاندا وێنەکێشێک وتی: من دەتوانم ئەم کارە بکەم.

وێنەیەکی جوانی پاشای کێشا، بەڵام چۆن؟

لەوێنەکەدا پاشا لەڕاوە و چەکێکی پێیە، نیشانی گرتۆتەوە، بەم شێوەیە چاوە عەیب دارەکەی داخستووە، لەسەرئەژنۆش دانیشووە، بەم شێوەش قاچە عەیبدارەکەی دیار نییە.

زۆر بەسادەیی کارەکەی تەواو کرد و عەیبەکەی شاردەوە.

خۆزگە ئێمەش عەیبەکانی کەسانی ترمان ئاوا دابپۆشیایە هەرچەندە ئەو عەیبە گەورەبێت و دیار بێت. کەسمان بێ هەڵە و عەیب نین، هەڵەکان دا بپۆشە، هەمیشە جوان بین و گەشبین بە.

# بەم شێوەیە کێشەکانت لەبیر دەبەنەوە

کابرایەک سکاڵای بردە لای دانایەک وتی: من و خێزانم و ٦منداڵ و دایکم و خەسووم لەیەک ژووردا دەژین، زۆر نارەحەتین چی بکەم باشە؟

داناکە وتی: برۆ گوێدرێژێک بکڕە و با لەگەڵ خۆتان بژی، دوای دوو ڕۆژ سەردانم بکەرەوە. دوای دووڕۆژ هاتەوە، وتی: کارەکە خراپتر بووە.

داناکە وتی: برۆ مەڕێکیش بکڕە، دوای دوو ڕۆژ بێرەوە.

دوای دوو ڕۆژ هاتەوە و وتی حاڵمان نییە.

داناکە وتی: برۆ مریشکێکیش بکڕە و دووڕۆژی تر وەرەوە.

دوای دوو ڕۆژ هاتەوە، وتی خەریکە خۆم دەکوژم ژیانمان نەماوە.

داناکە وتی: برۆ گوێدرێژەکە بفرۆشە دواتر پێم بڵێ ژیانتان باشتر بووە؟

فرۆشتی و وتی کەمێک باشبووین.

داناکە وتی: برۆ مەڕەکەش بفرۆشە.

دوای چەند ڕۆژێک وتی: برۆ مریشکەکەش بفرۆشە.

پیاوەکە ئەمانەی کرد، وتی ئێستا ژیانمان زۆر خۆشە سوپاس بۆ خودا من زۆر مەمنونی جەنابتانم.

سیاسی و حوکومەت ئاوان لەگەڵ خەڵکیدا ئەوەندە کێشەت بۆ دروست دەکەن، تادواتر سوپاسی خودا بکەیت، لەسەر کێشە کۆنەکانت.

# ئێستاش تامی شیرینییەکە لە بن ددانمدایە

پیاوێکی پیری نەخۆش کە لە نەخۆشخانە دەمایەوە، هەموو ڕۆژێک گەنجێک دەهات نانی دەداپێی و پاشان دەیشۆرد و پیاسەیەکی باخچەکەشی پێدەکرد، هەموو ڕۆژێک ئەم کارەی دووبارە دەکردەوە.

ڕۆژێکیان نەخۆشێک لە پیاوە پیرەکەی پرسی:

ما شاءالله ئەمە کوڕتە!؟

وتی: خۆزگە کوڕم بوایە.

ئەمە کوڕێکی بێباوکە، ئەوکاتەی باوکی مردبوو، بینیم لەبەردەرگای مزگەوتەکەدا دەگریا، منیش دڵنەوایم کرد و پارچەیەک شیرینیشم بۆ کڕی، ئیتر لەدوای ئەوەوە نەمبینیەوە.

لەوکاتەی زانیوویتی من نەخۆشم و کەسیش نییە چاودێریم بکات بێجگە لە خێزانە پیرەکەم، منی هێناوە بۆ ئێرە و هەموو ئەرکانی کێشاوە، بەردەوام یارمەتیم دەدات.

ڕۆژێکیان وتم: کوڕی خۆم بۆ ئەونە خۆت عەزێت دەدەیت بەمنەوە؟

بەپێکەنینەوە وتی: مامە گیان ئێستاش تامی ئەو شیرینییە لە بن ددانمدایە، کە بەمنداڵی کاتی مردنی باوکم بۆ منت کڕی.

**چاکە بکە، چاکە دێتەوە ڕێت.**

# زۆر ترسام لەدەستت بدەم

یەکێک لە پیاوەکان گێڕایەوە لە نێوان من و خێزانمدا بوو بەدەنگەدەنگمان کار گەشتە ئەوەی پێم وت: تۆ هیچ نیت، تۆ لەژیانی مندا بیت یان نا وەک یەکە، تۆ چی دەکەی خزمەتکارێکیش دەتوانێت بیکات و جوانتریش دەیکات.

بە چاوێکی پڕ فرمێسکەوە سەیرێکی کردم و چوو بۆ ژووری تر، منیش ئەم کارەم بەگرنگ نەزانی و لەبیرم کرد و خەوتم.

خێزانم کۆچی دوای کرد، بەدەستی خۆم کردمە گۆڕەوە.

تا چەند ڕۆژێک هەستم بەزۆرشت نەدەکرد، خەفەتم کەم ئەخوارد، لەبەرئەوەی دەوروپشتم قەرەباڵغ بو، دوای ئەوە ڕۆشتمەوە ماڵەوە، ئەوکات زانیم چ کەسێک جێی هێشتووم. دڵم زۆر زۆر بێ تاقەت بوو، هەستم دەکرد ماڵەکەشی لەگەڵ خۆی بردووە.

دوای سێ ڕۆژ پرسەکەشی تەواو بوو. بەیانی درەنگ هەڵسام، سەیری جێگای خێزانم کرد، ویستم سەرکۆنەی بکەم بۆچی زوو ئەبەری نەکردمەوە، بەڵام ئەوی لێنەبوو تازوو خەبەرم بکاتەوە، وەتەی ئەو خێزانم بوو هەموو بەیانیەک خەبەری دەکردمەوە، واتر چوومە سەرکارەکەم، ئەمڕۆ کات نەدەڕۆشت، ئەمڕۆ خێزانم تەلەفونی بۆ نەکردم، چەندێ چاوەڕێم کرد هەر تەلەفون نەهات تابزانم چی دەوێت، بیری قسەخۆشەکانیم کرد، بیری هەواڵ پرسینەکەیم کرد، بەڵام هەر پەیوەندی نەکرد.

هەرکات دوا بکەوتمایە، ئاواتە خواز بووم بەزەردەخەنەوە شوازیم بکات؟ بەڵام ئەو دەیووت بۆ دواکەوتی ها خەمم بوو؟ یان

دەیووت: هەموو شتەکانت هێنا کە وتم، من ئەمەم بەخۆش نەدەزانی، بەس ئێستا زۆر ئاواتە خوازی ئەوەم بۆجارێکی تر گوێم لەو وتانە بێت.

ماڵ وێرانە بێ ئەو، من چیم لەدەستدا، ئێستا ئازارەکەم زیاتر بووە، کە نەخۆش کەووتوم، ئەو نەماوە هەردوو دەستەکانی بدا لەدەم و چاوم بڵێت باش دەبیت، تابەیانی بەدیارمەوە بێت، وەک دایکم بەدیارمەوە بێت نەک وەک ژنێک.

دەسم کرد بە گریانێک تا ئێستا وانەگریاوم، ئەم وت خودایە ڕەحمی پێبکەیت و بەم گریانە زۆرەوە مامەوە تا...

بەزەنگی موبایلەکەم خەبەرم بوویەوە، لەبەر خۆمەوە وتم: شوکر بۆ خودا ئەمە خەو بوو، شوکر ڕاست نییە، بەپەلە ڕامکرد بۆ ژووری خێزانەکەم، لە خۆشیدا خەریک بوو دڵم لەلێدان بووەستێت

سەیرم کرد، خەووتوە و سەرینەکەی بەفرمێسکی چاوەکانی تەڕبووە، لەخەوم هەستان، هەرچەندە لێم عاجزبوو بەڵام من خۆم بۆنەگیرا هەردوو دەستیم گرت و ماچم کرد بەچاوی پڕ فرمێسکەوە پێم وت:

من بێ تۆ ناژیم، تۆ ژیانی منیت تۆ هەموو شتێکی. خێزانەکەشم دەگریا وتم تۆ بۆ دەگریت!

وتی: منیش زۆر ترسام تۆ لەدەست بدەم ئەم بەیانییە سەیری ژوورەکەتم کرد، بەناڕەحەتی هەناسەت دەدا و لەبەر خۆتەوە قسەت دەکرد...

# ئەو ئافرەتەی مێژوو کردارەکەی تۆمارکردووە نەک ناوی

ئەرکانەی قژی کچی پاشای شانە دەکرد و دەیڕازاندەوە، شانەکەی
لە دەست کەوتە خوارەوە.
کە ویستی هەڵیبگرێتەوە وتی: بسم الله.
کچەکە وتی: مەبەستت لەباوکمە(فیرعەون)؟
وتی: نەخێر، مەبەستم پەروەردگاری من و تۆ و باوکیشتە.
کچەکە ئەمەی بەفیرعەون گەیاند و فیرعەون داوای کرد ئەم
ئافرەتەی بۆ بانگ بکەن.
فیرعەون: کێ خودایە؟
ئافرەتەکە: خودای من و تۆ الله یە.
فیرعەون فەرمانی کرد کە مەنجەڵێکی گەورە پڕ لەزەیت بخرێتە سەر ئاگر، دواتر فەرمانی کرد سێ منداڵ و منداڵە شیرەخۆرەکەشی بێنن، منداڵە گەورەکەیان بردە لای مەنجەڵەکەوە دیسان پرسیاری کردەوە کێ خودای تۆیە؟
وتی: الله خودای من و تۆشە.
منداڵەکەیان کردە ناو مەنجەڵەکەوە، هێندە گەرم بووبوو، لە ماوەیەکی کەمدا گۆشتی پێوەنەما تەنها ئێسقانەکەی مایەوە.
پاشان منداڵی دووەمیان هێنا، دووبارە پرسی کێ خوداتە؟
وتی: خودا من و تۆ الله یە، ئەمیشیان هەڵدایە ناو مەنجەڵەکەوە.
پاشان منداڵە شیرەخۆرەکەیان هێنا، فیرعەون وتیەوە: کێ خوداتە؟

:

ئافرەتەکە کەمێک وەستا، سۆزی زۆر جوڵا بۆ منداڵەکەی، بەڵام خوا لەم کاتەدا منداڵەکەی هێنایە گۆ وتی: دایە گیان مەترسە بڵێ خوای من و تۆ الله یە، تۆ وتەکەت ڕاستە.

منداڵە شیرەخۆرەکەیان هەڵدایە نێو مەنجەڵەکە، دواتریش دایکیشیان وا لێکرد هەموویان مردن.

ئەوکاتەی خۆشەویست شەوڕەوی پێکرا، لەگەڵ جبریل دا بەلای شوێنێکدا ڕۆشتن، بۆنێکی زۆر خۆشی لێدەهات خۆشەویست فەرمووی ئەم بۆنە چییە؟

جبریل فەرمووی: ئەوە بۆنی ئافرەتە خزمەتکارەکەی کچەکەی فیرعەون و منداڵەکانیەتی....

*****

# بیلالی بانگدەر، نمونەی وەفاداری

هەمووان دەزانین بیلالی حەبەشی یەکەم کەس بوو بانگی دا بەفەرمانی خۆشەویست_د.خ_نزیکەی ١٠سال لەبانگدان بەردەوام بوو، تا ئەوکاتەی خۆشەویستمان _د.خ_وەفاتی فەرموو.

لە دوای وەفاتی خۆشەویست _د.خ_، بیلال چووە خزمەتی ئیمامی ئەبوبەکر، پێی فەرموو: ئەی خەلیفەی موسڵمانان من گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو دەیفەرموو: (چاکترین کردەوە تێکۆشانە لە ڕێی خودادا)،ئەبوبەکر فەرمووی: ئەی بیلال چیت ئەوێ؟

بیلال فەرموی: ئەمەوێ بچمە ڕیزی موجاهیدانەوە تا وەفات دەکەم.

ئەبوبەکر فەرمووی: ئەی بیلال کێ بانگمان بۆ بدات.

بیلال بەچاوی پڕ گریانەوە وتی: دوای پێغەمبەری خودا بانگ بۆ کەس نادەم.

ئەبوبەکر فەرمووی بیلال بمێنەرەوە و هەر بانگدەرمان بە.

بیلال فەرمووی ئەوکاتەی منت لە کۆیلەی ڕزگارکرد لەبەرئەوەی لەژێر فەرمانتابم ئەوا بەقسەت دەکەم، ئەگەر لەبەر خوداش ڕزگارت کردووم، ئەوا وازم لێبهێنە بۆ ئەو زاتەی کە بۆت ئازاد کردووم.

ئەبوبەکر فەرمووی بیلال تۆم لەبەرخودا ئازادکردووە. بیلال ڕووی کردە شام، بووە یەکێک لە موجاهیدەکان.

بیلال خۆی دەیفەرموو: لە دوای وەفاتی پێغەمبەر نەم دەتوانی لە مەدینەدا بمێنمەوە خۆم بۆ نەدەگیرا. هەرکات بیویستایە بانگ بدات کەدەگەشتە:

"اشهد ان محمدًا رسول الله" قوڕگی پڕ دەبوو لە گریان و بانگەکەی بۆ تەواو نەدەکرا.

دوای چەند ساڵێک لەخەویدا پێغەمبەری خودا _د.خ_ پێی فەرموو: بیلال ئەم وشکی و بێوەفاییە چییە، بۆچی تۆ سەردانم ناکەیت.

بـیلال لە خەو ڕاچەڵکـی، بەغەمبـارییەوە ڕێگـای بەرەو مەدینە گرتەبەر،

گەشـتە مەدیـنە و چـووە خزمەتـی گـۆڕی خۆشەویسـت_د.خ_ دەسـتی کـرد بە گریـان و مـاوەیەکی زۆر بەم حـاڵەوە لە خزمەتـی گـۆڕی خۆشەویسـتدا بـوو. ئیمـامی حەسـەن و حوسـێن باوەشیان پیاکرد، بەبیلالیان فەرموو: حەزدەکەین ئەم بەیانییە تۆ بانگ بدەیت.

بیلال چووە سەربانی مزگەوتی مەدینە و کە وتی (الله أكبر الله أكبر) شاری مەدینە بەجارێک خرووشا، کاتێ گەشتە (أشهد أن محمداً رسول الله)تەنانەت ئافرەتانیش هاتبوونە دەرەوە.

بیلال هاتۆتە بانگ دەدات، گشتیان بیری ڕۆژانێکیان کەوتەوە کە بیلال بانگی دەدا و خۆشەویستی_د.خ_خودایان لەناودابوو، هاوەڵان هیچ ڕۆژێکی وەهەیان نەبینیبوو، کە ئەوەندە خەڵکی بگرین، بە بانگی بیلال گشتیان ڕۆژانی خۆشەویستیان بەبیرهاتەوە.

وە ئەوکاتە کە ئیمامی عومەر سەردانی شامی کرد، پێیان فەرموو کە تکا لەبیلال بکات تەنها یەکجار بانگ بدات، کاتێ نوێژ هات و بیلال دەسـتی کـرد بەبانـگ دان هـاوەڵان دەسـتیان کـرد بەگریـان بیری ئەوکاتەیان کەوتەوە کە بیلال بانگی دەدا و پێغەمبەری خودا لەژیانا بوو، ئیمامی عومەر گریان گریا کە کەمجار وابینرا بوو.

بیلال ئەوکـاتەی لەسـەرە مەرگدا بوو بە خێزانەکەی وت: مەگری سبەینێ دەگەم بەخۆشەویستانم، دەگەم بە محمد _د.خ_ وهاوەڵانی

# خێری ٧٠ حەجی بۆ نووسرا

دەگێڕنەوە "عبدالله کوڕی موبارەک" ساڵێک دەچوو بۆحەج، ساڵێکیش جیهادی دەکرد، ئەو ساڵەی کە چوو بۆ حەج ماڵئاوای لەکەس و کاری کرد، کەوتەڕێ بەرەو شاری مەککە.

لەڕێگا گەیشتە ئافرەتێک لەسەر سەرگوێلانک، مریشکێکی مردارەوەبووەی هەڵدەگرتەوە، ئەمیش پرسیاری لێکرد بۆچی وا دەکەیت؟

ئافرەتەکە وتی: وازبهێنە پەیوەندی بەتۆوە نییە.

عەبدولا وتی: سوێند بەخودا ناڕۆم، تا هۆکاری ئەم کارەتم پێ نەڵێیت.

ئافرەتەکە وتی: چوار منداڵم هەیە و باوکیان نەماوە، منیش گەڕام هیچمان نەبوو، دام لە دەرگای زۆر کەس هیچیان نەدامێ، تەنها ئەمە دەست کەوت ناچار بووم بیبەمەوە.

عەبدولا چی پارەی پێبوو کە بۆ خەرجی حەج هێنابووی گشتی دا بەم ئافرەتە و گەڕایەوە وحەجی نەکرد.

دوای ئەوەی حاجیان گەڕانەوە بۆ شاری مەدینە، حاجیەکان پیرۆزباییان لێدەکرد، ئەمیش دەیووت من حەجم نەکرد، ئەوانیش سوێندیان خوارد کە بینیویانە تەوافی ماڵی خودای کردووە......!

لەخەویدا پیاوێکی نورانی بینی پیاوەکە وتی: ئەڵێی نامناسیت من پێغەمبەری خودام، خۆشەویستی تۆ لەدنیادا و تکاکارت لە ڕۆژی دوایی، خودا لە هەموو نارەحەتیەکانی ژیان ڕزگارت بکات، وا ئەو کچانەت لە نارەحەتی ڕزگارکرد، ئەزانی عەبدولا ئەوانەی کە چوون بۆ حەج پاداشتی یەک حەجیان بۆ نووسرا، بەڵام تۆ خێری ٧٠حەجت بۆ نووسرا.

# بە چاکە وەڵامی خراپە بدەرەوە

پیاوێک حەوزێکی گەورەی ئاوی هەبوو، کردبووی بەخێر بۆ خەڵکی، تا لە ئاوەکەی سوود وەرگرن، تا ڕۆژێک چوونە سەری ئاوەکە، پڕبووبوو لە شتی پیس و پاشماوە.

کە هەواڵیان گەیاندە خاوەنەکەی وتی: چاکی بکەنەوە، چاکیان کردەوە.

ڕۆژی دواتر دووبارە پڕکرابوو لە پیسی و پاشماوە، خەڵکەکە زۆر توورەبوون، بەڵام خاوەنەکەی وتی ئەمجاریش پاکی بکەنەوە، بەڵام شەو چەند کەسێک چاودێری بکات، بزانێت کێ ئەم کارە ئەنجام دەدات؟ ئەگەر زانیتان کێیە، تەنها وەرن بە من بڵێن و ئاشکرای مەکەن.

ڕۆژی دواتر هاتن، بەشەرمەوە وتیان: گەورەمان ئەوەی ئەوکارە دەکات ئامۆزاکەتە.

وتی:لا حول ولا قوة إلا باللە، ئەم شتە بەینی خۆمان بێت و دووبارە حەوزی ئاوەکە چاک و پاک بکەنەوە. دەمەو ئێوارە فەردەیەک برنج و شەکر و هەندێ پارەو بۆنی خۆشی لەگەڵ خۆیدا برد چوو بۆ ماڵ ئامۆزاکەی. گەشتە ماڵیان: سڵاو ئامۆزا گیان من داوای لێبووردن دەکەم، دەمێکە سەردانم نەکردووی و هەواڵم نە پرسیووی هیچ باسی ڕووداوەکەشی نەکرد، ئەو شتانەی پێیبوو دای پێی و گەڕایەوە. پاشان فەرمانی کرد ئەم شەویش چاودێری بکەن، لە درەنگانێکی شەودا ئامۆزاکەی هات، بەڵام ئەمجارە ئەو ئاوەی

پاکردەوە و هەندێ بۆنی خۆشی کرد بەو ناوەوە و گەڕایەوە بۆ ماڵ.

پەند: ئەگەر ویستت کێشەکان چارەسەربکەیت، دەبێت بە چاکە وەڵامی ئەوانە بدەینەوە کە خراپن بەرامبەرمان، نەک بە خراپە وەڵامیان بدەینەوە( ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ ) بەکردەوە و ڕەووشتی جوان وەڵامی هەمووان بدەرەوە.

# جولەیبیب لە منە

جولەیبیب گەنجێکی شاری مەدینە بوو، زۆر جوان نەبوو، هەژاریش بوو، خۆشەویست بە پیاوێکی ئەنصاری فەرموو: دەمانەوێت خوازبێنی کچەکەت بکەین.

پیاوەکە: بەسەرچاوم ئەی پێغەمبەری خودا.

خۆشەویست فەرمووی: من بۆ خۆمم نییە.

پیاوەکە: ئەی بۆ کێیە؟

خۆشەویست فەرمووی: بۆ جولەیبیب هاوەڵی خۆم.

پیاوەکە وتی: با پرسێک بە دایکی بکەم، بە خێزانی وت: پێغەمبەری خودا هاتوتە داوای کچەکەمان.

وتی: کچەکەمانی پێشکەش بێت.

پیاوەکە وتی بۆ(جولەیبیب)ە،

ژنەکە وتی: جولەیبیبە ناشرین، سێ جار ئەم قسەی وتەوە، سوێند بە خودا کچی خۆمی نادەمێ، پیاوەکە هەستا هەواڵەکە بدات بە خۆشەویست، کچەکە وتی: کێ ناردووە بۆ داوام؟

وتیان: پێغەمبەری خودای ناردووە.

کچەکەی وتی: چۆن دەتوانن قسەی پێغەمبەری خودا ڕەت بکەنەوە، بمدەن بە کوڕەکە، پێغەمبەری خودا من بەزایە نادات، کچەکە چەندی جوان بوو، بەڵام زانی خۆشەویست بەزایەی نادات.

جولەیبیب هاوسەرگیری کرد، چەند ڕۆژێک تێنەپەڕیبوو بەسەر ئەم هاوسەرگیرییەدا، بانگەواز کرا بۆ جیهاد، کوڕی تازە زاواش خۆی ئامادە کرد و چوو بۆجەنگ.

دوای جەنگەکە خۆشەویست پرسیاری کوژراوەکانی دەکرد، دەیانوت فلان وفلان کوژراون.

خۆشەویست فەرمووی جولیبیب م بۆ بدۆزنەوە؟

کە دۆزیانەوە لەنێوان حەوت کوژراوی بێباوەڕاندا بوو.

وتیان پێغەمبەری خودا ئەمەتا حەوت کەسی کوشتووە و خۆشی شەهید کراوە، خۆشەویست هاتە سەری فەرمووی: جولەیبیب لە منە و منیش لەوم، چەند جارێک ئەم وتەیەی دووبارە کردەوە و پاشان بەدەستەکانی خۆی هەڵیگرت و ناشتی.

*******

# چۆن خۆمم لەناوبرد

بەیانی هەستا لە خەو چوو دەم و چاوی بشوات، سەیری ئاوێنەی کرد دەم و چاوی گشتی ڕەنگبوو وێنەی تێدا کێشرابوو، خێزانی تەمەنی هێشتا منداڵ بوو، هێشتا دڵی هەر منداڵەکەی جاران بوو، دەم وچاوی پیاوەکەی والێکردبوو، بەهیوای ئەوەی بەیانی هەستا لە خەو سەیرێکی خۆی بکات و پاشان بەپێکەنینەوە باوەش بەمدا بکات و ماچی بکات، دوایش پێی بڵێت من تۆم زۆر زۆر خۆشدەوێت، ئیتر سەرتاپای ئەو ڕۆژە لەخۆشیدا بن.

دەم وچاوی شۆری و بەڕوویەکی گرژەوە هات بۆ مەتبەخ چا بخوات، بەڵام ئەم هێشتا ئامادەی نەکردبوو، دەیویست هەندێ گفتوگۆی ڕۆمانسی لەگەڵ بکات، کە لە فیلم و کتێبەکاندا بینوویەتی، وایزانی بە ڕوویدا پێدەکەنێت، بەڵام تاتوانی قیژاندی بەسەریدا، ئەم زەردەخەنەی کرد وەیزانی ئەویش وادەکات، بەڵکوو زللەیەکی لێدا، هێندە بەهێزبوو کەوت بەزەویدا، وتی: من تۆم نەهێناوە یاریت لەگەڵ بکەم! من پیاوم، منداڵ نیم، ژنم هێناوە ببین بە خێزان و منداڵت بێت، بۆ ئەوەی پیاوبم لەبەرچاو هەموویان، تۆ دەتەوێت وەک دراماکان بژیت.

ئەمیش هەر دەگریا، وتی: هاوڕێکانم دەعوەتی منن، یاخوا جوان خواردن ئامادەی نەکەیت، خۆم دەزانم چیت لێدەکەم.

لە ماڵ دەرچوو خۆی زۆر بە پیاو دەزانی کە وای لەخێزانی کردووە، ژنەکەی بەگریانەوە جێهێشت، هێندە گریا نەیدەتوانی بە

ئەواوی هەناسە بدات ئەم نەخۆش بوو، بەدەم گریانەوە دەستی کرد بەئامادەکرنی خواردن.

ئەمیش بە ئەوەوە نەوەستا کە ئازاری دا، بەڵکو بۆ هاوڕێیەکی باس کرد کەچی کردووە و چۆن داویتی لەژنەکەی بەپێکەنینەوە دەبووت: ڕۆمانسی هههههە، ئەبێ وا لە ژن بکەیت، فێری بکەیت شووکردن یەعنی چی.

هاوڕێکەی قسەکەی پێبڕی: تۆ پیاوی ها، ئاوا مامەڵە لەگەڵ ژنی خۆت دەکەیت، ژیانی هاوسەرگیری یەعنی خواردن دروست کردن، یان پڕبێت لە خۆشەویستی و دووربێت لە خەم، خۆ ئەو خزمەتکار نییە ئەو هاتووە بۆلای تۆ تا لە خەم دووربێت، کێشەی هەبوو تۆ چارەی کەیت، تۆ پیاویکی باش بیت بۆی، تۆ هەموو کەسی بیت، هاوسەرگیری واتە خۆشەویستی، بڕۆ ئاشتی کەرەوە تۆبە بکە و جارێ تر دڵی تەنگ نەکەیت.

پیاوەکە هەستی کرد چ هەڵەیەکی کردووە و سە رکۆنەی نەفسی خۆی دەکرد، پاشان بڕیاریدا تەلەفونی بۆ بکات تا پێی بڵێت دەعوەتی هاوڕێکانم هەڵوەشاندەوە، بۆ ئەوەی بەتەنیابن و ئاشتی بکاتەوە.

تەلەفون زەنگی لێدا وەڵامی نەدایەوە، هەربەردەوام بوو تەلەفون وەڵامی نەبوو، بەپەلە گەڕایەوە ماڵ کلیلەکانی بیرچووبو، چەندێ دای لەدەرگا کەس نەیکردەوە.......

لەناکاو زەنگی تەلەفونەکەی لێیدا برای ژنەکەی بوو، وتی: من لە نەخۆشخانەوە پەیوەندی پێوەدەکەم و خوشکەکەم باش نییە، خۆت بگەیەنە پێمان بەگریانەوە وتی واهاتم، خۆی گەیاندە لایان،

کەسوکاری ژنەکەی هەموویان لەوێ بوون خەمباری باڵی کێشابوو بەسەری هەمووواندا.

چاوەڕێی دکتۆریان دەکرد بێتە دەرەوە، دوای چەند کاتژمێرێک دکتۆر هاتە دەرەوە پێی ووتن: خوا ڕەحمی پێبکات، دڵی زۆر لاواز بووە ئەمیش خەفەتی زۆر خواردووە، و دڵی تەحەمولی نەکردووە، بۆیە دڵی لە لێدان کەوتووە.

گشتیان دەستیان کرد بەگریان، بە تایبەتی پیاوەکەی زانی چ هەڵەیەکی کردووە و چ کارێکی کردووە. دایکی شۆردی و بە خاکیان سپارد، شەو پیاوەکە چوو بۆ ماڵەوە دەرگای کردەوە و سەیردەکات سفرە ڕازاوەتەوە و جۆرەها خواردن ئامادەکراوە. بە دەرگای سەلاجەکەوە وەرەقەیەکی بۆ نووسیبوو: خۆشەویستەکەم، زۆر بەداخەوەم ویستم تۆ پێچەوانەی کۆمەڵگاکەت بیت، ویستم تۆ منت زۆر خۆشبووێت و لەئامێزم بگریت، پێم بڵێیت تۆم خۆشدەوێت، وتم پێم دەڵێیت تۆ وات لەدەم وچاوی من کردووە  ئەمشەو دەی من دەموچاوم ناشۆم ئاواش دەچمە دەرەوە، با خەڵکیش چی دەڵێن بیلێن، من ویستم تۆ وەک ئەو تەمەنە بچووکەی کە هەمە مامەڵەم لەگەڵ بکەیت، وەک دڵ پاکەکەم لەگەڵ بجوڵێیتەوە، بە پێی عەقڵم مامەڵم لەگەڵ بکەیت.

هیوام وایە خواردنەکانت بەدڵ بێت من تۆم زۆر خۆشدەوێت و ژیانی منی، ئیتر شتی وا دووبارە ناکەمەوە.

پیاوەکەی دەستی کرد بەگریان و دەیووت چۆن بەدەستەکانی خۆم کوشتمی، تۆ من ببوورە...

# ڕزقی من نەبوو

عەلی تەنتاوی دەفەرموویت: شێخ صادق کونسولی ئەفغان بوو لە میسر، بۆی گێرامەوە:

پێیان وتم: بۆکارێک دەبێت بچیتە ڕووسیا، منیش ترسام کە خواردنێکم دەستنەکەویت بە ڕێگای شەرعی سەربڕابێت، بۆیە دوو مریشکم کڕی و خێزانم بۆی ئامادە کردم.

کە گەشتمە طاشقند زانایەکی ئاینی بانگی کردم بۆ ماڵی خۆی، منیش دوو مریشکەکەم برد لەگەڵ خۆما، لە ڕێگا ماڵێکی هەژارم بینی برسێتیان پێوە دیاربوو، بۆیە منیش هەردوو مریشکەکەم پێدان.

چەند کاتژمێرێک دواتر نامەیەکم پێگەشت کە بگەڕێوە و مەچۆ بۆ ڕووسیا کارەکە جێبەجێ بووە.

منیش وتم: ئەم گەشتەی من تەنها بۆیەک شت بوو، ئەو مریشکە بە پارەی خۆم کڕیم و خێزانم ئامادەی کرد، بەڵام ڕزقی من و خێزانم نەبوو، بەڵکو ڕزقی ئەو ئافرەت و منداڵە هەژارانە بوو، کە من بروم بە هۆکار لە دووری هەزارەها کیلۆمەترەوە پێیان بگەیەنم.

•

# خودا بەندەکانی خۆشدەوێت

شۆفێرێکی تەکسی دەیگێڕایەوە: کۆمەڵێک گەنجم سەرخستبوو، گەشتیان دەکرد بۆ شارێکی تر، کاتی بانگی عەسر لە بەنزینخانەیەک لاماندا، وتم گەنجەکان ڕات چۆنە نوێژی عەسر بکەین.

گەورەکەیان وتی: مامەگیان ئێمە نوێژ هەرناکەین.

وتم: ئەی هاوار گەنجەکان موسڵمان هەیە نوێژنەکات، چەندێ تاوانباریش بین، نابێت واز لەنوێژ بهێنین.

دووبارە گەورەکەیان وتی: گەنجەکان ڕاتان چۆنە نوێژبکەین؟

دابەزین و من پێشنوێژیم بۆ کردن، سەلامم دایەوە، کوڕە گەورەکەیان هەر لەسوجدەدا بوو، هاوڕێکانی بەسۆعبەتەوە پێیان دەوت: هەستەوە بوویت بە مەلا و شێخ لێمان، تۆزێک وەستاین هەر دەنگی نەبوو، کە جوڵانماند سەیر دەکەین مردووە، چەندێ بانگیان کرد و ئاویان کرد بەدەم و چاویدا دەنگی نەبوو مردبوو.

لەناو هەموو گەنجەکاندا یەکیان زۆر زۆر دەگریا، دواتر زانیم برا بچوکی مردووەکەیە، پێم وت: خودات لەبیر بێت و خەم مەخۆ براکەت لە سوجدەدا مردووە و هەر لە سوجدەدا زیندوو دەکرێتەوە.

وتی مامە گیان: بۆ ئەو ناگریم، من و براکەم ١٥ ساڵ ئەبێت یەک سوجدەشمان بۆ خودای خۆمان نەبردبوو، بۆ ئەوە دەگریم کە خودا چەندێ بەندەکانی خۆشدەوێت و میهرەبانە بۆیان.

# وانییە کە تۆ دەیبینیت!!!

لە پۆلدا خەوی لێکەوتبوو، مامۆستا چووە پۆلەوە و زللەیەکی لێدا و بەدەنگی بەرز پێی وت: شەو بە دیار تەلەفزیۆنەوە دانیشتووی و نەخەوتوی
بازەردەخەنەوە وتی:بەڵێ.
چووە دەرەوە و فرمێسکەکانی سڕی، کەس نازانێت شەو بەدیار باوکە نەخۆشەکەیەوە بووە.

✻✻✻✻✻✻✻

گەشت بەهاوڕێ کچەکەی، زۆر دەمێکە نەیبینیبوو. وتی: ساڵ ڕۆشت و تۆ هەر وەک جاران جوانی، ئەم منداڵەی پێتە چەند جوانە هی خۆتە؟ بەدەنگێکی خەماویەوە وتی: بەڵێ. لەیەک جیابوونەوە.
ئەم دلی پڕە لە خەم و تووڕەیی نەیتوانی بڵێ ئەمە منداڵی براکەیتی و ئەم هێشتا هاوسەرگیری نەکردووە.

✻✻✻✻✻✻✻

پیاوە هەژارەکە لەبەردەم ماڵێکی دەوڵەمەندا وەستابوو، بۆنی خواردنی دەکرد، چونکە چەند ڕۆژبوو هیچی نەخواردبوو.
پیاوێکی تر سەیری دەکرد حەسوودی ئەوەی پێدەبرد، کە عەینەکێکی جوانی لە چاوە، نەیزانی کە ئەو چاوەکەی بیناییان نەماوە و کوێربووە.

✻✻✻✻✻✻✻

کە لای ئەوانە هەر قسەی خۆشیان بۆ دەکات و پێدەکەنێت، دەڵێن خزکەمان بە خۆی دلی چەند خۆشە و خەفەت ناخوات، دواتر گشتیان دەڕۆنەوە بۆلای هاوسەر و منداڵەکانیان، ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ ماڵە چۆڵەکەی، دەبێت دەرمانەکانی بخوات و زۆر ناساغە، چاوەڕێی مردن دەکات.

# من خۆم چاودێریم کرد

خودا پرسیاری لە فریشتەی ڕۆحکێشان کرد، تۆ کە ڕۆحی هەموو ئەوەکانی ئادەمت کێشا بۆ جارێکیش نەگریای؟

وتی: جارێک پێکەنیم، جارێک گریام، جارێک ترسام دەبورامەوە.

*ئەوکاتەی پێکەنیم، کابرایەک لای پینەچییەک پێڵاوەکانی چاک دەکرد، پێی دەوت واچاکی بکە تا یەک ساڵی تر لە پێی بکەم، پێش ئەوەی لە پێی بکات ڕۆحیم کێشا.

*ئەوکاتەگریام، فەرمانم پێبوو ڕۆحی ئافرەتێک بکێشم، چووم بۆلای تەماشام کرد لە بیابانێکدایە بە تەنها لەگەڵ منداڵەکەیدایە، ڕۆحیم کێشا و زۆر بۆ منداڵەکەی گریام.

*ئەوکاتە ترسام کە فەرمانم پێبوو ڕۆحی یەکێک لەزاناکان بکێشم، هەرچەند دەچوومە پێشەوە ڕووناکییەک لەژوورەکە دەهاتە دەرەوە و منی دوور دەخستەوە، تادواجار ڕۆحیم کێشا.

خودا فەرمووی: دەزانی ئەو کەسە کێ بوو، ئەو منداڵە بوو کە ڕۆحی دایکیت کێشا، و بەتەنها بوو، من خۆم چاودێریم کرد و گەورەم کرد و ئیهمالم نەکرد.

## وەک تۆ چۆن هەموو کات خێر دەکەیت بۆ نەنکم

دایکی کاری درووماني دەکرد و نەیدەهێلا کوڕەکەی ئیش بکات، دەیوت تۆ خوێندنەکەت تەواو بکە. ئەمیش دەیووت بابیمە فەرمانبەر بەشێک لە موچەکەم دەدەم بەدایکم. پێش تەواو بوونی خوێندنەکەی، دایکی کۆچی دوایی کرد.

ئەمیش لەسەرخۆی پێویست کرد، کە بەشێک لەموچەکەی بکاتە خێر بۆ دایکی، سوێندی دەخوارد کە۳۰ساڵە لەهەموو سوجدەکاندا دووعای بۆ دایکی کردووە، خێری بۆ دەکات و بیری بۆ هەڵدەکەنێت، مزگەوت نەماوە بەڕادی ئاوی لێدانەنابێت، تاخێرەکەی بۆ دایکی بچێت.

ڕۆژێکیان چوو بۆ مزگەوت بینی ئەهلی مزگەوت، خەریکی دانانی بەڕادێکن ئەمیش خەمی خوارد کە بیری نەبووە بۆ ئەم مزگەوتەی بهێنێت، لەم بیرکردنەوانەدا بوو پێشنوێژی مزگەوتەکە وتی: خودا پاداشتت بداتەوە بۆ ئەو بەڕادی ئاوە!

سوێندی خوارد کە من نەمناردووە وتی: با، کوڕەکەت هێنای وتی ئەمە باوکم ناردوویەتی بۆ ئەم مزگەوتە. دوایی وتی کوڕی خۆم بۆ وات کردووە؟

وتی: باوکە گیان هەندێک پارەی خۆمە، چەند ساڵە کۆمکردۆتەوە کردوومە بەخێر بۆ تۆ، وەک تۆ چۆن هەموو کات خێر دەکەیت بۆ نەنکم.

چاک بوون لەگەڵ دایک و باوک، چیرۆکێکە نەوەکانت بۆت دەگێڕنەوە
چاک بە بەرانبەریان، تا نەوەکانت چاک بن بەرامبەرت.

# گاڵتە بە ئازارێک مەکە کە خۆت نەت چەشتووە

باوکەکە خواردنە گیراوەکەی دەدا بەمنداڵەکەی، بە کەوچک دەیکردە دەمیەوە منداڵەکە دەمی دەکردەوە و دەگریا و هاواری دەکرد، باوکە دەیوت خواردنەکە ساردە، برسیتە بیخۆ دەی. بەمشێوەیە ئەو دەگریا و ئەو هەر خواردنی دەداپێی، تاخواردنەکە تەواوبوو.

دایکی هاتەوە منداڵەکەی لە باوەشیدا خەواند، باوکەکە کە سەیری ناو سەلاجەکەی کرد بینی خواردنەکەی بەهەڵە هێناوە، خواردنە پڕ بیبەرەکەی داوە بە منداڵەکەی، بەپەلە چوو ماچی کرد و دەستی دەهێنا بەسەریدا، دەیووت تامم نەکردبوو، هەستم بە ئازارەکەت نەدەکرد.

چەند جار کەسەکان بەقسە و کردارەکانت ئازار داوە، ئەوان گریاون و ئازاریان چەشتووە، تۆش وتوتە نواندن مەکە، چەند جار هەبووە وات لە کەسێک کردووە بە گریانەوە خەوتون، لەبەر وتەکانی تۆ.

چەند جار قسەیەکت بەئاسایی کردووە، بەڵام ئاگرێکبووەو بەرتداوەتە جەستە و دڵی ئەو. ئاگاداری ووتە و کردەوەکانت بە، گاڵتە بە ئازارێک مەکە کە خۆت نەت چەشتووە.

# چەند ساڵێکی باشبوو

نووسەرێکی گەورەی بەساڵاچوو لەکتێبخانەکەیدا دانیشت و پێنووسی گرتە دەست و نووسی: ساڵی ڕابردوو، نەشتەرگەریم بۆ کرا و چەند مانگێک لە جێگادابووم، تەمەنم بوو بە٦٠ساڵ و خانەنشین کرام لە ئیشەکەم لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، کە ماوەی ٣٠ساڵە هاوڕێی کاردەکەم، باوکیشم وەفاتی کرد، کوڕەکەم لە کۆتاساڵی خوێندنیدا دەرنەچوو، لەبەرئەوەی تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بوو، چەند مانگ لەجێگادا بوو.

لەکۆتایدا نووسی:ئاه چەندساڵێکی خراپ بوو....

خێزانی هاتە ژوورەوە لە شانیەوە سەیرێکی نووسینەکەی کرد و بێدەنگ هاتە دەرەوە، پاشان چەندخولەکێک هاتەوە و وەرەقەیەکی بەدەستەوە بوو، کردیە سەر وەرەقەی پیاوەکەی تیایدا نوسیبووی:

ساڵی ڕابردوو ڕزگارت بوو لەو نەخۆشییەی چەند ساڵە دەتناڵاند بەدەستیەوە، گەشتیتە تەمەنی ٦٠ساڵی بە تەندروستیەکی باش و سەلامەتەوە، ئیدی بۆخۆت خەریکی نووسین دەبیت و چەندین کتێبت چاپکران، باوکت لەتەمەنی٨٥ساڵیدا بەبێ ئەوەی زیانی بۆ کەس هەبێت و لەسەرجێگا بکەوێت وەفاتی کرد، کوڕەکەت لە ڕووداوێکی هاتووچۆ لە مردن ڕزگاری بوو بێ ئەوەی کەمەندام بێت.

لە کۆتاییدا نووسی: چەند ساڵێکی باش بوو خێرەکان زیاتر بوون لە خراپەکان.....!

گەشبین بە، بە چاوی ڕەشبینیەوە سەیری ڕووداوەکان مەکە.

# جەنابی فەرمانڕەوا ئاگای لەحاڵیانە

ڕاوێژکارەکە چووە لای گەورەکەی، بۆچووبوو لە بیرکردنەوەدا پرسیاری لێکرد چی شتێک وا مەشغولی کردووە؟ وتی: دەمەوێت بەڕێژەی ١٠٪ باج بخەمە سەر شەکر وبرنج، گەنجینەکانی خۆمان خەریکە ئەو دووشتەی تیانامێنێت، بیرلەوە دەکەمەوە چۆن خەڵکی بەمە ڕازی ببن.

ڕاوێژکارکە وتی: قوربان ئەم کارە بۆ خۆم لێگەڕێ. ڕاوێژکارەکە سەرجەم هاوکارەکانی کۆکردەوە، پێی ڕاگەیاندن بە خەڵکی بڵێن: فەرمانڕەوای شار بەڕێژەی ٥٠٪ باج دەخاتە سەر برنج و گۆشت و شەکر و خورما و گەنم و جۆ. خەلکی زۆر بەم بڕیارە نیگەران بوون و ناڕازی بوون. هەفتەی دواتر دووبارە وتی: لەناو خەڵکیدا بڵێن ئەم بڕیارەی فەرمانڕەوا، بە پێشنیاری چەند ڕاوێژکارێکی بووە و بەم زووە بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێت. خەڵکی دەیانوت ئەم ستەمە بۆچی؟ ئەمە ستەمێکی گەورەیە؟ ئەگەر ڕێژەی ١٠٪ یان ١٥٪ بوایە و لەسەر دوو شت بوایە باجەکە، ئەوکات باش دەبوو نەک ئەوەندە زۆر بێت. ڕاوێژکارەکە چووە لای فەرمان ڕەوا وتی: قوربان ئێستا بڕیارەکە دەربکە و ڕێم بدە بڕیارەکە بنووسم.

ڕاوێژکارەکە نووسی: لەسەر داواکاری گەلە خۆشەویستەکەمان و بەرەچاو کردنی بار و گوزەرانیان، بڕیارمان دا ئەو بڕیارەی کە لەلایەن چەند ڕاوێژکارێکی خراپەوە پێشنیار کرابوو، جێبەجێ نەکەین، بڕیارماندا تەنها باج بەڕێژەی ١٢٪ لەسەر شەکر و برنج وەرگرین، لەم بڕیارەدا ڕەچاوی گوزەرانی میللەتەکەمان کردووە.

خەلکی دەستیان کردە دەستخۆشی و چەپڵە ڕێزان، کە جەنابی فەرمان ڕەوا چەند باشە بۆیان و ئاگای لەحاڵیانە.

# ئەم پێنج دانەت بەسە

سەلمانی فارسی گەشت بەشوانێک پێی وت: لەزانست و زانیاری چیت پێیە چی دەزانی؟
پێنج وشە دەزانم تۆش پێنج ی ترم فێرکە!
ئەو پێنجە چین؟
گەورەم
یەکەم: ڕاستی هەبێت درۆ ناکەم.
دووەم: حەڵاڵ هەبێت، حەرام ئەنجام نادەم.
سێیەم: باسی عەیب کەس ناکەم، کە خۆم عەیبم هەیە.
چوارەم: سەرپێچی خودا ناکەم، لە کاتێکدا ئەو دەمبینێت.
پێنجەم: ناشکوری نیعمەتەکانی خودا ناکەم، خودا دەمژیەنێت.
سەلمان فەرمووی: زانستی سەرەتا و کۆتاییت پێبەخشراوە. لەسەریان بەردەوام بە هەر ئەو پێنج دانەت بەسە.

# من کرێکارم

پێشتر هەرگیز بەمنداڵەکانم نەدەوت چ کارێک دەکەم، لەبەرئەوەی هەست بەشەرمەزاری نەکەن بەهۆی کارەکەمەوە.

ئەوکاتەی کچە بچووکەکەم پرسیاری لێکردم باوەگیان ئیشی چی دەکەیت بە دوو دڵییەوە وتم "کرێکارم". کە لەکار تەواو دەبم، پێش ئەوەی بگەڕێمەوە، لە یەکێک لە شوێنەکان خۆم دەشۆم، بۆ ئەوەی نەزانن چ کارێک دەکەم. من دەمویست بەتەواوی سەربەرزیەوە بچن بۆ خوێندنەکەیان، بۆئەوەی بە چاوێکی کەمەوە سەیر نەکرێن، وەک چۆن هەندێ کەس واسەیری من دەکەن، هەرگیز جلێکی نوێم بۆ خۆم نەکڕیوە، بەڵام کتێبە زۆرباشەکانم بۆ کڕیوون، ئەوان لەناو خەڵکدا بەڕێزبن، ئەوەهەموو شتێکە بۆ من.

ئەمڕۆ کچەکەم لە زانکۆ وەردەگیرێت، بەڵام من بەدیار ئەو خۆڵ و خاشاکەی کە کۆمان کردۆتەوە، دەگریم و فرمێسکی چاوم دەسڕم، لەبەرئەوەی توانای خەرجی زانکۆم نییە بۆ کچەکەم.

لەکۆتایی ڕۆژدا، هەموو کرێکارەکانی هاوڕێم هاتن وتیان ئێمە هەمووبمان برای یەکنین؟ پێش ئەوەی وەڵامیان بدەمەوە، چی پارەبوو ئەو ڕۆژە کە پەیایدایان کردبوو کردیانە دەستمەوە، وتیان: ڕاسە ئەمڕۆ ئێمە برسیمان دەبێت، بەڵام کچەکەمان دەبێت بچێتە زانکۆ.

لەو ڕۆژەوە دوای کارەکەم خۆم ناشۆم، ئینجا بچم بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی نەزانن پاککەرەوەی سەرشەقامەکانم، بەڵکو بەجلی کارەکەمەوە دەڕۆمەوە بۆ ماڵ.

کچەکەم بەمزوانە خوێندن تەواو دەکات، هەموو ڕۆژێک من دەباتە سەرکارەکەم و خواردن بۆ کرێکارەکان دەهێنێت، لێی دەپرسن بۆ وادەکەیت عەزێتە، دەڵێت: "ئێوە ئەو ڕۆژە خۆتان برسی کرد، هەتا من بگەمە ئەم ڕۆژە"

"چیرۆکی ئیدریسی کرێکار"

* * * * * *

# ١٨ ئامۆژگاریی بەسوود

دکتۆرێکی هیندی لە هۆڵی چاوەڕوانی کردنی نەخۆشەکاندا، نووسینێکی هەڵواسیبوو، کە ١٨ئامۆژگاری لەخۆی گرتبوو، تۆش خوێنەری بە باسوودی بۆ ژیانت ببێت:

١. کەسێکی گونجاو بکە بەهاوسەرت، هاوسەرەکەت هۆکاری ٩٠%ی بەختەوەریت یان بەدبەختیت دەبێت تاکۆتایی ژیانت.

٢. ئەوکارە بکە کە حەزت لێیەتی و خۆشدەوێت، شایەنی ئەوەبێت کە گەنجیتی بۆ خەرج دەکەیت.

٣. با یەکەم ئامانجت لە ژیانتدا گرنگیدان بێت بە خێزانەکەت، ژیانێکی بەختەوەرییان هەبێت.

٤. هاوڕێ و خزمەکانت و نیشتمانەکەت، چەندێکت لێ چاوەڕێ دەکەن، تۆ زۆر لەوە زیاتریان پێشکەش بکە.

٥. ئەوەندە خۆت بەکەم مەزانە، لەخۆت ببوورە، ڕابردوو لەبیربکە.

٦. هەموو ڕۆژێک چاکەیەک لەگەڵ کەسێکی نەناسراودا بکە، چێژ لە بەخشین وەربگرە، نەک وەرگرتن.

٧.ئەگەر سەرپشک کرایت لە نێوان برسێتی و قەرزاریدا، قەرزاری هەڵبژێرە.

٨. بۆ ئەوەی تووشی برسێتی و قەرزاری نەبیت، ڕۆژانە پاشەکەوت بکە گەرچی کەمیش بێت.

٩. واز لە هاوڕێ خراپەکانت بهێنە، دەستت بگرە بە هاوڕێ چاکەکانتەوە، ئەوانەی بێ دوودڵی یارمەتیت دەدەن.

١٠. لەگەڵ هەمــوو کەســێکدا واســامەڵە بکــە کە هــاورێیەکی خۆشەویستەو چەند ساڵە بەدیداری شاد نەبوویت.

١١. هەرکارێکت ئەنجامدا بەجوانی و دڵسۆزی ئەنجامی بدە.

١٢. هەمیشە داهێنەر و دەستپێشخەر بە گەرچی تووشی هەڵەش بوویت.

١٢. ئازا و بوێربە، خۆت تەحەمولی هەڵەکانت بکە.

١٤. زۆر گەش بین بە، هەموو ڕۆژێ پەڕەیەکی نوێ هەڵبدەرەوە.

١٥. لەگەڵ هاوپیشەکانت بەخشندە و هاوڕێ بە.

١٦. بەختەوەری بە پارە و دەسەڵات نییە، بەڵکوو بەوەیە کە تۆ چۆن لەژیان دەڕوانیت.

١٧. هەموو کات خۆت لە قسەی خەڵکی گێل مەکە، تۆش هەڵە و کەموکورتیت هەیە.

١٨. لەکۆتاییدا: هەرشتێکت کرد بادایک وباوکت شانازیت پێوەبکەن، سەرشۆڕی ناو کۆمەڵگایان نەکەیت بەکردەوەکانت.

# دوعابکە، زۆر دەرگات لێدەکرێتەوە

"فضیل کوڕی عیاض"دەیفەرموو: ئارامگرتن لە منداڵێکی بچووکەوە فێربووم، جارێکیان دەچووم بۆ مزگەوت ئافرەتێک لە منداڵەکەی دەدا، منداڵەکە بەدەم گریانەوە ڕایکردە دەرەوە و دایکی دەرگاکەی لێداخست، منداڵەکە هەندێ گریا دواتر سەیری ڕاست و چەپی خۆی کرد، هیچ شوێنێک نەبوو ڕووی تێکا، ڕووی کردەوە ماڵەوە، بەلام دەرگاکە داخرابوو سەری نا بەدەرگاکەوە و خەوی لێکەوت.

هەندێکی خایاند دایکی هاتە دەرەوە، کە منداڵەکەی بینی لەو حاڵەتەدا، خۆی بۆ نەگیرا باوەشی پیاکرد و ماچی دەکرد.

دەیووت: ڕۆڵە گیان بۆکوێ دەچی، کێ داڵدەت دەدات من نەبێ، ئەمووت سەرپێچیم مەکە، پاشان بەباوەش بردیە ژوورەوە.

"فضیل" دەستی کرد بەگریانێک هەتا ڕیشی تەڕبوو.

دەیفەرموو: ئەگەر بەندە ئارامگرێت لەبەردەرگای خودادا و دۆعابکات خودای دەرگای لێدەکاتەوە.

"أبوالدرداء " دەیفەرموو: زۆر دۆعا بکەن ئەوکەسەی زۆر لە دەرگابدات، دەرگای لێدەکرێتەوە.

"دۆعابکە....زۆر دەرگات لێدەکرێتەوە"

# حوشتر، حوشتر

خوێندکارێــک لەوانەی (دارشــتن)دا کەوتبــوو، پرســیاریان لە مامۆستاکەی کرد بۆچی لەم وانەدا کەوتوە؟

مامۆســتاکەی وتــی: هەرکاتێــک داوای لێــدەکەم لەســەربابەتێک بنووسێت، تۆزێک باسی دەکات و دەچێتە سەر بابەتێکی تر.

- هەندێ بابەتمان پێ بڵێ کە پێت وتووە؟

+ جارێک داوام لێکرد، باسی وەرزی بەهار بکات، وای نووسیبوو: بەهار جوانترین وەرزی ساڵە، دەشت و دەر سەوز دەبن، حوشتر دەتوانێت تێربخوات، حوشتر گیانداریکی فەقیرە، بەرگەی گەرما و بێ ئاوی دەگرێــت زۆر ئــارامگرە و لە بیانبانــدا گەورە دەبێــت و شــت دەگوازێتەوە و حوشتر......حوشتر......تاکۆتاییی.

-لەوانەیە بەهۆی نزیکیان لەیەکەوە، لەباسەکە دەرچووبێت.

+ مامۆستاکە وتی: نا وانییە هەرچی پێ بڵێن نیو دێڕ باسی ئەو شتە دەکات دواتر تاکۆتایی باسی حوشتر ئەکات، بۆ نمونە جارێکی وتم باسی سەیارەی یابانم بۆبکات.

نووسیبووی: یابان کۆمەڵێک داهێنانی زۆری هەیە، لەوانە لە بواری سەیارەدا، بەڵام خەڵکی گوندەکان بۆ گواستنەوەی شتەکانیان، پشت بەحوشتر دەبەستن. حوشتر گیانداریکی فەقیرە بەرگەی گەرما و بێ ئاوی دەگرێــت، زۆر ئــارامگرە و لە بیانبانــدا گەورە دەبێــت و شــت دەگوازێتەوە و حوشتر......حوشتر......تا کۆتاییی.

جارێکی تر پێم ووت باسی سوودی حاسیبەم بۆبکە.

نووسیبووی: حاسیبە ئامێرێکی بەسوودە، بەڵام خەڵکی گوندەکان نیانە، ئەوان حوشتریان هەیە، حوشتر گیانداریکی فەقیرە بەرگەی گەرما و بێ ئاوی دەگرێت زۆر ئارامگرە و لەبیانباندا گەورە دەبێت و شت دەگوازێتەوە و حوشتر......حوشتر......تا کۆتایی.

ئەوکاتەی زانی لەم وانەدا کەوتوە نووسینێکی بۆ وەزیری پەروەردە نووسی: جەنابی وەزیر باسی ئەو ستەمە دەکەم بۆ جەنابتان کە لە من کراوە، لەوانەی دڕاشتندا منیش وەک حوشتر بەئارام بووم. حوشتر گیانداریکی فەقیرە بەرگەی گەرما و بێ ئاوی دەگرێت زۆر ئارامگرە و لەبیانباندا گەورە دەبێت و شت دەگوازێتەوە و حوشتر...... حوشتر......تا کۆتایی.

•

# دەبێت هەموو پەڕەکان کۆبکەیتەوە!

قسەیەکی نەشیاوی بە هاوڕێکەی وت، بە قسەکانی هاوڕێکەی بریندار کرد و دڵی شکاند. کە گەڕایەوە بۆ ماڵ و توورەییەکەی نەما، بیرکردەوە من چۆن شتی وام بەهاوڕێکەم وت، دەچم داوای لێبووردنی لێدەکەم، گەڕایەوە بۆلای هاوڕێکەی و داوای لێبووردنی لێکرد، ئەویش قبوڵی کرد و گەردنی ئازاکرد.

بەڵام هەر مورتاح نەبوو، هەر دەیووت من قسەی وام بۆکرد، تا لە ڕێگا گەشت بەمامۆستای گوندەکەیان.

+مامۆستا من هەندێ قسەم بە هاوڕێکەم وت، دواتریش داوای لێبووردنم لێکرد، بەڵام نەفسم هەر مورتاح نەبووە و سەرکۆنەم دەکات و دەڵێم چۆن شتی وام وت.

- برۆ عەلاگەیەک پڕبکە لە پەڕی مریشک و دواتر لەبەردەم هەر ماڵێکدا پەڕێک دابنێ.

+ دواتر گەڕایەوە وتی چۆنت فەرموو وام کرد.

- دە ئێنجا برۆ هەموو پەڕی مریشکەکان کۆبکەرەوە.

کە ڕۆیشت تەماشا دەکات، با زۆربەی پەڕەکانی بردووە و بەغەمباری گەڕایەوە.

ئێنجا مامۆستاکە پێی وت: هەر وشەیەک کە تۆ دەیکەیت، وەک پەڕەکە وایە، لەبەردەرگای هاوڕێیەکت دایدەنێیت، ئەم کارە چەند ئاسان بوو، بەڵام کۆکردنەوەی چەندێ گرانە، چەندێ گرانە وشە کە دەرت بڕی بگەڕێتەوە بۆ زمان.

بۆیە زمانت بگرە....یان هەموو پەڕەکان کۆبکەرەوە!

# لە دیاریکردنی هاوڕێکانت ئاگاداربە

•

جووتیارەکە بینی کۆمەڵێک چۆلەکە لەبەروبوومی باخەکەی دەخۆن و تێکی دەدەن، بڕیاری دا تەڵەیەکیان بۆ دانێت، کە هاتنە سەری بکەونە ناو تۆڕێکەوە و دەرباز نەبن، ڕۆژی دواتر هاتەوە بینی چۆلەکەکانی گرتووە، بینی حاجی لەق لەقیکیشی گرتووە.

لەقلەقەکە دەیووت: تکایە ئازادم بکە، باوەڕبکە هیچم نەخواردووە هیچم نەکردووە تۆ پێت ناخۆش بێت، من لەقلەقێکی فەقیرم زۆر بەڕێزم و بەقسەی دایک و باوکم دەکەم و شتی واناکەم، من.......

جووتیارەکە قسەکانی پێ بڕی: لەوانەیە هەموو قسەکانت ڕاست بن، بەڵام من تۆم لەگەڵ ئەم تێکدەرانە گرتووە و بەربوومی باخەکەی من دەخۆن، ئەبێ بزانی لەگەڵ کێدا دەگەڕێیت.

هەموویانی سەربڕی و لەق لەقەکەش بەبۆنەی هاوڕێکانی ئەویش سەربڕا...

**پەند:**

خەڵکی لەڕێی هاوڕێکانتەوە بڕیارت لەسەر دەدەن، بۆیە هەوڵبدە هاوڕێیەتی کەسی چاک و باش بکەیت.

# سوپاس بۆتۆ پێغەمبەر یوسف

لەچیرۆکی تۆوە ئەوە فێربووم، کە خراپی باری ئابووریی، هۆکارەکەی ئەوانەیە کە وڵات بەڕێوە دەبەن، نەک بەهۆی کەمی راهاتەوە بێت.

تۆ کاتێک خەڵکی میسرت لە قات و قڕی ڕزگار کرد، هیچی تازەت بۆ هاوردە نەکردن، بەڵکو بە مێشکێکی تازەوە، زانیت چۆن بەروبوومە کۆنەکان بەکاربهێنیت.

لە چیرۆکی تۆوە فێربووم، لە دنیا بەردەوام ڕاستی و ناڕاستی لە جەنگدان تارۆژی دوایی، تەنها سەرباز و ڕووەکانە دەگۆڕێن، ئەگینا هەمان جەنگە. جەنگی تۆ لەتەک زوڵێخادا جەنگی نێوان پاک داوێنی و ئارەزوو پەرستیە، کە لە هەموو سەردەمێکدا بوونی دەبێت. جەنگی براکانت جەنگی خۆشەویستی و ڕق لێبوونەوەیە، ئەم جەنگەش تا کۆتایی ژیان بەردەوامە. چیرۆکەکەت فێری کردم هەموو کارەکانم بەپلان و بەرنامە بکەم. چیرۆکەکەت فێری کردم کە خۆشەویستی بۆنێکی هەیە، کە تەنها خۆشەویستان هەست بەو بۆنە دەکەن، هەربۆیە باوکت پێش ئەوەی کراسەکەی پێبگات، هەستی بەبۆنی تۆ دەکرد. چیرۆکەکەت فێری کردم، کە دادپەروەری لە نێوان منداڵەکاندا پێویستە ، باوکەکان منداڵێکیان لەوانی دی زیاتر خۆشدەوێت و بێ ئەوەی هەست بکەن، وەک چۆن باوکت تۆی لەوانی دی زیاتر خۆشدەویست، بەڵام ئەو ئەم کارەی هەر لەدڵیدا هەڵگرتبوو، وای لێنەکرد کە ستەم لەنەوەکانی تری بکات.

لەچیرۆکەکەت ئەوەش فێربووم، سکالام تەنها ببەمە لای خودا و خەم و کیشەکانم هەر لای ئەو باس کەم، خەلکی تۆیان خۆشدەویت یان رقیان لێتە، ئەوەی تۆی خۆشدەویت بۆت خەمبار دەبێت، ئەوەی رقی لیتە خۆشحالە کە خەمباریـت، بەلام هەردووکیان هیچیان بۆتۆ بۆناکرێت،

دەی بۆچی سکالای خۆم نەبەمە لای کەسیک کە هەموو کارەکانم بەدەستی ئەوە.

چیرۆکەکەت ئەوەی فێرکردم، کە کەسی بەڕێز ئەو کەسەیە توانای تۆلەی هەیە، بەلام دەبووریت، لیبووردەی ئاکاری کەسە بەڕێزەکانە، کەسی لیبووردە کەسی بووراو ناشکێنیت، ئەوان گەرچی ویستیان تۆ بکـوژن و لەنـاوت بەرن، بەلام تـۆ کاتێـک ئەوانـت بـوری کە لە چلەپۆپەی دەسەلاتتدا بوویت.

"سوپاس بۆتۆ یوسفی ڕاستگۆ"

نووسینی: ئەدهەم شەرقاوی

# دکتۆر (زاکی الدین أحمد حسین)

لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا، ئافرەتێکی یابانی لە خرتوم دەست دەگرێت بە گەدەیەوە لەناو ئازاردا، و دەست دەکاتە هاوارکردن، ئەم ئافرەتە خێزانی نێردەی یابان بوو، کەچی ئیمپراتۆری یابان بوو، تا لەم کاتانەدا مێردەکەی پەیوەندی کرد بەوەزارەتی دەرەوە، بۆ ئەوەی خێزانەکەی بەخێرایی بگەیەننە نەخۆشخانەیەکی پێشکەوتوو، بەڵام بەهۆی ئازار و ناڕەحەتی زۆرەوە بەخێرایی خێزانەکەی گەیاندیە نزیکترین نەخۆشخانە.

کە گەیشتە نەخۆشخانەکە بینی دیوارەکانی لەنێو چلک و پیسدا بەربار نین، بۆنێکی ناخۆش نەخۆشخانەکەی هەراسان کردووە، داوای لە دکتۆرەکە کرد کە شتێکی بداتێ ئازارەکەی بشکێنێت، هەتا لەسودان دەردەچن و دەگەنە نەخۆشخانەیەکی زۆر پێشکەوتوو، سەیرێکی پیاوەکەی کردو پێی وت:ئەم ئافرەتە تەنها دوو کاتژمێری لەدنیادا ماوە، نەشتەرگەی یان مردن.

ئیندە پەشۆکابوو بەخێزانی وت: چی بکەین؟

وتی: نەشتەرگەرییەکەم بۆ ئەنجام بدەن، دکتۆرەکە بەو کەرەستە سەرەتاییانەی بەردەستی نەشتەرگەرییەکەی ئەنجامدا، سەفیرەکەش چاوەڕێی هەواڵی مردنی خێزانەکەی بوو، بەڵام خێزانەکەی بینی کە بەپێکانی خۆی دەڕوات.

دواتر گەیاندرایە یابان و لە یەکێک لە گەورەترین نەخۆشخانەکان پشکنینی بۆ ئەنجام درا،دوای دوو کاتژمێر بەسەفیرەکەیان وت:

لەکوێ نەشتەرگەری بۆ کراوە، کێ بۆی کردووە؟ وتی: لەولاتی سودان دکتۆرەکەش ناوی زاکی الدین ە.

پێیان وت: ئەم دکتۆرە موعجیزەی ئەنجام داوە، دەبێت دکتۆر بانگهێشتی لای خۆمان بکەین، لەلایەن ئیمپراتۆری یابانەوە بانگهێشت کرا.

پێیان ووت چی شتێکت دەوێت داوا بکە، هیچی بۆ خۆی داوا نەکرد، بەڵکو داوای کرد نەخۆشخانەیەک بە کەرەستە و ئامێری پێشکەوتووەوە لەسودان بونیاد بنێن، ئەمانیش نەخۆشخانەی (ئیبنوسینای)یان بۆ بونیاد نا.

❊❊❊❊❊

# ئیمانێکم پێ ببخەشە وەک ئیمانی ئەو پیرێژنە

ئیمامی ڕازی کە چووە نەیسابور خەڵکی لە دەووری کۆبوونەوە ،
پیرێژنێک پرسی: ئەمە کێیە؟
پێیان وت: ئەمە ئیمامی ڕازییە، هەزار بەڵگەی پێیە لەسەر بوونی خودا.
پیرێژنەکە وتی: ئەگەر هەزار گومانی لە دڵدا نەبوایە لە بەرانبەر بوونی خودادا، پێویستی بە هەزار بەڵگە نەدەبوو.
کە بۆ ئیمامی ڕازییان گێڕایەوە فەرمووی: خودایە ئیمانێکم پێ ببخەشە وەک ئیمانی ئەو پیرێژنە.
ئەم چیرۆکە باسی ئەوانە دەکات بڕوایان بە خودا هێناوە بەبێ هیچ ئاستەنگ و فەلسەفەیەک، ئەم جۆرە کەسانە لێیان بپرسیت تەنها یەک بەڵگەمان پێ بڵێ لەسەر بوونی خودا، شپرزە دەبن و زمانیان نایەتە گۆ، بەڵام چی زیانێکیان کردووە، کە خاوەن ئیمانێکی هێندە پتەون هەر خانەیەک لەجەستەیان بڕوای وایە و دەڵێت:
**أشهد أن لااله الا الله و ان محمدا رسول الله**

# نرخی موعجیزە

خێزانێک پێک هاتبوون لەدایک و باوک و کوڕ و کچێکی بچووک، لەناکاو کوڕە بچوکەکە نەخۆشدەکەوێت، دوای پشکنین دەرکەوت وەرەمێک لەسەریدا هەیە.

باوکەکە گەڕایەوە بۆماڵ هەواڵی ئەوەی پێبوو کە بە پارەیەکی زۆر نەبێ نەشتەرگەری بۆ کوڕەکەی بکات، مەگەر بەموعجیزە دەربچێت لەژێر نەشتەرگەریدا، دایک و باوکەکە لەم وتانەدا بوون، کچە بچووکەکە چووە ژوورەکەی خۆی و دەخیلەکەی هەڵپچڕی، تەنها یەک دۆلاری تێدابوو، بە خێرایی خۆی گەیاندە دەرمانخانەی نزیک ماڵ خۆیان، چاوەڕێی کرد دکتۆرەکە لەگەڵ پیاوەکەدا لەتەکانی تەواو ببێت، بەڵام زۆر درێژەی کێشا، بۆیە دۆلارەکەی خستە سەرمێزەکە و وتی: موعجیزەم بدەرێ.

پێی وت: نابینی سەرقاڵی قسەکردنم، دوو ساڵە ئەم هاوڕێیەم نەبینیووە، ئینجا کێ بەتۆی وتوە من موعجیزە دەفرۆشم؟

ئالەم کاتەدا هاوڕێکەی پێی وت: پێم بڵێ چی موعجیزەیەکت دەوێت؟

بەدڵپاکیەوە وتی: باوکم بە دایکمی وت بۆ ئەوەی کوڕەکەمان ڕزگاری ببێت پێویستی بەموعجیزەیە، ئایە ئەم یەک دۆلارە بەسە بۆ ئەو کار؟

بەزەردەخەنە وتی: بەڵێ یەک دۆلار نرخەکەیەتی، بەڵام ئەبێ سەرەتا براکەت ببینم. ئەم دکتۆرە دکتۆری مێشک "کارلش أرمیسترونغ" بوو، لەگەڵ کچەکەدا چووەوە ماڵیان، دوای بینینی پشکنینەکان، وتی خۆم نەشتەرگەریەکەی بۆ دەکەم. نرخی نەشتەرگەریەکەش تەنهـا یەک دۆلاربوو، یەک دۆلارەکەی لەچوارچێوەیەکدا هەڵواسی، نووسی:

((ئەمە نرخی موعجیزەیە))

# گەورەترین عیبادەت

پشووەکەی تەواو بوو، سەر فڕۆکە کەوت بەرەوە ماڵەوە، لە ماڵیدا ژنێکی بەتەمەنی جووتیار دانیشتبوو، پاش کەمێک خواردنیان ڕایش کرد، کە لەگەڵیدا پارچەیەک شیرینی سپی دانرابوو، ئافرەتە پیرەکە نانێکی دەرکرد وەیزانی پارچە سپیەکە پەنیرە، بەڵام کە زانی شیرینیە زۆر تەریق بوویەوە، سەیری پیاوەکەی پەنای کرد پیاوەکە ڕاخۆی نیشاندا هەر ئاگای لێنەبووە، پاش کەمێک ئەمیش شیرینیەکەی بەهەمان شێوە بەکار هێنا، ئافرەتە پیرەکە دەسی کردە پێکەنین.

پیاوەکە وتی: بۆ پێم ناڵێی ئەمە شیرینییە نەک پەنیر!

ئافرەتەکە وتی: منیش وەمزانی پەنیرە.

پیاوەکە باش دەیزانی پەنیر نییە.

دەیزانی ئەمە گەشتێکە و تەواو دەبێت.

دەیزانی ئافرەتێکی سادەیە، بەڵام......

سوفیانی سەوری دەفەرموێت: ((هیچ عیبادەتێکم نەدیووە گەورەتر و باشتر بێت لە سارێژ کردنی هەستەکان))

# پێڕست

پێشەکی ٢
وام گومانم دەبرد کە لە خودا میهرەبانتر بم ٥
واز لە دروستکراوەکانی خودا بهێنە بۆ خودا خۆی ٦
بۆچی بەتەنها من خودایە؟ ٧
جوانیی مرۆڤەکان پەیوەندی بە ڕووکەشیانەوە نییە ٨
تیدی ستودارد ٩
هەژاری وەک ڕێگرێک لەبەردەم گەشتن بەخەونەکان ١١
یادگاریی دایکێک ١٢
بەوەفابوونی ملیاردێرێک ١٤
جوانیی ڕووکەش سوودی نابێت،لە کاتێکدا ناخت بۆگەن بێت ١٥
گەلێک لەپێناو پارەدا براکەی خۆشی لەناودەبات ١٦
نەزانی، دەردی ئوممەت ١٨
ڕەوشت و ئاکار یەکسانە بە ١٠٠٪ ١٩
دووبەرەکی هێزت ناهێڵێت ٢١
ئەمریکا بەم شێوەیە بونیادنراوە ٢٢
دەزانیت یاسای زیادکردنە سادەکان چیە؟ ٢٣
دانایی یەمەنییەکان ٢٤
خوێندنەوە تواناکانت زیندوودەکاتەوە ٢٥
بەرووبوومی چاکەکردنت هەر لەم دنیایەدا دێتەوە ڕێت ٢٦
سیفاتی کەسی سیاسی ٢٨
پاداشتی چاکە هەر چاکەیە ٢٩
فێر بە بزانیت چ کات بازدەدەیت ٣٠

| | |
|---|---|
| ڕۆژێکیان مامۆستاکەم پێی وتم | ٣١ |
| کان لە نعل نعلو بذکرە | ٣٢ |
| ئەوان بەرماوەی خواردنیان لە ئازادی لاگرنگترە | ٣٣ |
| خودا نیعمەتی زۆری پێبەخشیویت کە تۆ لێی بێئاگایت | ٣٤ |
| ئەزموون و لێهاتوویی دزە گەورەکان | ٣٥ |
| دیمەنێک لە کۆتا ساتی ژیاننامەی پێغەمبەری خودادا | ٣٧ |
| ئامانجمان لەناوبردنی نەخۆشییەکەیە نەک خودی نەخۆشەکە | ٣٩ |
| دەزانیت هەڵۆ دەگاتە چل ساڵی چی دەکات؟ | ٤٠ |
| دووعا بکە هیچ شتێک موستەحیل نییە | ٤١ |
| وەبەرهێنان لەمنداڵەکانتدا بکە | ٤٢ |
| لەشوێنێک مەبە کە نرخت نەزانن | ٤٤ |
| مرۆڤەکان ڕێز لە کێ دەگرن؟ | ٤٥ |
| ئەی.. دووعامان نەکرد خودا شیفای سارە بدات؟ | ٤٦ |
| شەرع حەڵاڵی کردووە | ٤٨ |
| بەهێزترین وتار لەسەر ژیاننامەی پێغەمبەری خودا ﷺ | ٤٩ |
| بۆ هەموو ئەو ئافرەتانەی کە دەپرسن بۆچی وەک ئەستێرەکانی سینەما دەرناکەوین! | ٥٠ |
| خودا بەبردنەوەی ئازیزانمان تاقیمان دەکاتەوە | ٥١ |
| هەر باوکە دڵسۆزەکەی جارانتم | ٥٣ |
| چیرۆکی سەرکەوتنی سادیۆ مانی | ٥٦ |
| ملیاردێری چینی "جاک ما" | ٥٧ |
| ئێمەش وەک مریشکەکانین | ٥٨ |
| نەکەی ئیفلیج لە ماڵەکەتدا دروست بکەیت! | ٥٩ |

| | |
|---|---|
| پەروەردە کردن هونەرێکی سادە و ئاسانە | ٦١ |
| گاڵتە بە بژاردەی کەسەکان مەکە | ٦٢ |
| بۆیان بکەن نەک لێیان بکەن! | ٦٣ |
| یەک وشەی لام خۆشتربوو لە هەزار وشەی براکەی | ٦٦ |
| پێشەوایەکی گەنج | ٦٧ |
| باوک بەهێزترین پیاوی جیهان | ٦٨ |
| گومانی باش بە خودای خۆت ببە،گومانی باش بردن بە خودا پەرستشە | ٦٩ |
| شاورمەکە زۆر بەتام بوو | ٧١ |
| بەم کارانە شارستانی وڵات لەناو دەچێت | ٧٢ |
| پرسەی دایک هەرگیز تەواو نابێت | ٧٣ |
| بە منداڵەکەت بڵێ، بە منداڵەکەت مەڵێ | ٧٥ |
| فێرکردن پیشەی پێغەمبەران بووە | ٧٦ |
| خێزانەکەمم خۆشدەوێت | ٧٨ |
| ئەو شەوە چۆن خەوتن!؟ | ٧٩ |
| ئیمامی ئەبوبەکر و خزمەتکردنی بەساڵاچوویەک | ٨٠ |
| میهرەبانیی باوک | ٨١ |
| دایک ئەو کەسەی کە پێش تەکنەلۆجیا کەوتووە | ٨٢ |
| ئەگەر وابکەم دایکم لێمدەدات! | ٨٣ |
| دوو هاوسەر تەواوکاری یەکتری | ٨٤ |
| دایکم لەگەڵ خودادا دەدوێت | ٨٥ |
| زانیم بوونی دایک چی نیعمەتێکە | ٨٦ |
| دیوە جوانەکەی ژیان | ٨٧ |

چاکە بکە دێتەوە ڕێت ٨٨
هونەری وەڵامدانەوە ٨٩
ئەو کەسەی ویژدانی بفرۆشێت نیشتیمانەکەشی دەفرۆشێت ٩٠
حەزدەکەم ئەمانە بەدایکم بڵێم ٩١
چەند جوان بوو کاری پیاوەکە ٩٢
چ شتێک لە مرۆڤدا جێی سەرسوڕمانە ٩٣
دایکێک بۆ ڕۆڵەکەی دەدوێت و ئامۆژگاری دەکات ٩٤
لایەنی دەروونی بەسەر لایەنی جەستەییدا سەردەکەوێت ٩٥
زانکۆی ستانفۆرد ٩٧
لیز مۆرای ٩٩
تێری فۆکسی کەنەدی ١٠٠
پەیمان مەشکێنە، تۆ نازانی بەو کارەت چی دەڕوخێنیت ١٠٢
نارەسەنەکان چەن زۆرن ١٠٣
ئەو دادوەرەی کە سوڵتان عبدالحمیدی دووەمی دادگایی کرد ١٠٤
بەپرسیارەکانت برینی و ئازاری کەسەکان نوێ مەکەرەوە ١٠٥
بە گرتنەوەی ڕۆزیی باڵندەیەک، ڕزق و ڕۆزی تۆ زیاد ناکات ١٠٧
بۆئەوەی لەبەهەشتدا بتناسمەوە ١٠٨
دەزانی المریاع چییە؟ ١٠٩
فەلسەفەی سەرکەوتن ١١٠
ئەمە چیرۆکی باشترین مامۆستای جیهانە بۆ ساڵی ٢٠١٩ ١١١
وتەی خەڵکی بکوژی بەهرەکان ١١٢
ئەو دایکەی منداڵەکەی لە ئۆتیزمەوە گەیاند بە خەڵاتی نۆبڵ ١١٣
جوانترین نمایش ١١٤

خورافیات بەهێزترین چەک بۆ دەستەمۆکردنی گەلان ١١٥
ڕەوشتی پێغەمبەری خودا (صلی الله علیه وسلم) ١١٦
کۆڵنەدان تاگەیشتن بە لوتکە ١١٧
هەندێک کات بێدەنگی ڕزگارت دەکات ١١٨
بەم کارە(پێشەوا عەلی)م بیرکەوتەوە ١١٩
پێشەوایەک کەخەمی قیامەتێتی ١٢٠
بەرەکەتی کارکردن بەفەرموودە و دوعای پیرێژنەکە ١٢١
جیمي ویلز - Jimmy Wales ١٢٢
دوعام بۆ بکەن بەڵکوو بەهۆیەوە ڕزگار ببم ١٢٤
باوک، ڕووناکی ڕێگات ١٢٥
قەوسی منارە و ئامانجەکانی ١٢٧
خاوەنی ئەو دایک و باوکانە بووین ١٢٨
ئاوایان نووسی... ١٢٩
خێزانەکەم کارناکات! ١٣٠
پیاو، جوانترین دروستکراوی خودا ١٣٢
لێت دەپاڕێینەوە بە پاڕانەوەی ئەم پیاوە ١٣٣
عوسمان تەها کێیە؟ ١٣٤
ئەم ڕووە نیشانی سەرکردەکان دەدەن ١٣٥
ئەو جووتیارە میسرییەی کە وێنەکەی لەسەر پارەی وڵاتەکەی چاپکرا ١٣٦
شێری ناو گوێدرێژەکان، گوێدرێژی ناو شێرەکان ١٣٧
جیاوازییەک بووە هۆی درووستبوونی دوو کۆمپانیای گەورەی جیهان ١٣٨

| | |
|---|---|
| دوعا کاریگەری ناکاتە سەر ڕووداوەکانی دنیا!! | ١٣٩ |
| هەمیشە ڕاوێژ بە باوکت بکە | ١٤٠ |
| خان ئەکادیمی | ١٤٢ |
| باش دەمزانی پیسیی خۆمە دێتەوە ڕێم | ١٤٤ |
| بەخێرایی بڕیار مەدە | ١٤٥ |
| ١٠ یاسا کە لە قوتابخانە فێرناکرێیت | ١٤٦ |
| جیاوازیی نێوان دایک و باوکت چییە....!؟ | ١٤٧ |
| کەی بێت وابژین کە خۆمان دەمانەوێت | ١٤٨ |
| نەکەی گاڵتە بە کەسانی دانا و لێهاتوو بکەیت | ١٤٩ |
| ١٠ ئامۆژگاری کەسوودی دەبێت بۆ ژیانت | ١٥٠ |
| بڕوانە خودا چۆن وەڵامی نزای بەندەکانی دەداتەوە | ١٥٢ |
| هەڵەکە دووبارە نابێتەوە | ١٥٤ |
| سوڵتان نوێژم لەسەر دەکات | ١٥٥ |
| داوای لێبووردن بکە | ١٥٦ |
| لەگەڵ ئافرەتێک چوومە دەرەوە | ١٥٧ |
| نازانیت بە کاری کامیان سەرسام بیت | ١٥٩ |
| هەمووتان سزا دەدەم بە١٠ دۆلار | ١٦١ |
| گەلێکی هۆشیار | ١٦٢ |
| بەڵێ دەتوانیت | ١٦٣ |
| مردن زۆر نزیکە | ١٦٥ |
| خودایە لە "ئەبو هەیسەم" خۆش بە | ١٦٦ |
| زۆر سوپاس بۆ عێراق | ١٦٧ |
| پەیمانم بەخودای خۆم داوە، سەرەتا هەر لەگەڵ ئەودا بدوێم | ١٦٨ |

یەکەمجار خاوەنی ڕێز و شکۆ بوو ١٦٩
ئارامبە تۆ لەنیشتیمانەکەی خۆتدایت ١٧١
دەتوانی بیرکردنەوەی خەڵکی بگۆڕیت ١٧٣
میهرەبانبوون سیفاتی گەورەکانە ١٧٤
کچی خۆم تۆ لە ئەڵماس بەنرختریت ١٧٥
هێندەی تواناي خۆت پێشکەش بکە ١٧٦
خودا دەتکاتە هۆکاری دڵخۆشیی کەسەکان ١٧٧
چەند پەندێکی جیهانی ١٧٨
ئەمانە دزی ڕاستەقینەن ١٧٩
ئەو پێنج شتەی لەکاتی گەورەبووندا پەشیمان دەبیتەوە لێیان ١٨٠
چیرۆکی بیلال لە بەلجیکاوە ١٨١
ئەم گەشتی ژیانە زۆر کورتە ١٨٢
شکست بە واتای کۆتایی نایەت ١٨٣
وەک پێغەمبەرمان-د.خ- هەمیشە گەشبین بە ١٨٤
باوکم درۆ ناکات ١٨٦
وەسیەتی باوکێک بۆ کچەکەی ١٨٧
بکوژی تواناي مرۆڤەکان! ١٨٨
دراوسێی منە لە بەهەشتدا ١٨٩
خودا لەبەر تۆی بووە ١٩٠
کەسەکان دوو جۆرن ١٩١
هەر کات بەخشینت زیاد بوو ڕزقیشت زیاتر دەکات ١٩٢
من بەرگری لە بیرو باوەڕی خۆم دەکەم ١٩٣
بۆچی دەگرین؟ ١٩٤

هەمیشە سوپاسی خودا بکە لەسەر نیعمەتەکانی ١٩٥
برای لەم شێوەش هەیە ١٩٦
تەنها لەکاتی نارەحەتیدا دەگەڕێتەوە بۆلای خودا ١٩٧
ئەوەی لە دەستتدا خەمی لێمەخۆ ١٩٨
بەختەوەربوون لە ژیانی هاوسەرێتیدا پەیوەستە بە نەگەڕان
بەدوای هەڵەکانەوە ١٩٩
خودا داپۆشەری تاوانەکانمانە ٢٠٠
بڕیاریدا بەختەوەری ژیانی وابەستە نەبێت بە پارچە شتێکەوە ٢٠١
کۆتا وتەی عومەر موختار و دادوەرەکەی ٢٠٣
ئێمە دان بەتواناکاندا دەنێین کە لە شوێنی خۆیدا بەکار نەهێنرێت ٢٠٤
ئەگەر لە بواری زانست و فێرکردندا خەرج بکرایە... ٢٠٦
تێگەشتنی کەسەکان بۆ شتەکان جیاوازە ٢٠٧
ڕاستگۆیی زیاتر ڕزگارت دەکات ٢٠٩
پێشانت دام چەندێ هەژارین ٢١٠
پێویستە هەموو ئەمانە لەناخماندا دەرکەین ٢١١
بە ڕاستی مەزانن ٢١٢
شمانەت بەمن بێت ٢١٣
کاتێک دەگەیتە تەمەنی ٢٠ساڵی ٢١٤
قۆناغی شاهانە ٢١٦
ئەزیزیی مرۆڤ نەرمترە لە سەرپێی ٢١٨
هەرگیز بڕیار لەسەر کەس مەدە ٢١٩
چۆن فێری درۆ بووە ٢٢١
ئێمە نازانین چی کارێک دەمان خاتە بەهەشتەوە ٢٢٢

| | |
|---|---|
| واز لە ئاوەکە بێنە تا خۆی هێمن دەبێتەوە | ٢٢٣ |
| شوێنیان دەکەون ئەگەر چی زۆریش سزایان بدەن | ٢٢٤ |
| گرنگی بە دایکت بدە | ٢٢٥ |
| سەرکەوتنی وڵات بەهۆی سەرکەوتنی تاکەکانەوەیە | ٢٢٧ |
| وعسى أن تكرهوا شيئا وهو خير لكم | ٢٢٨ |
| زەردەخەنەی دایکم | ٢٢٩ |
| هەڵەکان داپۆشە | ٢٣٠ |
| بەم شێوەیە کێشەکانت لەبیر دەبەنەوە | ٢٣١ |
| ئێستاش تامی شیرینییەکە لە بن ددانمدایە | ٢٣٢ |
| زۆر ترسام لەدەستت بدەم | ٢٣٣ |
| ئەو ئافرەتەی مێژوو کردارەکەی تۆمارکردووە نەک ناوی | ٢٣٥ |
| بیلالی بانگدەر، نمونەی وەفاداری | ٢٣٧ |
| خێری ٧٠ حەجی بۆ نووسرا | ٢٣٩ |
| بە چاکە وەڵامی خراپە بدەرەوە | ٢٤٠ |
| جولەیبیب لە منە | ٢٤٢ |
| چۆن خۆمم لەناوبرد | ٢٤٤ |
| ڕزقی من نەبوو | ٢٤٧ |
| خودا بەندەکانی خۆشدەوێت | ٢٤٨ |
| وانییە کە تۆ دەیبینیت!!! | ٢٤٩ |
| من خۆم چاودێریم کرد | ٢٥٠ |
| وەک تۆ چۆن هەموو کات خێر دەکەیت بۆ نەنکم | ٢٥١ |
| گاڵتە بە ئازارێک مەکە کە خۆت نەت چەشتووە | ٢٥٢ |
| چەندساڵێکی باشبوو | ٢٥٣ |

| | |
| --- | --- |
| جوانی فەرمانڕەوا ئاگای لەحاڵیانە | ٢٥٤ |
| ئەم پێنج دانەت بەسە | ٢٥٥ |
| من کرێکارم | ٢٥٦ |
| ١٨ ئامۆژگاریی بەسوود | ٢٥٨ |
| دوعابکە، زۆر دەرگات لێدەکرێتەوە | ٢٦٠ |
| حوشتر،حوشتر | ٢٦١ |
| دەبێت هەموو پەڕەکان کۆبکەیتەوە! | ٢٦٣ |
| لە دیاریکردنی هاوڕێکانت ئاگاداربە | ٢٦٤ |
| سوپاس بۆتۆ پێغەمبەر یوسف | ٢٦٥ |
| دکتۆر (زاکی الدین أحمد حسین) | ٢٦٧ |
| ئیمانێکم پێ ببخەشە وەک ئیمانی ئەو پیرێژنە | ٢٦٩ |
| نرخی موعجیزە | ٢٧٠ |
| گەورەترین عیبادەت | ٢٧١ |

پێیان ووتم سەرەتایی تەواو بکە لەپێناو داهاتودا
پێیان ووتم ناوەندی تەواو بکە لەپێناو داهاتودا
پێیان ووتم زانکۆ تەواو بکە لەپێناو داهاتودا
پێیان ووتم بچۆ سەر کارێک لەپێناو داهاتودا
پێیان ووتم هاوسەرگیری بکە لەپێناو داهاتودا
دواتر وتیان منداڵ بخەرەوە لەپێناو داهاتودا

ئێستا کەئەم نوسینە دەنوسم ٧٧ساڵم
ئێستا هەر چاوەڕێی ئەو داهاتووەم
داهاتوو پەڕۆیەکی سوورە
کەلەسەر گیایەک دانراوە بەدوای کەوتوە
هەرگیز پێی ناگات

چونکە داهاتو کەپێی دەگەیت دەبێتە ئێستا
ئێستاش دەبێتە ڕابردوو

داهاتوی ڕاستەقینە ئەوەیە :کە خودا لێت ڕازی
بێت لەئاگر ڕزگارت بێت بچیتە بەهەشتەوە

عەلی تەنتاوی

گروپی کتێبخانەی ( PDF )

ئێمە هەمیشە بەردەوامین لە خزمەت کردنتان

وە بەرهەم و کاری نوێ

